# جیهانی داعش

( چیرۆکی دروستبوونی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام )

نوسینی : د.هیشام هاشمی

وەرگێڕانی : هێمن مەحمود

لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی رەسەن

ژمارە (٤)

ناوی کتێب: جیهانی داعش

بابەت: سیاسی

نوسینی: د.هیشام هاشمی

وەرگێرانی: هێمن مەحمود

چاپ:چاپخانەی (چوارچرا)

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: (          ) دینار

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٥

ناوی کتێب بە عەرەبی/ عالم داعش

* بۆ پەیوەندی بە وەرگێرەوە
www.facebook.com/hemn.mahmudhama

ماف لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ وەرگێر

*ژمارەی سپاردن:(   ) ی ساڵی ٢٠١٤ ی لەکتێبخانەی گشتی پێدراوە

وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەشە :

بە ڕۆحی هەموو ئەو پێشمەرگە شەهیدانەی نەیانهێشت داعشەکان پێی گلاویان بخەنە کوردستانەوەو وێرانی بکەن.......

# پێشەکی

داعش چییە و داعشەکان لەکوێوە سەریان هەڵدا؟ پاشخانە فیکریی و سیاسییەکانی ئەو رێکخراوە کامانەن و هۆکارەکانی گەشەکردن و خێرا بڵاوبونەوەی فیکرە سەلەفییە تەکفیرییەکەیان چییەو بۆچی بەخێرایی لەو ناوچانەدا بڵاودەبنەوە کە ململانێی مەزهەبی و سیاسی ئاینی تیایاندا زاڵە؟ داعش و بەعس تاچەندێك دوو رووی یەك دراون و لەبری یەکتری نمایش دەکەن؟ سەرکردە بەعسییەکان لەکوێی بڕیارەکانی داعشدان و کام جومگەی سەرەکی ئەو رێکخراوەیان بەدەستەوەیە؟ ئایا ئەوە داعشە بەعس دەهێنێتەوە بۆ دەسەڵات یاخود ئەوە بەعسە دەیەوێت لە ژێر ناوی داعشدا جارێکی تر کۆمەڵگای عێراقی قڕبکاتەوە؟ داعش ....ئەو گرووپەی توانی لە چەند رۆژێکی کەمدا چەندین شاری گەورەی عێراق داگیربکات و پەلاماری ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان بدات ئایا کتوپڕ و لەناکاو دەرکەوت یاخود مێژووییەکی خوێناوییان هەبوو و ئێمە وەك گەلی کورد لێی بێ ئاگابووین؟ بەهەند وەرنەگرتنی مەترسییەکانی ئەو رێکخراوە لەدوای داگیرکردنی شاری موسڵ و بیرنەکردنەوە لەئەگەری پەلاماردانی کوردستانیش دوای موسڵ ئایا هەڵەیەکی ستراتیژی بوو یاخود نەناسین و نەخوێندنەوەی رەفتارەکانی ئەو گرووپە؟ گرووپێك کە عەقیدەیەکی وای هەیە هەموو ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەکەی خۆیدان کافرن و خەونی تاریکترکردنی دونیا و ژیان و شارستانییەتی هەموو مرۆڤایەتی هەیە بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی.

ئەم کتێبە ئاشناکردنی دونیای خوێنەری کوردە بە رەگ و ریشەی گرووپی داعش و هەموو گرووپە چەکدارییە جیهادییەکانی تری عێراق و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ئەکادیمی (د.هیشام هاشمی) لێکۆڵەری بواری ئەمنی و گرووپە چەکدارییەکانی عێراقە. نوسەری کتێبەکە هەم بەچاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردە دەستگیرکراوەکانی داعش و گرووپە چەکدارییەکانی تر و هەم بەشارەزایی و لێکۆڵینەوە لەتەواوی ئەو

گرووپانه هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە لەساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا توانیویەتی لەکتێبەکەی خۆیدا وەڵامی هەموو پرسیارێکی خوێنەر بداتەوە کە بۆی دروستدەبێت لەسەر چۆنیەتی دروستبوون و هاتن و فراوانخوازی گرووپی تیرۆرستی داعش.

ئەم کتێبە رەنگە بۆ دونیای کوردی تاکە کتێبی ئەکادیمی و مێژوویی بێت لەسەر داعش و هەموو گرووپە چەکدارییەکانی تری عێراق و ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەوەی لەناوچەکانی تری ئەو دەوڵەتەی پێی دەوترێت عێراق کەوا چی دەگوزەرێت و چۆن چۆنیش بەناوی ئاین و مەزهەبەوە بۆ دەسەڵات و لەسەر دەسەڵات رووبارێکی خوێنی درێژییان دروستکردووە کە پێناچێت بەم زووییەو بەو ئاسانییە خۆشبکاتەوە.

حەزمکرد خوێنەری کورد لەم دوو تێبنییە ئاگاداربکەمەوە:

* نوسەری کتێبەکە هەندێك بۆچونی لەسەر گرووپە چەکدارییە جیاوازەکانی تری عێراق هەیە کە جیاوازە لەبۆچۆنەکانی لەسەر داعش، بۆیە مەرج نیە من لەگەڵیدا بم و بڕوام وایە هەموویان یەك سەرچاوەی فیکرییان هەیە.

* نوسەری کتێبەکە لەهەندێك شوێندا بابەتەکانی دووبارەکردۆتەوە و منیش ئەوەندەی بەپێویستم زانیبێت بابەتە دووبارەکانم وەرنەگێراوە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کتێبەکە کتێبێکی بەنرخە و سەرچاوەیەکی باش دەبێت بۆ ناساندنی داعش و فیکری سەلەفی تەکفیری ئەو رێکخراوە و تەواوی رێکخراوە سەلەفییە چەکدارییەکانی تر.

هێمن مەحموود

بەهاری ٢٠١٥/ سلێمانی

# فەسڵى يەكەم:

## ڕێكخراوى قاعيدە

## لە ساڵى ٢٠٠٣ تا ٢٠١٠

## خاڵی هاوبەشی ڕێکخراوە جیهادییەکان:

١- (دۆزی هاوبەش): چەکدارانی هەر گروپێکی جیهادی دیاریکراو لە (مەسەلەی جیهاد) یان (عەقیدەی ئیمان) یان (ڕەتکردنەوەی زوڵم) یاخود (حوکمکردن بەوەی خودا ناردویەتی) یان لە (ستەملێکردنێك)ی دیاریکراودا هاوبەشن و، ئامانجیان خزمەتکردنی ئەو مەسەلە یان ئەو عەقیدە یان لابردنی ئەو زوڵمەیە، یاخود دەیانەوێت ئەو نەهامەتیانە لە ڕێگای چەکەوە کۆتایی پێبهێنن.

زۆرجاریش گروپێکی جیهادی بەهۆی ڕێگەلێگرتنیان یان بەهۆی ستەمێکەوە کە لێیکرابێت یاخود بەهۆی پەراوێزخستن یان مامەڵەیەکی ڕەگەزپەرستانە یان تائیفیانەوە، دروست دەبێت.

بەمانایەکی تر چەکدارانی گروپە جیهادییەکان بڕوایان بەوە هەیە کە جۆرێك لە سزا و ئازاریان لەسەرەو ئارەزووی ئەوەدەکەن ئەو سزایە یان ئەو ئازارە کەمبکەنەوە یان چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

٢-(بەڵێندان بە سەرکەوتن یان شەهید بوون): ئەمە گەورەترین خاڵی هاوبەشی گروپە جیهادییەکانە، پێویستە هەر تاکێکی گرووپە جیهادییەکان بەڵێنی بەدیهێنانی سەرکەوتنی پێبدرێت، یاخود بەڵێنی شەهیدبوونی پێبدرێت لەو کاتەی کە لە پێناوی عەقیدەکەی یان بۆچونەکانی لە ڕوبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانیدا دەمرێت!.

٣- (باوەڕهێنان بە جەماعەت نەك بەرەمزەکان): گرووپە جیهادییەکان بە شێوەیەکی گەورە پشت بە کەسایەتی و ڕەمزەکان نابەستن، لە دەستدانی ڕەمزەکان کاریگەری هەیە بەڵام نەك بەو گەورەییە، ئەوان زیاتر پشت بە ڕۆح و ڕەمزی ڕێکخستنەکە دەبەستن تاوەکو پشت بە کەسایەتیەکان، بۆنمونە ئەمریکییەکان زۆر دڵیان خۆشبوو کاتێك (بن لادن)یان کوشت، بەڵام ئەی دواتر! !.

٤-(کاریگەربوون بە فیکری جیهادی قوتبی_ئیخوانی): دەرئەنجامە فیکرییەکان لەو پاشخانە (قوتبی_ئیخوانی)ییەوە سەریان هەڵداوە کە بابەتگەلی حاکمیەت و

خەلافەت لەخۆدەگرێت و گرنگی دەخاتە سەر لایەنی رێکخستنە جیهادییەکان، یاخود دروستکردنی گۆڕانکاری لە رێگای چەکەوە کە ئەمەش هەموو تواناکانی چەکدارانی ئەو گرووپانە لەناو دەبات، ئەویش لە چوارچێوەی چەندین بەرنامەی پەروەردەیی و بانگەوازیانەی حەماسیانە!.

تەنانەت گرووپە جیهادییەکان ئەو کاتانەشی کە کاری نهێنی دەکەن (شێوازی ئیخوانەکان)، چەندین جۆری کوشتنی رێکخراو لە رووبەڕووبونەوەکانیاندا لەگەڵ دوژمنەکانیان ئەنجامدەدەن (شێوازی قوتبییەکان).

٥- (کانگا فیکرییەکانی تەجنیدکردن): هەموو گروپێکی جیهادی کانگایەکی فیکری هەیە کە لێوەی هەڵدەقوڵێت و هانی دەدات و بیانوی بۆ دەهێنێتەوەو پشتگیری کارە جیهادییەکانی دەکات، ئەم مەنزومەیەش زۆربەی جار لە گرووپە جیهادییەکاندا لە شێوەی پەیکەرەیەکدایە کە بنەما فیکرییەکانی گرووپێکی جیهادی پێکدێنێت و، کۆمەڵێك لە مژدەبەخش و لێکۆڵەرەکان پشتگیری لێدەکەن. بەدوای ئەوانیشدا کۆمەڵێك لە بانگخوازان و وتاربێژان لە رێگایەوە تەجنیدی فیکری خەڵك دەکەن، کە زۆرجار ئەم تەجنیدکردنە زیاترە لە تەجنیدکردنی سەربازییانەی دەوڵەتێك. بەمجۆرە ئەو گرووپە جیهادییانە لەو کانگایانەوە هەلی فراوانخوازی جوگراف و مرۆیی خۆیان دەدۆزنەوە.

## قاعیدە چییە؟

رێکخراوی قاعیدە یەکێکە لە بە ناوبانگترین رێکخراوە چەکدارییە ئیسلامییەکان لە مێژووی هاوچەرخدا. ئەم رێکخراوە لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکاندا ئەوکاتانەی کە ئەمریکا خەریکی دروستکردنی رایەکی گشتی جیهانی بوو لەسەر بابەتەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان و پاراستنی کەلەپوری مرۆڤایەتی لە ئەفغانستان وەك ئاڵاهەڵگری مەسەلەی جیهاد دەرکەوت و ناوی بە ململانێکردن لەگەڵ ویلایەتە

یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە چەسپا، بەڵام ئەمریكا سەرەتا راستەوخۆ هیچ هەنگاوێكی دژ بە رێكخراوی قاعیدە نەنا، وەلێ فشاری خستە سەر حكومەتی ئەفغانی بۆ دەركردنی چەكدارە عەرەبەكان و رادەستكردنەوەیان بە حكومەتەكانیان.

هاوكات حكومەتی ئەمریكا بەر لە رووداوەكانی ١١ی سێپتەمبەر، حكومەتەكەی تاڵیبانی بەوە تۆمەتباركرد كە داڵدەی تیرۆر دەدات. دوای ١١ی سێپتەمبەریش ئەمریكا بۆ دەستگیركردنی (ئوسامە بن لادن) و هەناردەنەكردنی تیرۆر لە ئەفغانستانەوە بۆ تەواوی جیهان، فشارەكانی لەسەر تاڵیبان چڕتركردەوە، بەڵام هەموو رێگاكان لە بەردەم ئەمریكادا بۆ كارێكی وەها داخرابوون.

قاعیدە رێكخراوێكی نا سیاسییە، بارەگاكەی لە ئەفغانستانە، لە ساڵانی نەوەدەكاندا دامەزراوە، لەلایەن زۆربەی وڵاتانی ئیسلامییەوە بە رێكخراوێكی تیرۆرستی ناسراوە.

قاعیدە باوەڕی بە دوو جۆر جیهاد هەیە، جیهادی (فەتح) و جیهادی (دەفع)، كە ئەمەی دووابیان بە بڕوای زانایان باوترین جۆری جیهادی چەكدارییە لە ئیسلام دا و ئەوكاتەش دەبێت بە فەرزی عەین (واتە لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە بەشداری تیادا بكات)، كە یەكێك لە هەرێمە ئیسلامیەكان رووبەڕووی دوژمن و داگیركاری دەبێتەوە.

بەنیسبەت جۆری یەكەمیشەوە كە جیهادی فەتحە، ئەوە دەوڵەت پێی هەڵدەستێ، چونكە ئامانجی فراوانتركردنی سنورەكان و بڵاوكردنەوەی ئیسلام و لابردنی ستەمە لەسەر ستەملێكراوان.

دواتر ئەم بیرۆكەیە بە پشتگیری راگەیاندنی رەسمی ئەو وڵاتانەی كە بە دۆستی ئەمریكا وەسفدەكران، بە عەمەلی جێبەجێكرا. ئەمەش ئەو كاتەبوو كە سۆڤیەتیەكان لە كۆتایی ساڵانی هەفتاكانی سەدەی رابووردوو ئەفغانستانیان داگیركرد. ئەو وڵاتانە رێگایان بە بانگخوازانی خۆیاندا بە ئازادی فیكرەو بۆچونەكانیان بڵاوبكەنەوەو خەڵك

هانبدەن و گەنجان بۆ بەرەنگاری سۆڤیەت لە ئەفغانستان ساز و ئامادەبکەن، وەلیٚ ڕێگەدان بە بڵاوبونەوەی فیکرەیەك و بانگەشەکردن بۆ ئەو فیکرەیەو دواتریش کۆکردنەوەی ئەو فیکرەیە لە دڵ و مێشکەکان دا کارێکی ئەستەمە.

بەجۆرێك کاتێك سۆڤیەتیەکان و شیوعیەکان بە تەواوی ون دەبن و دەستێوەردانەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناوچەکە بە تایبەت لە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ زیاتر دەبێت و، هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە جەزیرەی عەرەبی و بەتایبەتیش لە وڵاتی سعودیە مانەوە، هاوکات ئەمریکییەکانیش وەها سەیری ئیسلامیەکانیان دەکرد (هەرچەندە پێشوتر هاوپەیمانیان بوون لە دژی شیوعیەتدا) کە دژی سەرمایەداری و وڵاتانی لایەنگری ئەمریکان لە ناوچەکەدا، هەربۆیە هەموو ئەمانە وەهای کرد ئاگری ململانێی نێوانیان خۆشتربکەن و پەرەی پێبدەن.

گرووپە ئیسلامیەکانیش داوای هەڵگیرسانی شۆرشیان دەکرد دژ بە دەسەڵاتداران و ئەو دەسەڵاتدارانەیان وەك بە کرێگیراوی ڕۆژئاوا سەیردەکردو پێیان وابوو نابێت گوێڕایەڵیان بکرێت و دەسەڵاتیان قبوڵبکرێت. بەئاشکراش ڕەخنەیان لە (پەرویز موشەڕەف)ی سەرۆکی پاکستان و حکومەتی سعودیەو (حوسنی موبارەك)ی سەرۆکی میسرو (عەلی عەبدوڵا ساڵح)ی سەرۆکی یەمەن دەگرت، چونکە ئەو دەسەڵاتانە دژ بە ئەندامانی ڕێکخراوە ئیسلامیەکان چالاکبوون و هاوکاری دەسەڵاتدارانی ئەمریکایان دەکرد لە شەڕی دژ بە قاعیدەدا، ئەو هاوکارییەش تا سنورەکانی کوشتن و دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانی ناو زیندانە نهێنییەکان بۆ بە دەستهێنانی زانیاری، درێژ دەبویەوە.

لەلایەن خۆشیەوە قاعیدەش هێرشی کردە سەر چەندین ئامانجی گەشتوگوزاری و سەربازی و حکومی لەپاکستان و سعودیە و میسر و یەمەن و مەغریب، بەڵام لەم

دوادواییەدا ئەو ڕێکخراوە زیاتر ئارەزووی ئەوەی دەکرد گرنگی بداتە چالاکیە سەربازییەکانی لە ئەفغانستان و عێراق و کەمتر مەیلی ئەوەی هەبوو لە ئامانجە ئەمریکییەکانی ناو وڵاتانی عەرەبی یاخود ئیسلامیەکانی تر بدات، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی ئەو هاوسۆزییە میللی و جەماوەرییەی کە هەیبوو لەو وڵاتانە.

لە لوتکەی سەردەمی گەشانەوەی قاعیدەدا، کە بارەگای سەرەکی لە ئەفغانستانبوو، لانی کەم لە ٢٠ وڵاتی تریشدا بوونی هەبوو ، بەڵام لەچەندین وڵاتی تردا بە ئامانجی هاوکاریکردنی لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دا، چەندین ڕێکخراوی لاوەکی تری دروستکردبوو.

ئەوانەی ڕێکخراوەکەیان بەڕێوە دەبرد کەسانی عەرەبی و بەتایبەتیتریش خەڵکانی سعودیی و میسریی بوون. لقەکانی تری ڕێکخراوەکەش لەلایەن ئەو چەکدارانەی ترەوە کە خەڵکی وڵاتی خۆیان بوون بەڕێوەدەبرا. بودجەی ڕێکخراوی قاعیدەش لە نێوان ٣٥٠ تا ٦٠٠ ملیۆن دۆلاردابوو.

## ڕێکخراوی قاعیدە بەرلە ١١ی سێپتەمبەر:

ڕێکخراوی قاعیدە لە کۆبونەوەی ئەزمون و هۆکاری هاوبەش و لێهاتوویی کۆمەڵێك لەو چەکدارە عەرەبانە دروستبوو، کە لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوو لە ژێر ئاڵای جیهادکردن لە پێناوی خوداو بۆ شەڕکردن لە دژی سۆڤیەت، روویانکردە ئەفغانستان.

نوسینگەی خزمەتگوزاری کە بەناوی نوسینگەی ئەفغانەکانەوە دەناسرا ئەرکی راهێنان و تەجنیدکردنی موسڵمانە غەیرە ئەفغانەکانی بۆ شەڕکردنی دژی سۆڤیەت، لە ئەستۆ گرتبوو. ئەم نوسینگەیەش (ئوسامە بن لادن) بە هاوبەشی لەگەڵ (عەبدوڵا یوسف عەزام) لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٤دا دایانمەزراند بوو.

یەکەمین کاری ئەم نوسینگەیە کۆکردنەوەی پارە بوو لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، کە ئەوانیش بریتی بوون لە دەزگا خێرخوازییەکانی سعودیەو ولآتانی تری کەنداوی عەرەبی و ئەوروپای رۆژئاوا، هۆکاری پارەناردنەکانیش بەهۆی ئەوەوە بوو موسڵمانان لەبەر بەدەستهێنانی رەزامەندی خودا، لە ئەفغانستان هاوکاری برا لێقەوماوەکانی خۆیان دەکرد.

یەکەمجاریش (بن لادن) لە پاکستان، چالاکیەکانی خۆی بە دروستکردنی نوسینگەکەو یارمەتیدانی چەکدارەکان دەستپێکرد. دواتریش بۆ ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە جیهادییەکان و تەکفیرییەکان و بزوتنەوە ئیسلامیەکانی تر بەشداری جیهادی ئەفغانیەکان بکات، خۆی گەیاندە ئەفغانستان.

هاوسۆزی ژەنەراڵ (زیائولحەق)ی سەرۆکی پاکستانیش، کاری قورسی هەواڵگری ولآتەکەی بۆ هاوکاریکردنی چەکدارە (پشتۆنیەکان) (ئەوانەی وایدەزانی دەبنە هاوپەیمانی پاکستان) ئاسانترکرد، لەلایەکی تریشەوە وەك بەربەستێکیش لە بەرامبەر چەکدارە ئەفغانیە ئازادیخوازەکانی تر (ئەوانەی ئۆزبەك و تاجیکی بوون) تەماشای دەکردن.

هەرچەندە گفتوگۆکانی تایبەت بە پاشەکشەی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٢دا دەستپێکرد، بەڵام پاشەکشەی رەسمی لە فێبرایەری ساڵی ١٩٨٩ روویدا.

هاوکات لەگەڵ نزیکبونەوەی ئەو پاشەکشێشدا هەندێك لە چەکدارەکان کەوتنە فراوانترکردنی چالاکیەکانیان دەربارەی کێشە ئیسلامیەکان لە تەواوی جیهان و چەندین رێکخراوی جیاوازیشیان بۆ بەیدهێنانی ئامانجەکانیان دروستکرد.

نوسینگەی خزمەتگوزاریش گۆڕانکاری لە ئامانجەکانی خۆیداکرد، بەوەی لە پێشوتردا تەنها گرنگی دەخستە سەر پشتگیری لۆجیستیانە، بەڵام ئیتر کەوتە کاری سەربازی

رێکخراو، بەتایبەتیش ئەوکاتانەی بەشێك لە خۆبەخشەکان خاوەن پێشینەیەکی سەربازی بوون و زۆربەشیان خەڵکی میسرو سوریا بوون.

نوسینگەکە بووبوو بە رەمزێك بۆ رێکخستنی شەڕکەرەکان، هەروەکچۆن( شێخ بن لادن) و ( شێخ عەبدوڵا عەزام) یش لە ئەفغانستان دوو ناونیشانی دیاری شەڕکەرە عەرەبەکان بوون. بەڵام دواتر تیرۆرکردنی (عەبدوڵا عەزام) لە رۆژی ٢٤ی ١١ی ساڵی ١٩٨٩ وەهای کرد تەنها (بن لادن) وەك ناوێکی دیاری عەرەبەکانی ئەفغانستان بمێنێتەوە.

بە پاشەکشەکردنی هێزەکانی سۆڤیەتیش لە ئەفغانستان، ئیتر وردە وردە رۆڵی شەڕکەرە عەرەبەکانی ئەفغانستانیش کەمدەبویەوە، تەنانەت (بن لادن)یش کە پێشتر لە سعودیە وەك پاڵەوانێك تەماشادەکرا، ئیدی لە وڵاتەکەی خۆی بەخێرهاتنەوەی لێ نەکرا، بە تایبەت لە سەروبەندی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠، (بن لادن) دژی بون و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە وڵاتەکەیدا، هاوکات رەخنەشی لە رژێمی سعودیە دەگرت.

لەهەمان ساڵدا (بن لادن) سەردانی سودانی کرد، کە لەوکاتەدا وا دەزانرا ئەو وڵاتە پرۆژەی دەوڵەتێکی ئیسلامیە و سەرنجی ئیسلامیەکانی لە زۆربەی رێکخراوە جیاوازەکان بۆ خۆی راکێشابوو. لەسودان (بن لادن) بنەمایەکی تازەی بۆ کارەکانی داناو هەندێك لە پارەکانی لە پرۆژەکانی بیناسازیدا وەگەرخست.

لە ساڵی ١٩٩٦ ئەمریکا فشارەکانی لەسەر حکومەتی سودانی چڕترکردەوەو (بن لادن)ی هاورێی دوێنێ بوو بە میوانێکی رەزا قورسی حکومەتی سودان کە بە دەست ئابلۆقەو پەراوێزخستن و هەوڵەکانی گۆرانکارییەوە دەیناڵاند.

(بن لادن) لە هەمان ساڵدا بارەگاکەی گواستەوە بۆ ئەفغانستان کە بە تەواوەتی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان و هەر لەسەرەتایشەوە (بن لادن) پەیوەندییەکی

بەهێزی لەگەڵیاندا هەبوو. لەو قۆناغەدا ململانێیەکانی نێوان بن لادن و ئەمریکا بە ئاشکرا وەدیارکەوتبوو، بەجۆرێك واشنتۆن بن لادنی وەك تیرۆرستێك دەناسی و خەڵاتێکی بۆ سەری دانا بوو، لەهەمانکاتدا بن لادنیش بڕیاری شەڕکردنی لە دژی ئەمریکیەکان راگەیاند بوو.

لە ساڵی ١٩٩٨ بەپێی بەیاننامەیەك (بەرەی ئیسلامی جیهانی بۆ شەڕی یەهودو نەسارا) راگەیەنرا. راگەیاندنی ئەم بەرەیە ئیمزای هەریەکە لە (بن لادن_ قاعیدە) و (ئەیمەن زەواهیری_رابەری بزوتنەوەی جیهادی میسری)و، دوو گرووپی پاکستانی و بەنگلادیشی و (ریفاعی ئەحمەد تەهای بەرپرسی شورای کۆمەڵەی ئیسلامی) (کە دواتر کشایەوە) لەسەربوو.

بەیاننامەکە فەتوای ئەوەشی دابوو (پێویستە لەسەر موسڵمانان ئەمریکیەکان بکوژن)، لەو چوارچێوەیەشدا (سوپای ئیسلامی بۆ رزگارکردنی پیرۆزییەکان) لە ساڵی ١٩٩٨، بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقاندنەوەی هەردوو سەفارەتی ئەمریکا لە ئەفریقا راگەیاند.

هەندێك بڕوایان وایە ئەم سوپایە هەوڵێك بوو بۆ دروستکردنی باڵی سەربازی بەرەکە کە سەربەخۆییەکی جیای هەبێت، بەڵام وا دەردەکەوێت ئەم هەوڵانە شکستیان هێنابێت ئەویش بەهۆی ئەو هەڵمەتە چڕە سەربازی و سیاسیەی کرایە سەر ئەندام و لایەنگرانی رێکخراوەکە.

دواتر ناوی ئەم بەرەیە نەماو تەنها ناوی (قاعیدە) باڵادەستبوو، هاوکات لەم بەرەیەو هاوپەیمانێتیەکەی تەنها هاوپەیمانێتی نێوان (شێخ بن لادن) و (د.زەواهیری)یش مایەوە.

دوای تەقینەوەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقا لە هاوینی ١٩٩٨، حکومەتی ئەمریکا گرنگیەکی زیاتری دا بە مەسەلەی چۆنیەتی پارەدارکردنی رێکخراوە تیرۆرستیەکان،

هەربۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە لقێکی لاوەکی لە گرووپی ئەمنی بۆ دژایەتی تیرۆر دروستکرد.

دەرئەنجامی ئەم گرنگییەو ئەو هەنگاوانەی کە دواتر بەو ئاراستەیە نران، ئەوەی دەرخست کە رێکخراوی قاعیدە بەهۆی پارە تایبەتیەکانی (بن لادن)ەوە پارەدارنەکراوە، چونکە بەهۆی بە دواداچونەکانەوە دەرکەوت کە بن لادن پارەی رێکخراوە خێرخوازییە سعودییەکانی بەکارهێناوە.

لە ساڵی ١٩٩٦یشدا دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی کە ئاماژەیان بەوەدەکرد چەند لقێکی دیارکراوی دەزگای (حەرەمەین)ی ئیسلامی بەشدارە لە پارەدارکردنی تیرۆردا.

دواتر ئەم دەزگا هەواڵگرییانە پەیوەندی نێوان ئەو دەزگایەو هەردوو تەقینەوەکەی ساڵی ١٩٩٨ی باکوری ئەفریقاو پرۆسە جیهادییەکانی بەڵقان و چیچان و ئازەربایجان و پاڵپشتیکردنی رێکخراوی قاعیدەیان بە شێوەیەکی گشتی پێکەوە بەستەوە.

لەلایەن خۆیانەوە ئەمریکیەکان، سعودییەکانیان لەچەند زانیارییەك ئاگادارکردەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە کاری پێویست ئەنجام بدەن، زانیارییەکانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد چەند بەڵگەیەك لە ئارادان ئەگەری پەیوەندی چەند بەرپرس و فەرمانبەرێکی دەزگای (حەرەمەین) بە پلاندانان بۆ تەقاندنەوەی هەردوو سەفارەتەکەی ئەمریکا دەسەلمێنێت. ئەمریکا هەوڵیشدا سعودییەکان زانیاری و راپۆرتی تایبەت لەسەر تەواوی فەرمانبەرانی ئەو رێکخراوە لە جیهان و پەیوەندییان بە (بن لادن)ەوە پێدات، بەڵام هەوڵەکەیان هیچی لێ سەوز نەبوو.

## سەرەتا:

ئەو عەرەبانەی کە خۆیان خۆبەخشکردبوو بۆ شەڕکردنی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، لە گۆرەپانەکانی جەنگدا بڵاوەیان لێکرد بۆ ئەوەی بە دوای هەڵچونە تازەکانی خۆیان بکەون کە ئەویش جیهادکردن بوو لە پێناوی خودا.

ئەو کەسانەی کە لەشەڕدا شارەزابوون و دواتر بە (عەرەبە ئەفغانەکان) ناسران، بەشداری یاخیبونە نیشتیمانیەکان و شەڕە ناوخۆییەکانیان کرد. هاوکات تیرۆری نێودەوڵەتیان ئاسانترکرد و بوون بە ئایدۆلۆژییستیەکانی جیهادی جیهانی.

لە عێراقیش جیهادییە جیهانیەکان روبەرووی هەمان سات بوونەوە، چونکە (قاعیدە) کەوتە ژێر فشارێکی زۆری سەربازی خێڵە سوننیەکان و چەکدارانی گروپەکانی ترو هێزەکانی عێراق و ئەمریکا.

لەناوبردنی قاعیدەو لقەکانی تری ئەو رێکخراوەو بڵاوبونەوەی ئەندامەکانیان بە جیهاندا مەترسی زیاتری دروسترکرد، هەربۆیە بۆ وەرگرتنی پەندو وانە بۆ رۆژگاری ئێستای عێراق، پێویستمان بە دووبارە چاوخشاندنەوە هەیە بە ئەزمون و مامەڵەکردن لەگەڵ عەرەبە ئەفغانەکان.

عەرەبە ئەفغانەکان لەو سەربازگانەی مەشق و راهێنانەدا کە لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی پاکستانەوە دروستکرابوون، ئامادەیی سەربازی پێویستیان وەرگرتبوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا پەرەیان بەمەیلی تەکفیکردن دابوو بە تایبەت لە تەکفیکردنی حکومەتە ئیسلامیەکان دا، ئەوانەشی کە سەرپەرشتیان دەکردن نەیانتوانی هیچ لەو راستیانە بگۆرن.

ئەم تۆڕانە زۆر گرنگ بوون بۆ جوڵاندنی جیهادییەکان لە ناوچەکانی ململانێوە بۆ ناوچەکانی ترو پارەو پاسپۆرتی ساختەیان بۆ دەستبەرکردبوون. لەهەموشی گرنگتر ئەزمونی عەرەبە ئەفغانەکان چەندین سەرکردەی لێهاتوو ئایدۆلۆژی و ئاینی و

سەرکردەی سەربازی بەرهەمهێنا کە دواتر رۆڵی سەرەکیان گێرا لە عێراق و سوریاو جەزائیرو میسرو لیبیا و بۆسنەو چیچان.

## بڵاوەکردنی عەرەبە ئەفغانەکان:

لەوانەیە ساڵی ١٩٩٢ ساڵێکی گرنگ بێت بەنیسبەت بڵاوەپێکردنی عەرەبە ئەفغانەکانەوە، چونکە دوای ئەوەی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩ ئەفغانستانی جێهێشت، لە ساڵی ١٩٩٢ رژێمی شیوعی ئەفغانیش رووخاو زۆرێك لە خۆبەخشەکانی وڵاتانی کەنداو گەرانەوە وڵاتانی خۆیان و وەك پاڵەوانێك پێشوازییان لێکرا. بەشێك لە عەرەبە ئەفغانەکانی تر رۆشتنە ناو دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی خۆیانەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەت لە یەمەن روویدا، بەجۆرێك ئەو وڵاتە، عەرەبە ئەفغانەکانی لەخۆگرت و هاوکاریکردن بۆ کارکردن لە دژی دەزگا شیوعیەکانی یەمەنی باشوور.

ئەو کەسانەشی کە نەرۆشتنە ناو دەزگا هەواڵگرییەکان یاخود کارێکی گشتیان نەکرد یان نەرۆشتنە ناو دەزگایەکی حکومیەوە، رێگای جیهادیان بە جۆرێکی سەرەتایی گرتە بەر، ئەویش بەمجۆرە:

١- ئاسانکاری بۆ جیهاد: زۆرێك لە عەرەبە ئەفغانەکان کەوتنە رۆڵگێران لە ئاسانکاریکردنی جیهاد بۆ گرووپە جیهادییەکانی وڵاتانی خۆیان یان لە وڵاتانی تری جیهان. ئەو ئاسانکارییەش بۆ جیهاد خۆی لە (مەشق_دابینکردنی پارە_بەهێزکردنی توانای چەکدارەکانی ناو ئۆردوگاکانی پاکستان_ بە قاچاخبردن و دابینکردنی چەك_ساختەکردنی بەڵگەنامەکانی سەفەر_ دەستەبەرکردنی بابەتی راگەیاندن_ رێکخستنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانی گرووپە جیهادییەکاندا) دەبینییەوە. هاوکات هەر ئەوکەسانەش هەڵدەستان بە بیانوهێنانەوەی ئایدۆلۆژی و ئاینی بۆ رەفتاری گرووپە جیهادییەکان، ئەمانەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە شاری

پیشاوەری پاکستان بوون. بەڵام دواتر لە ئەوروپاش (بە تایبەتی شاری لەندەن) و یەمەن و سودان و ئەفغانستان (دوای دەرکەوتنی تالیبان) وەدیاردەرکەوتن.

٢- موسڵمانە نیشتیمانپەروەرە شۆرشگێرەکان: هەندێك لە عەرەبە ئەفغانەکان بە تایبەت ئەوانەی جەزائیرو میسر، لە سەرەتای نەوەدەکاندا فرسەتی روخاندنی رژێمەکانیان بۆ هەڵکەوت، کەچی دەستپێشخەریی یاخیبونیان نەکرد، بەڵام لەلایەکی ترەوە بە ئەزمون و لێهاتووی و بونیان وەك تۆڕێکی بەهێز، هاوکارییەکی گەورەی رەوتی یاخیبوەکانیان کرد.

٣- جیهادییە جیهانییەکان: هەندێك لە عەرەبە ئەفغانەکانی تر مەشق و ئەزمون و کارکردنیان وەك تۆرێکی بەهێز بردە ئەو ناوچانەی کە ململانێی تیادا بوو لە جۆری بۆسنەو دواتریش چیچان. ئامانجیشیان یارمەتیدانی برا ئاینیەکانیان بوو لە پێناو جیابوونەوە یاخود ئازادی دا.

جیهادییە گەڕۆکەکان چەندین رێگای جیاوازیان گرتە بەر بۆ چوونە ئەو ناوچانە کە دیارترینیان لە رێگای قاچاخچییە شارەزاکانەوە بوو، هەروەك لە رێگای پێدانی بەرتیل بە لێپرسراوانی سنورو لێپرسراوە ناوخۆییەکانیش. هەندێکی تریشیان وەك کەسانی خێرخواز یاخود وەك رۆژنامەنوسێك بۆ گواستنەوەی رووداوەکان رۆیشتن. کۆمەڵێکی تریشیان بە پەساپۆرتی ساختەی وەك ئەو پەساپۆرتە دیپلۆماسییانەوە رۆیشتن کە لە پاکستان و ئەوروپاوە لە رێگای ساختەوە بۆیان ئامادەکرابوو.

٤- جیهادییە تاکە کەسەکان: ئەمانە کەمترین کەسانێك بوون کە بەهۆی پاڵنەری ئیسلامییەوە کاری تیرۆرستیان لەناو وڵاتانی خۆیان یان وڵاتانی رۆژئاوا ئەنجامدا، کە هەندێکیان سەرکەوتوبون و هەندێکی تریشیان شکستیانخوارد.( رەمزی یوسف) یەکێك بوو لەو نمونانە، ئەم کابرایە لە ساڵی ١٩٩٩ لە نیویۆرك رێکخەرو عەقڵی پشت تەقاندنەوەی بنکەی بازرگانی جیهانی بوو. (رەمزی) لە ساڵی ١٩٩٠ سەردانی کامپی (خالدین)ی لە ئەفغانستان کردووە کە لەلایەن چەکدارە عەرەبەکانەوە بەڕێوە دەبرا.

بۆ ماوەی ٦ مانگ لەو کامپەدا ماوەتەوەو هەموو شێوازەکانی تیرۆر فێربووە. دواتریش بەهۆی شەڕی ناوخۆیی ئەفغانستانەوە زیاتر ئەزمونی وەرگرتووە، بەهۆی پەیوەندییەکانیشیەوە توانیویەتی پەساپۆرتێکی عێراقی لە پیشاوەر دەستبکەوێت و بڕواتە ئەمریکاوە.

## بەراوردی نێوان عەرەبە ئەفغانەکان و چەکدارە بیانیەکانی ناو عێراق:

سەرەڕای ئەوەی عەرەبە ئەفغانەکان بەوە ناسراوبوون کە چەند گروپێکی بچوکن و نفوزێکی دیاریکراویان لە ڕووداوەکانی ئەفغانستاندا هەیە، وەلێ توانای کاری تیرۆرستیان لە تەواوی جیهان دا هەبوو.

بەبەراورد بە چەکدارە عەرەبە ئەفغانەکان، چەکدارانی بیانی ناو عێراق زۆر مەترسیدارترن:

١–ئەزمونی سەربازی و ئەمنی فراوانیان هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی زۆربەی زۆری تاکەکانی عێراق هەر لە ساڵی ١٩٨٠ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣، بەشداری ئەو شەڕانەیان کردووە کە سەدام حسێن هەڵیگرساندوون.

٢–زۆربەی گەنجانی عێراقی بیری سەلەفیەت عەقیدەو بەرنامەیانە، بە تایبەت سەلەفیەتی جیهادی.

٣– بونی ڕێکخراوی (ئەنسارولئیسلام) کە ڕێکخراوێکی سەلەفیەو نزیکە لە فیکری قاعیدەوە.

٤–عێراق چەك و جبەخانەیەکی گەورەی هەبووە کە زۆربەیان لە پارێزگا سوننیەکاندا بڵاوبونەتەوە.

## تەجنید:

١- حاڵەتەکانی تەجنیدکردن (ئامادەکردن)ی جیهادییەکان لە عێراقدا ڕەفتارێکی نهێنی تاکە کەسی بانگخوازەکانبوو، ئەمەش پشتی بەو هەڵچونە حەماسی و عاتیفیانە بەستبوو کە لەلایەن بانگخوازانی تەجنیدەوە بەکاردەهێنراو کاریگەری لەسەر کەسی ئامادەکراو جێدەهێشت. وتارە ئاینییەکان و وەعزو گۆرانی و سرودە جیهادییەکان لە گرنگترین شێوازەکانی تەجنیدکردنبوون، بەجۆرێك ئەو وتارو سرودانە کانگای ڕاکێشانی جیهادییەکانبوون لەعێراقدا.

سەرەتای ئەو سرودو وتارانەش کە هاتنە عێراقەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦ ئەو کاتانەی کاسێتەکانی (عەبدوڵا عەزام) و (حیکمەت یار) و (بورهانەدین ڕەبانی) لە سەردەمی جیهادی ئەفغانی دا لە دژی سۆڤیەت بڵاوبوونەوە. دواتر دوای ساڵی ١٩٩١ کاسێتەکانی شێخە سەلەفیە جیهادییەکان لەلایەن سەلەفیەکانەوە پێشوازی گەرمی لێکرا بە تایبەت کاسێتەکانی (سەفەر حەوالی) و ( سەلمان عۆدە) و (ناسر عومەر) و (عەبدولرەحمان عەبدولخالق).

٢- دواتر کاتی ئەو نامیلکە و کتێب و گۆڤارانەش هات کە هانی یاخیبونی سەلەفیەکانی لە دژی دەسەڵاتداران دەدا ئەمەش لە ساڵی ١٩٩٧دا بوو ئەوکاتەی بزوتنەوەی (سروریە) (بە عەقیدە سەلەفی و بە ڕێباز ئیخوان) کە لەلایەن (شێخ محێدین ئەلعابدینی کوری سرور) وە ڕابەرایەتی دەکراو گۆڤاری (سونەیان) دەردەکرد، بەدیارکەوت. چیرۆکەکەش بەم شێوەیە: لەوەرزی حەجی ساڵی ١٩٩٨یش کۆمەڵێك کەسایەتی عێراقی چاویان بە(سرور) دەکەوێت و پێی سەرسام دەبن، دواتر ئەو کەسانە دەبنە پێشەنگی سەلەفیەتی جیهادی لەعێراق و دیارترین دامەزرێنەرانی گرووپی (ئەنسارولئیسلام لە کوردستانی عێراق).

ساڵێکیش دوای ئەو دیدارە، ئەو گرووپە دەکەونە تەجنیدکردنی جیهادییەکان لەناو بەغداو سەلاحەدین و موسڵ و دیالە، کە دەرکەوتوترین کەسایەتیەکانی ئەم

پەیرەوەش سەرکردەکانی (بزوتنەوەی یەکتاپەرستە سەلەفیەکان)بوون لەوانەش (شێخ سەعدون قازی) و (د.محەمەد جبوری) و (د.مەحمود مەشهەدانی).

٣- ئەو جیهادییانە بەهۆی وەرزەکانی حەج و عەمرەوە پەیوەندییەکی مێژوویيان لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و شام و میسردا هەبوو، هەربۆیە دەتوانین بڵێین کەسە یەکەمینەکانی بیروباوەڕی سروریە لە عێراقدا یاخود ئەوانەی لەو بیروباوەڕەوە نزیکبوون، بەرپرسی یەکەمینی تەجنیدکردنی جیهادییەکانی عێراقن، ئەویش بەهۆی هەڵگرتنی فیکرەی سەلەفیەتی جیهادی و بیروباوەڕی سرورییەوە. هەرئەوانە بانگەشەیان بۆ کتێبەکانی (مەقدەسی و تەرتوسی و سەید ئیمام و زەواهیری) تایبەت بە بانگەوازی (چارەسەری جیهادی) لە عێراق و مژدەی دەوڵەتی خەلافەت و بانگەواز بۆ (مەلا محەمەد عومەر) و بانگەشەکردنیان بۆ دەوڵەتەکەی تاڵیبان دەکرد.

دەتوانین ئەو کەسانە بەو خاکە بەپیتە وەسفبکەین کە بەهۆیەوە سەلەفیەتی جیهادی لە عێراقدا تیا سەوزبووە. هەر لەرێگای ئەمانیشەوە هەندێك لە جیهادی و بانگخوازان هەوڵی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامییان دا.

٤- درێژبوونەوەی دوژمنایەتی سیاسی نێوان عێراق و ئێران کە لە دوای جەنگی ٨ ساڵەی نێوانیان لە (١٩٨٠-١٩٨٨) تا کەوتنی حزبی بەعسیش لە ٢٠٠٣ درێژەی کێشا، وەهای کرد وەك بەربەستێك و بۆ رەتدانەوەی شیعەگەرایەتی بیری سەلەفیەت لە هەموو عێراقدا بەکاربهێنرێت و تەشەنەبکات. ئەمەش شتێکی گومان هەڵنەگربوو کە ئەو دەزگایانەی لەسەر سەلەفیەت ئەژمار دەکران لە ململانێکردنی شیعەگەرایدا زۆر چالاکبوون و مەترسییەکانی ئەو رەوتەیان دەخستە روو. هەربۆیە ژمارەیەك لەو خوێندکارە ئاینی و بانگخوازانە لە تەواوی عێراق دا بە تایبەت لە بەغدا و پارێزگاکانی باشورو فوراتی ناوەراست زنجیرەیەك چالاکیان ئەنجامدا و لەهەمان کاتیشدا بانگەشەیان بۆ فیکری تەکفیری جیهادی دەکرد.

لە بەرامبەریشدا هاوسۆزی ئەوانەی لەناو عێراقدا رێکخرابوون، لەگەڵ بانگەوازی (سروریە) و سەلەفیەتی جیهادیدا زیاتر دەبوو، لەگەڵ رێکخراوی (ئەنسارولئیسلام) یشدا ئەو هاوسۆزییە گەیشتە لوتکە بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، زۆرێکیش لە بانگخوازانی جیهاد ئەو ساڵە بە ساڵی سەرکەوتنی بانگەوازەکەیان دەزانن.

٥- بواری ئابووریش یەکێکی ترە لە بوارە گرنگەکانی دۆسیەی تەجندیکردن لەلایەن بانگخوازە جیهادییەکانەوە. سەرچاوە نزیکەکانی دۆسیەی سەلەفیەتی جیهادی لە عێراق ئاماژە بەوەدەکەن لە چەندین وەرزی حەج و عەمرەدا ئەو بانگخوازانە بە پارەیەکی زۆرەوە گەراونەتەوەو زۆرجاریش هەندێك لە پارەکانیان لە رێگای (ئوردون)ەوە رەوانەی عێراق کردۆتەوە.

سەرکردەکانی سەلەفیەتی جیهادی لە عێراقدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ فراوانترکردنی رەوتەکەیان پشتیان بە پارە دەبەست، جەختیشیان لەوەدەکردەوە بانگەواز بە پاڵپشتی پارەوە، یەکێکە لە سیفەتەکانی بانگەوازە جیهادییەکەیان!.

٦- لەدوای ئازاری ساڵی ٢٠٠٣یش، گرووپە جیهادییەکانی عێراق هەمان رێگاو شێوازی سیاسەتی تەجنیدی سروریان لە بەغداو سەلاحەدین و موسڵ گرتەوەبەر، کە ئەویش خۆی لە رێگای تەجنیدکردنی گەنجان و کۆکردنەوەی هاوکاری و بڵاوکردنەوەی فیکری تەکفیری دا دەبینەوە، بەڵام ئەمجارە زیادەی ئەوەی لەگەڵدا بوو کە دەرگای تەوبەیان بۆ بەعسیەکان و ئەندامانی دەزگا ئەمنیەکان کردەوە. یەکێك لەو شێوازانەش تەجنیدکردنی هەندێك لە مەلای مزگەوتەکان و مامۆستاکانی زانکۆو کۆلیژو پەیمانگا ئیسلامیەکان بوو، دواتریش گرنگیان دەخستە سەر تەجنیدکردنی گەنجانی گوندو دێهاتە دەشتەکیەکان ئەویش لە رێگای ختوکەدانی هەستی تۆڵەکردنەوەی کوشتنی کەسە نزیکەکانیان، کە زۆربەی جار ئەندامی یەکێك لە گرووپە جیهادییەکان بوو. هۆکاری ئەوەش کە بۆچی لە بری گەنجانی تر گرنگیان

بە گەنجانی دێهات و گوندە دەشتەکیەکان دەدا ئەوەبوو کە ئەو گەنجانە هەرچەندە خاوەن هوشیاریەکی ئاینی بەهێز بوون بەڵام لە رووی سیاسییەوە نەزان بوون.

٧- تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پێگەو ماڵپەرە جیهادیەکان، لەمرۆدا بوونەتە گرنگترین هۆکارێك بۆ تەجنیدکردن. رۆڵی ئەمانەش بریتیە لە دابینکردنی پشتگیرییەکی لۆجیستی لە رێگای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی جیهادییەکان لە ئەنتەرنێت و هاندانی گەنجان بۆ جیهادکردن و کۆکردنەوەی پارە و دابینکردنی سەلامەتی رێگای هاتوچۆ و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون.

هۆکاری پەنابردنی جیهادییەکان بۆ ئەم شێوازەش دەگەرێتەوە بۆ قورسی کاری بانگەوازکردن و تەجنیدکردنی گەنجان لە مزگەوت و زانکۆو شوێنی کاردا، ئەویش بەهۆی چاودێری و ئابلۆقەی دەزگا ئەمنیەکان و ناسینەوەی هەموو جیهادییەکان لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە.

## زەرقاوی (٢٠٠٣-٢٠٠٦)

دەرکەوتنی کەتیبەکانی (تەوحیدو جیهاد) لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا شتێك نەبوو لەخۆوە بێت، بەڵکو تەوافوقی چەند گەنجێکی گرووپی (ئەنسارولئیسلام) (کە بەهۆی بۆردومانەکانی ئەمریکاوە لە کوردستان لەبەریەك هەڵوەشابوون) بوو لەگەڵ گرووپە سەلەفیە جیهادیەکانی ناوخۆی عێراق.

ئەم کەتیبانە پێشتر هەبوون و ئەنسار بە رێنماییە گونجاوەکانی لەگەڵ عەقیدەو رێبازی زەرقاوی، بەکاریهێنان.

کەتیبەی (تەوحیدو جیهاد) بنەمای سەرەکی رێکخستنی ئەم دەوڵەتە خەلافەتەی ئێستان، سەرکردەکانی وەك (زەرقاوی، محمد یوسف فەلەستینی، عەبدولناسر جیاب، عەبدولحەمید ئەبو عەزام فەلەستینی، حەسەن ئەزیرج، عومەر بازیانی، عەبدوڵا نەجم جەواری) چەندین بنەمای کاری رێکخستنیان بەکارهێنا کە لە

کامپەکانی ئەفغانستان و نوسینگەی کاروباری موجاهیدان لە پاکستانەوە بەدەستیان هێنابوو، لەوانەش ئەوەی خوێندبوویان لە (مەوسوعە جیهادییەکەی) ئەبو زوبێدەی فەلەستینی کە وەك دەستوری بنەرەتی خۆیان تەماشایان دەکرد بۆ ڕێگاخۆشکردن بۆ ژیانەوەی دەوڵەتی خەلافەت و کارکردن بە شەریعەتی ئیسلامی.

ئەم گرووپە سەرەتا لە ٧٠ کەس پێکدەهات کە بەشێك لەوانە خاوەن مێژوویەکی جیهادی و تەکفیری بوون، هەندێکی تریشیان سەرکردەی چالاکی بواری بانگەوازی سەلەفیەتی جیهادی بوون، دواتر بە هەموو عێراقدا بڵاوبوونەوە. ئەم گرووپە شێوازی کاری ڕێکخستنی هەروەك کاری ڕێکخستنی نهێنی ئیخوانەکان وەهابوو، ڕاستەوخۆ پەیوەستبوو بە زەرقاوییەوەو بنەمای نهێنی کارکردنی سەرکردەکانی تری بنەمایەکی بەهێزو فراوان بوو، ئەمەش وەهای کردبوو دەزگا ئەمنیەکان دەستیان پێی نەگات و گرووپەکەش ئامادەباشی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سەرەکیەکانی.

گرووپی (قاعیدەی جیهاد لەوڵاتی ڕافیدەین) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٤ بە دیارکەوت، ئەویش پاش ئیعلانکردنی بەیعەتدانی زەرقاوی بە ئوسامە بن لادن، ئەم ئیعلانکردنەش دەرگای هاوکاریکردنی سەربازی بۆ زەرقاوی کردەوەو وەهاشیکرد زۆرێك لە هاوسۆزان و لایەنگرانی قاعیدە پەیوەندی پێوەبکەن. هاوکات توانا داراییەکانیشی گەشەیانکرد ئەویش بەهۆی هاوکاریکردنی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی قاعیدەی دایکەوە بۆی، بەجۆرێك هاوشانی بەخشینەکانی زەکات و هاوکارییەکانی وڵاتانی کەنداو هاوکارییەکانی ناو وڵاتە ئەوروپیەکان، قاعیدە مانگانە نزیکەی ٦٨٠ هەزار یۆرۆی بۆ دەنارد.

لەلایەکی تریشەوە زەرقاوی سودێکی زۆری لە پێگەو ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکانی قاعیدە بینی، هەروەکچۆن سودێکی زۆریشی لە ڕێبازی بانگخوزای قاعیدە بینی، بەجۆرێك ئەوەی کە تەماشای قاعیدەی دەکرد و بەرگری لێدەکرد وەك ئەوە وابوو تەماشای زەرقاوی بکات و بەرگری لە ئەو بکات.

## پەیکەرەی ڕێکخستنی ڕێکخراوی (قاعیدەی جیهاد لەوڵاتی رافیدەین) (٢٠٠٤- شوباتی ٢٠٠٦)

١- زەرقاوی کە ناوی (محەمەد ئەحمەد خەلایلە)یە، ئەمیری گرووپی قاعیدەی جیهاد و جێگری (بن لادن)بوو لەعێراق، ئەو لە جیاتی بن لادن و مەلا عومەر بەیعەتی وەردەگرت، بەیعەتەکەش بە سیفەتی ئەمارەتی حەرب بوو نەوەك ئەمارەتی تەواوی ئیمانداران. زەرقاوی بەوە ناسراوبوو کە هەموو دۆسیەکانی لە دەستی خۆیدا هێشتبویەوەو بەبێ هیچ راوێژکردنێك بڕیارەکانی دەردەکرد. هیچ جێگرێکیشی نەبوو، هەندێك دەسەڵاتی دەدا بە کەسە نزیکەکانی بەڵام بۆ بڕیاری کۆتای دەبوایە بڕۆیشتایەتەوە بۆلای ئەو. هەرخۆشی پرۆسەی سەربڕینەکانی ئەنجام دەدا بە تایبەت ئەو بیانیانەی سەردەبران، پەیامەکانیشی بە دەنگی خۆی بڵاودەکردەوە، لەوانەشە ئەو پەیامانە لەلایەن شێخ عبدالرحمن تاڵەبانی (ئەبو ئامینە کوردی) یەوە بۆی نوسرابێت.

زەرقاوی وەهای کرد موهاجیرە عەرەبەکان دەستێکی باڵایان لە هەموو بوارە سەربازی و ئەمنی و شەرعی و راگەیاندن و دارایی و ئیدارییەکاندا هەبێت، هەروەك حەزیشی لە هاوکاریکردنی گرووپە سونیەکانی تر نەبوو بە تایبەت ئەوانەی تێروانینێکی بەعسیانە و سۆفیانە و ئیخوانیانەیان هەبوو. چەندین جاریش هەوڵیدا دەست بەسەر چەکدارەکانی ئەنساروئیسلامدا بگرێت و رکابەرێتی و مشتومریشی لەگەڵ سەرکردەکانی سوپای موجاهیدین و سوپای ئیسلامی و سوپای فاتحین دا هەبوو، لە هەمان کاتدا هیچ رێزێکیشی بۆ بەشداری سیاسیانەی سونەکان لە حکومەت و پەرلەمان دانەدەنا.

١- **دۆسیەی لیژنەی شەرعی:** ئەم دۆسیەیە لەلایەن شێخ (عومەر یوسف جومعە ساڵح کە ناسراوبوو بە ئەبو ئەنەس شامی) فەلەستینی بەڕێوە دەبرا، شێخ عومەر

هەڵگری فیکری ئەبو محەمەد مەقدەسی بوو، لەکاروبارەکانیشدا شێخ ئەبو عەبدولرەحمان ئەلعێراقی (د.وەلید جبوری) هاوکاری دەکرد. کاری ئەمانیش رێکخستنی خولە شەرعیەکان و وەرگرتنی بەیعەت بوو بۆ زەرقاوی و چارەسەرکردنی ململانێ و ناکۆکیەکان بوو.

٢- **دۆسییەی ئەمنی**: ئەم دۆسیەیەش لەلایەن ئەبو محەمەدی لوبنانی (مستەفا رەمەزان دانیمارکی) و بە هاوکاری حەسەن ئەزیزج (ئەبو هودا) بەڕێوە دەبرا. کاری ئەمانەش چاودێریکردنی پەیکەرەی رێکخستن و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و لەسەر ئامانجەکان و، سەرپەرشتیکردنی کەتیبە تایبەتیەکانی وەك کەتیبەی (عائیشەی دایکی ئیمانداران) و فەیلەقی (عومەر) بوو. هاوکات سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی تیرۆرکردن و دانانی بۆمب و بۆمبرێژکردن و کردارە خۆکوژییەکانیان دەکرد.

٣- **دۆسیەی کەتیبە تایبەتیەکان**: ئەمەش لەلایەن بەرپرسی ئەمنیەوە سەرپەرشتی دەکرا، بریتی بوون لە کۆمەڵێك کەتیبەی تایبەت کە پێشوتر لەلایەن زەرقاوییەوە دیاری کرابوون، فەرماندەو بەرپرسەکانی ئەم کەتیبانەش بە شێوەیەکی تایبەت دەستنیشان دەکران، لەوانەش کەتیبەی (عائیشەی دایکی ئیمانداران) کە ئەبو حەمزەی موهاجیر سەرکردەی بوو، کاری ئەمەش هێرشکردنە سەر پیاوانی ئاسایشی عێراق و پەلاماردانی بنکە ئەمنی و سەربازییەکان و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بوو. فەیلەقی (عومەر)یش لەلایەن شێخ مەحمود عیمران ( ئەبو سەلام عێراقی) و شێخ سەباح تائی (ئەبو عائیشە) بەڕێوە دەبرا و، کاری ئەم کەتیبەیەش لێدانی میلیشیاکانی بەدرو سوپای مەهدی بوو.

٤- **دۆسیەی پەیوەندیی و تەنسیق**: ئەم دۆسیەیەش لەلایەن حامد داود زاوی و بە هاوکاری عەدنان بیلاویەوە بەڕێوە دەبرا. کاری ئەم دۆسیەیەش رێکخستنی وادەکان و هەمئاهەنگیگردن بوو لەگەڵ سەرکردەکانی تری دۆسیەکان و گرووپەکانی تر.

٥- **دۆسیەی دارایی و کارگێڕی**: ئەم دۆسیەیەش لەلایەن مەحمود یوسف فەلەستینی (ئەبو ئەشرەف)ەوە بەڕێوە دەبرا، کاری ئەمەش چاودێریکردنی کۆگاکان و چۆنیەتی خەرجیەکان و پرچەککردن و ناردنی هاوکاری و پارە بۆ فەرماندەکانی ترو بە دواداچونی چۆنێتی پارە سەرفکراوەکانبوو.

٦- **دۆسیەی میوانداری**: ئەم دۆسیەیەش لەلایەن مستەفا یوسف مستەفا صیام (ئەبو یوسف)ی ئەردەنی و، موعەمەر جوغەیفەری ئەردەنی و، رەشید حەمید عەباس جومەیلی (ئەبو عائیشە) و، تورکی هیشان شەعبانی (ئەبو غادیە)ەوە بەڕێوە دەبرا. کاری سەرەکی ئەم دۆسیەیەش تەجنیدکردنی عەرەب و بیانیەکان و گواستنەوەشیان بوو بۆ عێراق، دواتر هاوکاریکردن و دابەشکردنیان بوو لەناو پارێزگاکانی عێراقدا، هاوکات بەپێی تایبەتمەندییەکانیان بەسەر کەسانی خۆکوژو فیدایی (ئینغیماسی)و موجاهید دابەشدەکران.

٧- **دۆسیەی راگەیاندن**: ئەمەش تایبەت بوو بە هەموو بڵاوکراوە نوسراو و بیستراو و بینراوەکان، لەلایەن ئەبو مەیسەرەی عێراقیەوە (موهەند غەزالیە) و بە سەرپەرشتی راستەوخۆی زەرقاوی بەڕێوە دەبرا.

لەو قۆناغەدا زەرقاوی راستەوخۆ سەرپەرشتی رێکخراوەکەی دەکردو ئەرکەکانی لەناو لیژنە جیاوازەکاندا دابەشدەکرد، هەرخۆشی بە شێوەیەکی گشتی ستراتیژییەتی رێکخراوەکەی دیاری دەکرد ئەویش لە رێگای هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان، دواتریش هێرشکردنە سەر شیعەو کورد، هاوکات هێرشکردنە سەر ژێرخانی دەوڵەت و، شوێنە گرنگەکانی وڵات. هەربۆیە زەرقاوی زۆربەی کارە گەورەکانی رێکخراوەکە ئاراستە دەکردو ستراتیژیەت و سیاسەتی رێکخراوەکەش دیاری دەکرد.

زۆربەی کەتیبە سەربازییەکان لە دیاریکردنی ئامانجەکانیان یەك ئامانجیان هەبوو، بەڵام بۆ زۆربەی کارە بچوکەکانیش پێویست نەبوو بگەرێنەوە بۆ فەرمانی

راستەوخۆی سەرەوە، بەڵکو بە هاوکاری فەرماندەی کەتیبەو ئەمیرەکان ئەوە جێدەهێڵرا بۆ ئیجتیهادی سەرکردە مەیدانیەکان. ئەم پەیکەرەی ڕێکخستنیش سەرپەرشتی لانی کەم ١٠ هەزار چەکداری دەکرد کە دەزەکردنی دەزگا ئەمنییەکان بۆ ناویان زۆر ئەستەم بوو. هەر لەناو ئەم نەوەیەشدا ڕێکخستنێکی تازەتر بە ناوی (ئەنجومەنی شورای موجاهیدین) وەدیارکەوت.

## ئەنجومەنی شورای موجاهیدین

## (حکومەتەکەی زەرقاوی شوباتی ٢٠٠٦-حوزەیرانی ٢٠٠٦)

ئەم ئەنجومەنە٧ ڕێکخراوی چەکداری لەخۆدەگرت کە گرنگترینیان گرووپی (قاعیدەی جیهاد لە وڵاتی رافیدەین) بوو، ئەمە جگە لە گرووپەکانی (تائیفەی مەنسورە)و (سەرایای جیهادی ئیسلامی)و (کەتیبەی ئەهوال)و (سەرایای ئەنسار تەوحید)و (سەرایای غورەبا)و (سوپای ئەهلی سونەو جەماعەت کە هەفتەیەك دواتر پەیوەندییکرد). وەك دەردەکەوێت ڕێکخراوی قاعیدەی جیهاد گرووپی باڵادەستی ناو ئەنجومەنەکەبوو، دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەم ئەنجومەنە هیچ نەبوو جگە لە رووکارێك بۆ ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق و دروستکردنی ئەنجومەنەکەش هیچ نەبوو جگە لە بە عێراقیکردنی وێنەی قاعیدە لەلای عێراقییەکان.

١- **سەرکردایەتی:** بەرپرسی ئەنجومەنەکە ناوی عەبدوڵا ڕەشید بەغدادی بوو، عێراقی و خەڵکی (قەسر ئەوسەت)ی یوسفیەبوو، بەڵام بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن تا کاتی کوشتنی، سەرکردەی فیعلی ڕێکخراوەکە (ئەبو موسعەبی زەرقاوی) بوو. ئامانجیش لە دیاریکردنی (بەغدادی) بۆ سەرۆکی ئەنجومەنەکە تەنها بۆ ئەوەبوو ڕوخسارێکی عێراقیانە بدەن بە قاعیدە. هەندێك لە بەیاننامەو

بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنەکەش ئیمزای (ئەبو مەیسەرە عێراقی) بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی قاعیدەی لەسەربوو.

زەرقاوی سەرۆك وەزیران....ئەبو عەبدولرەحمان وەزیری ناوخۆ...ئەبو ئەسید وەزیری بەرگری...ئەبو حەمزە وەزیری ئەوقاف... ئەبو مەیسەرە وەزیری ڕاگەیاندن.

٢- **وەزیری ناوخۆ**: زەرقاوی بەشێوەیەکی جدی بیری لە گواستنەوەی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە بۆ یەکێك لە کەسایەتیە عێراقیەکان دەکردەوە، بۆ ئەمەش ڕێکخراوەکە (ئەبو عەبدولرەحمان عێراقی) وەك جێگری ئەمیر دەستنیشانکرد، ئەمیش لەلایەن خۆیەوە نامەیەکی بەناونیشانی (لبیك لبیك یا ئەبو موسعەب) بڵاوکردەوە.

هاوکات سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەش بە کەسایەتیە عێراقیەکان درا جا چ ئەوانەی کۆن لەناو ڕێکخراوەکەدا بوون یاخود ئەوانەی دواتر هاتبوون. ڕێکخراوە چەکدارییەکانیش هەروەك خۆی مانەوەو لە ژێر چەتری باڵی سەربازی دا چالاکیان دەکرد. بەمجۆرە پەیکەرەی ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە لە جاران زیاتر ئاشکراتر دیاربوو، دیاریکردنی پۆستی جێگری ئەمیریش ڕووداوێکی تازە بوو کە واقیع وای دەخواست و بۆ پاراستنی سەلامەتی ڕێکخراوەکە بوو.

جێگری ئەمیر لەگەڵ زەرقاوی هەموو کاروبارەکانی رایی دەکرد و ئاگاداری کاروباری ڕێکخراوەکەشبوو، زەرقاویش کاروبارەکانی پەیوەندی و هەمئاهەنگی لەگەڵ عێراقیەکان بە جێگرەکەی سپاردبوو، خۆشی سەرپەرشتی پەیوەندی و هەمئاهەنگی لەگەڵ موهاجیرە بیانییەکاندا ئەنجامدەدا.

٣- **وەزیری بەرگری**: جێگری ئەمیر ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پێداویستیەکانی لیژنەکانی ڕێکخراوەکەی دەکرد، کە خۆی لە باڵی سەربازی ڕێکخراوەکەدا دەبینییەوە و لەلایەن ئەبو ئەسید عێراقییەوە سەرکردایەتی دەکراو بەرپرسی یەکەمی کەتیبەو سریەو کۆمەڵە کاریگەر و چالاك و هاوکارەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە بوو، کە ئەوانیش بریتی بوون لە چەندین کەتیبەی سەرەکی کە پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتی باڵای

ڕێکخراوەکەدا هەبوو، هەروەك کەتیبەی ئاسایش و گەران و پشکنین، کە کاری ئەمەش چاودێریکردن و پشکنینی ناوی ئەو کەسانە بوو کە تازە دەهاتنە ناو ڕێکخراوەکە. هەروەها زانیاری لەسەر کەسەکان و شوێنەکان و ئەو ئامانجانەش کۆدەکردەوە کە دیاریدەکران بۆ لێدانیان، هاوکات ڕێگاکانی هاتوچۆی داگیرکەری دیاریدەکردو ئەو کۆمپانیایانەشی دەستنیشاندەکرد کە هاوکارییان دەکردن لە بواری ئەمنی و بواری لۆجیستیەوە.

لەهەمانکاتدا چاودێری هاتوچۆی ئەمریکیەکان و پلانی سەربازی و نەخشەکانی حکومەتی بۆ داهاتوو دەکرد. هەروەها کاریشی دەکرد بۆ چاندنی ئەندام لە ناو پاسەوانی نیشتیمانی و پۆلیس و کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی گشتی و کۆمپانیاکانی گواستنەوەو شوێنە گرنگەکانی تر.

قاعیدە گرووپەکانی گەران و پشکنینی لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینی و پێداویستیەکانیان وەربگرێت و دەستنیشانیان بکات، هاوکات زانیاریشی لەسەر کەسەکان و دەزگا ئەمنی و حکومیەکان و نێردە دیپلۆماسییەکان کۆدەکردەوەو دواتر دەیکردنە راپۆرت و بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەی بەرزدەکردەوە. سەرکردایەتیش لەلایەن خۆیەوە پاش لێکۆڵینەوەو گفتوگۆکردن لەسەر ئامانج و کاتەکانی جێبەجێکردنی، بڕیاری بۆ باڵی سەربازی و بەشەکانی تر دەردەکرد بۆ جێبەجێکردن و ئاگادارکردنەوە لە ئەنجامی هەموو ئەو کارانەی کە لەلایەن ئەو بەشانەوە دەکران.

٣- **دەستەی ئەرکان:** ئەم دەستەیە سەرپەرشتی ژمارەیەك کەتیبەو سریەو کۆمەڵەی دەکرد، کە ناوی جیاواز جیاوازیان لەخۆدەگرت، هەندێك لەو ناوانەش ناوی خەلیفەکانی راشیدین بوون وەك کەتیبەی (ئەبو بەکری سدیق) و (فەیلەقی عومەر) و (کەتیبەی کوری خەتاب). هەندێکی تریش بە ناوی سەرکردەکانی قاعیدەوە بوون لە جەزیرەی عەرەبی وەك کەتیبەی (عەبدولعەزیز موگرن)و (ئەبو ئەنەس شامی)و (ئەبو

عەزام عێراقی _عەبدولا جبوری)و هەرچی کەتیبەکانی تریشە بە هەمان ناوی پێش پەیوەندی کردنیان بە قاعیدەوە مانەوە.

کەتیبەی (خۆکوژەکان) کە ناوی کەتیبەی (بەڕای کوری مالیك ) بوو و لەلایەن (ئەبو دەجانەی ئەنساری)ییەوە سەرکردایەتی دەکرا، بە گرنگترین کەتیبەی خۆکوژی ناو قاعیدەی عێراق دادەنرا.

زۆرترین خۆکوژەکانیش عەرەبەکان بوون و ژمارەیەکی کەمی عێراقیشیان تیادابوو، کە ژمارەیەکی زۆر چالاکی گەورەو فراوانیان ئەنجام دا. ئەوەی جێگای سەرنجە زەرقاوی گرنگیەکی زۆری بەم کەتیبەیە دەدا، ئەویش بەهۆی ئەو رۆڵە گەورەیەی لە شەڕی پڕوکێنەری قاعیدەدا ئەنجامی دەدا، هەروەها پەلامارەکانیشی چ لە رووی مەعنەوی یاخود لە رووی مادییەوە کەمترین تێچووی هەبوو .

ئەوانە سەرپەرشتی ئەم کەتیبەیەیان دەکرد سەرکردەی مەیدانی و خاوەن ئەزمون و راهێنرابوون لەسەر ئامادەکردنی تەقینەوەو بۆمبرێژکردن و گەیاندن، هەروەها شارەزایشیان لە تەقاندنەوە لە رێگای مۆبایل و کۆنترۆڵی دەستی و جۆرەکانی تریشەوە هەبوو.

٤- **وەزارەتی ئەوقاف:** ئەمەش دەستەیەکی لەخۆدەگرت کە لەلایەن (شێخ ئەبو حەمزەی بەغدادی)یەوە سەرپەرشتی دەکراو کاری ئەنجامدانی نوسین و لێکۆڵینەی پێویست بوو بۆ گرووپەکە، هەروەها وەڵامی هەر گومانێکی شەرعیشی دەدایەوە کە گرووپەکە پێویستی پێی هەبوو بۆ بڵاوکردنەوە فیکرو بیروراو رەفتارەکانی. گۆڤارێکی تایبەتیشی بە ناوی (ذروة السنام) دەردەکرد کە کاری دیراسەکردنی بڕیارە شەرعیەکانی تایبەت بەو بابەت و مەسەلانە بوو کە خزمەتی بیروراکانی گرووپەکەی دەکرد، هەروەها وەڵامی ئەو فەتواو پڕوپاگەندەو بانگەشانەشی دەدایەوە کە زیانی بۆ جیهادو بەرگری هەبوو. هاوکات هەواڵەکانی جیهادی لە روانگەی شەڕو شەڕکەران و بەرەکانی جەنگەوە بڵاودەکردەوە.

ئەم دەستەیە لەلایەن (ئەبو ئەنەسی شامی)یەوە دامەزرا، بەڵام دوای کوژرانی شامی، لەبەر هۆکاری ئەمنی ناوی جێگرەوەکەی ئاشکرا نەکرا. هەر لەم دەستەیە دادگایەکی شەرعی دروستکرا. کاری ئەم دەستەیەش سەیرکردنی سکاڵاکانی تایبەت بە سیخوریکردن بوو لەناو گرووپەکەدا، هەروەها بڕیاریشی لەبارەی چارەنوسی رفێنراوان و دیلەکانەوە دەردەکرد کە زۆربەی جارەکانیش بڕیارەکان بڕیاری کوشتن بوون. حوکم و بڕیارەکانی ئەم دادگایەش قەتعی بوون و هیچ بوارێکی بۆ تەمیزکردنەوە تیادا نەبوو.

٥- **وەزارەتی راگەیاندن:** ئەبو مەیسەرەی عێراقی سەرپەرشتی ئەم بەشەی دەکرد. کاری ئەم بەشەش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو بڵاوکراوەو کاسێتە بینراو بیستراوەکان بوو. ئەوەی تێبینی دەکرا ئەم بەشە گەشەیەکی فراوانی کردو ژمارەیەکی زۆر کاسێتی بڵاوکردەوە کە نیشانەی لێهاتوویەکی زۆری تیا دەدۆزرایەوە. ئەم بەشە لایەنی ریکلامکردنی بۆ گرووپەکە لەخۆدەگرت، بە بەشێکی گرنگیش وەسفدەکرا لە تەجنیدکردن و راکێشانی ئەندامە تازەکان بۆ ناو گرووپەکە. گرنگترین شوێنێکیش بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی ئەنتەرنێت بوو، کە گرووپەکە بە شێوەیەکی زیرەکانەو بەرژەوەندیخوازانە دەستێکی باڵای هەبوو لە بەکارهێنانیدا، بەجۆرێك زۆر قورسبوو سەرپەرشتیارانی ماڵپەرەکانی بدۆزرێتەوەو هەروەها قورسیش بوو بزانرێت کێ چاودێریان دەکات. هاوکات چەندین رێگای نوێی دیکەیان دۆزییەوە بۆ دانەخستنی ماڵپەرەکان و خۆلادانیان لە سانسۆرکردن. رێکخراوەکە گرنگیەکی زۆری دەدا بە پرۆسەی راهێنانی ئەندام ولایەنگرو هاوسۆزەکانی لەسەر چۆنێتی کارکردن لەسەر ئەنتەرنێت. تەواوی ماڵپەرەکانی رێکخراوە جیهادییەکانیش لە گرنگترین هۆکاری ناساندن و بڵاوکردنەوەی چالاکی و بەیاننامەو نوسراوی سیاسی و سەربازی و شەرعی ئەو رێکخراوانە بوون.

٦- **وەزارەتی دارایی**: لە رێکخراوەکەدا لیژنەیەکی دارایی هەبوو کە هەڵدەستا بە کۆکردنەوەی پارەی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی چالاکییە جیاوازەکان، ئەمەش پشتی بە تۆرێك لە کەسانی چالاکی تایبەتمەند دەبەست کە لە تەواوی جیهاندا بڵاوبوبونەوەو کاریان کۆکردنەوەی هاوکاری بوو لە بازرگانەکان و لەناو مزگەوتەکان.

## ئەبو عومەری بەغدادی ( حامید داود ئەلزاوی )٢٠٠٦-٢٠١٠

دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی لە ١٥-١٠-٢٠٠٦ لەلایەن چەندین گرووپی چەکداری سوننەوە راگەیەنرا کە ئەوانیش :

١- رێکخراوی قاعیدە لە وڵاتی رافیدەین، وەك ئەبو حەمزەی موهاجیر رایگەیاندبوو رێکخراوەکە خاوەنی١٢٠٠٠چەکدار بوو،١٠٠٠٠ کەسی تریش تەنها پێویستیان بە ئامادەکردن و چەکدارکردن هەبوو.

٢- سوپای تایفەی مەنسورە

٣- سوپای ئەهلی سوننەت و جەماعەت

٤- کۆمەڵەی جوندی سەحابە

٥- سرییەکانی جیهادی ئیسلامی

٦- سرییەکانی فورسانی تەوحید

٧- سرییەکانی میلەی ئیبراهیم

٨- کەتیبەی کوردستان

٩- کەتیبەی موڕابتین

١٠- کەتیبەی ئەنسارولتەوحید

١١- کەتیبەی ئەنسارولتەوحیدی سوننە

١٢- کەتیبەی ئەهوال

١٣- کەتیبەی غورەبا

چەند گرووپێکی تریش بەشێکی کەمیان بەشدارییانکردبوو:

١-سوپای فاتحین (٤ کەتیبە لە ٥ کەتیبەی پەیمانی موتەیبیین)

٢- کەتیبەی سوپای ئیسلامی (لەچەند شوێنێك کە گرنگترینیان ئەنبارو بەغدا بوو)

٣- چەند کەتیبەیەکی ئەنسارولسونە

٤- چەند کەتیبەیەکی سوپای موقاتیلین

٥- چەند کەتیبەیەکی شۆرشی بیست

٦- چەند کەتیبەیەکی عەسائیبی جیهادی عێراق

٧- چەند کەتیبەیەکی سوپای ئەبو بەکری صدیقی سەلەفی. ژمارەیەکیش لە عەشیرەتە سوننەکانی عێراق.

- ئەمانە هەموویان بەیعەتیان دا بە ئەبوعومەری بەغدادی (حامید داود ئەلزاوی) وەك ئەمیر. هاوکات لە قۆناغی یەکەمیشدا حکومەتێك دروستکرا بەمجۆرە:

- وەزیری یەکەم: ئەبو عەبدولرەحمان فەلاحی
- وەزیری جەنگ: ئەبو حەمزەی موهاجیر
- وەزیری دەستە شەرعیەکان: ئەبو عوسمان تەمیمی
- وەزیری پەیوەندییە گشتیەکان: ئەبو بەکر جبوری
- وەزیری ئاسایشی گشتی: ئەبو عەبدولجەبار جەنابی
- وەزیری راگەیاندن: ئەبو محەمەدی مەشهەدانی
- وەزیری کاروباری شەهیدان و بەندکراوان: ئەبو عەبدولقادر عیساوی
- وەزیری کشتوکاڵ و سامانی ماسی: مستەفا ئەعرەجبی
- وەزیری تەندروستی: دکتۆر ئەبو عەبدوڵای زەیدی
- وتەبێژی حکومەتەکەش: شێخ موحارب جبوری بوو (دواتر کوژرا).

هاوکات دەزگای (فورقان بۆ بەرهەمهێنانی ئیعلامی و بڵاوکردنەوە) شیان دامەزراند کە هەڵدەستا بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کارەکانی وەزارەتی راگەیاندن.

## ئایدۆلۆژیاو ئامانجەکان

لەئامانجەکانی ئەم دەوڵەتە ژیاندنەوەی رۆحی جیهادو هەڵسانەوەی نەتەوەی ئیسلامی و یەکگرتنی بوو لە ژێر سایەی یەك ئاڵاو بەرەنگاربونەوەی داگیرکاری ئەمریکاو هەموو ئەوانەشی کە هاوکاری داگیرکەر دەکەن لە عێراقدا. هەروەها شەڕکردنیش بوو لە دژی چەند میلیشیایەك کە هاوکاری هێزەکانی ئەمریکایان دەکرد، هاوکات بەرەنگاربونەوەو شەڕکردن لە دژی ئەو حکومەتەی کە لەلایەن ئەمریکاوە دروستکرابوو (حکومەتەکەی مالیکی) و بە حکومەتێکی هەڵگەراوە و کافریان دەزانی. هەموو ئەوانەشی کە لەو حکومەتەدا بەشداربوون و هاوکاری پرۆژەی ئەمریکایان دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك لە عێراق کە خودی ئەمریکا سەرپەرشتی بکات، وەك دوژمنێك تەماشایان دەکرد، لە نمونەی ئەوانەش سەرکردەو رابەرەکانی حزبی ئیسلامی عێراقی بوون.

یەکێکی تر لە ئایدۆلۆژیاکانی ئەم دەوڵەتە، کردنە ئامانجی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو لەهەر شوێنێکی جیهان و هەوڵدان بوو بۆ پێگەیاندنی گەورەترین زیان بەو بەرژەوەندییانە. هاوکات ئەم دەوڵەتە هەروەك (ئەمارەتی ئیسلامی لە ئەفغانستان و تاڵیبان و رێکخراوی قاعیدە لە ئەفغانستان) کە لەلایەن (بن لادن)ەوە رابەرایەتی دەکراو ئەمان بە شێخ و رابەری خۆیان دەزانی، گرنگی دەخستە سەر لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

## گرنگترین جیاوازی نێوان پەیکەرەی رێکخستنی زەرقاوی لەگەڵ ئەبو عومەری بەغدادی

١- ئەبو عومەری بەغدادی (حامید داود ئەلزاوی) هیچ گۆڕانکارییەکی لەو پەیکەرەی رێکخستنەدا نەکرد کە زەرقاوی بەجێیهێشتبوو، چونکە سەرکردایەتی رێکخراوەکەی

بە هاوبەشی لەگەڵ ئەبو حەمزەی موهاجیر (عەبدولمنعیم عیزەدین ئەلبدوی ئەلمیسری) بەڕێوەدەبرد... بەغدادی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی چەکدارە عێراقییەکانی دەکرد، هەرچی موهاجیرەکانیشە لەلایەن ئەبو حەمزەی وەزیری جەنگەوە سەرپەرشتی دەکران. بەڵام بەغدادی بە ئەمیری ئیمانداران وەسفدەکرا، هەرچەندە ئەم نازناوە بە مانای ئیمامەتی گشتی نەدەهات چونکە بەغدادی لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی هەر لە ژێر بەیعەتی بن لادن و مەلا محەمەد عومەری تالیبباندا مابویەوە.

٢- بەغدادی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ فەیلەقی (سدیق)ی دامەزراند، ئەمەش گرووپێکی ئەمنی و سەربازی تایبەت بە شەڕکردنی (سەحوە)ەکان و تیرۆرکردنی سەرکردەکانیان بوو. هەروەها ساڵی ٢٠٠٨ ڕێکخراوی (نەوجەوانانی بەهەشت)ی دامەزراند، ئەمانەش کۆمەڵە گەنجێك بوون کە تەمەنیان لە نێوان ١٣ بۆ ١٧ ساڵاندا بوو، کاریان تیرۆرکردن و چاندنی بۆمبی چێنراوبوو.

٣- هەڵوەشاندنەوەی فەیلەقی عومەرو کەتیبەی عائیشەو تێکەڵاوکردنی بوو لەگەڵ کەتیبەی (درعی ئیسلام)، ئەمەش هاوشێوەی دروستکردنی هێزێکی هەڵبژاردە بوو بۆ پرۆسە تایبەتە سەربازی و ئەمنییەکان و لەلایەن ئەبو حەنین ئەلعانیەوە سەرپەرشتی دەکرا.

٤- وەستاندنی دۆسیەی تەجنیدکردن و تەنها ڕازیبون بە وەرگرتنی بەیعەتی عەشیرەتە سونیەکانی ناوچەکانی ڕۆژئاواو باکوری عێراق و دامەزراندنی پەیمانی (ئەلمەتیبین).

٥- دابەشکردنی ناوچە سەربازییەکان بۆ چەند ویلایەتێك، هەر ویلایەتێکیش پەیکەرەی ڕێکخستنی خۆی هەبوو و سەربەخۆش بوو لە ویلایەتێکی تر لە ڕووی هاوکاری مادی و ئیجتیهاداتی بڕیارە سەربازی و ئەمنیەکانەوە. بەجۆرێك هەموو

ویلایەتێك والییەك و لێپرسراوێكی شەرعی و سەربازی و ئەمنی و كارگێڕی و دارایی هەبوو، هەروەها بەرپرسی گواستنەوەو بەرپرسی میوانداریشی هەبوو.

٦- بەغدادی گرنگی بە تەواوی خاڵەكانی پەیكەرەی ڕێكخستن دەداو ئەركی هەموویانی بە ووردی دیاری دەكرد. هەموو دۆسیە گرنگەكانیشی وەك دارایی و وەبەرهێنان و چەكداری و دەستە شەرعیەكانی لە ژێر ناوی وەزارەت دا ڕێكخست.

٧- دامەزراندنی دەزگای (فورقان) بۆ راگەیاندنی جیهادی، ئەمەش باڵی تایبەتی لقی قاعیدە بوو لە عێراق و لەلایەن دەزگای (فەجر)ەوە هاوكاری دەكرا.

٨- سڕكردنی هەزاران شانەی نوستوو، ئەویش بە ئامانجی كەمكردنەوەی دزەكردنی دەزگا ئەمنیەكان بۆ ناو ئەو شانانە و كەمكردنەوەی تێچووە مادییەكان، هەروەها گرنگی پێدانی زیاتر بە عەقیدەو پشت بەستن بە ئەزمونی سەركردەكانی ئەنسارولئیسلام كە هاتبوونە ناو ڕێكخراوەكەوە. هەموو ئەمانەش وەهایانكرد ژمارەی چەكدارەكانی ڕێكخراوەكە لە ٢٢ هەزار چەكدارەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ ، دابەزێت بۆ ٢ چەكدار لە ساڵی ٢٠١٠ دا.

٩- خۆدەرنەخستن لە ڕێگای بڵاوكراوەی بینراوەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی زەرقاوی ئەنجامی دەدا.

١٠- كردنەوەی دەرگای خۆتەقاندنەوەی بۆ خۆكوژەژنەكان ئەویش دوای ئەوەی پێشوتر تەنها پیاوان ئەنجامیان دەدا.

١١- گرنگیدان بە كاری نەوعی هەرچەندە كەمیش بێت و وازهێنان لە كارە هەڕەمەكیەكان، بەجۆرێك لە دوای ئەو بڕیارەوە زیاتر وەزارەتەكان و بانك و ناوەندی ئەمنی و دادوەری و سەربازگە سەربازی و سەركردەكانی سەحوەكان كرانە ئامانج.

١٢- وەستاندنی پرۆسەی وەرگرتنی خۆكوژە عەرەبەكان، ئەویش بەهۆی قورسی دابینكردنی شوێن و ئاسایش بۆیان بە تایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٩.

١٣- سودبینین له ئەزمونی سەربازی و ئەمنی ئەندامانی رژێمی پێشوو ئەوانەی كە له زیندانەكان دا له دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە تەجنید كرابوون.

١٤- وازهێنان له هەوڵەكانی دەستگرتن بەسەر ناوچەكان و راگەیاندنی حوكمە ئیسلامیەكان تیایدا.

## جوگرافیاو زەوی

سوپای رێكخراوەكە خاوەن نفوزێكی گەورەی بێ ركابەربوو له عێراق و لەلایەن زۆرێك له عەشیرەت و خێڵەكانەوە بە تایبەت ئەوانەی ئەنبارەوە بەیعەتیان پێدرا. تەنانەت بەهۆی ئەو لایەنگرە زۆرەی كە لەناو عێراق و تەواوی جیهاندا هەیبو ئیدی ناوی گرووپەكە بۆ ئەو رێكخراوە نەدەشیا. هاوكات زۆرێك له ئەندامانی رێكخراوە سەلەفیە جیهادییەكانی تریش پەیتا پەیتا پەیوەندییان پێوەكرد و لە تەواوی جیهانیشەوە هاوكاری مادی و مەعنەوی كرا. هەربۆیە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق راگەیەنراو ژمارەیەك وەزیر دەستنیشانكران، ئەم دەوڵەتەش دەستی بەسەر ژمارەیەك شوێندا گرت بەجۆرێك دەستی بەسەر له ٨٠٪ ی ناوچەكانی سەلاحەدین و دیاله و موسڵدا گرتبوو.

هاوكات له زۆر شوێنی وەك بەغداد و كەركوك و چەند ناوچەیەكی تریش بە شێوەیەكی فراوان له چالاكیدا بوون. دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی لەسەر مەنهەجی رێكخراوی قاعیدە بوو له ئەفغانستان و زۆرێك له رێنماییەكانی لەوێوە وەردەگرت.

وەك بەڵگەیەكیش بۆ بەهێزی سوپای ئەم رێكخراوە، هەروەك ئاژانسەكانی هەواڵ بڵاویانكردەوە هێزەكانی ئەمریكا فڕۆكەی (بی وەن)ی بەناوبانگیان له شەڕەكانی ناوچەكانی (عەرەبی جبور) بەكارهێنا، كە پێشوتر ئەم فڕۆكەیە تەنها له دژی سوپا

نیزامیەکان بەکاردەهێنرا. لەگەڵ تێپەرینی رۆژگاریش دەردەکەوت کە رووداوەکان لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامیدا بوو.

## لەنێوان زەرقاوی و ئەبو عومەری بەغدادی:

ئەنجومەنی راوێژکاری موجاهیدین لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق) بە سەرکردایەتی ئەبو عومەری بەغدادی (ئەمیری ئیمانداران) راگەیاندو دەوڵەتەکەش بە شێوەیەکی تیۆری ئەم پارێزگایانەی دەگرتەوە: ئەنبار، کەرکوك، نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین، بابل، واست. راستەوخۆش دوای راگەیاندنی ئەم دەوڵەتە، حزبی بەعسی عێراقی بە بیانوی ئەوەی ئەم هەنگاوە خشتێکی تر دەخاتە سەر ئەو پرۆژەیەی کە عێراق دابەشدەکات، ئیدانەی راگەیاندنەکەی کرد.

زەرقاوی ئامادەگیەکی بەهێزی هەبوو، بەڵام ئەبو عومەری بەغدادی دەرنەدەکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا (حوکمی) ئەمارەتەکەی دەکرد.

بەرگریکردن لەم دەوڵەتە بە مانای پیشاندانی دڵسۆزی بوو بۆی، هەربۆیە چەندین کۆت وبەندی قورس بۆ ئیسلام دانرابوو کە هەر سەرپێچییەك لێی بە مانای سزادان دەهات. ئەنجامەکەش دیاربوو: تیرۆکردنی ئەو سەرۆك خێڵانەی کە گوێرایەڵ نەبوون، هەروەها هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ سوپای ئیسلامی لە عێراق و کەتیبەکانی شۆرشی بیست و حەماسی عێراق و ئەنسارولسونە _ دەستەی شەرعی.

بە نیسبەت گرووپە سوننیە میانرەوەکانیشەوە، کاری لە پێشینە دەرکردنی ئەمریکییەکان و لایەنە نزیکەکانی ئێران بوو نەوەك سەپاندنی حکومەتێکی ئیسلامی، رێگای دیموکراسیشیان دانابوو بۆ دیاریکردنی جۆری حکومەتی داهاتوو.

دەرئەنجامی کاری گرووپەکەی ئەبو عومەری بەغدادی لە عێراق کارەساتباربوو: دەرکەوتنی توندوتیژی تائیفی و نەژادی، هاوکاریکردنێکی واقیعیانە بۆ دابەشکردنی وڵات و دروستکردنی جیابونەوە لەناو گرووپە سوننیەکان، هاوکات هەر ئەمانیش هۆکاری دروستبونی (سەحوە)کانی پەیوەست بە ئەمریکیەکانەوە بوون.

ئەو سەرۆك خێڵانەش کە لەلایەن قاعیدەو ئەندامە خراپەکانی ناو ئەو رێکخراوەوە هەڕەشەو مەترسییان لەسەربوو، بێ هیچ ویژدانێکی ئازاردراو کەوتنە هاوکاریکردنی دوژمن!!.

دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، رێکخراوی قاعیدە چەندین دروشمی لە دژی ئێران و ئەمریکاو سەهیۆنیەت بەرزکردوە. ئەم دروشمانەش وەهای کرد هەرچەندە بۆ ماوەیەکیش بێت چەندین لایەنی سیاسی و نیشتیمانی عێراق بڕوایان پێبهێنن بە تایبەت بەهۆی ئەو دۆخە مەیدانییە خراپ و ئاڵۆزەی لە ئارادابوو وەهای کرد هاوسۆزییەکی مەعنەوی و مادی بۆ دروست بێت لەلایەن توێژە جیاوازە عێراقییەکانی دژ بە داگیرکەر.

بە دڵنیاییەوە گرووپی قاعیدە لەسەردەمی بەعس دا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیدا هیچ ئامادەییەکی نەبووە، بەڵام دواتر بەهۆی خاڵی هاوبەشی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرو حکومەتی عێراق، لەلایەن گرووپە جیهادییە نیشتیمانیەکانەوە قبوڵکراوبوو.

پاشتریش چەندین لادانی گەورە لە شێوازی کاری ئەم گرووپە لەسەر گۆڕەپانی عێراقدا تۆمارکرا بە تایبەت لە ناوچە سوننەنشینەکاندا کە دژایەتی ئەمریکیەکانی تیادا دەکراو پێیان دەوت ناوچە گەرمەکان یاخود ناوچەی تیرۆرستان.

زۆرێك لە گرووپە سوننیەکان بیانویان بۆ هەندێك کاری ئەم گرووپە لە ناوچە جیاوازەکاندا دەهێنایەوە، چونکە پێویستیەکانی کاری سەربازی و سیاسی وەهای

دەخواست و بڕوایان وەهابوو دەركردنی داگیركەر پێویستی بە هەندێك قوربانی هەیە ئەمەش بەپێی بنەمای (كاری سیاسی بە مانای یەكچووی تەواوەتی لە هەڵوێستەكاندا نیە)، گرووپە سیاسی و نیشتیمانییەكان كاریان دەكردو ئامانجی گەورەیان هەبوو. بەڵام زۆرێك لە كێشە ناوخۆییەكانی رێكخراوی قاعیدە كە سەركردەكانی نەیانتوانی بڕیاری یەكلاكەرەوە بۆ راستكردنەوەی كاری رێكخراوەكە لەبارەیەوە بدەن، دەرئەنجامی كەمی ئەزمون و كەمی زانیارییان بوو لە كاری سیاسی و كاری سەربازی لەلایەن ئەندامانی رێكخراوەكەو نەزانینی مامەڵەكردنیان بوو لەگەڵ كاری رۆژانە، لەو گرفتانەش:

١- نەپاراستنی ناوبانگی پاكی چەكدارانی قاعیدە لەو ناوچانەی كە تیایدا بوون و پشتگوێخستنی خۆشەویستی خەڵك بۆیان.

٢- چاودێری نەكردنی پەیوەندییە جیهادییەكانیان لەگەڵ گرووپە سوننیە چەكدارەكانی تر و ئەنجامی رەفتاری چەند ئەندامێكی قاعیدە لە بڵاوكردنەوەی دووبەرەكی لەنێوان دانیشتوانی ئەو ناوچانەی كە گۆرەپانی كارو چالاكی سەربازیان بوو.

٣- بێدەنگیكردن لە ئەنجامدانی چەند هەڵەیەكی كوشندەی ئەندامانی قاعیدە كە رێكخراوەكەی هاوشێوەی ئەو میلیشیایانە لێكردبوو كە لەلایەن حزبەكانی ناو حكومەتەوە پاڵپشتی دەكران.

٤- پەلاماردانی چەند گروپێكی سوننی لە چەند ناوچەیەكی جیاوازی وڵات كە نە هێزەكانی داگیركەرو نە هێزەكانی حكومەت و میلیشیاكان نەیاندەتوانی هیچ كاریگەرییەكی سیاسی و سەربازییان لەناوچانەدا هەبێت.

٥- بە ئامانجگرتنی چەندین زاناو مامۆستای ئاینی كە چالاكوانی دژ بە داگیركەرو ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بوون.

٦- پەلاماردانی بەشێکی زۆری ئەفسەرانی سوپای عێراق و ئەندامانی دەزگا ئەمنیەکان و لەناوبردنیان، هەروەها پەلاماردانی چەندین سەرکردەی حزبی سونی بەو بیانوەی کە ئەم پەلاماردانانە لە کارە پێشینەکانی کاری ڕۆژانەی قاعیدەیە.

٧- بە ئامانجگرتنی ژنان و کچان بە بیانوی هیچ و جۆراوجۆرو ڕێگا گرتن لە چوونە قوتابخانەو زانکۆو ناوەندەی زانستیەکان بە ئامانجی لاوازکردنی ڕەوتی زانستی.

## چەند وێنەیەك لە زوڵمی ڕێکخراوی قاعیدە:

١- بە هەند وەرنەگرتنی رای زانایانی ئاینی بە بیانوی ئەوەی ئەوانە زانای سوڵتانەکانن، بەڵکو تەنها لە کتێبەکان یاخود فەتوای لیژنە شەرعیەکانی خۆیان فەتوایان وەردەگرت. ئەگەر ئەندامەکانیش نەخوێندەواریش بوونایە ئەوا تەنها وەرگرتنی خوێندەوارییەکی کەم و حەماسێکی زۆر بۆ قاعیدە بەس بوون بۆ توندکردنەوەی خوێندەوارییەکەی. ئەو زانایانەش کە ڕەخنەیان لە قاعیدە دەگرت ئەگەر لەسەر شتێکی زۆر بچوکیش بوایە ئەوا دەکەوتنە بەر تورەیی و ڕەخنەی لایەنگرانی قاعیدە و وەك بەڵگەیەك بۆ بە کرێگیراوێتی و پیاوی سەهیۆنیەت و شەڕکردنی دژی چەکدارانی قاعیدە تەماشادەکراو تا دونیا دونیایە ئەو تۆمەتە بەدوایەوە بوو.

٢- جێبەجێکردنی چەند فەتوایەك کە لەلایەن هەندێك لە زانایانەوە دەرچوو بوو بۆ هەندێك ڕووداو و سەیرکردنی ئەو فەتوایانە وەك بنەمایەکی ڕەتنەکراوە.

٣- بانگەشکردن بۆ ئەوەی کە جیهاد چاکسازییەکی ئەبەدییەو هەرخۆشیان سەرپەرشتیاری جیهادی جیهانین.

٤- تێکەڵاوکردن لە نێوان تەکفیری گشتی و تەکفیرکردنێکی دیاریکراو.

٥- دەمارگیرییەکی زۆر بۆ بیروراو سەرکردەکانیان.

٦- باوەڕنەکردن بە هیچ ئیجتیهادێکی بەرامبەرەکانیان.

٧- ئاسانکردنی خوێنرشتنی موسڵمانان، ئەمە جگە لە خوێنی ئەوانی تر، بە شێوەیەك لە تەقاندنەوەی بۆمبی چێنراو و کارە خۆکوژییەکاندا سڵیان لە بونی خەڵکانی سوننەو ژن و مناڵ نەدەکردوە ئەویش بە بیانوی ئەوەی ئەوانە (التترس)ن (ئەمەش بە مانای ئەو موسڵمانانە دێت کە لە کاتی کوشتنی کافراندا دەبنە قوربانی) و لەسەر نیەتەکانی خۆیان زیندوو دەکرێنەوە.

٨- حەڵاڵکردنی خوێنی ئەو کەسانەی کە ناکۆکییان هەبوو لەگەڵیاندا، با ئەو کەسانە زانا یاخود بانگخواز یان چەکدارانی تریش بن.

## موهاجیرەکانی تۆڕی قاعیدە

١-عەبدوڵا عەزام و ئەنوەر شەعبان و خەتاب و ئوسامە بن لادن، ئەمانە کۆمەڵە ناوێکن کە توانیان هەوڵەکانی موهاجیرە عەرەبەکانی شەڕی ئەفغانستان و چیچان و بۆسنە یەکبخەن وئاراستەیان بکەن.

٢-عەبدوڵا عەزام نوسینگەی خزمەتگوزارییەکانی لە پیشاوەر دامەزراندو عەرەبەکانی بەسەر هەموو سەرکردەکانی ئەفغاندا دابەشکردو بەمەش توانی بە درێژایی جیهادی ئەفغانی رەمزی پێکەوەیی بێت.

٣- ئەنوەر شەعبان و عەرەبە موهاجیرەکانی بۆسنە لە پاڵ هەوڵە سەربازییەکانیان و بە تەنسیق لەگەڵ سەرکردەکانی سوپای بۆسنە، خزمەتگوزاریی فریاکەوتنیان ئەنجامدەداو بانگەوازیشیان بۆ بۆچونەکانیان دەکرد.

٤- بن لادن بەیعەتی دا بە (مەلا عومەری) ئەمیری ئەفغانستان و لە رێگای زیاتر لە ٢٠ سەربازگەی ناوخۆییەوە توانی سەرکەوتووبێت لە تەوزیفکردنی عەرەبەکان بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بە ئەمارەتی ئەفغانستان....هاوپەیمانێتی قاعیدەو تاڵیبان لە ماوەی ١٥ ساڵدا بە هەمان گوڕەوە بەردەوامە!

٥- زەرقاوی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ دا هەریەکە لە عەلا موختارو رەشید کەرخی و بەدران تورکی شەعبانی راسپارد بۆ دامەزراندنی نوسینگەی پێشوازیکردنی موهاجیرەکان.

٦- بەدران شەعبانی بەهۆی ئەوەی خەڵکی ناوچە سنورییەکان بوو، لەگەڵ قاچاخچیەکانی خێڵەکانی کەرابلە و سەلمان و عەگیدات و بەعاج کاری رێکخستنی موهاجیرەکانی لەسوریاوە بۆ عێراق لە ئەستۆ گرت. لەزەبەدانی دادەنیشت و لە بەعاج و عەگیدات و دێر ئەلزور بنکەی هەبوو، لەو کارەشدا هەریەکە لە غازی مەزیدی و ئەکرەم تورکی برای بەدران و یاسر خەڵەف حسێن نەزال ئەلراوی کە ناسراو بوو بە (تەها ئەلبنشی سوری یان جابر تەها فەلاح) و دواتر لە ساڵی ٢٠١٢ دوای ئەوەی وەك وتەبێژی رەسمی داعش و ئەمیری شام دەرکەوت، بە ( ئەبو محەمەد عەدنانی) ناسرا.

٧- ئەم تۆرە لەلایەن محەمەد یوسف فەلەستینی و سەداح جایلۆت مارسۆنی (کە نزیکی بەدران)بوو کۆمەك و پاڵپشتی دارایی دەکران.

٨- لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥، تەها ئەلبنشی دەستگیرکراو تەواوی وردەکارییەکانی ئەو نوسینگانەی ئاشکراکرد، دواتریش لە ساڵی٢٠٠٧ شێخ ئەبو سابیت شامی دەستگیرکراو پاش ئەوەی لە ناوەراستی ئەو ساڵەدا ئازادکرا، جارێکی تر لە ساڵی ٢٠٠٨ لە پرۆسەیەکی ئەمریکییەکان لەناو سنوری سوریادا دەستگیرکرایەوە، لە ساڵی ٢٠١١شدا تەها و ئەبو سابیت توانیان لە زیندانی کروپەر هەڵبێن.

٩- چەندین تۆڕی جیاوازو هاوئاراستە لە رێگای سوریا و ئێران و تورکیاوە چەکدارانیان رەوانەی عێراق دەکرد، زۆرێك لەو تۆڕانەش تۆری قاچاخیە تەقلیدییەکان بوون نەوەك تۆڕی تایبەت بە ئەمارەتی سنوری قاعیدە.

١٠- ئەمارەتی سنوری لە عێراق کە لەلایەن زەرقاوییەوە دامەزراو دواتر ئەبو عومەری بەغدادی ناوەکەی بۆ ویلایەتی جەزیرە گۆری و ئەبو سلێمان عەتبی و غەسان محەمەد ئەمین راوی کردە سەرپەرشتیاری، جارێکی تریش لەلایەن ئەبوبەکری

بەغدادییەوە چالاککرایەوەو ئەبو موهەند ئەلسویداوی ئیسماعیلی کردە ئەمیری ویلایەتەکە.

١١- من بڕوام وایە ویلایەتی سنور یاخود جەزیرە زیاتر لە ١٠٠٠٠ چەکداری بیانی هێناوەتە ناو عێراقەوە، زیاتر لە ١٠٠٠ لەو چەکدارانەش یان بونەتە (فیدایی) یاخود خۆکوژ.. بەشێکی زۆری ئەو چەکدارانەش دوای بەهاری عەرەبی و شەڕەکانی سوریا ڕۆیشتنەوە وڵاتەکانی خۆیان، بە تەنها نزیکەی ٢٥٠ چەکداریان لەموسڵ و ئەنبارو سەلاحەدین مایەوە!.

●(نوسەر ناوی ١٦٩ چەکداری کوژراوی عەرەبی قاعیدەی نوسیوە کە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیەوە هاتون بۆ عێراق وکوژراون،بەپێویستم نەزانی دووبارە بیاننوسمەوە.و/ کوردی)

## مەنهەجی چەکداری قاعیدە لە عێراق

### مەفرەزەکانی قاعیدە لە عێراق و خولەکانی مەشقکردن:

کەتیبەکانی جیهاد و تەوحید کە (عومەر بازیانی) لە دروستکردنیدا بەشداربوو، پشتی بە سیستەمی مەفرەزەیی و شەڕی مەفرەزەیی بەستبوو. شەڕی مەفرەزەیش پێویستی بە ئامادەکردنی تایبەت هەبوو، کە یەکەم خاڵی ئەو تایبەت بوونەش، بوونی کۆمەڵێك کەسی دڵسۆزبوو کە هیچ هێزێك بە قەدر هێزی باوەڕیان کاریگەر نەبوو. ئەوان لە سفرەوە دەستپێدەکەن و خۆیان بۆ دروستکردنی گرووپی چەکداری ئامادە دەکەن، هاوکات کەشێکی کۆمەڵایەتی و تۆمۆگراف بۆ کارەکانیان دەرەخسێنن، ئەمە جگە لە دابینکردنی پێداویست تایبەتی سەربازی و زەخیرەی پێویست بۆ کارەکانیان.

مەفرەزە: بریتی یە لە ٣کەس، لەگەڵ هەبوونی ئۆتۆمبیلێك.

فەرماندەی مەفرەزە کە دەمانچەیەك و نارنجۆکێکی پێیە، لە تەنیشت شۆفێرەکەوە دادەنیشێت، شۆفێرەکەش دەمانچەیەکی پێیە، کەسی سێهەمیش تفەنگێکی پێیەو لەدواوە دادەنیشێت زۆرجار وەك پاسەوان وایە.

هەموو سێ مەفرەزەیەکیش کۆمەڵەیەك پێکدەهێنن و ئەمیرێك و شەرعییەك و کارگێڕییەك و کەسێکی بەرپرسی کۆگاشیان هەیە. کۆمەڵەکانیش لە نێوان ١٣ تا ١٥ کەسن.

**جۆرەکانی مەفرەزە:**

• مەفرەزی کنەو پشکنین و ئاسایش و رفاندن، (حەسەن ئەزیرج ئەبو هودا) ئەمیری هەموو مەفرەزەکانی لەمجۆرەبوو، دواتر (محەمەد نوری مەتەر)و پاشتریش(ئەبو عەزام جواری) بوونە ئەمیر.

•مەفرەزەکانی دانانی بۆمب و ئۆتۆمبیلە بۆمبڕێژکراوەکان، ئەمیری هەمویان(ئەبو حەفسی میسری) بوو.

• مەفرەزەکانی عەرەب و خۆکوژەکان، ئەمیری ئەمانەش بەدران ترکی شەعبانی (ئەبو عەبدولا) بوو، محەمەد رەبیع دلێمیش (ئەبو زەر) هاوکاری دەکرد.

• مەفرەزەکانی دەستەی شەرعی و دادوەری چارەسەری کێشەکان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، (ئەبو ئەنەسی شامی) و دواتریش (د.وەلید جبوری) ئەمیرایەتیان دەکرد.

• مەفرەزەکانی راهێنانی جەستەیی، سەربازی، ئەلیکترۆنی پیشەسازی (میکانیکی و کیمیاوی) لەلایەن (ئەبو محەمەد لوبنانی)یەوە ئەمیرایەتی دەکرا.

**رێکارەکانی دروستکردنی مەفرەزە لەناو رێکخراوی قاعیدە:**

هەموو مەفرەزەیەك لە ٣ تا ٥ کەس پێکدەهات و یەکێك ئەمیریان بوو، هۆکاری ئەو ژمارە کەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمکردنەوەی گومان و درزەنەکردنی ئەندامانی دەزگا ئەمنیەکان بۆناویان. ئەمیرەکە دەبوو خاوەن زانستی شەرعی و بەهرەی سەربازی و جەستەیەکی بەهێز بێت.

ئەمیر خاوەنی بڕیاری یەکلاکەرەوەبوو دەشبوو هەموان پێوەی پابەندبن و بونی هیچ شورایەکیش پێویست نەبوو. ئەوکەسانەشی کە لەگەڵ ئەمیردا بوون دەبوو هەڵبژێردراو و جێگای بڕوابن و هیچ گومانێکیان لەسەر نەبێت، ئەمیر کەسێکیانی

دەكرد بە راوێژكاری تایبەتی خۆی، هاوكات لە كاتی كوشتن یاخود دیلكردنی ئەمیر، كەسێك دەبوو بەجێگرەوەی ئەمیر.

**بنەما سەرەكیەكان لە هەر مەفرەزەیەكدا:**

- دەبێت عەقیدەیان لەسەر رێبازی محەمەد عەبدولوەهاب و نەوەكانی لە شێخەكانی بانگەوازی نەجد بێت و خاڵی بێت لەهەر (شیرك و بیدعەیەك).
- دەبێت عەقیدەیان لەسەر بنەمای دڵسۆزی و گوێڕایەڵی یەكتاپەرستی حاكمیەت و تەكفیركردنی ئەو كۆمەڵگایانە بێت كە بە كتێبی خوا حوكم ناكەن ئەویش لەسەر شێوازی (سەید قوتب) و بە هەمان رێبازی (موستەفا شوكری) بێت.
- دەبێت عەقیدەیان قیتالی بێت و لەسەر مەنهەجی نوسینەكانی سەید فەزڵ (عەبدولقادر عەبدولعەزیز) و عەبدوڵا عەزام و ئەبو بەسیر تەرتوسی و ئەبو محەمەدی مەقدەسی و ئەبو قەتادەی فەلەستینی یوسف عەبیری و شێخ حەمود شوعەیبی بێت... دوژمنەكانیش بریتیبوون لە: دەسەڵاتدارە هەڵگەڕاوە عەرەبەكان و سەربازە نزیك نزیكەكانیان، ئینجا ئەهلی كیتاب و موشریكەكان.
- خۆبێبەریكردن لە دیموكراسیەت و هەڵبژاردن و خۆجیاكردنەوە لە گرووپە رێگاونكەرو بیدعەچیەكان ئەوانەی كە هیچیان بۆ جیهاد پێ نیە و پشتگیری پرۆسەی سیاسی دەكەن.
- بەیعەتدان بە (مەلا محەمەد عومەری) ئەمیری ئیمانداران، دواتریش بەیعەتدان بە (ئەبو عومەری بەغدادی) و هەروەها بەیعەتدان بە (ئەبو حەمزەی موهاجیر) لە كاتی داواكردندا.

## ستراتیژییەت لە کاری مەفرەزەو شانە چەکدارییەکان:

بە هۆکاری ئەوەی واقیع کاریگەری لەسەر ستراتیژییەت هەیە جا چ بە سەلبی بێت یاخود ئیجابی، واقیعیش لە جەنگی قاعیدە بە دروستکردنی گرووپێکی بچوك کە خاوەن عەقیدەبوو دەستی پێدەکرد، ئەوا دەبوو ئەم گرووپە بە چەندین بنەمای ستراتیژی دیاریکراو دەوڵەمەندبکرێت بۆ ئەوەی لە ساتێکدا جەنگەکە لە بەرژەوەندی خۆی یەکلاییبکاتەوە، ئەو بنەما ستراتیژییانەش ئەمانە بوون:

- کارکردن لە رێگای کاریگەری شەرعییەوە.

- خۆلادان لە یەکلاکردنەوەو رووبەرووبونەوی سەربازی، هەروەك ئەوەی لە فەلوجە روویدا.

- سوربون لەسەر یەکلاکردنەوەی سیاسی و چارەسەری نەوعی و ئابووری.

- کارکردن بۆ سەرقاڵکردنی راگەیاندن و رای گشتی و هەوڵی بە دەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی پێویست.

## تەکتیکی چۆنیەتی شەڕی مەفرەزەکان:

تەکتیکی شەڕی مەفرەزەکان دوو جۆری سەرەکییە کە ئەوانیش دانانی کەمین و هێرشکردنە، ئەم دووانەش هەریەکەیان چەند بنەمایەکی گشتیان هەیە دەبێت لە کاتی ئەنجامدانیدا بگیرێتە بەر.

## بنەما گشتیەکانی تەکتیکی مەفرەزەکان:

● ئامانجی سەرەکی ئەنجامدانی ئەرکەکەیە(قیتال)ە نەوەك بەدیهێنانی سەرکەوتن، هەربۆیە پێویستە واز لە سەرکەشی و مکوڕبوون بهێنرێت تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە توانای هەڵهاتن نەمابێت.

- پێویسته هەمیشه هوشیاربن له ئابلۆقەدانیان و زۆر بە زوویی هەر که بۆیان هەڵکەوت ناوچەکه بەجێبهێڵن.
- له هێرشکردندا پێویسته زۆر وریابن، لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی نانەوەی پشێوی له رۆژهەڵات و پەلاماردان له رۆژئاواوه.
- پێویسته شارەزایی تەواوەتیان هەبێت له خۆحەشاردان و تێکەڵاوبونیان لەگەڵ دانیشتوانەکەدا، بە تایبەت له ناوچه شیعەنشینه ئارامەکان و ناوچه خۆشەکانی وەك (حەی عامل و ئیعلام و بەیاع و سیدیه و قادسیه و مەنسور و زەیونه و شارع فەلەستین و جادریه).
- بەکارهێنانی چەند کۆگایەکی بچوکی شاراوه که تەنها چەند کەسێکی کەم شوێنەکەیان دەزانی. بەکارهێنانی چەند جۆرێکی نایلۆن و شوشەو پلاستیك له کاتی هەڵگرتنی چەك و تەقەمەنیەکاندا بۆ ئەوەی ئاو و شێ خراپیان نەکات، هەروەك له ناوچەکانی بەیاع و نەهزه و مەشتەلەکانی ناو بەغداو قوتابخانەو گەڕەکی شێخ عومەرو گەڕەکی پیشەسازی له جسر دیالەو رێگای سەربازگەی رەشید و فەرمانگه چۆڵەکانی حکومەت ژمارەیەك لەو کۆگانه دۆزرانەوه.
- خۆلادان لەیەك شێوازی و چەندبارەکردنەوه له کاتی ئەنجامدانی پرۆسه جیاوازەکان.
- هەڵچون و هەڵەشەیی بە هەموو جۆرێك رەتکراوەیه.
- موفاجەئەو خێرایی و یەکلاکردنەوه، خاڵه گرنگەکانی تەکتیکی مەفرەزەن.
- هێرشەکردنه سەر ئامانجەکه له کاتی جوڵەکردندا ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەمه بە ئاسانی لەناوی دەبات، وەك ئەو چالاکیانەی لەسەر رێگای خێرای (محەمەد قاسم) و رێگای قەنات و رێگای مەسبەح و رێگای یاریگای شەعب و شارع فەلەستین و گەڕەکه خۆشەکانی وەك زەیونەو حارسیه ئەنجامدەدران.

- ئەولەویەت هێرشکردنە بۆسەر وەزارەتە دابراوەکان ئەویش بەهۆی ئەو دەرئەنجامە سایکۆلۆژییەکانەی لەو هێرشانە دەکەوێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە دوژمن ناچار دەکات بە خێرایی هێزەکانی بڵاوبکاتەوە.
- پێویستە چەك و بەڵگەنامەی کوژراوەکان لە چەکدارانی مەفرەزەکە بسەندرێتەوە.

## ئامانج لە شێوازی مەفرەزەکان:

شەڕی مەفرەزەکان تەنها یەك ئامانجی هەبوو، کە ئەویش بەدیهێنانی سەرکەوتنێکی سیاسی گەورەبوو لە هەزاران سەرکەوتنی سەربازی بچوك.

سەرکردەکانی رێکخراوی قاعیدە بۆیە پشتیان بە کاری مەفرەزەیی دەبەست بۆ دیاریکردنی خاڵە ئیجابی و سەلبیەکانی ئەو ئامانجانەبوو کە پەلاماریان دەداو هەروەها ئەنجامدانی شەڕێکی درێژخایەنیش بوو لە رێگای کاری بچوك بچوکەوە، کە لەئەنجامدا زامێکی گەورەی لە جەستەی سیاسی ئامانجەکە دروستدەکرد. چەکدارەکانیش لەسەر ئارامگرتنێکی درێژخایەن لە بەدیهێنانی سەرکەوتندا رادەهێنران و بەهیچ جۆرێك هیچ پێشنیارێکیان بۆ نەمانی ئارامگرتن یاخود زوو یەکلابونەوەی سەربازی قبوڵ نەدەکرد.

بە سەرنجدان بەوەی کە ئەندامانی مەفرەزەکان هێزی خۆیان لە رێگایەکی مەعنەوییەوە وەردەگرت و ئەو هێزەش لەگەڵ بەردەوامی جەنگەکاندا گەشەی دەکردو زیاتر دەبوو. ئەوا بەهەموو جۆرێك خۆیان لە جەنگێك لادەدا کە لە کۆتاییەکانیدا بە شکستی خۆیان کۆتایی بێت. بیانوشیان بۆ ئەمە ئەم هۆکارانەبوو:

- ئەم شێوازە لەگەڵ ئەو بنەمایەدا یەکیدەگرتەوە بەوەی کاتی جەنگەکەی تا دواسنور درێژتر دەکردەوە.

● هاوکات لەگەڵ فیکرەی ئازادکردنی کەسەکان نەوەك ئازادکردنی خاك یەکی دەگرتەوە، چونکە ئەوەی گرنگبوو بە لای ئەمانەوە رۆژ لە دوای رۆژ بەدەستهێنانی پشتگیری فراوانی جەماوەری بوو، ئەگەر لەسەر حسابی لە دەستدانی شوێنیش بوایە.

● ئەم شێوازە پاراستنی هێزی مرۆیی مەفرەزەکانی دەپاراست، لە کاتێکا زۆرترین زیانی لە هێزەکانی دوژمن دەدا.

● ئەم شێوازە رێگای خۆشدەکرد بۆ دروستکردنی هێزێکی مادی و سیاسی لە کاتی جەنگا.

●ئەم شێوازە لەگەڵ بنەمای پشت بەخۆبەستن رێکدەکەوت.

## تەجنیدکردنی مەفرەزەکان:

لەم قۆناغەدا کەسانی یەکەمی مەفرەزەکە (سەرکردەکانی رێکخراوەکە ئەوانەی ئەندامی دەستەی شەرعین) بە ئامانجی راکێشانیان بۆ ناو مەفرەزەکان، بۆچونەکانی خۆیان بەو کەسانە دەگەیەنن کە بۆچۆنیان لەیەکەوە نزیکە. دواتریش ئەو کەسانە دەنێرن بۆ ناو شارو گوندەکان بۆ ئەوەی خەڵکی هانبدەن بێنە ریزی مەفرەزەکانەوە، بۆ ئەمەش پشت دەبەستن بە جوڵاندنی عاتیفەو حەماسەت و ترس لە فراوانخوازی شیعەو ئەنجامدانی کاری خێرو نیشتیمان پەروەری و بەرەنگاربونەوەی داگیرکەرو جیهادکردن.

باشترین شوێنێکیش بۆ راکێشانی ئەندامان بۆ مەفرەزەکان بریتی بوون لە زانکۆو کۆلیژو پەیمانگاو ئەکادیمیاو ئامادەیی و ناوەندییە ئیسلامیەکان، هەروەها مزگەوت و کتێبخانە گشتی و تایبەتیەکان و رێکخراوە خێرخوازەکان، هاوکات کۆلیژی شەرعی زانکۆی بەغدا و زانکۆی ئیسلامی لە ئەعزەمیە و کۆلیژەکانی ئیمام ئەعزەم و

دەستەی زانایانی ئیسلامی و دەستەی سەلەفی و دەستەی بانگەوازو ئیرشادو کۆمەڵەی گەنجانی موسڵمان.

تەجنیدکردن پشتی بەم ڕێگایە دەبەست: بەرلەهەموو شتێك پێویستبوو کەسی ڕێکخەر دوو کەس تا چوارکەس یان زیاتری ڕێکبخستایە و ببونایەتە پێشەنگی کۆمەڵەیەکی جیهادی، ئەم کۆمەڵەیەش ئامادەیی خۆبەکوشتدانیان تیادابوایە لە پێناوی خودا، ئەگەر ژمارەیان ١٠ کەسیش بوایە هیچ کێشەیەکیان نەبوو چونکە دواتر دابەشی دوو کۆمەڵە دەکران.

دواتر ئەو کەسەی لە هەمویان ئازاتربوایە دەکرایە ئەمیری کۆمەڵەکە. ئینجا خولی بەهێزکردنی جەستەو ڕاهێنان دەستیپێدەکرد، کە ماوەکەی مانگێك یان زیاتربوو. دواتر ئەگەر بە شێوەیەکی تیۆریش بوایە خولی بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنییان دەستپێدەکرد، ئینجا شوێن و ئامانجی پەلاماردانەکە دەستنیشاندەکراو ئیزنی پەلاماردانی بۆ وەردەگیرا.

## مەشقکردن:

قۆناغی مەشقکردن یەکێکبوو لە قورسترین و مەترسیدارترین قۆناغەکانی ئامادەکردنی مەفرەزەکان، بۆیە قورسیشبو چونکە زۆرجار ڕاهێنەری بە ئەزمون بۆ مەفرەزەکان دەستنەدەکەوت، بۆیە مەترسیداریشبوو چونکە شوێنێکی ئارام بە ئاسانی دەستنەدەکەوت بۆ ئەنجامدانی مەشقی سەربازی و دوژمن دەیتوانی بە خێرایی شوێنەکان بدۆزێتەوەو لەناویان ببات.

ئەندامانی مەفرەزەکان بەیەکجۆر مەشقیان نەدەکرد، بەڵکو هەریەکە لەوان بەپێی ئەو کارەی پێیان سپێردرابوو مەشقیان دەکرد ، بەجۆرێك هەیانبوو لەسەر شەڕکردن و توندوتیژی مەشقیان دەکرد، هەشیانبوو لەسەر تیرۆرو تێکدان و، هەشیانبوو لەسەر

هاوکاریکردنی هێزەکانی تر بەشداری دەکرد. بەشێکیشیان مەشقیان لەسەر کاری کارگێڕی و دابینکردنی خۆراك و موچە و بردنی زانیاری و فەرمانەکان دەکرد.

## راهێنانی رۆحی و ئیمانی:

زۆر خوێندنەوەو گوێگرتن لە قورئان و فەرموده، خوێندنەوەی کتێبە قیتالیەکانی سەلەڤ چاکەکارو بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە چەکدارییەکان، دیراسەکردنی کتێبە سەربازییەکان و ئاگاداربوون لە جیهان و لەوەی تیایدا روودەدا، هاوکات چاودێریکردنی رووداوەکان و پەلەنەکردن لە دەربرینی بیروباوەڕەکان و پاراستنی پاکراگرتن و پاکوخاوێنی.

زیادەرۆی نەکردن لە پێکەنین و سوعبەتکردن و وتی وتی، زۆرتر باسکردنی بیرەوەری مردووەکان و راهێنانی نەفس لەسەر خۆشویستنی کردارە خۆکوژییەکان، هەموو ئەمانەش بە زۆری لەناو ماڵ و کێڵگەی تایبەت و ئەو مزگەوتانەدا ئەنجامدەدرا کە جێگای گومان نەبوون و تیایدا کاسێت و سیدی و نامیلکەکان ئاڵوگۆر دەکران. ئەم چالاکی و بەرنامانەش لەلایەن (عەبدولرەحیم موفتی)یەوە بەڕێوە دەبرا.

## خولی جەستەیی و خولی تەکتیکی:

زوو خەوتن و بەیانی زوو لە خەو هەستان بۆ نوێژی بەیانی، خوێندنەوەی بەشێکی قورئان، پاراستنی کاتەکانی خواردن و زۆر نەخواردن، خۆپاراستن لە خواردنی چەوری و بەز پێش مەشق و نەخواردنی گۆشتیش لە دوای مەشق، راهێنانی جەستە لەسەر برسێتی و رۆژووگرتن، سەبرگرتن لەسەر برسێتی و دابەزاندنی ورگ،

سەرکەوتن بەسەر شوێنە بەرزەکان و هاتنەوە خوارەوە پیایاندا، هەڵگرتنی بەردی قورس و ئاسنی قورس.

هاوکات فێربونی چۆنیەتی بەکارهێنانی چەقۆ و شمشێر و تفەنگ و دەمانچە و تەقەمەنی و شاردنەوەی موس لەجەستەدا، مەشقکردن لەسەر هەڵکەندنی خەندەق و ژووری بچوك و داپۆشینی بەشێوەیەکی باش. مەشقکردن لەسەر بەکارهێنانی ماتۆڕو لێخورینی ئۆتۆمبیل، مەشقکردن لەسەر ئامێرە دەستیەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان، مەشقکردن لەسەر زۆرانبازی و جۆدۆ. ئەمانەش بە زۆری لەو شوێنانە بەڕێوە دەچوو کە چۆڵبون، هەروەها لەو هۆڵانەی کە هی خۆیان بوون و تایبەت بوون بە لەشجوانی، لەنمونەی هۆڵەکانی (بابولشەڕجی و کەرادەو جامیعە و عەدل و مەنسور و شەقامی فەلەستین). هەندێجاریش لە سەحراو شاخ و دۆڵەکاندا بەڕێوە دەچوو، ئەمەش بەپێی حەماس و ئامادەیی گەنجەکان لە رێگای گەشتێکەوە کە رۆژێك تا سێ رۆژ ( زۆرجار دەکەوتە کۆتایی هەفتە یان پشوەکان) ی دەخایاند، رێکدەخرا.

لەگرنگترین ئەو سەربازگانەش، سەربازگەی حەدیسە بە فەرماندەیی (ئەبو محەمەدی لوبنانی) و، سەربازگەی عەویسات بە فەرماندەیی (زەرقاوی) و، سەربازگەی نەباعی بە فەرماندەیی (تەعمە عەزاوی) و، سەربازگەی سامەڕا بە فەرماندەیی (هەیسەم سەبع) و، فەرماندەیی تارمیە بە فەرماندەیی (ئەبو ئوسامەی تونسی) و، سەربازگەی زوممار بە فەرماندەیی (ئەبو بەکری خاتونی) و، سەربازگەی بوهرز بە فەرماندەیی (عەلی عەزاوی)...زۆرێکی تریش.

## خولی سەربازی و ئەمنی:

پاراستنی یەکریزی جەماعەت، دانانی نهێنی لەناو ئەندامەکان، خۆپارێزی لە یەکتربینینی بەردەوام کە ببێتە مایەی مەترسی، خۆپارێزی لە رۆیشتن بۆ ئەو مزگەوتانەی کە چاوی دەزگا ئەمنیەکانیان لەسەرە، ریش تاشین و دورکەوتنە لە لەبەرکردنی جلوبەرگی ئیسلامی (لەناو بەغدا)، هەروەها بە دەستخستنی چەکی سوك و دروستکردنی تەقەمەنی. دیراسەکردنی ئامانج و رێگای چونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوە بە سەلامەتی و موجازەفەنەکردن بە هیچ ئەگەرێکی نەخواستراو، دڵنیایی لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیەکەو خێرای پێویست، نەشڵەژان لە کاتی هەڵەکردن، یەقین بوون بە شەهید بوون لەهەر ساتێك و خۆشویستنی گەیشتن بە لای خودای گەورە، دروستکردنی ژەهرو مەشقکردن لەسەر ئەنجامدانی کوشتن پێی، رفاندن و تیرۆرکردن و بەنیشانەگرتن لە دوورەوە، دانانی بۆمبی تەوقیتکراو لەو شوێنانەی تاغوتەکانی تیادان، دروستکردنی چەکی بێدەنگ و کوشتنی نەیاران لە کاتی بێ کارەبایی شەوان و هەروەها بەیانیان زوو یان کەمبونەوەی بینین بەهۆی گۆرانی کەشوهەواوە، بڵاونەکردنەوەی نهێنی گرووپ و شەرکردن تاوەکو مردن.

## سەربازگە نهێنییەکانی ئامادەکردن:

هیچ شوێنێکی دیاریکراو نەبوو بۆ مەشقکردن، هەربۆیە ئەم کارە پێویستی بە پارەیەکی زۆر نەبوو، هەروەکچۆن رێکخستنێکی کارگێری روونیشی نەبوو.

**پێویستیەکان**: راهێنەرەکان، ئەمانەش دوو تا سێ کەس بوون و خاوەن سیفەتی پاراستنی نهێنی و سەبرو حیکمەت و شارەزای بواری پەیوەندییەکان و هەواڵگری بوون. لەجۆرەکانی چەك و چۆنیەتی بەکارهێنانیان دەزانی و شارەزای راهێنانە سەربازییەکان و بەرێوەبردنی تاکەکان بوون.

بۆ هەرگرووپێك ژمارەیان لە ٥ کەس تێنەدەپەڕی و تەمەنیشیان لەیەکەوە نزیکبوو. ئەمە قورسترین هەڵبژاردن بوو چونکە پێویستبوو ئەوانە زۆر بە وردیی و نهێنی هەڵبژێردرێن و نەدەبوو هەموو وردەکارییەك بزانن، بەڵکو پێویستبوو هۆکاری پەیوەندیکردنیان بەو شوێنانەوە بڕواکردنیان بێت بەوەی ئەوەی ئەنجامی دەدەن جیهادی فەرزی عەینە، خۆشەویستی و هەوڵەکانیشیان لە پێناوی خودا بێت و پەیوەندییەکی توندوتۆڵیشیان لەگەڵ سەرکردەکانیاندا هەبێت. فەرماندەکانیش بە مەرجی (نهێنی پارێز، خۆشەویستیان بۆ جیهاد، گومان نەکردن لێیان، ئازایەتی) ناوە ناوە دەستنیشانیان دەکردن و لێیان هەڵدەبژاردن.

## مەفرەزەکان و پەیوەندییان بە پەیکەرەی ڕێکخستنەوە:

ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی ستراتیژییەتی مەفرەزەکانی دانا، زەرقاوی بوو. ئەویش لە ڕێگای پەلاماردانی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان و شیعەو کوردەوە، هەروەها پەلاماردانی ژێرخانی دەوڵەت و ناوەندە گرنگەکانی وڵات. هەربۆیە ئەوە زەرقاوی بوو زۆربەی چالاکیە گەورەکانی گرووپەکەی ئاراستە دەکرد و ستراتیژییەت و سیاسەتی دەکێشان، لێرەشەوەیە تەواوی یەکە سەربازییەکان یەك نەهجیان لە هەڵبژاردنی ئامانجەکاندا هەبوو.

بۆ پرۆسە بچوکەکانیش لە ناوچە جیاوازەکاندا کە پێویستی بە خەڵکانی زۆر نەبوو ، پێویستی بە فەرمانی ڕاستەوخۆ نەدەکرد و جێهێڵرابوو بۆ ئیجتیهاداتی فەرماندە مەیدانیەکان بەرێککەوتن لەگەڵ سەرکردەی کەتیبەو ئەمیری ناوچەکان.

دانانی ئەبو عەبدولرەحمان عێراقی (د.وەلید جبوری) یش بە جێگری ئەمیر وەك ڕووداوێکی تازەو پێویستیەکی واقیعی و پاراستنی سەلامەتی ڕێکخراوەکە تەماشادەکرا. ئەو لەگەڵ زەرقاوی دا هەموو کارێکی دەکردو ئاگاداری ڕێکخراوەکەو

چۆنیەتی کارکردنی بوو. زەرقاویش ئەرکی پەیوەندیکردنی راستەوخۆی بە عێراقیەکانەوە بە ئەو سپاردبوو، خۆشی پەیوەندی لەگەڵ خۆبەخشە عەرەبەکانی دەرەوەی عێراقەوە هەبوو.

جێگری ئەمیر سەرپەرشتی پێداویستی مەفرەزەکانی باڵی سەربازی رێکخراوەکەی دەکرد کە لەلایەن ئەبو ئەسید عێراقی ئەمیرەوە(خالید مەشهەدانی) سەرکردایەتی دەکرا، هەر ئەویش بەرپرسی یەکەمی کەتیبە و سریە و گرووپەکان بوو، ئەوانەی کە لە چالاکیدابوون و ئەوانەشی هێزی پاڵپشتی بوون. هەروەها لەبەرامبەر فەیلەقی بەدری شیعەکان، فەیلەقی (عومەر)یش راگەیەنرا. چەندین کەتیبە سەرەکی تریش هەبوو، کە پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتی باڵای رێکخراوەکەدا هەبوو، هەروەك کەتیبەی ئاسایش و چاودێریکردن کە کاری وردبینی کردنی تەواوەتی ناوی ئەندامە تازەکانی رێکخراوەکەو کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر ئەو کەس و شوێنانەی دەکرانە ئامانج. هاوکات رێگای چون و هاتنی هێزە داگیرکەر و ئەمریکیەکان و پلان و نەخشە سەربازییەکانیان و ئەو کۆمپانیایانەش کە لەبواری ئەمنی و لۆجستییەوە هاوکاریاندەکردن دیاریدەکراو دەکرانە ئامانج.

هەروەها کاریان چاندنی ئەندامەکانی خۆیان بوون لەناو هێزەکانی پاسەوانی نیشتیمانی و پۆلیس و کۆمپانیاکانی بیناسازی و کۆمپانیاکانی گواستنەوە و شوێنە گرنگەکانی تر. ئەندامەکانی خۆشیان لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوەو سەرنج و تێبینی و پێداویستیەکانیان دەنوسی و زانیارییان لەسەر ئەو کەس و شوێنانە کۆدەکردەوە کە دەکرانە ئامانج و دواتر بە بەردەوامی دەکرانە راپۆرت و بەرزدەکرانەوە بۆ سەرکردایەتی رێکخراوەکە. ئەویش لەلایەن خۆیەوە پاش دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەی کات و شوێنی جێبەجێکردنەکە، فەرمانی جێبەجێکردنی بۆ یەکە سەربازییەکان دەردەکردو داوای ئەنجامەکانی دەکرد.

باڵی سەربازیش لەچەند مەفرەزەیەك پێكدەهات كە ناوی جۆراوجۆریان لەخۆدەگرت، هەندێك لەو ناوانەش ناوی خەلیفەكانی راشیدین بوون وەك كەتیبەی (ئەبو بەكری سدیق) و (فەیلەقی عومەر)و (كەتیبەی كوری خەتاب)بوو. هەندێكی تریش بە ناوی سەركردەكانی قاعیدەوەبوو لەجەزیرەی عەرەبی وەك كەتیبەی (عەبدولعەزیز موگرن) و (ئەبو ئەنەس شامی) و (ئەبو عەزام عێراقی _عەبدوڵا جبوری) و هەرچی كەتیبەكانی تریشە بەهەمان ناوی خۆیان لەپێش پەیوەندی كردنیان بە رێكخراوی قاعیدەوە مانەوە.

كەتیبەی (خۆكوژەكان) كە ناوی كەتیبەی (بەڕای كوری مالیك ) بوو و لەلایەن (ئەبو دەجانەی ئەنساری)ییەوە سەركردایەتی دەكرا، بە گرنگترین كەتیبەی خۆكوژی ناو قاعیدەی عێراق دادەنران.

زۆرترین خۆكوژەكانیش عەرەبەكان بوون و ژمارەیەكی كەمی عێراقیشیان تیادابوو، كە ژمارەیەكی زۆر چالاكی گەورەو فراوانیان ئەنجام دا. ئەوەی جێگای سەرنجە زەرقاوی گرنگیەكی زۆری بەم كەتیبەیە دەدا، ئەویش بەهۆی ئەو رۆڵە گەورەیەی لە شەڕی پڕوكێنەرەی قاعیدەدا ئەنجامی دەدا، هەروەها پەلامارەكانیشی چ لە رووی مەعنەوی یاخود لە رووی مادییەوە كەمترین تێچووی هەبوو .

ئەوانە سەرپەرشتی ئەم كەتیبەیەیان دەكرد سەركردەی مەیدانی و خاوەن ئەزمون و راهێنرابوون لەسەر ئامادەكردنی تەقینەوەو بۆمبرێژكردن و گەیاندن، هەروەها شارەزایشیان لە تەقاندنەوە لە رێگای مۆبایل و كۆنترۆڵی دەستی و جۆرەكانی تریشەوە هەبوو.

## پەیکەرەی ڕێکخراوی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی بە سەرکردایەتی ئەبو عومەری بەغدادی:

### ڕێکخستنەکە پێکدەهات لە:

دەستەیەکی شەرعی کە لەلایەن (شێخ ئەبو حەمزەی بەغدادی)یەوە سەرپەرشتی دەکرا، کاری ئەم دەستەیەش ئەنجامدانی نوسین و لێکۆڵینەی پێویست بوو بۆ گرووپەکە، هەروەها وەڵامی هەر گومانێکی شەرعی دەدایەوە کە گرووپەکە پێویستی پێی هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی فیکرو بیروراو رەفتارەکانی. گۆڤارێکی تایبەتیشی بە ناوی (ذروة السنام) دەردەکرد کە کاری دیراسەکردنی بڕیارە شەرعیەکانی تایبەت بەو بابەت و مەسەلانە بوو کە خزمەتی بیروراکانی گرووپەکەی دەکرد، هاوکات وەڵامی ئەو فەتوا و پروپاگەندانەش دەدایەوە کە زیانی بۆ پرۆسەی جیهاد و بەرگری هەبوو. هاوکات هەواڵەکانی جیهادی لە بارەی شەڕو شەڕکەران و بەرەکانی جەنگیشەوە بڵاودەکردەوە.

ئەم دەستەیە لەلایەن (ئەبو ئەنەسی شامی)یەوە دامەزرا، بەڵام دوای کوژرانی شامی، لەبەر هۆکاری ئەمنی ناوی جێگرەوەکەی ئاشکرا نەکرا. هەر لەم دەستەیە دادگایەکی شەرعی دروستکرابو، کاری ئەم دادگایەش سەیرکردنی ئەو سکاڵایانەبوو کە تایبەتبوون بەکاری سیخوڕیکردن لەناو ڕێکخراوەکە، هاوکات بڕیاریشی لەبارەی چارەنوسی رفێنراو دیلەکانەوە دەردەکرد، کە زۆربەی جارەکانیش بڕیارەکە بڕیاری کوشتنبوو. حوکم و بڕیارەکانی ئەم دادگایەش قەتعی بوو، هیچ بوارێکی بۆ تەمیزکردنەوە تیادا نەبوو.

بەشی راگەیاندنی ڕێکخراوەکەش لەلایەن ئەبو مەیسەرەی عێراقییەوە سەرپەرشتی ئەم بەشەی دەکرد. کاری ئەم بەشەش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو بڵاوکراوەو کاسێتە بینراو بیستراوەکان بوو. ئەوەی تێبینی دەکرا ئەم بەشە گەشەیەکی فراوانی کردو

ژمارەیەکی زۆر کاسێتی بڵاوکردەوە، کە لەئامادەکردنیدا نیشانەی لێهاتوویەکی زۆری تیا بەدیدەکرا .

ئەم بەشە لایەنی ریکلامکردنی بۆ گرووپەکە لەخۆدەگرت، بەبەشێکی گرنگ وەسفدەکرا لە تەجنیدکردن و راکێشانی ئەندامە تازەکان بۆ ناو گرووپەکە. گرنگترین شوێنێکیش بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی، ئەنتەرنێت بوو. گرووپەکە بە شێوەیەکی زیرەکانەو بەرژەوەندیخوازانە دەستێکی باڵای هەبوو لە بەکارهێنانیدا، بەجۆرێك زۆر قورسبوو سەرپەرشتیارانی ماڵپەڕەکانی بدۆزرێتەوە، هەروەها قورسیش بوو بزانرێت کێ چاودێریان دەکات. هاوکات چەندین رێگای نوێیان دۆزییەوە بۆ دانەخستنی ماڵپەرەکانیان و خۆلادانیان لە سانسۆرکردن. رێکخراوەکە گرنگیەکی زۆری دەدا بە پرۆسەی راهێنانی ئەندام و لایەنگر و هاوسۆزەکانی لەسەر چۆنێتی کارکردن لەسەر ئەنتەرنێت. تەواوی ماڵپەرەکانی رێکخراوە جیهادییەکانیش لە گرنگترین هۆکاری ناساندن و بڵاوکردنەوەی چالاکی و بەیاننامەو نوسراوی سیاسی و سەربازی و شەرعی ئەو رێکخراوانە بوون.

لیژنەی دارایی رێکخستنەکەش لەلایەن (ئەبو ئەشرەف فەلەستینی، محەمەد یوسف)ەوە بەڕێوەدەبراو کاریان کۆکردنەوەی پارەی پێویست بوو بۆ چالاکیە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش پشتی بە تۆڕێك لە کەسانی چالاکی تایبەتمەند دەبەست کە لە تەواوی جیهاندا بڵاوبوبونەوە و کاریان کۆکردنەوەی هاوکاری بوو لە بازرگانەکان و لەناو مزگەوتەکان.

هاوکات چەمکی زەکات وخێر لە ئیسلامدا هاوکارییەکی بێ وێنەی دەکردن لە ئاسانترکردنی دەستکەوتنی پارە، ئەویش بەهۆی ئەوەی زەکات یەکێکبوو لە بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام و پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك زەکات بدات، جا چونکە زەکاتدانیش وەك ئەوە وایە ئەو کەسە بەشداری جیهادی کردبێت و لەبەرئەوەی

ڕێکخراوی قاعیدەش بەو کارە هەڵدەستا، ئەوا کۆکردنەوەو دەستکەوتنی پارە بۆی زۆر ئاسانبوو.

کۆکردنەوەی پارە هەر بە تەنها لە عێراقدا بەڕێوە نەدەچوو، بەڵکو تۆڕێکی گەورە لەناو هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ئەو پرۆسەیان بەڕێوە دەبرد. بۆنمونە لە دادگاکانی ئاسایشی وڵاتی ئوردون ۳ دۆسیە هەبوو کە تایبەتبوون بە گروپێکەوە کاریان کۆکردنەوەی هاوکاریی بووە بۆ زەرقاوی. لەلایەن خۆشیەوە زەرقاوی بە دەستێکی ئاسنین دەستی بەسەر پرۆسەی کۆکردنەوەی پارەوە گرتبوو کە کۆکردنەوەی لە کاتی فەوزادا کارێکی ئاسان بوو.

## نوسینگەی ئاسایش:

ئەمانە کۆمەڵە کەسانێك بوون کە تایبەتمەندێتی سەرکردایەتیکردن و ئیدارەدانی ڕێکخراوەکەیان هەبوو، هەروەها دەستە ڕاست وچالاکەکەی ئەمیریش بوون. هاوکات پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسلامیش لە ئەستۆی ئەم نوسینگەیەدا بوو، ئەندامەکانیشی ڕەچاوی ئەم بنەما سەرەکیانەیان دەکرد: سەربازەکانی دەوڵەت و لایەنگران و پارەو سەرکردایەتی و پەیکەرەی ڕێکخستن، ئەویش لە ڕووی پاراستنی مافە تایبەتی و گشتیەکانی سەربازان و ڕێگەگرتن لە دەستدرێژیکردنە سەر سەروەری و کیانی دەوڵەتەکە و پاراستنی لە فیتنەی ناوخۆیی و دەستدرێژیکردنە دەرەکیەکان.

**ئەرکە ئەمنیەکانی ئەم نوسینگەیە:**

١- پاڵاوتن و پشتگیریکردن، هەروەها گرنگیدان بە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی کەسانی ئەمنی و ئامادەکردنی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی مامەڵە و هەڵسوکەوت و قسەکردنی لەگەڵ چەکدارە عێراقیەکان و موهاجیرەکاندا، نەگۆڕینی بنەمای توندی لە بڕیاردان و دادگەری لەنێوان سەرجەم چەکدارەکاندا. دانانی

پێوەری ورد بۆ هەڵبژاردنی هەر کەسێکی ئەمنی، کە تیایدا جەختکراوەتەوە لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژیان و کەسایەتی هەرکەسێك کە دەپاڵێورێت بۆ بەرپرسیارێتیەکی ئەمنی ( لە سیفەتەکانی رکابەرێتیش: پێشینەی جیهاد بە تایبەتی لە ئەفغانستان، بەهێزی پەیوەندی لەگەڵ خەتی یەکەمی سەرکردایەتی، هەبونی پشتگیری مادی و فیکری عەقائیدی).

٢- بەکارهێنانی بەرنامەکانی ئامادەکاری بە شێوەیەکی زانستیانە بۆ ئامادەکردنی کەسە ئەمنیەکان بە هەموو جۆرەکانی تایبەتمەندییانەوە، وەك پرۆگرامە زانستیەکانی تایبەت بە هونەری مامەڵەکردن و قسەکردن لەگەڵ چەکداران و چۆنیەتی روبەرووبوونەوەیان، بەکارهێنانی بنەمای توند بەپێی بنەماکانی جیهادو جەنگ لە بڕیارداندا بەبێ ئەوەی تەماشای رەگەز یاخود نیشتیمانی چەکدارەکە بکەن، پشتیشیان دەبەست بەو راهێنەرانەی کە ئەزمونیان هەبوو بە تایبەت ئەوانەی پێشتر لە دەزگا هەواڵگرییەکان یاخود ئەمنیەکانی پێشودا کاریان کردبوو.

٣- دروستکردنی گرووپێك بۆ ئەنجامدانی ئەرکە تایبەتەکان ( لەوانەش: رفاندن، تیرۆری سیاسی، سپی کردنەوەی پارە، پەیداکردنی ئۆتۆمبیل بە شەرعیانە_دزین، دابینکردنی شوێن بۆ کۆگا، دابینکردنی شوێن بۆ رفێندراوان، گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسوکاری رفێندراوان بۆ پێدانی پارە لە بەرامبەر ئازادکردنیان، کوشتنی تائیفی، جێبەجێکردنی شەرع و توندکردنەوەی لەسەر ئەندامانی رێکخراوەکە بە فەرمانی دادگای شەرعی، یەکلاکردنەوەی کێشەکانی رێکخراوەکە لەگەڵ رێکخراوەکانی تر لە گۆرەپانەکە، هەڵبژاردنی ئامانجەکان و هەوڵدان بۆ قەناعەتپێکردنی سەرکردایەتی بۆ دەرکردنی بڕیارەکان، پاراستنی ئەمیرو دەستنیشانکردنی شوێنی نیشتەجێبون و گواستنەوەی، بردنی و دابەشکردنی نامە تایبەتیەکان).

٤-پاراستنی ریزەکانی رێکخستن و چاودێریکردنی ئەندامەکان و رێگاگرتن لە تێکەڵاوبونی دەسەڵاتەکان.

٥- سیخوڕیکردن بەسەر گرووپەکانی ترەوە.

٦- پرکڕدنەوەی ئیستیمارەی (ئەندامێتی، چەك، دەستکەوت، لە سێدارەدان، فدیە، ئۆتۆمبیل).

٧- وەرگرتنی بەیعەت لە جیاتی ئەمیر.

٨- ئەنجامدانی ئاشتەوایی و هودنە لەگەڵ عەشیرەتەکاندا، بە پرس وراوێژکردن لەگەڵ دەستەی شەرعی.

٩- بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بە هاوکاری لەگەڵ دەستەی راگەیاندن.

١٠- دزەکردنە ناو دامودەزگا ئەمنی و حکومی و حزبییەکان.

١١- ئامادەکردنی ئامارێکی وردو تەواوەتی لەسەر ئەندامان و ئۆتۆمبیلە بەردەستەکان بە شێوەیەکی هەفتانە.

١٢- ئامادەکردنی راپرسی مانگانە.

١٣- هەموو دە رۆژێك جارێك دیاریکردنی کاتی کۆبونەوە لەگەڵ ئەمیر یاخود والی بۆ ئاگادارکردنەوەی لە تەواوی رووداوەکان.

١٤- وەرگرتن و گواستنەوەی موهاجیرەکان (عەرەب و بیانیەکان) لە دەرەوەی عێراقەوە بۆ ناو عێراق، ئەوەش بەپێی تایبەتمەندییەکانی (خۆکوژ، فیدایی، شەرعی، لۆجیستی، شارەزای بواری ئەلیکترۆنی، پیشەسازی) و دابینکردنی هەموو پێداویستیەکان بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە کارەکانیان ئەنجام بدەن.

١٥- سەرپەرشتیکردنی فەیلەقی (عومەر) بۆ شەڕکردن لە دژی فەیلەقی (بەدر) و، فەیلەقی (صدیق)یش بۆ شەڕکردنی (سەحوە) و، هەروەها کەتیبەی (عائیشەی دایکی ئیمانداران)یش بۆ پرۆسە تایبەتەکان و، کەتیبەی (نەوجەوانانی بەهەشتیش) بۆ شەڕکردنی حزبی ئیسلامی.

● **فەیلەقی عومەر:** بۆ کوشتنی سەرکردەکانی فەیلەقی بەدرو ئەفسەرەکانی لە وەزارەتی ناوخۆ، پێشنیاری دروستکردنی ئەم فەیلەقە بۆ زەرقاوی کرا .

لە ساڵی ٢٠٠٥ زەرقاوی دروستکردنی ئەم فەیلەقەی لە بەغداد و دەوروبەری ڕاگەیاند. ئەمانە کۆمەڵە ئەندامێکی ڕێکخراوی قاعیدە بوون کە شەڕی فەیلەقی بەدریان دەکرد لە ناوچەکانی ڕەسافە بە تایبەتیش لە شەقامی فەلەستین و شەعب و ڕاشدیەو حسێنیەو بوب شام و زەیونەو بەغداد جدیدەو بەلەدیات و سەلمان پاك.

سەرکردەی ئەم فەیلەقەش مەحمود عیمران (ئەبو سەلام) بوو، بەرپرسی سەربازیش (سەباح ئەبو عائیشە) بوو، مەحمود کوردیش (ئەبو مستەفا) لێپرسراوی کارگێڕی بوو. ئەم فەیلەقە چەندین چالاکی گەورە ئەنجامدا و ژمارەیەکی زۆر سەرکردەو ئەفسەری سوپای بەدریان کوشت. لە ساڵی ٢٠٠٦یش لە بەغدا شەڕی سوپای مەهدییان کرد. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧یش دوای دەستگیرکردنی چەندین سەرکردەی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە لە ڕاشدیە، دوبارە پەیکەرەی فەیلەقەکە دانرایەوە.

• **کەتیبەی عائیشە:** ئەم کەتیبەیە لێپرسراوی پرۆسەکانی ئامادەکردنی ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو خۆکوژەکان بوو. خودی ئەبو حەمزەی موهاجیر لە ناوچەی یوسفیە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ دایمەزراند و هەرخۆشی سەرپەرشتی دەکرد و عەبدوڵا ئەزهەری غامدی (ئەبو خەباب) کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧دا کوژرا، فەرماندەیی دەکرد.دواتر عەلی ئەبو غەزوان فەرماندەیی گرتە دەست و هەریەکە لە سامی سامەڕایی لە ناوچەی کەرخ و ئەیمەن عەبدولکەریم ڕامی لە ناوچەی ڕەسافە هاوکارییان دەکرد. دوای ئەویش ئەحمەد شەجیری و ماهیر زوبەیدی (لە ڕەسافە کوژرا) بەڕێوەیان دەبرد. دوای ئەوانیش ئەحمەد شەجیری (حەمودی) سەرپەرشتی ئەم دۆسیەی دەکردو تەواوی کارگەکانی بۆمبڕێژکردنی هێنایە ناو بەغدا و ناوچەی ڕەسافە بە تایبەتی کە ناوچەیەکی شیعە نشین بوو.

• **کەتیبەکانی صدیق**: ئەبو عومەری بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی، ئەم کەتیبەیەی بۆ شەڕی (هەڵگەراوە ناپاکەکانی سەحوە)ی ناو عەشیرەتە

سوننیەکان ئەوانەی کە شەڕی قاعیدەیان دەکرد، لە ٢٠٠٨/١٠/٢٢ دروستکرد. ئەبو مەیسەرەی سوری (ئەبو بەشائر)ی کردە سەرپەرشتیاری و ئەبو مەیسەرە لە ٢٠٠٨/١١/١٧ لە سامەڕا کوژرا، لە گرنگترین چالاکیەکانیشی کوشتنی عەبدولستار ئەبو ریشەی سەرکردەی سەحوەکان بوو.

• **نەوجەوانانی بەهەشت:** ئەمانە چەند شانەیەك بوون و تەمەنی ئەندامەکانیان لە دایکبوانی سالآنی ١٩٩٤ و ١٩٩٨ بوو. ئەبو غەزوان خەیالی لە سالّی ٢٠٠٧ لە ناوچەی تارمیە دایمەزراندن و سەرپەرشتی دەکردن و خۆشی لە سالّی ٢٠٠٨ کوژرا، دوای ئەویش حاجی جابر (دکتۆر) سەرپەرشتیکردن. ئەرکی سەرەکی ئەم شانانەش بلاّوکردنەوەی ترس و تۆقین و پڕوپاگەندەی راگەیاندن بوو لەناو ئەو ئامانجانەی کە قاعیدە پەلاماری دەدان، هەروەك هۆکاری سەرەکی دروستکردنیشیان بە ئامانجگرتنی ئەندامەکانی سەحوە بوو، فەرماندە سەربازییەکەشیان ناوی ئەیوب ئەحمەد حەشماوی (ئەبو عامر) بوو کە لە گوندی (حەماد شەهاب)ی تکریت دادەنیشت و لە رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٧ دەستگیرکرا.

دوای ماوەیەك ئامانجەکانی ئەم گرووپە گۆرانکاری بەسەردا هات و بە فەرمانی ئەبو عومەر بەغدادی، سەرکردەکانی حزبی ئیسلامی کردە ئامانج.

چالاکیەکانی ئەم گرووپە بە سەرکردایەتی ئەبو بەکری خاتونی گواسترایەوە بۆ شاری موسلّ و لە بەغداش حاجی جابر و لە ناوچەی کەرخیش حەمید محەمەد (لەرۆژی ٢٠٠٩/٢/٧ لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیرکراوە) بەڕێوە دەبرا، دواتریش لەلایەن محەمەد نوری مەتەرەوە کە بە ناوی خوازراوی عەمار عەبدولاّ عوبەیدییەوە کاریدەکرد سەرپەرشتی پرۆسە تایبەتیەکانی دژ بە حزبی ئیسلامی لە یەرموك و مەنسورو عامریەو خەزرا و جامیعەو حارسیەو قادسیە دەکرد.

عەبدولرەحیم موفتی (ئەبو حەنین) موفتی شەرعی ئەم گرووپە بوو لە بەغدا. خالید عەگیدی (ئەبو وەلید) بەرپرسی بەشی کارگێڕی و دارایی بوو. لەناوچەی کەرخیش

ژمارەیەك لە ئەفسەرانی ئیستیخباراتی سەربازی و ناوخۆی وەك رائید عەبدولرەزاق محەمەدی و موقەدەم وائیل و رائید وەلید ورائید تەها جەنابی و مولازم باسم جەنابی و هتد.... بەهۆی پێدانی بەرتیلەوە پێیان، هاوكارییان دەكردن.

ناوی ئەوانەی كە لێپرسراوێتی نوسینگەی ئەمنیان لەبەغدا وەرگرت:

١- عومەر بازیانی(ئەبو حەفص)، ئەمە كوردبوو، پێشتر ئەنسارولئیسلام بوو، دواتر لەگەڵ زەرقاوی و سەعد فەوزی جەمیلی دا رێكخراوی تەوحید و جیهادیان دامەزراند. لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن ئەمریكییەكانەوە لە ناوچەی زەیونەی بەغداد، بازیانی دەستگیركرا.

٢- حەسەن ئەزیرج (ئەبو هودا)، خەڵكی دیالە بوو دوای دەستگیركردنی بازیانی ئەو پۆستەی وەرگرت. بە توندی و ووردبینی لە پێكانی ئامانجە گرنگەكان ناسراوبوو، لەگەڵ زەرقاوی دەربارەی كوشتنی منداڵانی شیعە لە كێشەدا بووە. لەساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن هێزە تایبەتیەكانی عێراقەوە لە ئەعزەمیە كوژراوە.

٣- محەمەد نوری مەتەر (ئەبو عەبدوڵا)، دوای كوشتنی (ئەبو هودا) ئەو پۆستەی وەرگرت، بە شێوازی ئەنجامدانی كوشتنی هەرەمەكی لەچالاكییەكان و پارە خۆشویستن ناسراو بوو، هەرچەندە لە ئێران پاسەوانی تایبەتی زەرقاوی بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە لەبنەچەدا شیعەبووە، لەلایەن زەرقاوییەوە لە پۆستەكەی لادراوە.

٤- ئەبو محەمەد لوبنانی، ئەمە لە دانیماركەوە هات و رەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەبوو. نێردرابوو بۆ هاوكاریكردنی زەرقاوی و بە لێبوردەیی و رەوشت باشیەكەی ناسراو بوو، حەزی لە شەڕی ئەمریكیەكان دەكرد و لە زۆر مەسەلەدا لەگەڵ زەرقاوی كێشەی هەبوو. لە رووداوی پەلاماردانی زیندانی ئەبوغرێب لەگەڵ زیاتر لە ٥٥

چەکداری تری عەرەب لە ماڵێکی عێراقیدا کە ٢ کیلۆمەتر لە زیندانەکەوە دووربوون و خۆیان حەشاردابوو، کوژران، لە دیارترین کوژراوەکانیش (ئەبو ئەنەس شامی) بوو.

٥- خالید مەشهەدانی (ئەبو زەید)، خەڵکی (حوریە) و ئەمیری سەربازی ئەنسارولئیسلام بوو لە بەغدا. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ بەیعەتی بە زەرقاوی دا. کەسێکی تەکفیری لادەرو توندڕەو بوو. دوای کوشتنی زەرقاوی بەیعەتی دا بە ئەبو عومەری بەغدادی ئەمیری دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی. لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لە ٢٠٠٧/٧/٥ دەستگیرکراوە.

٦- زافر موسڵاوی (ئەبو عوسمان)، خەڵکی دۆرە بوو، بە توندڕەوییەکەی و تەقاندنەوەی کەنیسەو حوسیەنیەکان و کۆچپێکردنی مەسیحیەکانی ناوچەی دۆرە و جێبەجێکردنی حوکمە شەرعیەکان ناسراو بوو. دەستگیرکراوە.

٧- شێخ تەعمە عەزاوی، دانیشتوی (عەرەب جبور)بوو، لەزیندانی بۆکا زیندانیکراوەو توانیویەتی لەو زیندانە هەڵبێت و بەو هۆیەشەوە لەلای ئەندامانی قاعیدە رێزێکی زۆری لێ دەگیراو ناوبانگێکی باشی هەبوو. بە توندڕەوی لە شەڕی عەشیرەتەکانی سەلاحەدین و ئەنبارو دیالە ناسراو بووە. لە (نەباعی) لە هێرشێکی رێکخراوی فرۆکە ئەمریکیەکاندا لەگەڵ (محارب عەبدوللەتیف جبوری) کوژراوە.

٨- ئەبو غەزوان حەیالی، خەڵکی تارمیەیەو پێشتر بەعسی بووە. یەکێك بووە لە سەرکردەکانی (سوپای محەمەد) و لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستگیرکراوە. لەزیندان پەیوەندیکردووە بە قاعیدەو بڕوای پێیان هێناوە. کاتێك هاتۆتە دەرەوە لەم پۆستە دانراوە. کەسێکی خوێنرێژ بووە و سەدان هاوڵاتی مەدەنی شیعەی لە ناوچەکانی تارمیەو تاجی و موشاهەدەو ئیسحاقی و نەباعی و شیحەو ئەبو غرێب کوشتووە. لەبەرئەوەی لەلایەن ئەمریکیەکانەوە داواکراو بووەو بە مەبەستی پاراستنی لە پۆستەکەی لادراوە. دواتر لەلایەن هێزەکانی سەحوەو ئەمریکیەکانەوە لە باکوری بەغدا دەکوژرێت.

٩- ئەبو ئوسامەی تونسی، یەکێکبوو لە موهاجیرە عەرەبەکان و دوای لابردنی ئەبو غەزوان، پۆستەکەی وەرگرتووە. پێشتر ئەمیری ناوچەی زەیدان بوو، زۆر زیاتر لە ئەبو غەزوان خوێنرێژتر بوو. لەناوچەی سەجیریەی ئەنبار لەلایەن ئەمریکیەکانەوە کوژراوە.

١٠- ئەبو قسوری جەزائیری، دەستە راستی ئەبو حەمزەی موهاجیر بوو، بەوە ناسرابوو زۆر گرنگی بە کوشتنی ئەندامانی سەحوە دەداو سەرکردەکانی دەکردنە ئامانج. لەپرۆسەیەکی تایبەتدا لە ناوەراستی ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری موسڵ کوژراوە.

١١- حاجی جابر (دکتۆر)، دانیشتوی گەڕەکی عامریەی بەغدا بوو، توانایەکی بەهێزی بۆ ئیدارەدان و سەرکردایەتی هەبوو. بە جدییەت و چاودێریکردنی وردی ئەندامەکانی قاعیدە و توندڕەوی ناسراوبوو. هەوڵی زۆری دەدا بۆ کوشتنی ئەندامانی سەحوەو حزبی ئیسلامی ، زۆربەی چالاکیەکانیشی لە ناوچەی کەرخ بە تایبەتی لە مەنسورو چواردەوری دا بوو. هاوکات پۆستی ئەمیری بەغداشی هەبوو، لەوکارەشیدا سائر جەنابی و عەلی جبوری و فازڵ عیساوی و عەبدولرەحمان عەبدولسەمەد و محەمەد مەتەر هاوکارییان دەکرد.

## راگەیاندنی رێکخراوی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی:

- پێویستە لە وورووژاندنی هەست و سۆزەکان سود ببینرێت و هەر بە تەنها پەیامەکان بۆ عەقڵەکان ئاراستە نەکرێت.
- هەمیشە بەبێ دابڕان وتە کاریگەرەکان دووبارە بکرێتەوە.
- پێویستە راگەیاندن خاوەن سروشتێکی توندی هێرشبەربێت چونکە (راگەیاندن و تۆقاندن دووانەیەکی دژ بەیەك نین، بەڵکو تۆقاندن و توندوتیژی دەتوانن ببنە تەواوکەری یەکتری. پسپۆڕێکی ئەڵمانی رۆڵی توندوتیژی وەك روناکی هەورە بروسکە

وەسفدەکات کە سەرنجەکان بۆ خۆی دەبات، راگەیاندکاریش ئەو سەرنجانە بە ئارەزوی خۆی بەکاردەهێنێت.

● پیشاندانی هێزو سەرکەوتن، زۆر زیاتر لە بەڵێنی بە دەستهێنانی سەرکەوتن کاریگەری هەیە.

● وانەزانرێت راگەیاندن گۆڕانکاری راستەوخۆ لەو عەقیدەیەدا دەکات کە پەیامەکەی بۆ ئاراستە دەکرێت، بەڵکو دەبێت هەر بە تەنها چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت ئەو پەیامە رۆحی بەرگری بەرامبەرەکان لاوازبکات بۆ ئەوەی رای تازە وەربگرێت و مشتومری مەنتیقی وەها بهێنێتە ئاراوە کە کاریگەری بۆ سەر ئەوانە هەبێت پەیامەکەیان ئاراستە دەکرێت.

● گرنگی خستنەسەر چەند بیرۆکەیەکی کەم و دووبارە کردنەوەیان.

● پێویستە تازەگەری هەبێت، چونکە هیچ بانگەشەیەك کە بووەتە کارێکی رۆتینی سەرکەوتن بەدەستناهێنێ تەنانەت ئەگەر بووبێتە شێوازێکی کاری راگەیاندنیش هەرچەندە ئاسانیش بێت.

● بەردەوامی و چاودێری و بە دواداچون ئەمەش بە پڕوپاگەندەی (لەدەرگاوە بۆ دەرگا) ناودەبرێت.

● پێویستە هەموان وەك ئەوەی هەن پەیامەکەیان پێ رابگەیەنرێت ئەمەش دەگونجێت لەگەڵ چەمکی (هەریەکەو بە بانگەشەی خۆی).

● سادەیی لە شێوازی راگەیاندن وپیشاندانی بۆچونی گونجاو بە رێگایەکی گونجاو و روونیەکی تەواوەتی.

● بەکارهێنانی فرسەت و بۆنەو موفاجەئەکان.

● پێکەوەگونجان و هاوئاوازی لە کاری دەزگاکانی راگەیاندن.

● ئەنجامدانی ئەزمونی بەر لە دەستپێکردنی کارەکە، ئەمەش لە راگەیاندندا پێی دەوترێت شێوازی گرتنی لێدانی دڵی رای گشتی .

## هونەرە دەروونیەکانی ڕاگەیاندنی قاعیدە:

- دروستکردنی ئامانجێکی تر لە بری ئامانجی سەرەتا، چونکە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان ڕێگا بە ئازادی سێکسی یاخود خواردنەوەی مەی دەدەن بۆ خۆسەرقاڵکردنی خەڵك و دورخستنەوەیان لە داواکردنی مافەکانیان.
- قۆستنەوەی بۆچونی باو.
- قەرەبووکردنەوەی ناوە خۆشەویستەکان یاخود ڕقلێبووەکان بە ناوی تر.
- هەڵبژاردن لەناو ڕاستیەکاندا (گەشتی هەواڵەکان و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان).
- درۆکردن.
- دووبارەکردنەوە.
- ئاماژەکردن بە دوژمنێکی وەهمی یاخود حەقیقی، بۆ کۆکردنەوەی سۆزی خەڵکی.
- پشت بەستن بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان.
- جەختکردنەوە لەسەر ڕاستی پڕوپاگەندەکان.

## پایەکانی ڕاگەیاندنی قاعیدە:

ڕاگەیاندنی قاعیدە کاری لەسەر پشتگیریکردنی سیاسەت و پلان و بۆچونەکانی قاعیدەو ڕاهێنانی خودی بۆ کاری مەیدانی کردۆتەوە، بنەمای کاری ڕاگەیاندنەکەشی لەسەر بونی سەرکردەیەکی مەیدانی و ڕێکخستنێکی ئامادە بۆ کاری سەربازی وەستاوە.

شانەکانی ڕاگەیاندنی قاعیدە لە چەند کەسێك پێکدەهاتن کە چەندین ئەرکیان هەبوو:

بەرپرسی ڕاگەیاندن، نوسەری دەقەکان، بەرهەمهێنەر، وێنەگر، ئەدمینەکانی سەر پەیج و ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێت (ئەمانەش ژمارەیان لە ١٠ کەس زیاتر بوو).

ئەم شانانە هەڵدەستان بە ئامادەکردنی ئەو بابەتی ڕاگەیاندنەی کە دەیانویست، دواتر لەسەر فلاشێك هەڵیاندەگرت و دەرۆشتن لە کافیەکانی نێتدا دەیاننارد بۆ ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان. دەبوو ئەو کافێیانە لە شوێنی نیشتەجێبونیانەوە دووربونایە، ماوەی ٣ خولەك یان ٥ خولەك تیایدا دەمانەوە و بابەتەکانی خۆیان دەنارد، هەر کە ئامێرەکانی چاودێریکردنی ماڵپەرە گومانلێکراوەکانیش شوێنەکانی دەستنیشاندەکردن، تا هێزە ئەمنیەکان دەهاتنە شوێنەکە، ئەوان ئەو ناوەیان بەجێهێشتبوو.

## قۆناغەکانی کاری ڕاگەیانی قاعیدە:

کاری ڕاگەیاندنی قاعیدە بە دوو قۆناغدا تێپەڕیووە، یەکەمیان ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ سەرەتای چالاکی فیعلی تیرۆری قاعیدە دەستیپێکرد، ئەویش بەهۆی ئەوەی قاعیدە سەرکردەیەکی سەربازی مەیدانی و لێهاتووی هەبوو کە وایکرد قاعیدە پەنابباتە بەر چالاکی ئیعلامی بۆ بەدیهێنانی چەندین ئامانجی ستراتیژی.

لەو ئامانجانەش دەرکردنی ٢ گۆڤار بوو:

یەکەمیان گۆڤاری (دەنگی جیهاد) بوو کە ١٥ رۆژ جارێك دەردەچوو، ئەم گۆڤارەش تایبەتبوو بە پاڵپشتیکردنی ستراتیژو ئامانجەکانی قاعیدە لە بەدەستهێنانی سۆزی خەڵکی و هەوڵدان بۆ دانانی کاریگەری فیکری لەسەر بۆچون و رایەکانیان، هاوکات کاریشی لەسەر دەرخستنی کەسایەتیەکانی قاعیدەو جوانترکردنی روخساریان دەکرد.

دووەمیشیان گۆڤاری (بەتار) بوو، ئەم گۆڤارەش گۆڤارێکی سەربازی بوو، گرنگی دەدا بە دروستکردنی شانە مەیدانیەکان و بڵاوکردنەوەی راپۆرت و زانیاری لەسەر گرنگترین پلانە سەربازییەکان و ئەنجامدانی پرۆسە مەیدانیەکان لە کاتی نەبوونی

سەرکردەیەکی مەیدانی. ئەم گۆڤارە بەهۆی رەهەندێکی ستراتیژییەوە دەردەچوو، کە ئەویش ئامادەکردنی نەوەکانی داهاتو و لایەنگرە تازەکان بوو بۆ رووبەڕووبونەوەو بەردەوامی کاری ئیرهابی.

هەرچی قۆناغی دووهەمیشە تایبەت بوو بە چالاکیە بینراوەکان لە رێگای گرتە ڤیدیۆییەکانەوە هەروەك ئەوەی کە زەرقاوی تیایدا دەرکەوت و ئەو گرتانەی تریش کە خەڵکیان هاندەدا، هەروەها گرتەی تەقینەوەو کارە خۆکوژییەکان و رووبەڕووبونەوە سەربازییەکان و کوشتنی بارمتەکان و پرۆسەی سەربڕینەکانیش.

هاوکات بڵاوکراوە دەنگیەکانیش لە رێگای کاسێتەکانەوە گرنگی خۆی هەبوو.

هەر لەم قۆناغەدا هەندێك چالاکی ئیعلامی ئەنجامدەدرا کە راستەوخۆ پەیوەست نەبوو بە ناوی قاعیدەوە، بەڵکو بانگەشەی بۆ بۆچونەکانیان دەکرد، ئەویش لە رێگای چەند ماڵپەرێکی ئەنتەرنێتەوە کە بڵاوکراوە نوسراوو بینراوو بیستراوەکانیان تیادا بڵاودەکردەوە. هەروەها لە رێگای پێگەی (پاڵتاك) یشەوە کە وەك ستۆدۆییەکی بچوك وەهابوو بە ئازادانە و بێ هیچ سانسۆرێك قسەی تیادەکرا، بۆچونەکانی خۆیان دەخستە روو.

لە کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامیش، دەزگای (فورقان بۆ بەرهەمهێنانی ئیعلامی و هونەر)یش راگەینرا، کە تایبەتبوو بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی وەزارەتی راگەیاندنی ئەو دەوڵەتە، هەروەها ناوەندی (فەجری ئیعلامی)یش راگەیەنرا کە بەرپرسی چالاکی و هەڵوێستە رۆژانەییەکانی ئەو دەوڵەتە بوو.

## پەیامەکانی قاعیدە لە راگەیاندندا

قاعیدە لە کاری راگەیاندنیدا پەیامی جۆراوجۆری بەکاردەهێنا، کە هەریەکە لەو پەیامانەش بەپێی جۆرەکەی پێویستی بە زانیاری دیاریکراو هەبوو، لەو پەیامانەش:

• **پەیام بۆ سەرکردەکان:** ئەمەش پشتی بە هەبونی زانیاری ورد لەسەر سروشتی هەر سەرکردەیەك و رادەی پەیوەندی بە دوژمنەوە دەبەست، ئەویش بە شێوازی فریودان یاخود سەرسامکردن یان داماڵین و میانڕەوی پەیامەکانی ئاراستە دەکرا بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن یان لانی کەم دوری بخەنەوە.

• **پەیام بۆ فریودان:** ئەمەش ناردنی چەند پەیامێك بۆ دوو لایەنی دوژمن بۆ ئەوەی یەکێکیان بێلایەن بکرێت. ئەم پەیامانەش پربوون لە زانیاری ورد لەسەر هەردوولا دەربارەی چۆنیەتی سروشتی پەیوەندییان و دۆزینەوەی کون و کەلەبەری ناکۆکییەکانی نێوانیان بۆ ئەوەی بخرێنە تەڵەکەوە. وەها باشتریش دەبوو کە چەندین بەڵگەنامەی یەکلاکەرەوە لە بڵاوکراوە حزبییە تایبەتیەکانیان دەستبکەوێت و بۆیان بنێردرێت.

• **پەیامی درۆ:** کاتێك کە کارێکی دیاریکراو ئەنجامدەدرێت، دەستدەکرێت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ بۆ فریودانی دوژمن، بەجۆرێك چەندین پەیام ئاراستەی دەزگاکانی راگەیاندنی تر دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەو فریودانی دوژمن. هەروەکچۆن دەتوانرێت بە ئاگاداری خۆیان سود لە سیخوری دوو سەرە ببینرێت بۆناردنی زانیاری بۆ دوژمن.

• **پەیامی ئامۆژگاری:** ئەمەش بریتیە لە ناردنی پەیام بۆ ئەو کەسانەی کە پەیوەندییەکی پتەویان بە دەسەڵاتی دوژمنەوە نیە و ئامۆژگارییان دەکرێت بۆ دورکەوتنەوە لەو پەیوەندەییە و بێلایەنکردنیان و دواتریش سودبینین لێیان لە شوێنەکانی خۆیاندا.

• **پەیام بۆ دەزگا راگەیاندنەکانی دەرەوە**: ئەمەش ناردنی پەیامەکان بوو بۆ دەزگا راگەیاندنەکانی دەرەوە بە جۆرێك چالاکیەکان وەك راستی دەربکەوێت و کاتێك لە هەواڵی ئەو دەزگایانەدا بڵاودەکرێنەوە وا هەستبکرێت کە لەلایەن دەزگاکان خۆیانەوە ئامادەکراوە.

## بنەماکانی بەکارهێنانی راگەیاندن لەلای قاعیدە:

• بنەمای سەرەکی ئەوە بوو کاتێك کە شێوازی هێرشبردن لە راگەیاندن بەکاردەهێنرێت پێویستە ئامانجی کەسەکان بێت نەوەك بابەتەکان، چونکە کۆکردنەوەی هەموو هەوڵەکان دژ بە کەسەکان وەها دەکات گرفتەکان ئاسانترو سادەتر بکاتەوە. هەروەها چارەسەرکردنی بابەتەکان ئاڵۆزبێت و نەتوانرێت بەو ئاسانی و سادەییە چارەسەربکرێت وەك ئەوەی بابەتێکی پرۆپاگەندە دەیەوێت..

• پێویستە راگەیاندنەکە بەجۆرێکی وادەرنەکەوێت کە ئەوە کارێکی پرۆپاگەندەیە چونکە توشی شکست دەبێت.

• پێویستە راگەیاندن پشت بە زانیاری پر بە بەها ببەستێت و ئاگاداری وردو درشتی رووداوەکان بێت. هەروەها پێویستبوو خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئاراستەی سیاسی و رۆشنبیری و سەربازی و ئابوری و سۆزی دەوڵەت و دانیشتوان و ئەوانەی کە پەیامەکەیان ئاراستە دەکرێت.

• نابێت راگەیاندن خۆی وەها دەربخات کە خەریکی دروستکردنی بابەتگەلی تازەیە، بەڵکو پێویستە لەبری ئەوە گرنگی بەو بابەتانە بدات کە هەیە و بە شێوەیەك لە شێوەکان لەبەرژەوەندی راگەیاندن چارەسەری بکات. باشترین تێگەشتنیش لەم شێوازە شێوازی کاری راگەیاندنی شیوعیەتی سۆڤیەت بوو کە هەموو شتەکانی لە بابەتە هەستیارەکانی ناو کۆمەڵگا وەك بێکاری و نائارامی سیاسی و نائارامی

کۆمەڵایەتی کۆدەکردەوە، دواتر دەهات ئەم بابەتانەی بە شێوازێکی هونەری شیدەکردەوەو چارەسەری بۆ دەدۆزینەوە.

- ناتوانرێت بە شێوەیەکی ناوەندێتی سەرپەرشتی راگەیاندن بکرێت، با ئاراستەو رێنماییەکانیش لە دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە دەرچوبێت، بەڵکو پێویستە شێواز و بەکارهێنانەکانی بۆ ئەوانە جێبهێڵرێت کە لە واقیعدا کارەکە ئەنجامدەدەن.
- پێویستە بەکارهێنانی راگەیاندن بەجۆرێك بێت هەموو ئاسانکارییەکی پێویستی بۆ هاوڵاتیان تیادابێت و هەوڵیشبدرێت ئەوانیش تیایدا بەشداربن.

## گرنگترین ئامانجەکانی راگەیاندنی قاعیدە:

١- بڵاوکردنەوەی نائومێدی لەناو هێزەکانی دوژمندا بەوەی ناتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن. بچوککردنەوەی تواناو هێزی شەڕکردنی دوژمن ئەویش بە لاوازکردنی رۆحی بەرگری و گومانکردن لە توانای سەرکەوتنی. هەروەها ئامادەکردنی جەماوەر بۆ وەستانەوە لە دژی فیکرەی جەنگ و بڵاوکردنەوەی ترس لە دڵی هێزەکانی دوژمن، هەروەها بڵاوکردنەوەی بێزاری لە ناو سەربازەکان ئەویش لە رێگای موبالەغەکردن لە توانای شەڕکردن و سەرکەوتنەکانی خۆیان و موبالەغەکردن لە شکست و توانای شەڕکردنی هێزەکانی دوژمن. ئەمەش بۆ ئەوەی دوژمن وا هەستبکات لەبەرامبەر هێزێکدایە، کە ناتوانێت لەناوی ببات و هەموو هەوڵێکیش بۆ هەڵسانەوەو خۆڕێکخستن هیچ سودێکی نابێت.

٢- گۆرینی بیرۆکە و ئاراستە و بەها و باوەڕەکان بەجۆرێك کە ئەو گۆڕینە ببێتە هۆی بە دەستهێنانی سەرکەوتن بۆ ئەو لایەنەی کە شەڕی دەرونی ئاراستە دەکات و شکستیش بەشی ئەو لایەنە بێت کە شەڕەکەی ئاراستە دەکرێت.

٣- هاندانی ئەندامانی هێزەکانی دوژمن بۆ خۆبەدەستەوەدان، ئەویش لە رێگای ئاراستەکردنی بانگەواز و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆبەدەستەوەدان و شەڕنەکردن.

٤- لەقکردنی باوەڕی دوژمن بە بیروباوەڕو ئامانجەکانی، ئەویش لە ڕێگای سەلماندنی ئەستەمی بەدیهێنانی ئەو بیروباوەڕ و ئامانجانە و نیشاننەدانی وەکخۆی، هەروەها گەورەکردنی ئەو هەڵانەی کە لە کاتی بەدیهێنانی ئەو بیروباوەڕانەدا لەلایەن دوژمنانیانەوە ئەنجامدەدرێن.

٥- لاوازکردنی بەرەی ناوخۆیی دوژمن و دروستکردنی درزی گەورە تیایدا، ئەویش لە ڕێگای پیشاندانی شکستی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەدیهێنانی هیواو ئاواتەکانی جەماوەر. هاوکات زیاترکردنی فشاری ئابووری لەسەر حکومەتی دوژمن تاوەکو سیستەمە ئابوورییەکەی هەرەسدەهێنێت، هەروەها هاندانی هەندێك تائیفەش لە بەرگریکردن لە ئامانجە گشتیەکان و گومانکردنی هاوڵاتیان لە توانای سەرکردە سیاسیەکان و هێزە چەکدارەکان لەرووبەڕووبونەوەی دوژمن و دروستکردنی ناکۆکی و جیاوازی لە نێوان هێزە چەکدارەکان و کەرتە جیاوازەکانی گەل و بڵاوکردنەوەی ناکۆکی لەنێوان تائیفە جیاوازەکانی گەلدا.

٦- لاوازکردنی ورە: لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی جەنگ تێکشکاندنی توانا مادی و مەعنەوییەکانی دوژمنە، جابۆیە ئەگەر لە مەیدانی جەنگ توانا ماددییەکانی دوژمن تێکشکا ئەوا پێویستی بە هەوڵی تر هەیە بۆ تێکشکانی توانا مەعنەوییەکانیش بۆ ئەوەی سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەستبێت و دوژمن خۆی بەدەستەوە بدات. لێرەوە جەنگی دەروونی دەستپێدەکات کە بە پلەی یەکەم و پێش هەموو شتێکیش توانا مەعنەوییەکان دەکاتە ئامانج. مێژووی جەنگەکان چەندین نمونەی وەهای تێدان کە لەبەرەکانی جەنگ توانا ماددییەکانی دوژمن تێکشکێندراوە بەڵام نەتوانراوە توانا مەعنەوییەکانی تێکبشکێندرێت، هەربۆیە دواتر سەرکەوتوو بووەتە دۆڕاو و لایەنی دۆڕاویش دواتر بووەتە سەرکەوتوو.

٧- شپرزەکردنی بڕیاردەرە سیاسی و سەربازییەکان: ئەگەر هەموجار جەنگی دەروونی ئاراستەی زۆرینەی جەماوەرو سەربازان بکرێت، ئەوا دەبێت ئەم جەنگە لە

ئاستێکی باڵاترو فراوانتر ئاراستەی بڕیاردەرە سیاسی و سەربازییەکانیش بکرێت و شپرژە بکرێن.

٨- تێکشکانی یەکگرتوویی نەتەوەو دروستکردنی جیاوازی لەنێو ریزەکانیدا، هەروەها هاندانی هەندێك لە سەرکردەکانی بۆ دەرچوون لە رای زۆرینە و بڵاوکردنەوەی ترسی کۆمەڵێکیان لەکۆمەڵێکی تر.

٩- گوماندروستکردن لە تواناو دڵسۆزی سەرکردەکان.

## بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لەلایەن رێکخراوی قاعیدەوە:

رێکخراوی قاعیدە توانی ئەنتەرنێت و ئەوەی تەکنەلۆژیا پێشکەشی دەکات لە بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت، ئەمەش لەلایەن هەواڵگری ئەمریکاوە جەختی لێکراوەتەوە. بە تایبەت ئەو تەکفیریانەی کە خیتابێکی دژە ئەمریکییان هەیە، بەوهۆیەوە لەناو ناوەندە جەماوەرییە رۆژئاوایی و ئەمریکیەکاندا ژمارەیان زیاتر بووە. کۆمەڵە تەکفیرییەکان بۆ دوو مەبەست ئەنتەرنێت بەکاردەهێنن: مەبەستی یەکەمیان بڵاوکردنەوەی چالاکیەکان، دووهەمیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەو بۆچونەکانیانە.

## یەکەم: (مەشقپێکردن و ئامادەکردن)

رێکخراوو گرووپە تیرۆرستەکان تۆری ئەنتەرنێت وەك هۆکارێك بۆ راهێنان ومەشقی سەربازی ئەندامەکانیان بەکاردەهێنن، ئەویش لە رێگای بڵاوکردنەوەی ئەو نوسراوانە کە دەربارەی چەك و پلانەکانی شەڕکردن و دروستکردنی تەقەمەنین، هەروەها کردنەوەی خولی دروستکردنی تەقەمەنی و پێشکەشکردنی رێنمایی پێویست

سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی ئەو بابەتانە لە ماڵدا. هاوکات گۆڤاری (بەتار)یشی بڵاودەکردەوە کەئەمەش گۆڤارێکی سەربازیی بوو.

## دووەم : (بانگەوازو تەجنیدکردن)

بەشێوەیەکی سەرەکی ڕێکخراوی قاعیدە تۆری ئەنتەرنێتی بۆ بڵاوکردنەوەی عەقیدەو بیرۆکەکانی خۆی بەکارهێناوە لەوەشدا سەرکەوتوو بووە، چونکە ڕێکخراوەکە بەشی تایبەتی زانیاریی و کۆمپانیایەکی چالاکی ڕاگەیاندنیشی بە ناوی (سەحاب)ەوە هەبوو.

بە فیعلیش تۆری ڕاگەیاندنی قاعیدە توانیبووی هەردوو بواری (جیهادی سەربازی و جیهادی ڕاگەیاندن) کۆبکاتەوە و تێکەڵاویان بکات. تەنانەت چەند ئەندامێکی ئەو تۆرە ڕاگەیاندنە تیرۆرستیەش وەکچۆن لەپێشوتردا ڕۆڵێکی چالاکیان هەبوو لە بوارەکەی خۆیاندا، لەئێستاشدا هەمان ڕۆڵیان هەیە.

## لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق:

گۆڤاری (ذروة سنام الجهاد): ئەم گۆڤارە لەلایەن ڕێکخراوی قاعیدە لە وڵاتی رافیدەینەوە دەردەچوو، چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، چەندین بابەت و چالاکی ڕێکخراوەکەی تیایە.

## لەبڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی شورای چەکداران:

(خطيب فاطمة، فكوالعاني، غزوة محمد العتيبي، فجر اللطيفية، المخابرات الآمريكية في شوارع بغداد).

## ئەو ماڵپەرو پێگە ئەلیکترۆنیانەی کە کاریان بۆ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق دەکرد:

(نوسەر ناوو ناونیشانی ئەلیکترۆنی زیاتر لە ١٤٣ ماڵپەرو پێگەی نوسیوە کە من نەمویستوە بیاننوسمەوە چونکە هیچ سودێکی بۆ خوێنەری کورد نیە. و/ کوردی)

## تێڕوانینی جیهادی گرووپە ئیسلامییەکان:

١- ئەو تێروانینە جیهادییەی (ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی ئەمریکی و دەرکردنی لە عێراق) کە گرووپە چەکدارە سوننیەکانی لەسەر دروستکرابوو، تێڕوانینێکی سادە و ڕێکنەخراو ناسازبوو، چونکە دەرئەنجامی فەتوایەکی شەرعی بوو کە پێشتر کاری پێکرابوو. هەروەها بەبێ هیچ ڕایەکی بەرامبەریش ئەو گرووپانە تەسلیمی بووبوون. کەچی لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگارو دواکەوتنی سەرکەوتن و جۆراوجۆری ڕۆشنبیرییەتی سەرکردەکانی گرووپە چەکدارە سوننیەکان (سەلفی_ئیخوانی_سۆفی) وەهای کرد بیر لە تێروانینیکی فراوانتر لەو تێروانینە تاکلایەنە بکەنەوە.

٢- لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤، بەرپرسی گرووپەکان پەیوەندی تازەو ستراتیژییان لەگەڵ ئەو وڵات و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییانەدا دروست کرد کە گرنگیان بە دۆخی عێراقی دەدا. ئامانجیش لەو پەیوەندییانە سود بینین بوو لە وەرگرتنی پارەو ئاسانکارییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکان بۆ سەفەرو ئازادی گەشتکردن بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی یاسایی. ئەمەش وەهای کرد ئەو گرووپانە لە سیاسەتەکانیاندا توشی ئیزدواجیەتیەکی ئەخلاقی ببن، بەوەی لەناو عێراقدا باسی جیهادیان دەکرد و لە دەرەوەش هاوپەیمانی ئەوانەبوون کە دوژمنایەتیان دەکردن و وەك تیرۆرست

سەیریان دەکردن، تەنانەت هەندێك دەیانوت (دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق رۆحی جیهادیان کوشت)!.

٣- بەمجۆرە بەرپرسی ئەو گرووپانە بوونە گوێڕایەڵی رێنمایی و ئەجنێدای دەزگا هەواڵگرییە ئیقلیمییەکان، ئەمەش بە تایبەت لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ لەکۆنگرەی (سەرخستنی گەلی عێراقی) لە ئەستەمبوڵ بە دیارکەوت.

ئیدی بەمجۆرە لەنێوان پێداویستە داراییەکان و بنەما جێگیرە عەقائیدی و خواپەرستیەکانی خۆیاندا لە ماوەیەکی دژبەیەك و قەیرانی ئەخلاقیدا ژیان، کە دواجار دەرئەنجامی ئەمەش چاوخشاندنەوە بوو بە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ رێکخراوی قاعیدەو دەستە خوشکەکانی و دروستکردنی سەحوەکان بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦دا.

دروستکردنی سەحوەکانیش دەستی باڵای هەواڵگری ئەمریکی و ئوردونی و قەتەری و بازرگانە عێراقیەکانی ناو ئوردون ( کە دیارترینیان قاسم زوغەیر راوی بوو) تیادا بوو.

سەحوەکانی سوپای ئیسلامی لەعێراق و سەحوەکانی حەماسی عێراق و سەحوەکانی کەتیبەکانی شۆرشی بیست و سەحوەکانی دەستەی شەرعی ئەنسارولسونەش لەو سەحوانە بوون.

٤- ئەم هەموو پارە سەرفکردنەش بەشی پێداویستی ئەو گرووپە چەکدارانەی نەدەکرد، هەربۆیە پێویستی کرد بە شێوەیەکی شەرمنانە بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو گرووپانە لە ساڵی ٢٠٠٧ (ئەنجومەنی سیاسی بەرگری عێراقیان) دامەزراند و ئیتر بە دەنگی بەرز باسیان لە تێروانینێکی تازەتر دەکرد بۆ چارەنوسی (عەرەبی سوننەی عێراق) و سیاسەتی ئێستای عێراق، هاوکات رووداني گۆرانکارییەکی ریشەییان لە عێراقدا کە سروشتێکی ئیسلامییانەی هەبێت بە گرنگ دەزانی، بۆ ئەمەش داوای دەستکاریکردنی دەستوری تازەی عێراقیان دەکرد.

٥- بەڵام ئەمیرەکانی ئەم گرووپانە ئەوەیان لەبیرکردبوو کە کاری سیاسی لە عێراقی تازەدا پشت بە سندوقی دەنگدان و دەنگی دەنگدەر دەبەستێت نەوەك دەنگی تفەنگ و چەکەکان، هەربۆیە شکستەکانیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٠٨ و دواتریش لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی ٢٠١٠ و دوای ئەویش لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠١٣، بەڵگەی ئەو بۆچونەی سەلماند.

٦- هەندێك لە سەرکردەکانی ئەو گرووپانە پەنایان بردە بەر کردنەوەی دەرگای گەرانەوەی تەواوەتی چەکدارەکانیان بۆ ناو کۆمەڵگای ئاشتەوایی عێراق و گەڕانەوە بۆ ژیانی مەدەنی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێکخراوانە. هەروەها هەموو تاکێکی ئەو گرووپانەشیان ئازاد کرد لە بڕیاردان لە چارەنوسی خۆیان نەوەك بڕیاردان بۆیان لەلایەن ئەمیرەکانیانەوە بە مەرجی پارێزگاری و پاراستنی بەهاو رۆحی ئیسلامی راستەقینە، کە بەمەش ئازادیان دەکردن لەو پەیمان و بەڵێنانەی کە پێشوتر بە ئەمیرەکانیان دابوون،. کاری سیاسیانەی ئاشتیانە لە عێراقدا لەباربوو، توندوتیژی چەکداریش دژی رۆشنبیری دەنگدەری عێراقیش بوو کە لەسەر فیکرەی (ئازادی هەڵبژاردن) و (ترس لە تائیفیەت) بنیاتنرابوو.

٧- ئەوەی کە ئیشکالیەتەکەی زیاتر قوڵتر دەکردەوە ئەوە بوو رۆشنبیرییەتی سیاسی لەلای چەکدارانی گرووپە سوننیەکان بە گشتی و لەلای چەکدارانی گرووپە سەلەفیەکان بە تایبەتی بە بەراورد بە رۆشنبیرییەتی جیهادی و شەرعی هێشتا وەك پێویست گەشەی نەکردبوو. تێگەیشتن لەو وزە ئیمانییە جیهادییە نەگۆر و ئازادەو هەروەها تێگەیشتن لەو حەماسە خەمگینە پێویستی بە ئاراستەکردن و جڵەوکردن هەبوو، بۆ ئەوەی بە ناوەندێکی لەباردا بگات بە ئامانجەکانی خۆی. ئەمەش گەورەترین تەحەدای بەردەم ناوەندی فیقهی عێراقی و وەقفی سوننی و ناوەندەکانی دیراساتی ستراتیژی بوو.

٨- گرووپە چەکدارییە سوننیەکانی عێراق (وەك ئەوەی من بۆم دەرکەوتووە) سەر بە سێ ئاراستەی چاکسازین، کە هەریەکەیان بۆ مەنهەجی چاکسازی و گۆرانکاری تێروانینی خۆیان هەیە:

أ_ ئاراستەی چاکسازی لە رێگای دامودەزگا ئاینییە حکومیەکانەوە، بۆ ئەمەش ئەوەی هەیە تەنها وەقفی سوننیە، ئەم ئاراستەیە دەیەوێت بەهۆی بڵاوکراوەو رێنماییەکانی وەقفی سوننیەوە لە رێگای نمایشکردن و خستنەرووی پرۆژەی چاکسازییەوە ، چاکسازی ئەنجامبدات.

خاڵی لاوازی ئەم ئاراستەیەش ئەوەیە هەرکەسێك بە نیازی چاکسازی بڕواتە ناو پرۆسەکەوە، سەرقاڵی دابینکردنی ژیانی خۆی و داواکردنی پۆست دەبێت، زۆرێکیش لەوانە بەهۆی جوانترکردنی ژیانی خۆیان و خۆدەوڵەمەندکردن و دەستگرتن بە ژیانەوە، لەپرۆسەکە لایان داوەو کاتەکانیان بەشی بانگەوازکردن و رێنمایی چاکەخوازی تیا نەماوەتەوە.

ب_ ئاراستەی هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ ئەو حزبانەی کە باکگراوندێکی ئیسلامیانەیان هەیە، ئەم ئاراستەیەش بە هاندانی هەندێك لە بازرگانە دەوڵەمەندەکانی سوننەی وەك (شێخ خەمیس خەنجەر و ناجیح میزان و جەبار کوبەیسی و تاریق حەلبوسی)و، هەندێك لە دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی ئیقلیمی، لە بواری سیاسەت و راگەیاندندا ئامادەییان هەیە، بەڵام لەناو کۆمەڵگای مەدەنی سوننیدا ئەوانەی کە بەشداری دەنگدان دەکەن جەماوەرییان نیە. راگەیاندنەکان زیاد لە قەبارەی خۆیان گەورەیانکردون.

ج_ ئاراستەی بەرگری و رووبەڕووبونەوە (جیهاد تاکە چارەسەرە)، ئەم ئاراستەیەش درێژکراوەی بۆچون و تیۆرەکانی ئەمیرەکانی جیهادە، ئەوانەی کە گرووپ و رێکخراوە جیهادییەکانیان دامەزراندووە. بەڵام زۆربەی ئەو کەسانە لە دەرەوەی عێراق لەگەڵ خێزانەکانیاندا لە رەفاهیەت و خۆشیدا دەژین و هیچ پەیوەندییەکی

راستەوخۆشیان لەگەڵ چەکدارانی ڕێکخراوەکانیاندا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکانیان لە ڕێگای ئەو بڵاوکراوە دەنگیانە و نوسینانەوەیە کە لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوی دەکردەوە. بە زۆری ئەو کەسانە ئەزمونی سیاسیان کەم و لە تێگەیشتن لە واقیعیشدا هیچ حیکمەتێکیان نییە، ڕووداوەکانیش ئەو کەموکورتیانەیان سەلماندووە.

## بیری تەکفیری لە عێراقدا

پەیوەندی حەماسەتی ئاینی بە مەسەلەی پەیوەستبوون بە گرووپە تەکفیرییەکانەوە ئەوکاتە دەستیپێکرد، کە (سەید قوتب) لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابووردوودا دەربارەی جاهیلیەتی سەدەی بیست نوسینەکانی خۆی بڵاوکردەوە، هەروەها لەگەڵ دەرکەوتنی بزووتنەوەکانی سەلەفیەتی جیهادی لە ناوەراستی ساڵانی حەفتاکان و دواتریش تێکەڵاوکردنی (سەلەفیەتی جیهادی و ئیخوانی قوتبی) لە ساڵی ١٩٨٩، قافڵەی تەمەنی تیرۆری قاعیدە لە جیهانی ئیسلامیدا دەستی پێکرد.

مژدەدان و بانگەواز و بڵاوکردنەوە و ڕێکخراوی خێرخوازی و فلیمە حەماسی و جیهادییە تۆمارکراوەکان و ڕێنمایی و ئیرشادی عەبدوڵا عەزام و ڕۆژنامەگەری هاوسۆز لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی موسڵمانان لە چیچان و بۆسنەو فەلەستین و دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی، هەموو ئەمانە وەهایانکرد رۆحی جیهاد لەلای گەنجانی موسڵمان بژێننەوە و شۆرش لە دژی عەلمانیەت و لیبراڵیەت و شیوعیەت و ئیشتراکیەت و دیموکراسیەت و هەموو ئەو رژێمانە رابگەیەنن کە حوکم بە شەریعەتی ئیسلامی ناکەن.

سەرەتاکانی بانگەوازکردن بۆ مەنهەجی تەکفیرکردنی کۆمەڵگا و بە هەڵگەڕاوە وەسفکردنی موسڵمانان لە مزگەوتەکانەوە دەگەرێتەوە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ و بۆ (شێخ عەبدولمەلیک موفتی) .

موفتی کەوتبووە ژێر کاریگەرییەکی قوڵی پرۆژەی بوژانەوەی ئاینی لە جەزیرەی عەرەبی و بانگەوازی یەکتاپەرستی (محەمەد عەبدولوەهاب) و نەوەکانی. بەهۆی خوێندنەوەی تاکلایەنەشی بۆ شێخەکانی نەجدو حیجاز، فەتوای ئەوەی دا کە وڵات و کۆمەڵگای عێراق وڵات وکۆمەڵگای کوفرە. لەسەر خۆی و شوێنکەوتوانیشی فەرزکرد کە رێوشوێن و پێداویستیەکانی گۆرینی حوکمی وڵاتانی کوفر دابینبکەن. هەر لەو ساڵەشدا (شێخ فائیز زەیدی) لە گرووپی (یەکتاپەرستە) سەلەفیەکان کە لەلایەن (شێخ ئیبراهیم مەشهەدانی)یەوە رابەرایەتی دەکرا، جیابوویەوەو کەوتە چالاکی.

(شێخ فائیز) هەوڵی دا بانگەوازی یەکتاپەرستی لەسەر شێوازی زانایانی سعودیە و رێباز و بیرۆکەی حزبی (تەحریر) تێکەڵاو بکات، هەربۆیە مەنهەجێکی دانا کە جێگای رەزامەندی گەنجانی حەماسی بە تایبەت ئەوانەی گوندو ناوچەکانی دەرەوەی بەغدا بوو، ئەو مەنهەجەش مەنهەجی جیهادی تەکفیری بوو.

ئەم گرووپە بە لە سێدارەدانی شێخ فائیزو ٣ کەس لە یاریدەدەرانی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠، کۆتاییان پێهات.

لە ساڵی ١٩٩٤، نوسینەکانی عەبدولقادر عەبدولعەزیز (سەید ئیمام) و ئەبو بەسیر تەرتوسی، لە رێگای شێخ جەمال فەلەستینی و عەبدولناسر جیاب فەلەستینی و ژمارەیەکی تر لە خوێندکار و بانگخوازانی مەنهەجی تەکفیرییەوە، هاتە عێراقەوە. دواتر مەزهەبی ئەمانە لەسەردەستی سەعدون قازی و د.محەمەد حسێن جبوری و موحارب عەبدوللەتیف جبوری و مەحمود مەشهەدانی، گەشەیکردو فراوانتر بوو. بە دروستکردنی گرووپی ئەنسارولئیسلامیش لە ساڵی (١٩٩٧) لە هەردوو شارۆچکەی (تەوێڵەو بیارە) بە رابەرایەتی مەلا کرێکار، گەیشتە لوتکە. <u>(نازانم لێرەدا نوسەر چۆن ئەو ساڵەی بۆ دروستبونی ئەنسار دەستنیشانکردووە، چونکە ئەنسار لەساڵی ٢٠٠١ بە رەسمی دامەزراوە، لەپەیوەندییەکیشمدا لەگەڵ نوسەر جەختی لەوەکردوە بەپێی</u>

دانپیانانی (مەحمود مەشهەدانی) ئەنسار لەو ساڵەدا دامەزراوە، رەنگە نوسەر زیاتر مەبەستی فیكری ئەنسارو هێزی ٢ی سۆرانی پێشوی بزوتنەوەی ئیسلامی بێت، كە دواتر بونە هەوێنی دامەزراندنی گرووپی (جوندلئیسلام) دواتریش (ئەنسارولئیسلام) .و/كوردی)

ئەندامانی ئەم گرووپە سەلەفیە جیهادییە تەكفیرییە كەوتنە بانگخوازی بۆ بەیعەتدان بە مەلا كرێكارو هەوڵیاندەدا سەلەفیە میانرەوەكان قەناعەت پێبكەن كە باوەڕ بە فیكری تەكفیر بهێنن، چونكە فیكری سەلەفی بۆ دوو بەش دابەشبوو بوون: بەشێكیان جیهادییە تەكفیرییەكان بوون، كە بریتی بوو گرووپی ئەنسارولسونە. بەشەكەی تریشیان سەلەفیە عیلمییە میانڕەوەكان بوون، كە بریتی بوون لە شوێنكەوتوانی شێخ محەمەد ناسرەلدین ئەلبانی.

دوای ئەو پێشەكییە كورتەی خستمانەروو، ئێستا كاتی ئەوەیە بزانین ئەو كانگاو ئامرازانەی تەكفیركردن كە لە كاری بانگخوازی و تەجنیدكردن لەناو عێراقدا بەكاردەهێنران، كامانەبوون و بەچی شێوەیەك بڵاودەكرانەوە:

١- **مزگەوتەكان**: سەرەتای تەجنیدكردن بە بانگەواز بۆ یەكتاپەرستی و خەلافەتی راشیدەو بەرزكردنەوەی دروشمی جیهاد تاكە چارەسەرە، لێرەوە دەستی پێدەكرد. لەم قۆناغەدا ئەو بانگخوازانە تەنها دەیانویست خۆیان رێكبخەن و زۆربەی نوێژخوێنانی ناو مزگەوتەكان لە خۆیان كۆبكەنەوە. لەدیارترین ئەو بانگەوازانەش لە كۆتایی ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن گرووپەكەی شێخ عەبدولمەلیك موفتییەوە ئەنجامدرا ، كە دیارترین بانگخوازیشیان لەو كاتەدا، شێخ جەمال فەلەستینی و زافر نەعیمی و خالید مەشهەدانی و د.وەلید جبوری و شێخ عەبدولمونعیم بەدرانی و جەمال حەمدانی و زۆرێك لەوانەی تربوون كە فیكری ئەبو محەمەد مەقدەسی و تەرتوسی و سەباعیان هەڵدەگرت و بە پێویستیان دەزانی ئەو فیكرانە لەناو ئەهلی مزگەوتەكاندا

بڵاوبکرێنەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە زانا و مەلاو خوێندکارانی ئاینی دژی ئەم کەسانەو بانگەوازەکەیان وەستانەوەو شکستیان پێهێنان، هەربۆیە ئەوانیش بانگخوازییەکانیان کردە نهێنی.

لەم قۆناغە یەکەمەدا بانگخوازان دەیانویست ئەهلی مزگەوتەکان بە بیروباوەڕی خۆیان ئاشنابکەن، چونکە پلانیان بۆ داهاتوو دارێژابوو، کە ئەویش دروستکردنی رێکخستنێکی جیهادی و بەیعەتدان بە ئەمیرو داهێنراوەکانی تری تەکفیرکردنە.

٢- **هاوکارییە خێرخوازییە مەرجدارەکان:** ئەمەش هەنگاوی دووهەم بوو بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری تەکفیری. ئەم هەنگاوەش لە ژێر ناونیشانی کەفالەتکردنی منداڵانی هەتیو و کەفالەتکردنی خوێندکارانی زانستە شەرعیەکان و دروستکردنی مزگەوت و کەفالەتکردنی گەشتەکانی حەج و عەمرەو قوربانی جەژن، بەڕێوە دەبرا. دواتر چەندین گرووپی نهێنی کە پەیوەندییان بەگرووپی ئەنسارولئیسلامەوە هەبوو لە باکووری بەغداو زلّوعیەو یەسرب دامەزران و پەیوەستبوون بە سەعدون قازییەوە. ئەمانە یەکەم گرووپی چەکداری بوون لە عێراق دامەزران و زۆربەی ئەندامەکانی سەر بە سەلەفیەتی جیهادی بوون. ئەوانە کەسانێکی نادیار نەبوون و کەس ناتوانێت بە گرووپێکی غەیرە سەلەفی یاخود خاوەن فیکری سروری یان ئیخوانی تۆمەتباریان بکات، چونکە نوسراوەکانیان پر کتێبخانەکانن و لە عێراقیشدا خەڵکی دەیانناسین و دەیانزانی چۆن دەژین.

٣- **گرووپی ئەنسارولئیسلام گەشەیکرد و رۆڵی لە بواری سەربازیدا چالاکتربوو.** هاوکات پەیوەندییەکانی بە هەواڵگری ئێرانی و هاوکاریکردنی لە رووی مادی و لۆجستییەوە لەلایەن ئەو دەزگایەوە زیاتر بوو. لەناوخۆی عێراقیشدا گرووپی بچوک بچوک پەیوەندییان پێوەکردن و داوای ئەنجامدانی چالاکی سەربازییان دەکرد لە دژی ئەو ئەفسەرانەی ئەمن و موخابەرات و ئەو سەرکردە بەعسیانەی تر کە لە ژێر تۆمەتی

(وەهابی) بووندا، جەنگیان دژی سەلەفیەکان بە گشتی و تەکفیرییەکان بە تایبەتی، ڕاگەیاندبوو.

لەلایەکی ترەوە کاری ئەم گرووپە بچوکانە ئامادەکردنی کادیرەکان و دواتریش ناردنیان بوو بۆ سلێمانی (دیارە مەبەستی تەوێڵەو بیارەیە.و/ کوردی) بۆ مەشق و ڕاهێنان، ئیدی بەمجۆرە هەموو ئەو گرووپانە دەبوونە گرووپی سەربازی تەکفیری. هەر لەو ماوەیەدا ژمارەیەك گەنجی تەکفیری لە نمونەی (سەعدی فەوزی جومەیلی، محەمەد غازی، عومەر بازیانی، محەمەد نوری مەتەر، بەدران جبوری، عەراك جەنابی، سادق روبەیعی) پەیوەندییان بەو گرووپە بچوکانەوەکرد و دواتر بونە بانگخوازو سەرکردەی گرووپەکان.

## پێداچوونەوە جیهادییەکان

ئەو کەسەی چاوێك بە پێداچوونەوەو موراجەعاتی ئەندام و کەسایەتیە دیارەکانی گرووپە جیهادییەکان بخشێنێت، بڕوا بەوە دەهێنێت کە ئەو پێداچونەوەو موراجەعاتانە، شایستەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەن. هاوکات ئەوەشی بۆ دەردەکەوێت کە ئەو پێداچوونەوەو موراجەعاتانە حەقی خۆیان لەناو لێکۆڵینەوە فیکرییەکانی تێزەکانی ماستەرو دکتۆرای زانستە شەرعی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاسایی و فەلسەفیەکان وەرنەگرتووە.

لێکۆڵەری بواری گرووپە جیهادییەکان لەوە دڵنیایە کە زۆربوونی ئەو پێداچوونەوەو موراجەعاتانە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندڕەوی قاعیدەو لقەکانی و داعش و لایەنگرانی، من بڕواشم وەهایە کە ئەوانە چارەسەری ڕاستەوخۆن و لە بونیادی فیکری ئەو گرووپانە دەدەن.

لەلای هێزە ئەمنیەکانی عێراق، چەندین سەرکردەی فیکری جیهادی لە نمونەی وەك (د.وەلید جبوری و شێخ زەید موفتی) هەن. بەڵام نەتوانراوە وەك پێویست بۆ نوسینەوەو موراجەعاتی فیکری جیهادی تەکفیرییان هانبدرێن و بەکاربهێنرێن. لەمرۆدا پێویستیەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی موراجەعەیەکی فیکری عێراقیانە بۆ ئەو بۆچونانە بخرێتەڕوو بە تایبەتی لە بواری تەکفیرو جیهادکردندا. هەرچەندە چەند هەوڵێکی جدی هەندێك سەرکردەی جیهادی میانڕەو بۆ پێداچوونەوەو موراجەعاتی جیهادی عێراقی هەیە، بەڵام زیاتر لە فەلەکی ئامۆژگاری و رێنماییکردن دەرنەچووەو وەك پەشیمان بوونەوەو رەتکردنەوە خۆی دەرنەخستووە. لەنمونەی ئەمەش ئەو هەوڵەی (شێخ سەعدون قازی) ئەمیری ئەنسارولسونە (دەستەی شەرعی) یە، کە دوای جیابوونەوەی لە ئەنسارولئیسلام بە ناوی (وەسیەتەکانی ئەمیر)ەوە بڵاویکردەوە. هەروەها (شێخ ئەمین جەنابی)ی ئەمیری سوپای ئیسلامییش لە ژێر ناونیشانی (چەپکێك لە سیاسەتەکانی سوپای ئیسلامی لە عێراق) چەند نوسینێکی بڵاوکردەوە. بەڵام گرنگترین هەوڵێك لە بواری موراجەعاتی جیهادی کە درابێت ئەو کتێبە بوو کە (شێخ محەمەد حەردان عیساوی) ئەمیری سوپای موجاهیدین بە ناوی (یەکلاکردنەوە) لە وەڵامی مەنهەجی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامیدا بڵاویکردەوە. هەرچەندە ئەم کتێبە زیاتر لە گلەیی و رێنمایکردنەوە نزیکتربوو، بەڵام لە ناواخنیدا دونیایەك رەخنەو موراجەعەی فیکری تەکفیری توندڕەوی کردبوو، لەجۆری ئەو رەفتارانەی لایەنگرانی قاعیدە لە دژی چەکدارانی گرووپە جیهادییەکانی تر ئەنجامیان دەدا.

لەخۆگرتن و پاراستنی گەنجان بە شێوەیەکی فراوان، ئەرکی دەوڵەت و وەقفی سوننی و مەجمەعی فیقهی عێراقییە. ئەمەش بەوجۆرە دەبێت کە هەر لە خێزانەوە بگرە تا دەگاتە قوتابخانەو مزگەوتەکان، گرنگیەکی زیاتر بە گەنجان بدرێت و کەشێکی فیکری لەبارییان بۆ برەخسێنرێت کە دژی فیکری تەکفیری بێت. هیچ شتێکیش نیە

دەرمانی ئەو دەردە بێت جگە لە کتێب و نوسین و پێداچوونەوە فیکرییەکان، چونکە خاوەنەکانیان تەوبەیانکردووەو پەشیمان بوونەتەوەو شارەزای ئەو گومانانەن کە چۆن دەڕواتە دەروونی گەنجان و کاریان لێدەکات و ئەزمونیان لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو گومانانەدا هەیەو ئەوەش دەزانن چۆن چۆنی رووبەڕووی ببنەوە.

خانە تەکفیرییەکان ئەوانەی کە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی ئەو فیکرانە و تەجنیدکردنی گەنجانی موسڵمانن، زۆربەی جار ئەوانە رادەکێشن کە تەمەنیان کەمەو بە هەموو جۆرێك رێگای گەرانەوەو پەشیمان بوونەوەیان لێدەگرن، بە ئانقەستیش هەموو پەیوەندییەکی ئەو گەنجانە لەگەڵ دونیای رۆشنبیری دەرەوە دەبرن.

من خۆم لە رێگای لێکۆڵینەوە لە پەشیمان بوونەوە و موراجەعاتی زۆرێك لەو کەسانەی هەڵخەڵتێنراون بۆم دەرکەوتووە کە هەڵخەڵەتاندنەکە بەهۆی وتاربێژێکی خۆسەپێنی حەماسی عاتیفی، یاخود فەتوای زانایەك، یاخود بەهۆی ئەو کەناڵە فەزائیانەوە بووە کە خەریکی بڵاوکردنەوەی مەزهەبی تەکفیرو توندڕەوین .

ئەو رێگایانەی کە گرووپە توندڕەوە جیهادییەکانی عێراقیش دەیگرنەبەر بەمجۆرەیە: خانەکانی بانگەواز و ئیرشاد هەڵدەستن بە راکێشان و تەجنیدکردنی گەنجان، دواتر لە تاوانی تیرۆرستیدا بەشدارییان پێدەکەن، گەنجەکەش بە هەموو جۆرێکی دەروونی و یاسایی دەبێتە بەشێك لە گرووپە جیهادییەکان، بۆ جەختکردنەوە لە هاوبەشیش لەگەڵیان، گەنجەکە بەیعەت بە گرووپەکە دەدات و وا هەستدەکات لەلایەن دەوڵەت و کۆمەڵگاوە داواکراوە، بەمشێوەیە گەنجەکە هەست بە تەنهایی و رق و ئارەزووی تۆڵەکردنەوە دەکات.

مامەڵەی گرووپە جیهادییەکان لەگەڵ ئەندامە تازەکانیشدا بەجۆرێکە ئەگەر بێت و ئەو گەنجانە بیانویستایە بیر لە وازهێنان بکەنەوە، ئەوا بە شێوازی مافیایی و تیرۆرستانە مامەڵەیان لەگەڵیان دەکرا.

گرووپە جیهادییەکان بە شێوەیەکی چڕ لە گوند و ناوچەکانی دەرەوەی شار و گەڕەکە هەژارەکانی پارێزگاکانی عێراق، کاری بانگخوازییان دەکرد، ئەویش بەهۆی ئەوەی گەنجانی ئەو شوێنانە هەڵگری عەقیدەی سەلەفی یاخود ئیخوانی بوون و سۆزیان بۆ مەسەلەی جیهاد هەبوو.

زیاتر بوونی موراجەعات و پێداچوونەوەی فیکری، هاوشانی کاری ئەمنییانە دوور لە تائیفییەت، وەها دەکات فیکرەی توندڕەوی بنەبڕبکرێت، چونکە بڵاوبونەوەی فیکرەی توندڕەوی لە بنەرەتدا دەرئەنجامی هەستکردنە بە پەراوێزخستنی گەنجانی سوننەی عێراق و زوڵم و زۆری دەزگا ئەمنیەکان و تائیفیەتی دەزگای دادوەریی. ئێمە کاتێك باس لە موراجەعات و گۆرانکاری و پاککردنەوە دەکەین ئەوا باسی هەبوونی دادگەری دەکەین، باس لە ماف و یەکسانی دەکەین و ئەوە دەڵێین ئەگەر ئەمانە نەبن، ئەوا هیچ ئاسایشێك لە عێراقدا بوونی نابێت. هەربۆیە بڕوام وایە دامەزراندنی پەیمانگایەکی حکومی بە سەرپەرشتی مەجمەعی فیقهی عێراقی بۆ جێبەجێکردن و موراجەعاتی فیکری عێراقی پێویستیەکی گرنگە، هاوکات چالاکترکردنی وەقفی سوننی لە بڵاوکردنەوەی فیکرەی ناوەندگەرێتی و گرنگیدانی زیاتر بەو فیکرەیە یارمەتیدەردەبن بۆ سنوردانان بۆ فیکری تەکفیری جیهادی.

## گرووپە سوننیەکانی دژ بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی

یەکەم: گرووپە سوننیە میانڕەوەکان ئەوانەی لە ئەنبارو سەلاحەدین و دیالەو کەرکوك و چواردەوری بەغدا شەڕیان دەکرد:

لانی کەم حەوت گرووپی سەرەکی سوننی جیهادی میانڕەو لە پارێزگا سوننیەکانی عێراق هەبوون کە چەکیان هەڵگرتبوو، ژمارەی چەکدارەکانیان لە نێوان ١٥٠٠_٢٠٠٠ چەکدار بوون.

زۆرینەی ئەو گرووپە چەکدارانەی کە لە ناوچە سوننیەکاندا چالاکبوون لەگەڵ دروستکردنی هەرێمی سوننەدابوون، جگە لە گرووپی (تەخویل) و (سوپای پیاوانی نەقشبەندی) کە هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان دروستکردنی هەرێم و دابەشکردنی عێراقدا نەدەبینیەوە.

ئەم گرووپانە نوێنەرایەتی رەوتی ئیسلامی جیهادی میانڕەو (سەلەف و ئیخوانی و سۆفی) یان دەکرد و لەگەڵ فیکری رێکخراوە تەکفیرییە توندڕەوەکانی لە جۆری قاعیدە و داعش و ئەنسارولئیسلام و سوپای ئەبوبەکری سدیقی سەلەفیدا نەدەگونجان.

هەروەها ئەم گرووپانە گرووپی عێراقی بوون و هەوڵی ئەوەیان نەدەدا ببنە گرووپگەلی نێودەوڵەتی، ئامانجیشیان تەنها بەشداریکردنێکی سیاسیانەی مەرجداربوو، بەهۆی زەبری تفەنگ و هێزیشەوە خەباتیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی نەدەکرد. هەرچی گرووپە توندڕەوەکانیشە ئەوا لە ئامانجێکی گشتیدا یەکیان دەگرت و لە ژێر دروشمی (جیهاد تاکە چارەسەرە) و بە زەبری چەك، خەباتیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی راشیدە دەکرد.

١_ **سوپای ئیسلامی لە عێراق**: گرووپێکی سەلەفی میانرەو بوو، لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە، زۆرینەی سەرکردەکانی لە مامۆستایان و خوێندکارانی مەنهەجی سەلەف بوون، باوەڕیان بە بەشداری سیاسی هەبوو، بەشدارییەکی نا ئاشکراشیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ و هەڵبژاردنەکانی دوای ئەوە هەیە، شێخ ئەمین جەنابی رابەرایەتی دەکردن. سەرۆکایەتی (ئەنجومەنی سیاسی بەرگری عێراقی) یان بەدەستەوەیە، ئەندامی (هەڵمەتی جیهانی بەرەنگاری داگیرکاری) و ئەندامی (ئەنجومەنی زانایانی عێراق)ن. هەروەها بەشداری چەندین شەڕیان لە دژی قاعیدە

کردووەو رۆڵێکی سەرەکیان گێراوە لە دامەزراندنی ئەنجومەنی سەحوەکانی ناوچەکانی پشتێنەی بەغداو سەلاحەدین.

لە ناوچەکانی پشتێنەی بەغداد و باکوری بابل و پارێزگای سەلاحەدین چالاکبوون.

ئامانجەکانیان هێزە حکومیەکانی دەرەوەی پارێزگاکانیان و میلیشیا شیعەکان بوو، دژی پۆلیسی ناوخۆیی و موڵك ومالّی گشتی نەبوون، باوەڕیشیان بە تەقینەوەی هەڕەمەکی و کاری خۆکوژی و کوشتنی تائیفیانە نەبوو.

لەلایەن عەشیرەتەکانی جەنابیین و جبورو موشاهەدەو عوبەیدو قەرەغول و حمیرو دلێم و بەتەوە پشتیوانی دەکران.

**٢_ سوپای موجاهیدین:** ئەمە گرووپێکی سەلەفی جیهادی میانڕەوبوو، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ەوە دامەزراوە. باوەڕیان بە پرۆسەی سیاسی نیە و بەشداری دروستکردنی سەحوەکانیان نەکردووە. لەگەڵ چەکدارانی قاعیدە لە باشوری بەغداد و دیالە و کەرکوك بە شەڕ هاتوون، هاوکات لەگەڵ گرووپە میانرەوەکانی تر هەمئاهەنگییان هەبوو. ژمارەیەك خوێندکاری زانستە شەرعیەکانی مەنهەجی سەلەف رابەرایەتیان دەکردن، لەسەروی هەموشیانەوە شێخ محەمەد حەردان عیساوی.

لە ناوچەکانی باشوری فەلوجە و باکوری بەغداد و دیالە چالاکبوون. ئامانجەکانی ئەم گرووپە بریتی بوو لە هێزەکانی عێراق و ئەو میلیشیا شیعیانەی کە دەهاتنە ناوچەکانیانەوە، پەلاماری پۆلیس و موڵك و ماڵی گشتیان نەدەدا، باوەڕییان بە تەقینەوەی هەرەمەکی و کاری خۆکوژی و کوشتنی تائیفی نەبوو.

لەلایەن عەشیرەتەکانی (بوعیسا) لە فەلوجە و جبور و زەوبەع و شورتان و جەمیلەو بورکیبەوە پاڵپشتی دەکران.

٣- **گرووپی ئەنسارولسونە (دەستەی شەرعی):** ئەمانە گرووپێکی سەلەفی جیهادی میانڕەو بوون و لە گرووپی ئەنسارولئیسلامی تەکفیری توندڕەو جیابووبوونەوەو

ساڵی ۲۰۰۸خۆیان ڕاگەیاند. باوەڕیان بە بەشداری پرۆسەی سیاسی هەیە و بە نهێنی لە ساڵی ۲۰۰۸ەوە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن. یەکێکبوون لەو گرووپانەی کە بەشدارییان لە دروستکردنی سەحوەکان کرد بە تایبەتی لە سەلاحەدین و ناوەندی بەغدا، سەعدون قازی ڕابەرایەتی دەکردن و ئەندامی ئەنجومەنی سیاسی بەرگری عێراقین.

ئامانجەکانی ئەم گرووپە بریتی بوو لە هێزەکانی عێراق و ئەو میلیشیا شیعیانەی کە دەهاتنە ناوچەکانیانەوە، پەلاماری پۆلیس و موڵك و ماڵی گشتیان نەدەدا، باوەڕییان بە تەقینەوەی هەرەمەکی و کاری خۆکوژی و کوشتنی تائیفی نەبوو.

لە ناوچەکانی دیالەو ناوەندی بەغدا و تارمیە و مەدائین و یەسرب و زلّوعیە و بێجی چالاکیان هەبوو. لەلایەن عەشیرەتەکانی جبور و بوحشمە و بوعەجیل و عزەوە پاڵپشتی دەکران.

٤- **حەماسی عێراق:** ئەمانە گرووپێکی ئیخوانی میانڕەوبوون و بەهۆی ناکۆکییان لەسەر مەسەلەی سەحوەکان و بەشداری سیاسی، لە گرووپی ئیخوانی کەتیبەکانی شۆڕشی بیست جیابوونەوەو ساڵی ۲۰۰۷ خۆیان ڕاگەیاند. باوەڕیان بە بەشداری سیاسی هەیەو لە ساڵی ۲۰۰۷ەوە بەشداری پرۆسەی سیاسیان کردووەو یەکێکن لەو گرووپانەی کە بەشدارییان لە دروستکردنی سەحوەکاندا کردووە. هەروەها پشتگیری حزبی ئیسلامی عێراقی دەکات. لە ئەنجومەنی سیاسی بەرگری عێراق و ئەنجومەنی زانایانی عێراقدا ئەندامەو ڕابەرایەتی چالاکیەکانی جوڵانەوەی میللی سوننەکان دەکات لە عێراقدا. هەروەها لە هەوڵەکانی فریاکەوتنی ئیسلامی و کاری خێرخوازیدا زۆر بە چالاکی بەشداری دەکات. لە ناوچەکانی دیالەو ئەنبار چەندین شەڕی لە دژی قاعیدە کردووە. چەند ئەفسەرێکی پێشوی دەزگای ئەمنی عێراق کە هەڵگری مەنهەجی ئیخوانین بەڕێوەی دەبەن و شێخ محەمەد عەیاش کوبەیسی سەرپەرشتیان

دەكات. ئامانجەكانی ئەم گرووپە بریتی بوو لە هێزەكانی عێراق و ئەو میلیشیا شیعیانەی كە دەهاتنە ناوچەكانیانەوە، پەلاماری پۆلیس و موڵك و ماڵی گشتیان نەدەدا، باوەڕییان بە تەقینەوەی هەڕەمەكی و كاری خۆكوژی و كوشتنی تائیفی نەبوو.

لەناوچەكانی دیالەو فەلوجە چالاكیان هەبوو، لەلایەن عەشیرەتەكانی بوعیسەو مەجمەع و عزەوە پاڵپشتی دەكران.

٥- **كۆمەڵەی ئیسلامی موقاوەمەی عێراقی(جامع):** ئەمانە گرووپێكی ئیخوانی میانرەو بوون، لە ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراون. هەموو سەركردەكانی لە ئەفسەرانی سوپای پێشوبوون، عەمید (مەجید زوبەیدی) سەركردایەتیان دەكات و (شێخ محەمەد ئەحمەد راشد)یش وەك رابەری شەرعی خۆیان تەماشا دەكەن. باوەڕیان بە كاری سیاسی هەیەو پشتگیری ئاراستەی سیاسی تاریق هاشمی دەكەن. بەشداریشیان لە دروستكردنی سەحوەكاندا كردووەو چەندین شەڕیان لەگەڵ رێكخراوی قاعیدەدا كردووە. ئەندامی ئەنجومەنی سیاسی بەرگری عێراقین و لەگەڵ گرووپە میانڕەوەكانی تر بە تایبەتی لەگەڵ حەماسی عێراق، هەمئاهەنگی دەكات.

ئامانجەكانی ئەم گرووپەش هەروەك ئەوانی تر بریتی بوو لە هێزەكانی عێراق و ئەو میلیشیا شیعیانەی كە دەهاتنە ناوچەكانیانەوە، پەلاماری پۆلیس و موڵك و ماڵی گشتیان نەدەدا، باوەڕییان بە تەقینەوەی هەرەمەكی و كاری خۆكوژی و كوشتنی تائیفی نەبوو.

لە ناوچەكانی دیالە و پشتێنەی بەغدا چالاكیان هەبوو، لەلایەن عەشیرەتەكانی جبورو دلێم و مەجمەع و عزەوە پاڵپشتی دەكران.

٦- **گرووپەكانی تەخویل (شێخ حارس زاری):** ئەمانە گرووپگەلێكی ئیخوانی جیهادی میانڕەوبوون، لە بەرەی (جیهادو گۆرانكاری) و عەسائیبی عێراقی جیهادی و سوپای

موجاهیدانی مورابتین و سوپای ئیمام ئەحمەدی کوری حەنبەل پێکدەهات. لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە خۆیان ڕاگەیاندووە و حارس زاری سەرۆکایەتیان دەکات( لە ساڵی ٢٠١٥ لە تورکیا مرد). باوەڕیان بە کاری سیاسی نیەو سەرۆکایەتی (دەستەی زانایانی موسڵمان)دەکەن. لەساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا بەشداری هیچ پرۆسەیەکی سیاسیان نەکردووە. زۆربەی سەرکردەکانیان پێکدێت لە زانایانی ئاینی و ئەفسەرانی پێشوو ئەوانەی کە هەڵگری بیری ئیخوانین.

بەشداری و هەمئاهەنگی چالاکیەکانی جوڵانەوەی میللی سوننەکان دەکەن و لەگەڵ چەکدارانی سوپای نەقشبەندی لە ناوچەی ئەنبار چالاکیان هەیەو سەرکردایەتی ئەنجومەنی سەبازی شۆرشگێرانی عێراق دەکەن.ئامانجەکانی ئەم گرووپەش هەروەك ئەوانی تر بریتی بوو لە هێزەکانی عێراق و ئەو میلیشیا شیعیانەی کە دەهاتنە ناوچەکانیانەوە، پەلاماری پۆلیس و موڵك و ماڵی گشتیان نەدەدا، باوەڕییان بە تەقینەوەی هەرەمەکی و کاری خۆکوژی و کوشتنی تائیفی نەبوو، بەڵام لە شەڕەکانی ئەم دواییەی ئەنبار پەلاماری بارەگاو بنکەی هێزەکانی عێراقیان دا.

لە ناوچەکانی دیالە و باکور و رۆژئاوای بەغدا چالاکن و لەلایەن عەشیرەتەکانی زەوبەع و دلێم و جەمیلەو بەنی زەید و مەجمەع و موشاهەدە پاڵپشتی دەکرێن.

**٨_ سوپای پیاوانی نەقشبەندی**: ئەمانە گرووپێکی جیهادی سۆفی بەعسی میانڕەون و ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراون. هەڵوێستەکانیان سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی دژ بەیەکە، بەجۆرێك بە ئاشکرا باوەڕیان بە پرۆسەکە نیە و لەژێریشەوە پشتگیری لیستەکانی عەلاوی و موتڵەگ و کەربولی دەکەن. هەروەها دەربارەی سەحوەکانیش هەڵوێستەکانیان بە هەمان شێوە دژ بەیەکە. شێخ (رافع رافعی) وەك موفتی شەرعی خۆیان تەماشادەکەن و لەلایەن باڵی حزبی بەعسی سەر بە(عیزەت دوری)یشەوە رابەرایەتی دەکرێن. نوسینگە تایبەتەکانی (موفتی دیاری عێراقی) بەڕێوەدەبەن و

سەرپەرشتی چەکدارانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان دەکەن. لەگەڵ گرووپەکانی حارس زاری هەمئاهەنگیان هەیەو ئەنجومەنی سەربازی گشتی شۆڕشگێرانی عێراق بەڕێوەدەبەن.

ئامانجەکانی ئەم گرووپە بریتی بوو لە هێزەکانی عێراق و ئەو میلیشیا شیعیانەی کە دەهاتنە ناوچەکانیانەوە، پەلاماری پۆلیس و موڵك و ماڵی گشتیان نەدەدا، باوەڕییان بە تەقینەوەی هەرەمەکی و کاری خۆکوژی و کوشتنی تائیفی نەبوو، بەڵام لە شەڕەکانی ئەم دواییەی ئەنبار پەلاماری بارەگاو بنکەی هێزەکانی عێراقیان دا.

لە ناوچەکانی کەرکوك و ئەنبارو سەلاحەدین چالاکیان هەیەو لەلایەن عەشیرەتەکانی سەوامرەو دلێم و جەمیلە و جبور و موشاهەدەوە پاڵپشتی دەکرێن.

## دووەم: گفتوگۆکانی حکومەت لەگەڵ گرووپە سوننیەکان

(نوسەر لەم بەشەدا نوسینەکانی تایبەتە بە ناوچەی ئەنبار و هی ئەوکاتەیە کە هێشتا داعش نەهاتۆتە موسڵ و بە تەنها شاری فەلوجەی بە دەستەوەیە، هەربۆیە نوسەر چەند پێشنیارێکی بۆ حکومەت و سوپای عێراق و سەحوەکان کردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخەو چەند ناوێکی خستۆتە روو بۆ ئەوەی حکومەت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، بۆیە بەبڕوای من ئەو بەشە هیچ سودێکی بۆ خوێنەری کوردی نیە هەربۆیە وەرمنەگێڕاوە. دواتریش رووداوەکانی عێراق هێندە بە خێرایی گۆرانکاری تیایا روویدا، نەك فەلوجە بەڵکو موسڵ و تکریت و دەیان شاروشارۆچکەی تریش کەوتنە دەست داعش. و/کوردی)

## سێیەم/ هێزەکانی سەحوەی گرووپە سوننیەکان

دروستکردنی سەحوەکان وەڵامی چەکداری هێزە سوننیەکان بوو دژی چەکدارانی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق، ئەمانەش هێزێکی نیمچە سەربازی بوون، کە لە کاتی ئاشتیدا کاری کۆکردنەوەی زانیاری و پاراستنی کۆمەڵگا و لە کاتی شەڕیشدا کاری ئەمنی و سەربازییان ئەنجام دەدا. بەشێکی زۆری سەرکردەکانی لە بەڕێوەبردنی هێزەکاندا کەم ئەزموون و لە بواری مەشق و ڕاهێنان و ئەنجامدانی پرۆسەکان و کاری هەواڵگری و لۆجستیدا، لاواز بوون.

تاوەکو ئێستاش پرۆسەی سەرفکردن و دابەشکردنی پارە لە ناو هێزەکانی سەحوەدا گەندەڵییەکی سەرنجراکێشی تیادا بەدیدەکرێت.

## هێزەکانی سەحوە دابەش دەبن بۆ سێ بەش:

**یەکەم/ ڕۆڵەی خێڵەکان (سەحوە کۆنەکەی خێڵەکان)**: ئەمانە تایبەت بوون بە پارێزگای ئەنبار و لەلایەن ئەو خێڵانەوە دروستکران کە ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵ و ئەندامانیان لەلایەن چەکدارانی قاعیدەوە بە تۆمەتی هاوکاریکردنی هێزەکانی ئەمریکا کوژران یاخود ڕفێنران و دواتر بە پارە ئازادکران. وەك (کەتیبەکانی حەمزە)، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا، ئەمە ڕێکخستنێکی خێڵەکی خێڵی بومحەل بوو لە ڕۆژئاوای ڕومادی و لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پاڵپشتی دەکران. لە ناوەراستی ساڵی ٢٠٠٦یش ڕێکخراوی (شۆڕشگێرانی ئەنبار) بە سەرکردایەتی ( شێخ جەبار فەهداوی، حەماد تەگتاکی، تاهیر سەبار، شەعلان نوری، حەمید هایس، محەمەد عەلی سلێمان) لە ناوچەکانی جەزیرەو شامیەو ناوەندی ڕومادی، دامەزرا.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧، (شێخ عەبدولستار ئەبو ریشە) هەموو گرووپە ڕاپەڕیوەکانی دژی قاعیدەی لەناو (ئەنجومەنی سەحوەی ئەنبار) یەکخست و تەواوی زەوییە

داگیرکراوەکانی ئەو پارێزگایەی لە دەستی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی سەندەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ ژمارەی چەکدارانی ئەم ئەنجومەنە ١٠٠ هەزار کەسبوو. سوپای ئەمریکا مانگانە ٣٠٠دۆلاری بە هەرچەکدارێك دەبەخشی کە کۆی پارەکە لە مانگێکدا دەیکردە ٣٠ ملیۆن دۆلار.

دروستکردنی سەحوەکان بیرۆکەی ژەنەراڵ (دەیڤید پاتریۆس)ی فەرماندەی هێزە ئەمریکیەکان بوو لە عێراق، کە ئەویش بەو ئامانجە هاتبووە شوێنی فەرماندەی پێشوتری ئەمریکا تاوەکو وڵاتەکەی لەو زۆنگاوە رزگاربکات کە لەعێراقدا تێیکەوتوەو دواتریش بەهۆی سەرکەوتنەکانیەوە لە ئەفغانستان کرا بە فەرماندەی هێزەکانی (ئیساف). لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١یش هەموو چەکدارەکانی ئەم ئەنجومەنە لەناو دەزگا ئەمنی و مەدەنیەکاندا جێگەیان کرایەوە !!.

ئەم سەحوە کۆنە چەندین سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە گرنگترینیان دەرکردنی چەکدارانی رێکخراوی قاعیدەبوو. دواتریش ئەم سەحوەیە لە رێگای (کۆنگرەی سەحوەی عێراق)ەوە دەستیانکرد بە کاری سیاسی و لەساڵی ٢٠٠٨ەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن. یەکێکی تریش لە سەرکەوتنەکانی چەکدارانی ئەم رێکخراوە لەناوخۆدا ئەوەبوو کە هاوشانی یەکتری دەجەنگان و هیچ ناکۆییەك یاخود رووبەڕووبونەوەیەکی سەربازی کە شایانی باس بێت لە نێوانیاندا روویندەدا.

لە گرنگترین خاڵە سەلبییەکانی ئەم سەحوە کۆنەش پشتگوێخستنی مەلەف هەمئاهەنگی بوو لەگەڵ هێزە ئەمنیەکانی عێراق و زیادەرۆیکردن بوو لە رشتنی خوێندا بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی، هاوکات دەستیشیان نەکرد بە بنەبرکردنی یەکجارەکی شانە نوستووەکانی قاعیدە لە ئەنبار. هەروەها یەکێك لە سەلبیاتەکانی تری ئەم سەحوەیە ئەو گەندەڵیە داراییە گەورەییە بوو کە بەدەستیەوە دەیناڵاند، ئەمە جگە لەوەی بە بیانوی پاراستنی بەرژەوەندی و

پرۆژەکانیان، بەزەبری چەك و هێز پارەی لە بەڵێندەران و سەرمایەداران وەردەگرت. لەلایەکی ترەوە رێکخراوی قاعیدەش توانی ئەندامەکانی خۆی لەناویاندا بچێنێت، دواجار هەر بەهۆی ئەوەشەوە (ئەبو ریشە)ی سەرکردەی رێکخراوەکە کوژرا.

دووەم/ **رۆڵەی خێڵەکان (سەحوەی تازەی خێڵەکان):** لە ناوەراستی ساڵی ٢٠١٣و بەهۆی تێکچونی بارودۆخی ئەمنی، لیژنەی جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئاشتەوایی نیشتیمانی بە هاوکاری لەگەڵ فەرمانگەی چەك داماڵین و سەرکردایەتی هێزەکانی وشکانی و دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی، (سەحوەی تازە) یان دامەزراند. ئەم سەحوەیە لە رۆژهەلاتی ئەنبار بە سەرکردایەتی (شێخ ویسام حەردان) و ٢٠٠٠ چەکدار، لە رۆژئاوای فەلوجە بە سەرکردایەتی (شێخ محەمەد هایس) و ١٨٠٠ چەکدار، لە رۆژئاوای رومادی بە سەرکردایەتی (نەعیم گعود) و ١٢٠٠ چەکدار، دواتریش پاش تێکچونی دۆخی ئەنبار لە تەواوی باکووری پشتێنەی بەغدا بە سەرکردایەتی شێخ سامر تەمیمی (ئەبو عەزام) و١٠٠٠٠ چەکدار، دروستکرا. هەموو چەکدارەکانی ئەم سەحوە مانگانە وەك خانەشینی ٦٠٠ هەزار دیناریان وەردەگرت. کەچی لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە بۆی دروستکرابوو شکستیان هێناو لە تەواوی رووبەڕووبونەوەکانی داعش لەبەرەکانی پشتێنەی بەغداو ئەنباردا، تێکشکان.

لە خاڵە سەلبیەکانی ئەم سەحوەیەش ئەوەبوو کە هێزەکانی نارێکخراو و بێ سەروبەرەبوو، لەگەڵ هێزە نیزامیەکانیشدا ئەرکەکانی تێکەڵاو دەکرد و هیچ بنەمایەکی ئیداری و سەرکردایەتیش لەنێو سەرکردەکانیدا نەبوو.

بەهۆی فشاری راگەیاندن و سیاسی جوڵانەوەی میللی و سوننی لەسەر حکومەت و هەروەها بەهۆی دژیەکی هەڵوێستەکانی سەرکردەکانی ئەم سەحوە تازەیەش لەناو کۆمەڵگا و پەیوەندییان بە حکومەتەوە، هەروەها بەهۆی هاوسنوری ئەنبار لەگەڵ وڵاتێکی نا ئارامی وەك سوریا، دروستکردنی هێزێکی نیمچە سەربازی وەك

موجازەفەیەك وەهابوو، بە تایبەتیش دوای چالاکتربوونی داعش لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٤ لە ئەنبار، هەربۆیە لە ئەنجامدا هەموو چەك و ئۆتۆمبیلەکانی ئەم سەحوەیە کەوتە دەست داعش.

سێیەم/ **سەحوەی گرووپە (سەلەفی و ئیخوانی و بەعسیەکان):** دروستبونی ئەم سەحوەیە بەهۆی ئەو شەڕو پرۆسەی تیرۆرکردن و رووداوە خوێنیانەوەبوو کە لەنێوان ئەو گرووپانەو رێکخراوی قاعیدەدا روویدا. ئەمەش ئەوکاتە بوو کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ ، زەرقاوی ئەنجومەنی شورای موجاهیدینی دروستکردو داوای لە هەموو گرووپە ئیسلامیەکان کرد پەیوەندیی پێوەبکەن، کاتێکیش لەلایەن رێکخراوە سەلەفیەکانی وەك (ئەنساروئیسلام و سوپای ئیسلامی و سوپای موجاهیدین و سوپای فاتحین و کەتیبەکانی ئەبو بەکری سدیق) و کەتیبە ئیخوانیەکانی وەك (کەتیبەکانی شۆرشی بیست و جامع) ئەو داوایە رەتکرایەوە ، لەنێوان چەکدارەکانی ئەو گرووپانە و چەکدارانی قاعیدە بە تایبەت لە پشتێنەی بەغدا و چەند ناوچەیەکی ئەنبار و دیالە، مشتومر و دوژمنایەتی نێوانیان زیاتربوو، کە هەندێکجاریش گەیشتە حاڵەتی لە یەکتر کوشتن و دواتر لە رێگای دادگا شەرعیەکانی خۆیانەوە یاخود بە پێدانی پارە کێشەو کوشتنەکان چارەسەر دەکران، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ کاتێك ئەبو عومەر بەغدادی دەوڵەتی ئیسلامی عێراقی راگەیاند و خۆی کرد بە ئەمیر و پێویستبوونی بەیعەتپێدانی بە هەموو ئەوانەی کە چەکیان هەڵگرتووەو باوەڕیان بە جیهاد هەیە سەلماند، ناکۆکییەکان توندتر بوون.

ئەم گۆرانکارییە کتوپڕە وەهای کرد سەرکردەکانی دەستە شەرعیەکان لە حەجی ساڵی ٢٠٠٧ کۆببنەوەو بزانن فەتوای زانایانی سەلەفیەتی جیهادی دەربارەی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق چییە بەوەی ئایا بەیعەت بەو دەوڵەتە بدەن یاخود شەڕی لەگەڵدا بکەن؟ هەربۆیە بەهۆی شێخ (وەلید رەشودی)یەوە چاویان بە شێخ (ناسر عومەر) کەوت و فەتوای ئەوەی بۆدان کە شەڕکردنی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی رەوایە.

راستەوخۆ دوای حەجیش، (قاسم زوغەیر راوی)ی بازرگان لە ولآتی ئوردون لەگەڵ (فەرحان خەلیفاوی) سەرکردەی سوپای ئیسلامی و (حاتم مدب فلاحی)ی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی سوپای موجاهیدین و (مەهدی کوبەیسی) سەرکردەی کەتیبەکانی شۆرشی بیست و ژمارەیەك نوێنەری تری گرووپەکان، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ نوێنەرە ئەمریکییەکان سازکرد.

لە کۆبونەوەکەدا نوێنەری سوپای ئیسلامی ئەویش بە هاوکاری ئەمریکییەکان و بە مەرجی نهێنی مانەوەی ئەو بابەتە، بڕیاری شەڕکردنی لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی دا ، بەڵام سوپای موجاهیدین ئەو پرۆژەیان رەتکردەوە. هەرچەندە د.مەحمود مەشهەدانی و ئەبو عەزام تەمیمیش وەك ناوبژیکەرێك کەوتنە نێوانەوە بۆ ئازادکردنی شێخ (محەمەد حەردان عیساوی) ئەمیری گرووپی سوپای موجاهیدین و چەند سەرکردەیەکی ئەنسارولئیسلام لەنێویشیاندا (سەعدون قازی) ئەویش بە مەرجی پشتگیریکردنی سەحوەو شەڕکردنی دەوڵەتی ئیسلامی. زیندانیکراوان ئازادکران، بەڵام (عیساوی) پەیوەستی رێککەوتننامەکە نەبوو، سەعدون قازیش بەهۆی ئەو هەڵوێستەوە لەگەڵ د.محەمەد جبوری لە ئەنسارولئیسلام جیابوونەوەو رێکخراوی (ئەنسارولسونە_دەستەی شەرعی) یان دامەزراند.

لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٧، ژمارەیەك لە گرووپە چەکدارییەکانی تر باوەڕی خۆیان بە پرۆژەی سەحوە راگەیاند کە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە پشتگیری دەکرا. زۆربەی ئەو گرووپانەش لە پشتێنەی بەغدا و پارێزگا نائارامەکانی تردا بوون جگە لەپارێزگای ئەنبار، کە سەحوەی خێڵەکانی تیادابوو.

**لەگرنگترین ئەو سەحوانەش:**

-**سەحوەی ئەبوغرێب/** سەرکردەکەی: ئەبو عەزام تەمیمی، لەسوپای ئیسلامی جیابووبوویەوە.

-**سەحوەی عامریە**/ سەرکردەکەی: سەعد عورێبی (ئەبو عەبد) ، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی غەزالیە**/ سەرکردەکەی: شوجاع ئەعزەمی، ئەنسارولسونە_دەستەی شەرعی.

-**سەحوەی رەزوانیە**/ سەرکردەکەی: کەریم ئیسماعیل زەوبەعی (ئەبو مەعروف) لە کەتیبەکانی سوپای بیست جیابووبوویەوە.

-**سەحوەی فەزڵ**/ سەرکردەکەی: عادل مەشهەدانی بوو، حزبی بەعس_باڵی عیزەت دوری بوو.

-**سەحوەی ئەعزەمیە**/ سەرکردەکەی: فاروق عوبەیدی، حزبی بەعس_باڵی عیزەت دوری بوو.

-**سەحوەی خەزراو عامریە**/ سەرکردەکەی :سالم فەلاحی، حەماسی عێراق .

-**سەحوەی جسری دیالە**/ سەرکردەکەی: کەریم حیاوی جبوری، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی مەدائن/** سەرکردەکەی: حەسەن تورکی شەمەری، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی هۆڕ رەجەب/** سەرکردەکەی: مەحمود شاکر حەسون، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی ناحیەی رەشید/** سەرکردەکەی: حەسەن خوزەیەر عەباس، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی مەحمودیە/** سەرکردەکەی: **هەیسەم جەبار**، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی رەزوانیە/**سەرکردەکەی: عیماد حەلبوسی، لە سوپای موجاهیدین جیابووبوویەوە.

-**سەحوەی جورفولسەخەر/** سەرکردەکەی: عەبدوڵا فەیحان، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی تارمیە**/ سەرکردەکەی: قەحتان زەیدان، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی تاجی**/ سەرکردەکەی: نازم کەریم، ئەنسارولسونە.

-**سەحوەی موشاهەدە**/ سەرکردەکەی: یاسین حەلبوسی، ئەنسارولسونە.

-**سەحوەی سەلاحەدین**/ سەرکردەکەی: سەباح شەمەری، ئەنسارولسونە.

-**سەحوەی زڵوعیە/** سەرکردەکەی: مەلا نازم جبوری، لە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی جیابووبوویەوە.

-**سەحوەی ئیسحاقی**/ سەرکردەکەی: خالد عوبێد، ئەنسارولسونە.

-**سەحوەی بێجی**/ سەرکردەکەی: نەشمی دەلف فەدعم، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی حەویجە**/ سەرکردەکەی:خەڵەف ئیبراهیم جبوری، سوپای ئیسلامی.

-**سەحوەی باقوبە**/ سەرکردەکەی:حیسام مەجمەعی، سوپای موجاهیدین.

-**سەحوەی بوهروز/** سەرکردەکەی: سامر ئیبراهیم، لە سوپای موجاهیدین جیابووبوویەوە.

-**سەحوەی گاتۆن و تەحریر/** سەرکردەکەی: حاجی عودەی حەمەد سوڵتان، حەماسی عێراق.

-**سەحوەی بەزایز بوهروز/** سەرکردەکەی: خالید خوزەیەر لهێبی، لە سوپای موجاهیدین جیابووبوویەوە.

لە جەنگەکانی پشتێنەی بەغدا و بوهروز و ئیسحاقی و زڵوعیە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٧دا، زیانەکانی هەردوولا (سەحوەکان و قاعیدە) زۆر گەورەبوو، بەڵام زیانەکانی قاعیدە بەهۆی زۆری بەرەی شەڕەکان و نەیارە جیاوازەکانیانەوە زۆر زیاتربوو!.

هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠١١، سودێکی زۆریان لە سەحوەکان بینی، هەر بەهۆی ئەوانیشەوە توانیان بە سەرکەوتویی پاشەکشە بکەن. سیاسییە ئەمریکییەکان لەوە باش تێگەشتبوون کە ئارامی و ئاسایشی عێراق پەیوەستە بە تەجنیدکردنی چەکدارانی گرووپەکانی ترەوە لە دژی چەکدارانی

قاعیدەو داعش، زەمانەتی ئەو ئارامیەش بەهۆی پێدانی زانیارییە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ئەو گرووپانەوە بوو!.

لەلایەکی ترەوە یەکێکی تر لە هۆکاری سەرکەوتنەکان، هێرشی وردو تیرۆرکردنی سەرکردەکانی قاعیدە بوو بەر لە ساڵی ٢٠١١.

پەیوەندی نێوان هێزە عێراقییەکان و گرووپە چەکدارەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرەو لێژی هەنگاو دەنێت، چونکە گرووپە چەکدارە (سەلەف و ئیخوانی و بەعس)یەکان جارێکی تر ئەندامەکانیان سەر دەردەهێننەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری سوننەی عێراق هەست بە پەراوێزخستن و خراپی مامەڵەی تائیفیانە دەکەن لەگەڵیان، هەربۆیە پێویستە جۆرێك لە عەدالەتی نیشتیمانی بە تێروانینێکی عاقڵانە ئەنجامبدرێت و حکومەت پاڵپشتی ئابووری دەستپێبکاتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو چەکدارانە بگەرێنەوە سەحوە تایبەتیەکانی خۆیان، چونکە هەر بەتەنها ئەوان دەتوانن بەسەر داعش لە ئەنبار و تەواوی پارێزگاکانی دیکەدا زاڵبن وەکچۆن لە رابووردودا کردیان!!

(نوسەر دیارە ئەم بەشەی بەر لەهاتنی داعش نوسیوە، رووداوەکانی ئێستای عێراق سەلماندیان کە نوسەر پێشبینیەکەی راست دەرچووە. و/ کوردی)

# فەسڵی دووەم:

# ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی _ ٢٠١٠

## ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی_ ٢٠١٠

داعش درێژکراوەی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی عێراقە کە ئەبوعومەری بەغدادی لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ رایگەیاند. دواتر لە ١٩ی نیسانی ساڵی ٢٠١٠دا لە پرۆسەیەکی سەربازیدا هەریەکە لە ئەبوعومەری بەغدادی ئەمیرو حەمزە موهاجیری وەزیری جەنگی رێکخراوەکە کوژران. لە ماوەی کەمتر لە مانگێکیشدا (ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم بەدری سامەڕایی) کە ناسراوبوو بە ئەبوبەکری بەغدادی بەیعەتی پێدراو کرا بە ئەمیری رێکخراوەکە.

کاتێکیش ئەبوبەکری بەغدادی بڕیاریدا رێکخراوەکەی بباتە سوریا، سەرەتا ژمارەیەك نێرراوو بانگخوازی نارد، کە رۆڵو کاریگەریی زۆریان هەبوو لە ژیاندنەوەی حەماسەتو رۆحی جیهادو شەڕکردن لە دژی رژێمەکەی بەشار ئەسەد. هەر بۆیە چەندین شانەی نوستوویان دروست کرد کە لایەنگری رێکخراوەکە بوون. پێشەنگی ئەو کەسانەش کە نێردران هەر یەکە لە ئەبومحەمەدی جولانی (عەدنان حاجی عەلی)و ئەبوعەبدولعەزیز قەتەری (محەمەد یوسف فەلەستینی) بوون.

سەرەتای شەڕی ئەندامانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیش لەگەڵ سوپای سوریا لە رووداوە بەناوبانگەکەی سەر (پردی شغور)ەوە دەستیپێکرد کە دەستپێکی گواستنەوەی شۆرشی سورییەکان بوو لە شۆرشێکی ئاشتییانەوە بۆ شۆرشێکی چەکداری. ئەم رێکخراوە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوریایان بۆ خۆیان هەڵبژارد، کە ناوچەیەکی پارێزراوو هاوشێوەی جوگرافیای ناوچەکانی موسڵو ئەنباری عێراق بوو، هەر بۆیە هاوکارێکی باش بوو بۆ مانەوەو زاڵبوون بەسەریدا.

لەگەڵ تێپەرینی رۆژگاریشدا بوونی ئەندامانی ئەم رێکخراوەو رێکخراوە تەکفیرییەکانی تر هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ هەڵوەشانەوەی ریزەکانی سوپای سوریا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ هاوئاستی یەك تا دەهات رێژەی جیابووەکان لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی

ئەسەدو بەرەی ئیسلامیو بەرەی لیبرالّی زیاتر دەبوون، لەنێو ئەو جیابوانەشدا بەرەی نوسرەی ئیسلامی کە ئەبومحەمەدی جۆلانی سەرکردایەتیی دەکرد خۆی راگەیاند.

ئەبوبەکری بەغدادیش وەك وەلاّمێك بۆ راگەیاندنەکەی جۆلانیو هەلّگەرانەوەیەك لە رێکخراوی قاعیدە کە لە لایەن زەواهیرییەوە رابەرایەتی دەکرا، لە ٨ی نیسانی سالّی ٢٠١٣، هاوپەیمانێتیی (دەولّەتی ئیسلامی لە عێراقو شام "داعش")ی راگەیاند.

لەو کاتەوە تا ئێستا داعشو لایەنگرەکانی کار بۆ ئەم خالّە ستراتیژییانە دەکەن:

– وەرگرتنی بەیعەت بۆ بەغدادی لە هەموو ئەوانەی کە چەکیان لە دژی ئەسەد هەلّگرتوە لە بەرەی سوریادا.

– سەپاندنی نفوزی داعشو فراوانترکردنی لقەکانی لە جیهانی ئیسلامیدا، ئەمەش بە جۆرێك بەغدادی دەیویست لە زۆری ژمارەی لقەکانی رێکخراوەکەی هاوشێوەی لقەکانی قاعیدە، لاسایی ئوسامە بن لادن بکاتەوەو داعش بکاتە (دیاردەیەکی نێودەولّەتیو بزووتنەوەیەکی ئایینی کۆمەلاّیەتی).

– خۆژیاندن، ئەویش لە رێگای دەستگرتن بە سەر بیرە نەوتەکانی رۆژهەلاّتی سوریا، وەك بیرە نەوتەکانی (رقە_زەملە_تەبقە)و کێلّگەکانی نەوتی (سەورە_کۆنیکۆ_جفرە). هەروەها داعش دەستیشی گرت بە سەر کۆگاکانی گەنمو جۆو کەوتە لێسەندنی پارەش لە رۆژنامەنووسە بیانییەکانو بازرگانەکانو کۆمپانیاکانی گواستنەوەی تایبەت بە بەرهەمەکانی نەوت لە عێراقو سوریا، هاوکات دەستیشی کرد بە بازرگانیکردن بە شوێنەوارو چەکی قەدەغەکراوی نێودەولّەتی.

– بەغدادی پشتی بە ئەنجومەنی سەربازی دەبەست کە لە لایەن ئەفسەرە بە ئەزموونەکانی بواری سەربازیو مەیدانییەوە بەڕێوە دەبرا، ئەم ئەفسەرانەش بۆ هەلّوەشانەوەی هێزەکانی دوژمن، لە یەك کاتدا پلانی کردنەوەی چەند بەرەیەکی شەڕیان بەکار دەهێنا. ئەم ئەنجومەنە لە هەموو ویلایەتێکدا سەربازەکانیان دەکرد بە دوو بەشەوە، کەتیبەی پەلاماردەر بۆ شەڕی راستەوخۆ، ئەمەش ئەرکی پەلاماردانی

سەربازگەو ناوەندە ئەمنییەکانی لە ناو گوندو شارەکاندا لە ئەستۆ دەگرت. کەتیبەتی دوەمیش تایبەت بوو بەو شانە نوستوانەی کە دوای رزگارکردنی ناوچەکانیان لە لایەن کەتیبەی پەلاماردەرەوە، بواری ئەمنیو کارگێڕی ئەوناوچانەیان دەگرتە ئەستۆ.

ئەم ستراتیژییانەش وەهای کرد داعش ببێتە دەوڵەمەندترین رێکخراوی جیهادی تەکفیری لە مێژووی هاوچەرخو قیبلەی چەکدارە عەرەبو بیانییەکانی تر! !

ئەبوبەکری بەغدادی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤و لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕەکانی ئەنباردا، چەند گۆرانکارییەکی جەوهەری لە پەیکەرەی رێکخستنی داعش ئەنجام دا، بە جۆرێك نازناوی جێگری ئەمیری بەخشی بە هەموو والی ویلایەتەکانو بەبێ گەرانەوە بۆ خۆی دەسەلاتی تەواوەتی ئیجتیهادو کاری پێدان، هاوکات پشتیشی بەو ئەفسەرانەی ئەمنو سوپای رژێمی پێشوو بەست کە هاتبوونە ریزی داعشەوە. بە هۆی زۆربوونی توانای مادیی داعشیشەوە، ژمارەی ئەندامەکانی بۆ دوو هێندە زیادیکردو لە پرۆسە سەربازییەکانیشیدا لە بەرامبەر نەیارەکانی لە عێراقو شام بە تایبەتی لە ئەنبارو رۆژهەلاتی سوریا، بەرەو پێشەوە دەچوو.

دوای شکستەکەی حکومەتیش لە موسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، بەغدادی بۆ گەیشتن بە دەسەلاتو دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، هەمان مێژووی تالێبانی لە ئەفغانستان دووبارە کردەوە، بەوەی لە کاتی دەستگرتن بە سەر ناوچە سوننییەکانو پارێزگاریکردن لێی، دەسەلاتەکانی خۆی بەهێزتر کرد. تاوەکو ئێستاش بە زۆر بەیعەتی بەغدادی بە سەر خێڵو کەسایەتییە ئایینیو سیاسییە سوننییەکاندا نەسەپێنراوەو شەڕی گرووپە سوننییەکانی تری لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا نەکردوە. (داعش دواتر بەیعەتی لە خێڵو کەسایەتییە سوننییەکان وەرگرتو هەموو گرووپە چەکدارەکانی تریشی بردە ژێر چەتری خۆیەوە. و/کوردی)

ستراتیژیەتی لەم شێوەیەی داعش لەواقیعدا چەندین دەرئەنجامی لێکەوتۆتەوە:

١- هەرچەندە لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە بەرهەڵستییەکی توند دەکرێت، بەڵام داعش توانیویەتی قەناعەت بە زۆرینەی سوننەکان بکات بەوە کە خۆی تاکە هێزی دڵسۆزو فریادڕەسیانە، لەوەشدا سەرکەوتو بوە.

٢- هەروەها لە راکێشانی چەکدارانی عەرەبیو بیانی بۆ شەڕکردن لە عێراقدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لە کاتێکدا ئەو چەکدارانە کە لە ٢١ دەوڵەتی ئەفریقیو ئاسیاییو ئەوروپییەوە بۆ شەڕکردن هاتبوون بۆ سوریا.

٣- هەروەها لە بڕواهێنانی رای گشتی جیهانیدا سەرکەوتوو بوو بەوەی، لەسەر گۆڕەپانی سوننەکاندا لە پرۆسەکانی کوشتندا بە تەنها نیەو لایەنی تریش هەیە ئەو کارە ئەنجامدەدەن.

٤- داعش بە ئامانجی دروستکردنی کەشێکی دڵنیایی، لە نەینەوا هەموو ئازادییەکی بەخشی بە کەمە نەتەوەکانی تر!. (نووسەر ئەمەی لە سەرەتای هاتنی داعش نووسیوە، چونکە دواتر داعش مەسیحەکانی دەرکردو موڵكو ماڵی تالآنکردنو پەلاماری ئێزیدییەکانی داو ژن وکچەکانی کردنە سەبایا. و/ کوردی)

٥- جارێکی تر ئۆبامای هێنایەوە بۆ عێراقو مەسەلەی جیهادکردنی پیرۆزی لە دژی هاوپەیمانێتیی سەلیبی زیندوو کردەوە.

٦- وەهای کرد مالیکی بیر لە ویلایەتی سێهەمی دەسەڵاتەکەی بکاتەوەو لە ئاستی جیهانیو ئیقلیمیدا وێنەی ناشیرنتر کردو فرسەتی ئەوەی بەخشی بە سوننەکان کە ئیقلیمی خۆیان رابگەیەنن.

٧- شکۆی میلیشیا عێراقییەکانو هێزە نا نیزامییەکانی تری شکاند.

٨- ئێرانی راستەوخۆ هێنایەوە عێراق بۆ شەڕکردنی تائیفییانە لە دژی سوننەی عەرەب.

**تۆڕەکانی داعش لە عێراق:**

بە نیسبەت ئەو کەسانەی چاودێریی جموجوڵی تۆڕەکانی داعشیان لە عێراقدا کردبێت ئەوە شتێکی نهێنی نییە لەلایان، کە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق لە ئاراستەکردنو چاندنی ئەندامەکانی خۆی لە ناو ئەو تۆڕانەدا شکستیان هێناوە، تەنانەت بە پێچەوانەوە ئەندامانی داعش توانیویانە لە ناو دەزگا ئەمنیو هەواڵگرییەکاندا ئەندامەکانی خۆیان بچێنن!!.

هەر بۆیە ئەوە شتێکی سەیرە کاتێك دەزگا ئەمنیو هەواڵگرییەکانی عێراق هەفتانەو لە رێگای وتەبێژی رەسمیی خۆیانەوە باس لەوە بکەن، چەندین تۆری داعشیان دەستگیر کردوەو دەستیشیان گرتوە بە سەر چەكو تەقەمەنیو ئۆتۆمبیلو کۆمپیوتەرەکانیان و، پیشاندانی چەند دانپیانانێكو ئاشکراکردنی نەخشەو پلانە تیرۆرستییەکانیان بۆ لەناوبردنی کەسایەتییە ئیعلامیو سیاسیو ئەمنیو ئابوورییەکان، چونکە زۆربەی ئەو دانپیانانە دوورن لە راستییەوەو هیچ ناوەرۆکێکی ئەمنییان نییەو دەتوانرێت وەك شانۆگەرییەك و خەیاڵێك وەسف بکرێن. دواتر دادگاش بە هۆی نەبوونی بەڵگەی پێویستو درۆی هەواڵدەرە نهێنییەکانەوە، زۆربەی تۆمەتبارەکان ئازاد دەکات، ژمارەیەکی کەم هەیە لەو پرۆسەی لێکۆڵینەوانە کە راستیان تیادایەو دەبنە هۆی هەڵوەشانەوەو دەستگیرکردنی تۆرەکانی قاعیدە، لە نموونەی ئەو پرۆسانەش پرۆسەکانی هەواڵگریی پۆلیسی ئیتیحادیو هەواڵگریی نیشتیمانیی عێراقییە.

ئەوانەی چاودێریی تۆرەکانی داعش دەکەن ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت، ئەو تۆرانە لە تەواوی پارێزگاکانی عێراقدا پێکەوە بەستراونو هەماهەنگیی یەکتری دەکەن، تەنانەت ئەو پەیوەندیو هەماهەنگییانە لە نێوان ویلایەتە گەرمەکانی وەك موسڵو سەلاحەدینو بەغدادو دیالەو کەرکوك رۆژانەیەو لەگەڵ ویلایەتی باشووردا کە لای داعش گرنگییەکی زۆری هەیە مانگانەیە. لە سوریاش رۆژانە لە رێگای پۆستەچی ویلایەتەکانو دواتریش رێکخەری ویلایەتەکانو تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندیو هەماهەنگییان هەیە.

لەراستیشدا هەمیشە ئەو تۆرانە بە هەنگاوێك لە پێش دەزگا ئەمنییەکانی عێراقەوەن‌و دەستپێشخەری لای ئەوانە. دەزگا هەواڵگرییەکان بە دەست گرفتی پرۆسەی دەستپێشخەریی لە دژی ئەو تۆرانە دەناڵێنن‌و هەمیشە لە دۆخی بەرگریی‌و هێدمەدان (صدمە)، تۆرەکانی داعشیش خاوەن موبادەرەو دەستپێشخەری ئەنجامدانی کارە تیرۆرستییەکانیانن بەرلەوەی دەزگا ئەمنییەکان هەستیان پێ بکەن یاخود پێشبینیی رووداني بکەن.

بە شێوەیەکی گشتیش تۆرەکانی داعش لە رووی ناوەرۆکی فیکرییەوە لەگەڵ تۆرەکانی قاعیدەدا هیچ جیاوازییەکییان نییە، چونکە لە لای هەر دووکیان چوار جۆرن:

١- **جۆری نووسەرو بیرمەندان:** ئەمانە بە زۆری لە ناو ئەنجومەنی شووراکان‌و دەستە شەرعییەکان‌و دادوەری‌و لیژنەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی‌و تاوانەکاندا هەبوون، لە نموونەی قازیی زەریر عەلی جبوری‌و شێخ ئەبوعەبدولرەحمانی عێراقی‌و شێخ عەبدولستار جەنابی.

٢- **جۆری بانگخوازان‌و بڵاوکەرەوەکان:** ئەمانەش بریتی بوون لە مەلاو زانای ئایینی‌و خوێندکارانی شەرعیی رێبازی فیکری تەکفیری قوتبی، ئەوانەی کە پلەیەك لە خوارووی نووسەرو بیرمەندانەوە بوون. بەزۆری لەو ناوچانەی کە خەڵکی تێدا ئامادە دەکراو لە ناو پێگە ئەلیکترۆنییەکان‌و تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامادەییان هەبوو. ژمارەیەکیشیان راستەوخۆ لە مەیدانەکانی جەنگدا لەگەڵ چەکدارەکانی داعشدا بوون لە نموونەی ئەبومحەمەدی عەدنانی.

٣- **جۆری ئیمانداران:** ئەم جۆرەش بە زۆری لە ریزی یەکەمی سەرکردە سەربازی‌و ئیداری‌و دارایی‌و ئەمنییەکاندا ئامادەییان هەبوو، ئەمانیش دوو بەش بوون، یەکەمیان هەر لە بنەرەتەوە ئیمانیان بە فیکری تەکفیری هەبوو، لە نموونەی رەزوان حەمدان‌و سائر خالیدی‌و سەید موشتاق‌و بەدران شەعبانی‌و عەوف عیفری، دوەمیشیان ئەو بەعسییانە بوون کە تۆبەیان کردبوو و فیکریشیان گۆرابوو بۆ فیکرێکی تەکفیرییانە،

له نموونه‌ی ئه‌مانه‌ش ئه‌بو عه‌بدولره‌حمان بیلاوی‌و ئه‌بو موسلیم تورکمانی‌و ئه‌بو موهه‌ندیس سویه‌داوی.

٤- **جۆری شوێنه‌که‌وتوان:** ئه‌م جۆره‌ش به زۆری ئه‌و که‌سانه‌ی ده‌گرته‌وه، که باوه‌ڕیان به فیکری ته‌کفیری نه‌بوو، به‌ڵکو به هۆی حه‌ماسه‌ت یان عاتیفه یان به هۆی نه‌زانینه‌وه دوای داعش که‌وتبوون.

هه‌موو ئه‌مانه په‌یکه‌ره‌ی ڕێکخستنی داعشیان دروست ده‌کردو هه‌ر ئه‌مه‌ش هۆکاری بالاده‌ستی تۆره‌کانی داعش بوو به سه‌ر ده‌زگا ئه‌منییه‌کانی عێراق دا. بڕواشم وه‌هایه هۆکاری سه‌ره‌کیی ئه‌و سه‌رکه‌وتنه مانه‌وه‌و په‌نابردنی ده‌زگا ئه‌منییه‌کان بوو بۆ هه‌مان شێوازو ئامرازی کلاسیکیی کۆن له کارکردندا، که وای ده‌کرد زۆر به ئاسانی ئه‌ندامانی داعش دزه بکه‌نه ناو ئه‌و ده‌زگایانه‌و بزانن هه‌نگاوه‌کانی کارکردن له‌و ده‌زگایانه چۆن چۆنییه.

پێویسته له سه‌ر ده‌زگا ئه‌منی‌و هه‌واڵگرییه‌کان له سێ لایه‌نه‌وه دیراسه‌ی تۆڕه‌کانی داعش بکه‌ن:

یه‌که‌م/ ئه‌و فیکره‌ی ئه‌و تۆڕانه‌ی له سه‌ر دروست کراون، که ئه‌ویش فیکرێکی تێکه‌ڵاوه له (سه‌له‌فیه‌تی جیهادی_ئیخوانی قوتبی)، به‌رهه‌مهێنه‌ری توندڕه‌وی‌و ته‌کفیرو تیرۆره له ناوچه‌که‌و جیهان دا، دواجار ئه‌مه‌ش به مانای ئه‌وه دێت، که هه‌موو ئه‌و تۆڕانه یه‌کێتییه‌کی فیکری له ناویاندا هه‌یه.

دووه‌م/ دیراسه‌کردنی بزووتنه‌وه ئایینییه (سه‌له‌ڤی‌و ئیخوانی‌و سۆڤی)یه‌کان له ناو عێراق‌و ده‌ره‌وه‌ی عێراق، له سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه‌ش ده‌زگا ئه‌منی‌و هه‌واڵگرییه‌کان ده‌توانن وێنای دیمه‌نه‌که بکه‌ن‌و له‌و تۆڕانه تێ بگه‌ن که چۆن کارده‌که‌ن‌و به‌ره‌وکوێش هه‌نگاو ده‌نێن، به‌م جۆره ئه‌و ده‌زگایانه ده‌توانن ده‌ستپێشخه‌ری بکه‌ن‌و به‌ر له ئه‌نجامدانیان ڕێگا له پلانه تیرۆرستییه‌کان بگرن.

سێیەم/ دیراسەکردنی چۆنییەتیی مامەڵەکردن‌و هاوکاریکردنی ئەمنی‌و هەواڵگریی لەگەڵ گرووپە (سەلەفییە ئیخوان)ییەکاندا بۆ شەڕی مەیدانی چەکدارانی داعش‌و کارکردن بۆ چاندنی ئەندامەکانی دەزگا ئەمنییەکان لە ناو ڕێکخستن‌و تۆڕو شانەکانی ئەو گرووپانە جا چ لە ناوەوەی عێراق بێت یاخود لە دەرەوە.

## بژاردەکانی بەردەم سوننەی عێراق

لە نێوان ئامانجەکانی گرووپە سوننییەکان‌و ستراتیژییەتی داعش لە عێراقدا دژەیەکییەکی گەورە هەیە، کە دواجار لە ناوچەکانی نفوزی خۆیان دا بە پێکدادانی هەردوو لا کۆتایی دێت. ئەو بەڵێنانەشی کە داعش بە جەماوەری سوننەی دەدات هیچ ئارامییەک‌و هاوپەیمانێتییەکی بەردەوام دروست ناکات.

دوورخستنەوەی هێزەکانی حکومەت لە پارێزگا سوننییەکان‌و لاوازکردنی هاوپەیمانەکانی ئەو حکومەتەو کۆتاییهێنان بە کوشتن‌و دەستدرێژییەکانی هەندێك میلیشیا، هەموویان ئامانجی هاوبەشی زۆرینەی عەرەبە سوننەکانی عێراقن‌و شایانی دەستوەردانی وڵاتانی هەرێمایەتین بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام زۆرینەی سوننەکانی عێراق دژی ئەوەن خاکەکەیان ببێتە مەیدانی جەنگ‌و ململانێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە ! !.

ڕەنگە تاکە وانەیەك کە لە کەوتنی موسڵەوە وەرگیرابێت، دەرکردن‌و لابردنی سەرکردە ئەمنی‌و سەربازییە گەندەڵەکان بووبێت، لە دەرئەنجامی خراپیی ئەو کەوتنەش چالاککردن‌و دەرکەوتنەوەی گرووپە چەکدارە ناحکومییەکانە کە لەگەڵ هێزە نیزامییەکاندا هیچ گونجانێکیان نییە !.

دواتر هاتنه ناوەوەی ئێران لە عێراقدا بۆ شەڕی داعش پەیوەست دەبێت بە سێ گرفتی بنەرەتییەوە:

١- ئەوەی چاودێریی سیاسەتەکانی ئۆباما بکات لە عێراقدا دەربارەی شکستەکەی موسڵ، ئەوە دەزانێت کە پلانی داهاتووی ئۆباما بەشداریی راستەوخۆی سەربازییانەی وڵاتەکەی نییە، بەڵکو ناردنی تیمی راوێژکاریو مەشقکردنو راهێنانی سەربازیو ناردنی چەكو تەقەمەنییە بۆ عێراق. هاوکات بەکارهێنانی هێرشی ئاسمانییە لە ناوچەکانی باکوورو رۆژهەڵاتی عێراق بە جۆرێك کە ناهێڵێت داعش لەو شوێنانەدا هیچ پێگەیەکی ئارامیان هەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئۆباما زۆر بە هوشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەگەری کەوتنە دەستی ئەو چەکانە دەکات بە دەستی داعش یاخود هێزە نانیزامییەکانی وەك میلیشیاو خۆبەخشەکان، مادامەکیش ئێران بە هێزەکانی خۆیەوە بەشداریی کردووە، ئەوا بە ئاسانی عێراق چۆڵ ناکاتو لەوانەشە سەربازگەی هەمیشەیی دروست بکاتو هەمان ئەزموونی لوبنانی سەردەمی دەستوەردانی سورییەکان دووبارە بکاتەوە!!.

٢- هەروەها دەستوەردانەکانی ئێران دەبنە هۆی گەشەکردنی زیاتری شەڕی تائیفییانە، هەر وەك چۆن دەستوەردانی سەربازی رێگایەکی راستەوخۆ نییە بۆ چارەسەر، بەڵکو لە زیاترکردنی هێزێکی سەربازی بە رووخسارێکی تائیفییانەوە بۆ رێگەگرتن لە دەستگرتنی داعش بە سەر مەرقەدو شوێنە پیرۆزەکانی شیعە زیاتر هیچی تر نییە. سوننەکانی عێراقیش بوونی ئێران وەك هێرشێکی دژ بە مانەوەو پرۆسەیەك بۆ قرکردنیان تەماشا دەکەن، هەر بۆیە وایان لێ دەکات وەك هاوپەیمانێتییەکی چاوەڕواننەکراوو کاردانەوەیەك پەنا ببنەبەر داعش. هاوکات ناردنی هێز بۆ عێراق لە لایەن ئێرانەوە کارێکی هێند ئاسان نابێت، بە تایبەت ئابووریی ئێران بە هۆی شەڕەکانی بەشار ئەسەدەوە زۆری لە سەر کەوتووەو ئەمەش دەبێتە بارگرانییەکی تر.

٣- لەگەڵ ئەگەری سەرهەڵدانی فەوزاو تێکچوونی دۆخی عێراق بە هۆی بەشداریی ڕاستەوخۆی ئێران لە شەڕەکەو لێدوانە بەردەوامەکانی ئەو وڵاتە دەربارەی شەڕەکانی دژ بە داعش، دەبێت بە جیدی بیر لە دەرئەنجامەکانیشی بکرێتەوەو مەترسیی دوو بابەت بە هەند وەربگیرێت: یەکەمیان، ئەو کێشەی کە وا زۆرینەی سوننەکان خاوەنیین وا دەربکەوێت کە گرووپە جیهادییەکان پارێزەرو خاوەنی ئەو مەسەلەیەن، دوەمیشیان، لە ئەگەری شکستهێنانی هێزەکانی ئێران لە بەرامبەر داعش وەها بکات شەڕەکە ببێتە شەڕی نێوان دوو دەوڵەت.

داعش لەو کاتانەی کە سوننەکان مشتومری مەسەلەکانی ناسنامەو ئارامیو سیاسەت لە ڕوانگەی سوننەو شیعەوە دەکەن، هەمیشە دەیەوێت ئەو پەیامە ئاراستەی سوننەکانی عێراق بکات، کە ئەوا ئەو قەدەرو ئەمری واقیعییانەو ناکرێت سوننەکانی عێراق ڕۆڵی بە هەند وەرنەگرن.

پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان سەرکردە سیاسییەکانی سوننە لەگەڵ جەماوەرەکانیاندا هەرەسی هێناوەو جوڵانەوەی میلیی سوننی لە بەرگە ئاشتییەکەیدا کۆتایی هاتووە، هاوکات پرۆژەکەی (حارس زاری_ عیزەت دوری)ش لە چەند مانگی ڕابردوودا شکستی هێناوە، هەموو ئەمانەش بە هۆی ئەو دژەیەکیو ململانێیەی نێوان سەرکردەکان خۆیانو پشتگوێخستنو بەهەند وەرنەگرتنی فیکری توندڕەوی بوو. لە دوای شەڕەکانی ڕومادیو فەلوجەو سامەڕاو بەم دواییەش موسڵو تکریت، سەرکردە عەرەبە سوننییەکان یەکەمین کەسانێك بوون هەڵهاتنو جەماوەرەکەیان بەجێهێشت.

داعشیش لەگەڵ خۆیدا چەندین موفاجەی هەڵگرتبوو، بە جۆرێك ئیتر هەموو شەڕەکانی شەڕی چەتەیی نەبوو، بەڵکو وەك هێزێکی نیزامی شەڕی دەکرد، تاوەکو هێزە حکومییەکان لەبەردەمیدا شکستیان هێنا. تەنانەت شکستەکەی موسڵی هێزە حکومییەکان، چەندین خاڵی ئیجابی بۆ خەڵکی ئەو شارە دەستەبەر کرد، وەك ئازادیی

هاتوچۆکردنو نەمانی بازگە زۆرەکانو کردنەوەی هەموو ڕێگاکانو نەمانی هەڵکوتنە سەری شەوانەو سوکایەتیپێکردنەکانی سەربازان!!.

ئەم ڕۆژانە ڕۆژانێکی یەکلاکەرەوەن لە مێژووی عێراقدا، چونکە سوننەکانی عێراق دەخاتە بەردەم چەندین بژاردەی قورسو چارەنووسساز، کە هیچیان خاڵی نین لە مەترسیی جەنگی تائیفی لەلایەکو جەنگ لەگەڵ ڕێکخراوی دەوڵەتی خەلافەتو چەکدارانی سوننەی عێراق لە لایەکی ترەوە، چاودێرانی دۆخی عێراقیش ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە پارێزگا سوننییەکانی عێراق ئەمڕۆ گەیشتوونەتە قۆناغێکی یەکلاکەرەو مێژوویی بە هەموو مەترسیو تەحەدیاتەکانیانەوە.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢، خۆپیشاندانەکانی جوڵانەوەی میللیی سوننەکان لە دۆخێکی قورسو ڕێگرییەکی توندی ئەمنیی حکومی دا دەستی پیّ کرد. حکومەتی ناوەندیش هیچ یەکێك لە داواکانی ئەو خۆپیشاندانانەی جێبەجیّ نەکردو جوڵانەوەکەی تووشی نائومێدیو بێهیوایی کرد. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ش بە هۆی پاشەکشەیەکی سەربازیو ئەمنیی حساب بۆنەکراو، شانە نوستوەکانی ڕێکخراوی داعش بە هاوکاریی گرووپە هاتوەکانی ڕۆژئاوای ئەنبارو ناوچەکانی سەرسارو ناوچەی نەباعی ژیانەوەو لە چەند کاتژمێرێکی کەمدا دەستیان گرت بە سەر تەواوی بنکە سەربازیو ئەمنییەکانی ناو شاری ڕومادیو فەلوجەو کەرمەو سەقلاویەو خالیدیەو بەغدادیدا. حکومەتیش بە تەواوی هێزو چەکە جۆراوجۆرەکانییەوە نەیتوانی شەڕی ئەنبار یەکلایی بکاتەوە، ڕەنگە دیارترین هۆکاری ئەو یەکلانەکردنەوەش کردنەوەی چەندین بەرەی جەنگ بێت لە لایەن شانەکانی داعشەوە کە وای کردوە هێزەکانی نوخبەو فڕۆکەوانی سوپاو هێزە زرێپۆشەکان کە ئەوانیش بە دەست کەمیی چەكو تەقەمەنیو ژمارەی سەربازەوە دەیانناڵاند، تووشی لەبەریەك هەڵوەشانو لێکترازان هاتبوون.

سوننەکانی عێراقیش بە هۆی سیاسەتەکانی حکومەتو ئەو زوڵمەی لێیان کرابوو لە ئەنجامی ئەو ڕێوشوێنانەی گیرابوونەبەر بۆ سەپاندنی ئاسایشو ڕووبەڕووبوونەوەی

تیرۆر لە ناوچەکانیاندا، خۆشحاڵ بوون بە شکستەکانی حکومەت. دروستکردنی هەرێم یاخود جیابوونەوە، خاڵی هاوبەش‌و کۆکی ئەو سوننانە بوو کە بڕوایان وەهابوو پارێزگا سوننییەکان کەوتوونەتە سەر ڕێرەوی ڕاستەقینەی خۆیان، ئەویش بە بەڕێوەبردنی پارێزگاکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو ئازادانە هەر وەك هەرێمی کوردستانی عێراق.

بەشێك لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی میللیی سوننی لە نموونەی وەك د.سامی جەنابی‌و د. تەها دلێمی‌و د.عەدنان دلێمی، چەندین ساڵە باس لەوە دەکەن، کە سوننەکانی عێراق لە سێ بژاردە زیاتریان لەبەردەمدا نییە کە ئەوانیش: یان ئەوەتا هەرێمێك دروست بکەن یاخود جیاببنەوە یاخود وەك سوننەکانی (ئەهواز)ی ئێرانیان لێ بێت.

بەنیسبەت ئێرانەوە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەمیشە لە پێش بەرژەوەندییە مەزهەبییەکانەوەیەتی‌و گرنگیپێدانی سەرەکیی تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانییەتی.

ئۆباماش ئەوە ناشارێتەوە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ڕوو دەدات لەگەڵ بوونی ئەو هەموو کەسەجیهادییە ئەوروپایانەی کە لە عێراق‌و سوریادا شەڕ دەکەن، مایەی مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی.

وا دەردەکەوێت وڵاتانی کەنداوو تورکیاو ئێران‌و ئەمریکاش نەتوانن لە سەر چۆنێتیی ئەو ئامانجە هاوبەشەی نێوانیان ڕێك بکەون، کە ئەویش شکستپێهێنانی دەوڵەتەکەی بەغدادییە لە ڕێگای ڕازیکردنی سوننەکانی عێراق‌و پەنا بردنە بەر گرووپە سوننە میانڕەوەکان بۆ بەدیهێنانی ئارامی بۆ عێراق.

واقیع ئەوەمان پێ دەڵێت کە وڵاتانی دراوسێی عێراق‌و تەنانەت ئەمریکاش هیچ بژاردەیەك یاخود ستراتیژییەتییەکی سیاسی‌و سەربازیی هاوبەشیان بۆ شکستپێهێنانی دەوڵەتەکەی بەغدادی نییە !.

پلانی سعودیەو وڵاتانی کەنداو لە عێراقدا گەڕانەوەی دۆخی پێش ساڵی ٢٠٠٣و باڵادەستی حکومەتێکە کە سوننەکان بەڕێوەی ببەنو سیاسەتەکەی دیاری بکەن، هەروەها ئەو حکومەتەش خاوەن بۆچۆنێکی لیبراڵییانەی وەهابێت، کە بتوانێت هاوسەنگی بپارێزێتو دژی دەستوەردانەکانی ئێران بێت.

تورکیاش هەوڵی ڕێگەلێگرتنی هەر هەوڵێکی فراوانخوازی ئێران دەدات لە عێراقداو هیواداریشە لە ڕێگای هاوکاریکردنی دارایيو لۆجستيو ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی هەواڵگرییانەی سوننەکانەوە، سەرکردەکانی سوننە لەگەڵ خۆیدا بهێڵێتەوە.

هاوپەیمانێتیی شیعەکانیش لە بارودۆخێکی قورسدان، چونکە بە درێژایی ساڵانی رابردوو ئەو هاوپەیمانێتییە نەیتوانیوە روخساری شیعەگەرایی لە لای سوننەکانی عێراقو جیهانی ئیسلامی جوانتر بکات، هەروەها لە فەلسەفەی بەڕێوەبردنی عێراقو هەڵبژاردنی هاوبەشەکانی لە سوننەو کوردەکانو رووبەڕووبوونەوەی گرووپە تیرۆرستییە سوننییەکانیشدا سەرکەوتوو نەبووە. هاوکات چەندین گرووپی چەکداری نانیزامیشی هێشتۆتەوە کە ژمارەی چەکدارەکانی دەگاتە هەزاران کەسو دەسەڵاتێکی وەهایان هەیە کە سنورەکانی یاساو دەستووریان تێپەراندوە.

هاوپەیمانێتیی نیشتیمانیی شیعەکان ئێستا لە تەنگەژەدانو دۆخێکی پێچەوانە رووبەڕوویان بوەتەوە، چونکە ئەمڕۆ ئەوە سوننەکانن هاوبەشەکانییان دیاری دەکەنو مەرجی خۆیان دەسەپێنن، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان لایەنی سەرەکین لە هاوکێشەی رامالێنی دەوڵەتەکەی بەغدادیدا!.

## پرۆژەی دەوڵەتەکەی بەغدادیو سوننەکانی عێراق

لێدوانەکانی بەرپرسانی سیاسیو ئەمنییو هەندێك بەرپرسی پارێزگا سوننییەکان دۆخێکی تەمومژاویمان لە تێگەیشتنی واقیعدا بۆ نمایش دەکەن، لە کاتێکدا خودی واقیع روونو ئاشکرایە. هاوکات سەرکردایەتیی عێراقیش وەك سەرخۆشێك وەهایە کە دۆخەکە زیاتر دەئاڵۆزکێنێتو بەرەو شکستی زیاتری دەبات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کێشەکە قوڵتربێتەوەو لە ئاسۆیەکی نزیکدا چارەسەری نەبێتو بدرێتە دەست کاتو قەدەر!.

هەموو عێراقییەك ئەوە دەزانێت ئەو کارەساتەی ئەمڕۆ بە سەر عێراقدا هاتووە نەهامەتییەکی یەکجاری نییە بەڵکو خێریشی پێوەیە، کە ئەویش ئەکتیڤکردنەوەی ئەو رۆحی نیشتیمانییەیە کە بە هۆی ململانێ سیاسییەکانەوە جوانیو رەونەوقی خۆی لەدەستدابوو، هەروەك دابەشبوونە تائیفیو نەتەوەییو ناوچەییەکانیش غیرەتی بەرگریکردنی لە زەویو شەرەفو ئایینو رۆح کوشتبوو، بەڵام ئێستا ئەو غیرەتە بووژاوەتەوە. بەرەنگاربوونەوەی داعش مەسەلەیەکە هەموو خەڵکی عێراق تیایدا هاوبەشن.

دەتوانین هۆکارەکانی باڵادەستیی داعش لە ناوچە سوننییەکانی عێراق بۆ دوو هۆکار بگەڕێنینەوە:

یەکەمیان: سوننەکانی عێراق لە بنەماکانی عەقیدەو فیقهدا لەگەڵ داعشدا یەکدەگرن، هەرچەندە لە مەسەلەکانی وەك تەکفیرکردنو ئەحکامەکانی جیهادو هەڵوێست لە بەرامبەر شیعەدا جیاوازن.

دووەم: ئەو پشتگوێخستنە سیاسیو حکومییەی کە رووبەڕووی سوننەکان بوەتەوە، وەهای کردوە دەوڵەتەکەی بەغدادی وەك دڵسۆزو رزگارکەرو پارێزەری ناسنامەی سوننەکانی عێراق دەربکەوێت.

وێنەی دەوڵەتەکەی بەغدادیو لایەنگرەکانی لە پارێزگا سوننییەکان وێنەیەکی خوێناوییە، وێنای داعشیش بۆ سوننەکانی عێراق وێنایەکە لە سەر بنەمای فیکرەی جاهیلییەتو کافرکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بنیاتنراوە.

بەغدادیو سەربازەکانی ئەوە دەزانن کە دروستکردنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی هەر بە تەنها بە فراوانخوازیو سەپاندنی بەیعەت دروست نابێت، بەڵکو پێویستە لە لایەن سوننەکانەوە قبوڵ بکرێت، کە ئەمەش لەم زەمانەدا بە هۆی هۆکارە شەرعییەکانەوە شتێکی مەحاڵە، چونکە لەلایەك زۆرینەی سوننەکانی عێراق ئامادەنین لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی ئیسلامی وەهادا بژین، لەلایەکی تریشەوە سوننەکانی عێراق بە جۆراوجۆری مەرجەعە ئایینیو سیاسیو عەشایەرییەکانیان ناسراونو هەمووشیان حەزیان لە پۆستو سەرۆکایەتیکردنەو هەوڵی بۆ دەدەن. تەنانەت رابەرە سوننییەکانی عێراقو هەندێك لە وڵاتانی دراوسێش ئارەزووی ئەوە دەکەن سوننەکانی عێراق بە کەمینە وەسف بکەن، ئەم وەسفەش هۆکاری پاراستنی ئارەزووەکانیانە لە تێرکردنی حەزەکانیان بۆ کورسی دەسەڵات، تەنانەت ئەگەر بە کەمینە تەماشاکردنەش ببێتە هۆی لاوازکردنی سوننەکان لە بەدەستهێنانی مافەکانیان.

ئەو ئارەزووەش کە حەزی لەوەیە سوننەکانی عێراق بە کەمینە بمێنێتەوە، هەمان ئارەزووی داعشو لایەنگرەکانییەتیو لە رۆژگاری زەرقاوییەوە کاری بۆ دەکرێت.

راگەیاندنی عەرەبی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەمیشە ئەوەی بەخشیوە بە دەوڵەتەکەی بەغدادی کە شایانی نەبووەو نەیتوانیوە بە تەنها بەدەستی بهێنێت، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە حاڵەتی عێراقو سوریایە. هەموو ئەو پارێزگا سوننییانەی کە لە لایەن داعشەوە دەستیان بەسەردا گیراوە لە لایەن داعشەوە تاڵان دەکرێنو خەڵکەکەی ئاوارە دەکرێنو ناوچەکانیان دەکرێتە مەیدانی جەنگەکان.

ناتوانین بەبێ تێگەیشتن لە (سوننەکانی عێراق) لە دەوڵەتەکەی بەغدادی تێ بگەین، کەئەویش داعش توانیویەتی سوننەکان دابەشیان بکات بۆ دوو بەش: بەشێکیان ئەوانەن

كه جەهلو عاتیفەو هەستكردن بە زوڵم بەسەریاندا زاڵبووەو كەوتونەتە دوای داعش، بەشێكی تریشیان ئەوانەن كە دژی داعشنو سڵ لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی ئەو رێكخراوە ناكەن.

ئەو ئیشكالیەتە گەورەیەی كە تاوەكو ئێستاش رووبەڕووی سوننەكان بوەتەوە لە بەرامبەر پرۆژەی دەوڵەتەكەی بەغدادی ئامادەنەبوونی هیچ پرۆژەیەكی سوننی راستەقینەیە بۆ رێگەگرتن لە تەماحو ئارەزووی بەغدادی لە پارێزگا سوننییەكان. پرۆژەی سوننەكان هەندێك جار لە ژێر پەرچەمی عەقیدەو مەزهەبە وەك بانگەشەكانی سەركردە سوننەكان لە عێراق و، هەندێكجاریش لە ژێر ناوی سەرخستنی سوننەكانی عێراقو رێگەگرتن لە فراوانخوازیی سەفەوییەكانی ئێرانە، لەكاتێكدا ئامانجی راستەقینە لەو دروشمانە بە دەستهێنانی دەستكەوتەكانی دەسەڵاتو چنینەوەی بەرهەمەكانییەتی، هەروەها دروستكردنی پێگەیەكی جەماوەریو دروستكردنی شانەی نوستووی باڵی سەربازی پشتگیریكەری داعشە لە عێراقدا، ئەمەش لە سایەی لاوازیو هەڵوەشاوەیی سەركردە سوننەكانی عێراقەوە بەڕێوە دەچێت. هەر بۆیە زۆر پێویستە دەست بكرێت بە دروستكردنی هاوپەیمانێتییەكی سوننی میانڕەو، كە پێكهاتبێت لە حزبە سوننیو گرووپە میانرەو سەركردە ئایینیو عەشایەریو نوخبە رۆشنبیرەكان، بە جۆرێك ئەم هاوپەیمانێتییە بتوانێت رێگا لە فراوانخوازیی داعشو دەستگرتنی زیاتر بە سەر جوگرافیای سوننەكاندا بگرێت، هەروەها سنورێكیش بۆ هەڕەشەكانی داعش لە رێگای شانەی توندڕەوەكانەوە لە ناوچە سوننییەكاندا دابنێت.

**سەرچاوە داراییەکانی داعش (ویلایەتی نەینەوا و رۆژهەڵاتی سوریا):**

ئەمە کورتەیەکە لەو سەرچاوە داراییانەی داعش لە ٢ی نیسانی ساڵی ٢٠١٣ ەوە تاوەکو ٢ی ئازاری ساڵی ٢٠١٤ ەوە پارەی لێ وەرگرتوون:

١- وەرگرتنی پارە بە زۆر لە دەوڵەمەندانو بازرگانانو ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانی رێگای وشکانیی نێودەوڵەتی ئەویش لە رێگای دانانی بازگەی وەهمییەوە، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاریی ئەمنی لە فەرمانبەرە پلە باڵاکانی کەرتی خزمەتگوزاریی وەك شارەوانی یاخود بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان یان بەڵێندەرەکان یاخود بەڕێوەبەری کارگەی چیمەنتۆ، بە تایبەت لە شاری موسڵو ترساندنیان بە رفاندنی مناڵەکانیان ئەگەر بێتو رێژەی لە ٥٪ی پارەی بەڵێندەرایەتیی گرێبەستەکانیان نەدەن، یاخود تەقاندنەوەی کارگەی چیمەنتۆ یان بورجەکانی مۆبایل ئەگەر بێتو مانگانە پارە نەدەن. بەپێی دانپیانانەکانی مەناف راوی والیی بەغدای ساڵی ٢٠١٠، مانگانە ئەو برە پارەیەی لەو شوێنانەوە وەرگیراوە گەیشتۆتە ٦٨٠ هەزار دۆلار.

٢- رۆژانە لەو نەوتەی کە لە پاڵاوگەی بێجییەوە دەڕۆیشتە دەرەوە ٣٠ هەزار دۆلاریان دەستدەکەوت کە مانگانە دەیکردە نزیکەی ١ ملیۆن دۆلارو بە درێژایی پێنج ساڵ ئەمە بەردەوام بووە.

٣- لەکێڵگە نەوتییەکانی (رقەو زەملەو تەبەقەو سەورە)و هەموو ئەوانەی چواردەوریشیان دوای دەست بەسەراگرتنیان بۆ ماوەی ١ ساڵ رۆژانە لانی کەم ٥٠٠ هەزار دۆلاریان دەست دەکەوت.

٤- دوای دەست بەسەراگرتنی کێڵگەی (جبسە)، رۆژانەو بۆ ماوەی ٦ مانگ بایی ١ ملیۆن دۆلار نەوتیان هەناردە کردوە.

٥-کێڵگەی (کۆنیکۆ) کە بەدەست عامر وەفدانەوە بوو هەر وەك بەدەست خۆیانەوە بێت وەهابوو، لەم کێڵگەیەش رۆژانەو بە درێژایی ٦ مانگ بایی ٥٠٠ هەزار دۆلار نەوتیان فرۆشتووە.

٦- له کێڵگەکانی (جفره)ش رۆژانەو بە درێژایی یەك ساڵ، بایی ٤٠٠ هەزار دۆلار نەوتو غازیان فرۆشتوە.

٧- پارەی سایلۆکانی گەنمو جۆو لۆکەو پێشتریش فرۆشتنی کەلوپەلە یەدەگەکانی کۆمپانیای نەوت لە ناو (شەدادیو جفرە)و هەروەها فرۆشتنی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانو سەرە ئەڵماسەکانی بیرهەڵکەنەکانی نەوتیش لانی کەم ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ دابین کردوون. عامر رەفدانی والی داعشیش لە (دێر ئەلزور) بە تەنها بری ٥ ملیۆن دۆلاری لە بەرەی نوسرە دزی، کە پارەی لۆکەی ئەو شارە بوو.

٨- پارەوەرگرتن لە رۆژنامەنووسە بیانیو نەسارییەکان، تەنانەت پارە وەرگرتن لەو موسوڵمانانەی کە جگەرە دەکێشنو هەندێك رەفتاری فاسیقانە ئەنجام دەدەن.

٩-فرۆشتنی کەلوپەلو شوێنەوارە سورییەکانی مۆزەخانەی (نەبەك) بەمافیا تورکییەکان دوای دەستبەسەراگرتنی مۆزەخانەکە!!.

## نەخشە رێگای رێکخراوی داعش لە عێراق

١- لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی سوریا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢، رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بە سەرکردایەتیی حاجی بەکر (سەمیر عەبد محەمەد نایل خلیفاوی) کۆمەڵێك سەرکردەو ئەزموونداری سەربازیو ئەمنیو شەرعیو بانگخوازی بۆ بەیعەتدان بە بەغدادیو فراوانترکردنی جوگرافیای دەوڵەتەکە، رەوانەی ئەو وڵاتە کرد.

بە چاوپۆشین لەو شەڕەی قاعیدە لە عێراقدا کە ماوەی ١٠ ساڵی خایاندبوو، سەرکردە عێراقییەکانی قاعیدە دەیانویست دەست بە سەر هێزی مرۆیی عەرەبی سوننەدا بگرنو لە پێناوی ئامانجەکەیاندا کە ئەویش دووبارە دروستکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی بوو بە فیرۆی بدەن!

٢- قاعیدە لە عێراقدا بەشی خۆی لە ناو پارێزگا سوننییەکاندا لایەنگری سەلەفیی جیهادیی عێراقی هەبوو، ئەمانیش بەشی خۆیان ئەوەندە زانستی شەرعیو بابەتی

پێویستیان بە دەستەوە بوو، کە پێویستیان بە پەنابردن بۆ زانایانی دەرەوەی عێراق نەبێت، لە دیارترین ئەو کەسانەش (شێخ عەبدولرەحمان تاڵەبانیو شێخ عەبدوڵڵا عانیو شێخ عەمار سەعید جبوریو شێخ وەلید جبوری). هەربۆیە قاعیدەی عێراق لە بەهێزترین لقەکانی قاعیدە بوو، چونکە لەگەڵ بوونی ئەو شێخانەدا نەدەتوانرا لە رووی شەرعییەوە لەت بکرێت، تەنانەت رەخنەو سەرنجەکانی هەندێك سەرکردەی مێژوویی وەك مەقدەسیو تەرتوسی لە زەرقاویش هیچ کاریگەرییەکی بۆ سەر ریزەکانی قاعیدەی عێراق نەبوو، چونکە ئەندامانی قاعیدەی عێراق بۆچوونی عەقائیدی و رێبازی کارکردنو مامەڵەکردنیان تەنها لە شێخەکانی خۆیان لە ناو رێکخراوەکەوە وەردەگرت!!.

٣- دەرکەوتنی رێکخراوی قاعیدە لە عێراق هاوکاتی داگیرکردنی عێراق بوو لەساڵی ٢٠٠٣و ئەمەش یەکێك بوو لە بیانووە بەهێزەکان بۆ لە دایکبوونو دەرکەوتنی قاعیدە لە هەر وڵاتێکی ئیسلامی. ئەگەر ئەندامانی قاعیدەی عێراق پێشتر دووربووبن لە شەڕکردنی ئەمریکییەکانو نەیانتوانیبێ پێیان بگەن، ئەوا ئێستا ئەمریکییەکان خۆیان هاتوونو لەبن دەستیان دان!!.

٤- قاعیدە لە عێراق دژایەتیکردنی پرۆسەی سیاسیو ترساندنی سوننەکانی لە بەشداریکردن لەو پرۆسە سیاسیو حکومییەدا هەڵبژارد، ئەمەش بە مانای راگەیاندنی جەنگ بوو لە دژی هەر کەسێك کە کاری سیاسی یان حکومی بکات، لە هەمان کاتیشدا رێگاگرتن بوو لە هیچ بەشداریکردنێك یاخود هاوکاریکردنێکی ئەو پرۆسەیە (تا ئەو ئاستەی رێگای لە هەر عێراقییەك دەگرت کاری سیاسی یان حکومی بکات).

٥- کارکردن بۆ ئەوەی داگیرکەری ئەمریکی لە عێراقدا هەست بە ئارامی نەکات، ئەمەش بە مانای ئەوە دەهات وا لە ئەمریکییەکان بکرێت هیچ ساتێك هەست بە ئاسایش نەکەن، لەهەمان کاتدا چالاکی دژی ئەمریکییەکان ئەوەندە زۆر نەکرێن بەخێرایی بکشێنەوەو هێشتا قاعیدە شوێنپێیەکی بۆ خۆی نەکردبێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی

قاعیدەی عێراق لە گرووپە سوننییەکانی تر بباتەوەو عەرەبی سوننەی عێراق قاعیدە وەك تاکە فریادرەسی خۆیان لە تاوانی ئەمریکییەکانو میلیشیاکان تەماشا بکەن.

٦- تەماشاکردنی رۆژنامەنووسو بازرگانو بەڵێندەرو دیپلۆماتکارە عەرەبیو بیانییەکان وەك بارمەتەیەك بۆ دەستکەوتنی داهاتی دارایی گەورەو دروستکردنی هەڵایەکی ئیعلامیو گرنگیپێدانی نێودەوڵەتی!!.

٧- لێدانو تێکدانی ژێرخانی خزمەتگوزاریو ئابووریو ئەمنیی عێراقی، بە تایبەتیش سوپاو پۆلیس، ئەمەش بە ئامانجی کۆنەبوونەوەیان بۆ پەلاماردان، هاوکات پەلاماردانی میلیشیاکانی شیعە بە تایبەتی (بەدرو سوپای مەهدی)و پەلاماردانی هەموو جۆرەکانی سەحوەیش.

٨- دروستکردنی مەفرەزەی تایبەت بە راگەیاندنو مەفرەزەی تەجنیدو مەفرەزەی تایبەتمەند بە مەشقو راهێنانی سەربازیو ئەمنیو شەرعی... کاری ئەمانەش بە دۆزەخکردنی ژیانی دوژمنەکانیان بوو تاوەکو یان لەناویان ببەن یاخود خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەمە جگە لە دابینکردنی هەموو جۆرە پێداویستییەك بۆ گرووپە سوننییەکانی وڵاتانی تر.

٩- لەساڵەکانی یەکەمی تەمەنیدا، قاعیدە بە سەر هەمواندا نەکرایەوە، بەڵکو هەوڵیدا شوێن پێیەك بۆ خۆی لە ناو ناوەندی سوننەی ئیسلامیدا بکاتەوە. قاعیدە هێشتا نە کلیلی پێویستو نە ئامرازەکانی باڵادەستی بەدەستەوە نەبوو، بەڵکو پێویستیی بە داگیرکاریی ئەمریکی هەبوو بۆ ئەوەی هۆکاری مانەوەی خۆی کە ئەویش دروشمی (جیهاد تاکە چارەسەر) بسەپێنیو سود لە مانەوەی ئەمریکییەکان وەربگرێت!!.

١٠- لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٠٥، بە هۆی تەقاندنەوەی هەر مەزارگەی عەسکەری لە سامەڕا، شەڕێکی تائیفی لە عێراقدا هەڵگیرساو داگیرکەری ئەمریکایش هەستی بەو هەڵەیە کرد، کە گرەوی لە سەر هاوپەیمانێتیی شیعەو پشتگوێخستنی هاوپەیمانێتیی سوننی تەقلیدیی کردبوو. هەر ئەوکاتیش رێکخراوی قاعیدە هەوڵی دروستکردنی

ئەنجومەنی شوورای موجاهیدانیان دەدا بۆ ئەوەی رێگا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا خۆشبکەن، هەر بۆیە رێکخراوەکە هەستیکرد پێویستی بە هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ گرووپە چەکدارە سەلەفیەکان بە تایبەتیش (ئەنساروئیسلام و کەتیبەی ئەبوبەکری سدیقی سەلەفی) هەیە، ئەم هاوپەیمانێتییەش تەکتیکی بوو نەوەك ستراتیژی، چونکە ئەگەر لایەنەکانی تر بەیعەت بە قاعیدە نەدەن و لەو رێکخراوەدا نەتوێنەوە ئەوا لە یەکەم ناکۆکیدا چەکیان بەرووودا بەرز دەکەنەوە.

١١- لەساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١١)شدا بە ئاشکرا دیاربوو ئەنجامی ململانێیەکە لە بەرژەوەندیی نەیارانی قاعیدە کۆتایی دێت. دوای حەوت ساڵ لە ململانێ و دوای ئەوەی قاعیدە زۆربەی ناوچەی عەرەبە سوننەکانی بەدەستەوە بوو، بەڵام ئەنجام هەژموونی قاعیدە لە دەریاچەی سەرسارو موسڵ و حەمرین و سەحراکانی ئەنبار قەتیس مایەوە.

١٢- لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ یشدا وردە وردە کاریگەریی کەمبوونەوەی رۆڵی ئەمریکییەکان بە دیار دەکەوت، هاوکات بە هۆی شکستی سوپاکەیان و سەرنەکەوتنیان لە چارەسەرکردنی تەنگەژە سیاسی و ئابوورییەکانی عێراق، ئیدی ئەوە روون دەبوەوە کە پێویستە ئەمریکییەکان عێراق بەجێ بهێڵن، بەڵام ئەم پاشەکشەیەی ئەمریکا هۆکاری مانەوەو هەڵگرتنی چەکی لە لایەن رێکخراوی قاعیدەوە لە ناو ژینگەی عەرەبە سوننەکان لە ناو دەبرد، هەر بۆیە بەغدادی بۆ مانەوەی لە ناو ئەو ژینگەیەو فراوانترکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، پەنای بردە سوریاو مەسەلەی سەرخستنی سوننەکانی لە عێراق و شام کردە دروشمی خۆی و ئەوەشی بڵاو دەکردەوە کە ئەو رێگا لە خەونی ئێران و فراوانخوازیی شیعەکان دەگرێت و تا داعشیش مابێت ناهێڵێت ئەو خەونە بەدی بێت!!.

## راگەیاندنی ئەلیکترۆنیی ڕێکخراوی داعش

ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیی قاعیدە تێکەڵەیەکە لە لێهاتوویی راگەیاندنی ئەلیکترۆنیو رۆشنبیریی تەکفیری. لەو راگەیاندنەدا نووسەرو وتاربێژو ئەندازیارو سیاسیو چەندین خەڵکی جیاوازتر هەن، واتە نوخبەو کادیرو سەرکردەکانی راگەیاندنی جیهادی تێکەڵەیەکن لە تایبەتمەندێتیی جۆراوجۆرو بۆچوون جیاواز، بەڵام هەموویان لە خزمەتی یەك ئامانجدان کە ئەویش سەرخستنی قاعیدەیە. راگەیاندنی داعشیش هەمان ئاراستەی راگەیاندنی قاعیدەی هەیە لە بانگەوازو ژیاندنەوەی رۆحی جیهادی ئیسلامیو هەڵسانەوەو گرتنە دەستی موبادەرەی جیهاد، ئەویش بەو پێیەی تەنها پرۆژەی جیهاد رێگای گەیشتنە بە خەلافەتی راشیدەی ئیسلامی.

ئەم سوپا ئیعلامییەی کە بەیاننامەو تۆماری دەنگیو تۆماری بینراوی داعش بڵاو دەکاتەوە لە ژێر چەندین ناوی جیاوازدا کار دەکات، ناوەندەکانو دامەزراوەکانو سریەو کەتیبەکانی راگەیاندن، بە هەموو ئامرازو تەکنەلۆژییایەکی بەردەست کار بۆ سەرخستنی داعشو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریو رێبازو عەقیدەیو پەیامەکەی داعشو دەوڵەتەکەی بەغدادی دەکەنو بڕواشیان وایە ئەو کارەیان واجبێکی شەرعییە لە سەر هەموو چەکدارێك.

هەموو کۆمەڵەیەکیش وەزیفەیەکی دیاریکراوی هەیەو بە شێوەی تۆرێك کار دەکەن، هەموو تۆرێکیش ماڵپەرێکی جیهادی یاخود پەیجێکی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە کە خزمەتی ئەو ئامانجە دەکەن لە لایەن ناوەندی راگەیاندنی داعشەوە (ناوەندی فەجر یاخود دەزگای فورقانی ئیعلامی) بۆیان دیاری دەکرێت.

ئەم هەوڵانەی راگەیاندن باشترین هۆکارە بۆ بەردەوامیو پەیوەندییە فیکرییەکان، بە تایبەت لەگەڵ زیاتربوونی قەڵەمڕەویی دەسەڵاتیان سودێکی زۆریان لەو سەرخستنو پاڵپشتییە مەعنەوییە بینیوە، بە جۆرێك ئەوان راگەیاندنی ئەلیکترۆنی وەك یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنەکانیان تەماشا دەکەن. زۆربەی جاریش ئەو کەسانەی

سەرپەرشتیی ماڵپەرو پێگە ئەلیکترۆنییەکانی داعش دەکەن لە سەلەفییە سعودییەکانن، ئەمەش بە هۆی زمان پاراوی‌و شارەزاییان لە بواری وتاردان‌و لێهاتووییان لە هێنانەوەی بیانووی شەرعی‌و گۆێرایەڵییان بۆ بەغدادی.

زۆر جاریش دەزگا هەواڵگرییەکان لە ڕێگای کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێتەوە یاخود لە ڕێگای هاککەرەکانەوە هەوڵی لێدان‌و تێکشکاندنی ڕاگەیاندنی جیهادی داعش دەدەن، بەڵام هەرچی جارێك پێگەیەك یاخود ماڵپەرێکیان هاك دەکرێت یاخود دوادەخرێت، داعش چەندین ڕێگای نویێ دەدۆزێتەوە بۆ دروستکردنی ئەو ماڵپەر و پێگانە.

بۆ نموونە دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی کەنداو بەتایبەتیش ئیمارات‌و بە هاوکاریی هەواڵگریی ئوردونیی‌و میسری‌و (سی ئای ئەی)و (ئێف بی ئای)ی ئەمریکی چەندین ناوەندی لێکۆڵینەوەیان دروستکردو چەندین کۆنگرەو دیداریان بۆ چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ئەلیکترۆنیی ڕێکخست، کە دەرئەنجامی ئەوانەش بڵاوکردنەوەی چەندین ڕێنمایی بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیعلامیی جیهادی لە تۆڕی ئەنتەرنێتدا، هەموو ئەو هەوڵانە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەندێك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام بە شێوەیەکی بنەرەتی نەیانتوانی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهادی داعش بدەن.

ڕاگەیاندنی جیهادیی ئەلیکترۆنیی داعش لە عێراق‌و سوریا جۆراوجۆرەو دابەش بوە بە سەر پێگەو ماڵپەرو  پەیجی تاکە کەسی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، هەریەکە لەوانە بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە کار دەکەن، بەڵام لە جۆری ناونیشان‌و ناوەرۆکدا پێکەوە بەستراون‌و وەك ژێرخانی ڕاگەیاندنی داعش تەماشا دەکرێن!.

ئەوەی مایەی سەرسوورمانە کادیرە ئیعلامییەکانی داعش لە زۆربوونێکی خەیاڵیدان، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە چەندین عەقڵی پیشەیی‌و بە ئەزموون لە پشتی ئەو ڕاگەیاندنەوەن‌و بە شێوەیەکی گشتی کارەکانی ڕاگەیاندنی جیهادی بەڕێوە دەبەن.

فیکرە جیهادییەکانی ڕێکخراوی داعشیش لە لایەن کۆمەڵێك نووسەرو بیرمەندی عێراقیو کۆمەڵە سەرکردەیەکی جیهادی خەلیجیو میسریو یەمەنیو ئوردونییەوە بەتایبەتیش ڕەمزەکانی عەرەبە ئەفغانەکانەوە دەنووسرێن!!.

لەمرۆشدا ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی داعش گرنگیی زیاتری داوە بە تۆری کۆمەڵایەتیی (تویتەر) بۆ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو پەیامەکانی، ئەو تۆرە کۆمەڵایەتییەش لە ئێستادا گۆرەپانێکی گەرمیی شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان داعشو بەرەی نوسرەو لایەنگرانی قاعیدەی زەواهیریو گرووپە جیهادییەکانی ترە، هاوکات ئەم تۆڕەش لە لایەن جەماوەرێکی زۆرەوە بەکار دەهێنرێت کە بەشێکی ئەو جەماوەرە هاوسۆزی داعشنو بەباشی لە بەرنامەکەی تێ دەگەن.

ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیی داعش بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچونەکانیو هەروەها بۆ تەجنیدکردنی گەنجەکان لە ڕێگای گفتوگۆو بەستنی پەیوەندیی لەگەڵیان، بە درێژایی شەوو ڕۆژ لە ئەنتەرنێتدا لە چالاکیدایە. پشت بەستنی داعشیش بە ئەنتەرنێت بە هۆی ئەوەوەیە ئەم تۆرە جاڵجاڵۆکەییە تاکە هۆکارو بگرە باشترین هۆکارە بۆ بڵاوکردنەوەی فیکرو بیروبۆچوونو ڕێبازەکەیان، ئەمەش بە هۆی ئاسانی بڵاوکردنەوەی زانیاریو بەیاننامەو تۆماری بیستراو بینراو تیایدا، هەروەها جگە لەوەش تێچوویەکی مادیی کەمیشی دەوێت، هاوکات هۆکارێکی گرنگتریش هەیە، کە ئەویش نەبوونی هیچ یاسایەکە کە کاری ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی لە عێراقدا ڕێك بخات.

تۆری جاڵجاڵۆکەیی ڕاگەیاندنی داعش توانیویەتی بگاتە جەماوەرێکی گرنگو بەتایبەتیش گەنجەکان، چونکە ئەوەی لەوێدا بڵاودەکرێتەوە بە شێوەیەکی خێراترو گەورەتر لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو کتێبو نامیلکەکان دەگات.

دەزگای (فورقانی ئیعلامی) دەزگایەکی ئیعلامییەو لە لایەن هەموو ماڵپەرە ئەلیکترۆنییە جیهادییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێتو گرتەی ڤیدیۆییو پەیامو بەیاننامەو تۆماری دەنگی داعش بڵاودەکاتەوە، ئەم دەزگایە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەبوبەکری بەغدادییەوەو

لەلایەن ناسر قەحتانیو کۆمەڵە تەکفیرییەکی تری تایبەت بە راگەیاندنی ئەلیکترۆنی بەڕێوە دەبرێت.

بە کورتییەکەی ئەم دەزگایە هەڵوێستە گشتییەکانو هەواڵو روونکردنەوەی بەرەی شەڕەکانی داعش بڵاودەکاتەوە، لەبەرەی عێراق (شەڕی هێزە حکومیو ئەمنیو سەربازییەکانو میلیشیاکانو پرۆسەی سیاسی)، لە بەرەی سوریاش (شەڕی سوپای ئازادو بەرەی نوسرەو بەرەی ئیسلامی)!. لە هەمان کاتدا ئەم دەزگایە لە سەر بنەمای ستراتیژیی پرکردنەوەی بۆشایی راگەیاندن لەلای چەکدارانی داعش کار دەکات بۆ ئەوەی ئەو چەکدارانە پەنا نەبەنە بەر دەزگا راگەیاندنەکانی تر، ئەویش بەسەرقاڵکردنییان بۆ ئەوەی هیچ کاتی بژاردەیەکی تر یاخود یاخیبوونێکیان نەبێت، هەروەها موخاتەبەکردنی ئەو چەکدارانە وەك کۆمەڵە منالێك کە لە ژێر دەستی باوکیاندابنو جولاندنی سۆزیان ئەویش لە رێگای سرودو دەنگی خەمگینو چەمکە تەکفیرییەکان و هێشتنەوەیان لە دۆخی جەهلو گەمژەییدا، بەمەش دڵسۆزیو گوێڕایەڵی بۆ بەغدادیو نوێنەرەکانی دەستەبەردەبێت!!.

## بەیعەتی بەغدادی

١- دوای شەڕەکانی سوریاو بە تایبەتیش دوای شەڕی پردی شغور لە ساڵی ٢٠١٢، زۆر شت لە بەرژەوەندیی داعش یەکلابوەوە، بۆ نموونە لە رووی پارەو چەكو ژمارەی چەکدارانەوە ئەو رێکخراوە لە بەرەکانی باکوورو رۆژهەڵاتی سوریا گەشەیکرد تا گەشتە ئاستێك لە نیسانی ساڵی ٢٠١٣ داعش بەیعەتدانی بەغدادی بە سەر هەموو چەکدارانی گرووپەکانی تر لەو ناوچانەدا سەپاند. پێشووتر بەغدادی ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ئەو تەنها چەك لە دژی نەسیرییەکانو رژێمەکەی بەشار ئەسەد بەکار دەهێنێت، بەڵام هەر خودی خۆی شەڕی بەیعەت فەرزکردنی لە ناوچەکانی رقەو ریفی حەڵەبو ریفی ئەدلبو شاخەکانی لازقیە لە دژی بەرەی نوسرەو بەرەی ئیسلامیو ئەحراری شامو

گرووپە چەکدارەکانی تر بەڕێوە برد. هاوکات بڕیارەکانی (زەواهیری)یشی ڕەت کردەوەو بە لاوازو بێ کاریگەر وەسف دەکردن.

٢- ئەو کاتانەی کە پارێزگاکانی باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا لە ژێر دەسەڵاتی سوپای ئازادو گرووپەکانی تردا بوو، بەغدادی چاوەری هەلی زێرینی دەکرد بۆ ئەوەی هەڵکوتێتە سەر ئەو پارێزگایانەو دەسەڵاتی خۆی بە سەردا بسەپێنێت، چونکە ئەجنێدای حوکمکردن بە زەبری چەك تاکە ئەجنێدای بەغدادی بوو، بەڵام دوای دەستبەسەراگرتنی ئەو ناوچانە لە ئەیلولی ٢٠١٣و پاشەکشەی گرووپە سورییەکان، بەغدادی دادگا شەرعییەکانو دەسەڵاتە سوڵتانییەکەیو لێسەندنی جزیەی ڕاگەیاند، ئەمەش وەك پێشەکییەك بۆ ڕاگەیاندنی خەلافەتەکەیو یاخیبوونی ڕاستەوخۆی لە بەیعەتی قاعیدەو وەك هەوڵێك بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دیاردەی داعشیزم، هەروەها بۆ پاراستنی ئەوەی دەتوانرێت بپارێزرێت لە پارەو ماڵو موڵكو چەك وتەقەمەنیو بەرگریکردن لە مافی خۆی لە سەرکردایەتیکردن لە عێراقو شام دا، ئەویش دوای ئەوەی لە ناوەندە جیهادییەکاندا کەوتبوە بەر ڕەخنە.

٣-ئەوەی گۆرا بەنیسبەت داعشەوە، ئەوە بوو بەغدادی کوتلەیەکی گەورەی لە لایەنگرانی شێخە سەلەفیە جیهادییەکان لەدەستدا، چونکە هەندێك لەوانە بڕوایان وەهابوو دەرچوون لە بەیعەتی زەواهیری لە ڕەفتاری خەواریجەکانە، هەروەها هەندێکی تریشیان بڕوایان وابوو سەپاندنی بەیعەتی بەغدادی بە سەر بەرەی نوسرە وەك ڕاگەیاندنی جەنگە لە دژی ڕەوتی جیهادی سەلەفی، ئەم کردارەی بەغدادیش لە ڕەونەقی ئەو بانگەشەیەی کەم دەکردەوە کە پێشتر وای بڵاو دەکردەوە کە ئەو دەیەوێت عەرەبە سوننەکانی عێراقو سوریا سەر بخات، لە هەمان کاتدا قبوڵکردنی لە لایەن هەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامییەوە لەدەستدا، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کەسایەتیی بەغدادی لە بنەرەتدا کەسایەتییەکی تائیفیی تەکفیرییانەبوو، ئەو کەسایەتیەش کاریگەریی لە

شەڕەکانی سوریاو عێراقدا کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانی هەبوو، مەترسیی ئەوەشی لێ دەکرا ناوچەکە تێك بداتو دووبارە نەخشە سیاسیو جیوگرافییەکەی بکێشێتەوە.

٤- بەغدادی لە ناوچەکەدا هەمان ڕێبازی (بن لادن)ی گرتە بەر، کە ئەویش قسەکردن بوو لە سەر هەڵەو بیدعەو کافرییەتی گرووپە نەتەوەییو لیبراڵیو سیاسییەکان لە عێراقو سوریا. ئەو خاڵ بە خاڵی ڕێبازی بن لادنی پەیرەو دەکرد، تەنانەت لە وتاردانو هەڵبژاردنی عیبارەتو نووسینەکانیشدا لاسایی دەکردەوە. وەك گرووپێکی شەرعیش تەماشای هیچ گرووپێکی جیهادی لە عێراقو سوریا نەدەکردو بە میلیشیاو باڵی حزبە سیاسیو دەزگا هەواڵگرییە هەرێمایەتییەکان ئەژماری دەکردن، ئەمەش هەمان تێروانینی بن لادن بوو بۆ نەیارانی لە ئەفغانستاندا. من نازانم بەغدادی چۆن وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەداتەوە، کە پێی وایە داعشیش میلیشیایەکی ئێرانییە نەوەك بزووتنەوەیەکی جیهادی!!.

٥- لەلایەکی ترەوە بەغدادی هەوڵی ئەوەی دەدا شوێن پێی خۆی لە ناوچەکەدا قایم بکات ئەویش لە ڕێگای خۆدەرخستنی وەك لایەنێك لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەفەوییەکاندا. بەغدادی ناتوانێت بەرگە تائیفییەکەی خۆی لابدات، کارتی پاراستنی سوننەو شەڕی سەفەوییەکانیش زۆر بەرگە ناگرێت لە بەرامبەر ئەو حەقیقەتەی کە ئەو شەڕەی بەغدادی دەیکات شەڕی بەیعەت وەرگرتنە بۆ خۆیو هیچی تر.

## خوێندنەوەی وتارەکەی بەغدادی

ئەبوبەکری بەغدادی ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقو شام (داعش) توانی بە وتارەکەی کاریگەریی بخاتە سەر لایەنگرانو نەیارانیشی، هاوکات بە هێزی کەسایەتیو ڕۆشنبیریی ئایینی خۆشی لە عێراق و شام پیشانی دوژمنەکانیدا. (ئەبوبەکری بەغدادی دوای داگیرکردنی موسڵ لە لایەن چەکدارەکانییەوە، لە ڕۆژی ٤ی تەمووزی ٢٠١٤ لە شاری موسڵ بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا وتاری هەینی خوێندەوە. و/ کوردی)

بە شێوەیەکی کورت دەتوانین وتارەکەی بەغدادی بۆ چەند بەشێك دابەش بکەین:

لە بەشی یەکەمدا باسی لەو هەموو جۆرە دەستدرێژییە فیکریو سەربازییە کرد کە رووبەڕووی چەکدارانی داعش بوەتەوە.

لە بەشی دوەمیشدا مەترسیو کاریگەرییە سەلبیەکانی ئەو دەستدرێژییانەی بۆ سەر چەکدارانی داعشو ئومەی ئیسلامی خستەروو.

لە بەشی سێهەمیشدا بەغدادی تێڕوانینی داعشی دەربارەی کێشەو رووداوەکانی ئومەتی ئیسلامیی خستەروو.

لە هەموو بەشەکاندا بەغدادی قسەکانی یەکلاکەرەو دژ بە یەك بوون، بە جۆرێك باسی لەوە دەکرد لە سایەی بوونی بزووتنەوەو گرووپو حزبە عەلمانیو ئیسلامییەکان (ئەوانەی کە لە ژێر ئاڵای خۆیدا نین)و هەروەها بە هۆی بوونی ئەو زاناو بیرمەندە جیهادییانەی کە دژی یاخیبوونی ئەمن لە بڕیارەکانی زەواهیریو بە هۆی قبوڵنەکردنیشی لە لایەن ئەو کۆمەڵگایەی کە چەکدارانی ئەمیان لەخۆگرتوە لە عێراقو شام، پلانێکی جیهانی ئاشکراو روون هەیە کە دژی بوونی داعشەو هەوڵی لەناوبردنی دەدات.

بەغدادی لە هەموو وتارەکانیدا هیچ کاتێك ناوەکانی وەك خۆی بەکار نەهێناوە، بەڵکو بە ئاماژە ئەوەی خستۆتە روو ناکۆکییەکانی نێوان لقەکانی قاعیدەو قاعیدەی زەواهیریو ئەو تەنگەژانەی کە رووبەڕووی بزووتنەوەی جیهادیی جیهانی بوەتەوە، وەهای کردوە زەواهیری لە دواین ئیجتیهاداتەکانیدا راستییەکان نەپێکێتو بووەتە هۆکاری ئەوەی لەگەڵ بەرەی نوسرەو ئەحراری شام تووشی شەڕبن، هەروەها رێگاشی بۆ گرووپە عەلمانیو گرووپە هەڵگەراوەکان خۆش کردووە شەڕەکانیان لە دژی سەربازانی داعش پەرە پێ بدەن.

لەگۆرەپانی عێراقیشدا بەغدادی لە سەر چەند هۆکارێکی بنەرەتیی وەستا، کە هاوکارێکی باش دەبن بۆ شکستپێهێنانی پرۆژەی جیهادیی داعش، ئەویش ئەوەیە

زۆربەی گرووپە جیهادییە عێراقییەکان (سەلەفی‌و ئیخوانی) برۆنە ناو پرۆژەی سەحوەکان‌و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق‌و شام رەت بکەنەوەو بە دوای چەکدارەکانییەوە بن‌و هاوکاری ئەمنیی هێزە عێراقی‌و ئەمریکییەکان بکەن.

ئەم پۆلێنکردنەی بەغدادی خستییە روو وەك پێشەکییەکە بۆ دیدی ستراتیژیی داعش، کە ئەویش ئەمەیە: یەکلاییکردنەوەی دۆخە جیهادییەکە بۆ بەرژەوەندیی داعش‌و توانای سەربازییەکانی داعشیش بە جۆرێکە دەتوانێت دووبارە حوکمی ئیسلامی بگەڕێنێتەوەو لە ژێر ئاڵای خۆیدا هەموو گرووپە جیهادییەکان یەك بخات، هاوکات هەموو دەستبەرداربوونێکشی لە مافی خۆی لە فراوانترکردنی سنورە جوگرافی‌و مرۆییەکانی لە عێراق‌و سوریاو ناوچەکانی تر رەت دەکاتەوەو جیهادیش وەك تاکە چارەسەر دەزانێت. ئەوەی لەبری ئومەتیش شەڕی دوژمنەکان دەکات بە تەنها داعشە.

بەڵام دەتوانین لە کۆی وتارەکانی بەغدادی کە تێروانین‌و دیدی داعشی تیادا خستۆتە روو، چەند نیشانەیەکی گرنگ بدۆزینەوە کە داعش بانگەشەی بۆ دەکات:

١- مەترسیی فراوانخوازی شیعە سەفەوییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، کە لە هیچ زەمانێکدا لەرووی سروشت‌و بەردەوامی‌و بڵاوبوونەوەیەوە لەرووی بڵاوکردنەوەی شیعەخوازی ئایینی‌و شیعەخوازی سیاسییەوە، وێنەی نەبوە.

٢- جەنگەکانی داعش لە عێراق‌و سوریا جەنگی ئومەی ئیسلامییە، نەوەك بە تایبەتی دۆزێکی عێراقی یاخود سوری بێت، هەر بۆیە پێویستە ئومەت جیهاد دەست پێ بکات‌و هەموو جیاوازی‌و ناکۆکییەك وەلا بنێت.

٣- داعش جەنگێکی قورس لەگەڵ دوژمنەکانیدا ئەنجام دەدات‌و هەموو هێزو توانای خۆی بەکاردەهێنێت، بەڵام ئەم بەرگرییەو ئەم توانایە ناتوانێت چارەسەری هەموو ئەو پیلانانە بکات کە لە دژی داعش ئەنجام دەدرێن، بەڵکو پێویستە هەموو موجاهیدەکان لە ژێر سەرکردایەتیی داعشدا کۆببنەوەو بەیعەت بە سەر نەیاراندا بسەپێنن، هەربۆیە بەغدادی لە پێناوی یەکگرتووی ریزەکان لە ژێر ئاڵای خۆیدا، داوەتنامەیەکی ئاشکراو

گرنگی بۆ هەموو رابەرو زانا جیهادییەکان ناردو داوای لێکردن بێنە ژێر ئاڵاکەیەوە، ئامانجیشی لەمە بەدیهێنانی ئەو خاڵەبوو کە رێگای بۆ خۆش دەکرد حوکمەکانی ئیسلامیو دەوڵەتی خەلافەتەکەی رابگەیەنێت.

بەغدادی لە هەموو وتارەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا داعش پرۆژەی جیهادو دروستکردنی دەوڵەتی هەیە، بەپێچەوانەی نەیارەکانییەوە، کە جگە لەپرۆژەی ناتەواوو بێ ئومێدانە هیچی تریان پێ نییە!!

## شەڕە وتاری نێوان زەواهیریو بەغدادی

ئەوەی لە وتارەکانی زەواهیریو بەغدادیدا هاوشێوەیە ئەوەیە وشەکانیان هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە، بەغدادی دەیەوێت لە عێراقو سوریادا شوێنی خۆی بپارێزێت، زەواهیریش لە تاریکایی تەکفیرو توندڕەویدا هەڕەشە لە ئەمریکاو ئیسرائیل دەکات.

شەڕە وتاری نێوان زەواهیریو بەغدادیو لایەنگرەکانیان لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٣ ەوە دەستیپێکردوە. هەریەکە لە زەواهیریو جۆلانی لە وتارەکانیاندا لاسایی بن لادنیان دەکردەوە، لە کاتێکدا بەغدادیو عەدنانیش لە وتارەکانیاندا لاسایی زەرقاوییان دەکردەوە.

بەغدادیو عەدنانی لە وتارەکانیاندا دەیانویست زەواهیری بە شێوەیەك پیشانبدەن کە لە رێبازەکەی بن لادنو ئەبو یەحیاو دامەزرێنەرانی تری قاعیدە لای داوە، هەروەها دەشیانویست لە وتارەکانی ئەم دواییەی (زەواهیری) دا ئەو دژەیەکییو دوودڵییە بسەلمێنن کە ئاماژەیە بۆ وردنەبوونو جێگیری کە بە هۆیەوە متمانەی زۆربەی لایەنگرەکانی لەدەست داوە. رەنگە گرنگترین زیانیش کە زەواهیری کردبێتی رەخنەلێگرتنی بێت لە لایەن ئەبوبەسیری تەرتوسییەوە کە چەندین هەڵەو دژەیەکیی شەرعیو عەقڵی لە وتارەکەی ئەم دواییەی زەواهیری خستەروو.

نزیکەی ساڵێك دەبوو زەواهیری چاودێریی کێشەکانی نێوان بەغدادیو جۆلانی دەکردو وتاری دەداو بە پێچەوانەی بەغدادییەوە هەرگیز لە وتارەکانیدا ناوی بن لادنی نەدەهێنا، ئەمەش لە لایەك بەڵگەی کودەتای زەواهیری بوو لە ڕێبازی بن لادنو لە لایەکی تریشەوە ناردنی پەیامی دڵنیایی بوو بۆ دەزگا هەواڵگرییە جیهانییەکان کە ئەو هاوشێوەی بن لادن نییە.
ئەوەی بە وردی لە وتارەکانی زەواهیریو بەغدادی بکۆڵێتەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە وێنەی داعش لە وتارەکانی زەواهیری دا وێنەی خەواریج یان گرووپێکی هەڵگەراوەیە، لەهەمان کاتدا وێنەی بەرەی نوسرە لە وتارەکانی بەغدادیو گرووپەکانی تر وێنەی گرووپێکی هەڵگەراوەو بە کرێگیراوی سەحوەیە.
ئەم شەڕە وتارەی نێوان زەواهیریو بەغدادی وەهای کردوە هەر یەکێك لەو دوانە جەماوەرو لایەنگری تایبەت بە خۆی هەبێت، بە جۆرێك لایەنگرانی دوێنێی قاعیدەی بن لادنو زەرقاوی، ئەمڕۆ لایەنگری بەغدادیین، نەیارانی دوێنی قاعیدەی بن لادنیش، ئەمڕۆ دۆستی (زەواهیری)ن، بڕواشم وایە ئەمە نیشانەیەکە بۆ گواستنەوەی سەرکردایەتیکردنی ڕێبازی قاعیدە لە (بن لادنەوە) بۆ بەغدادی. ئەوەشی کە ئەو ململانێو شەڕە وتارەی نێوان زەواهیریو بەغدادی ئاراستە دەکاتو بەڕێوەی دەبات کۆمەڵە نووسەرێکی فیکری تەکفیریین کە ئەوانیش: سەباعیو عەبدولحەلیم تاریقو حاکم موتەیریو مەقدەسیو تەرتوسیو موحەیسنیو عەبدوللا فایزو سەعد عەبدوللا موتڵەقن.

## فەتوای سوننیو هەڵوێست لە داعش:

مەجمەعی (دەستە–کۆمەڵە) فیقهیو ئەنجومەنی زانایانی موسوڵمانو موفتیو خانەی فەتواو وەقفی سوننیو مەلاو وتاربێژانی مزگەوت، هەموویان لە سەریانە هەڵوێستی خۆیان بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا لە سەر ئەوە دەربڕن کە بە ناوی ئایینەوە

ڕوودەداتو هاوکات هەڵوێستی خۆشیان لە سەر پێکدادانی داعشو کۆمەڵگای سوننیو بیروباوەڕە توندەکان دەربڕن!!.

هیچ چاودێرێك ناتوانێت ئەوە ڕەت بکاتەوە کە لە دوای شکستی ڕێکخراوی قاعیدە لە بەرامبەر سەحوەکان لە ساڵی ٢٠٠٨، زانایانی سوننەی عێراق لە ئاشکراکردنو ڕەتکردنەوەی فیکری تەکفیرییدا کەمتەرخەم نەبوویێتن، هەرچەندە هەر یەکە لە (شێخ ئەبومەنار عیلمیو شێخ فەتحی موسڵیو شێخ ئەبو قوسەی غەریری) هەوڵەکانیان لە ڕیسواکردنی فیکرو ڕێبازی تەکفیریدا شایانی دەستخۆشییە، بەڵام ئەوانە هەوڵی تاکە کەسی بوون، هەرچی زاناو شێخەکانی وەقفی سوننیشە ئەوانەی کە بێدەنگیان هەڵبژاردوە لە بەرامبەر ئەو فیکرەو ڕێبازە تەکفیرییەدا، بە هۆی ئەوەوە بووە یان هەڵگری ئەجنیدایەکی سیاسی بوون، یا لە زوڵمو ستەمی چەکدارانی ڕێکخراوە تەکفیرییەکان ترساون، یاخود بەشێك بوون لە یارییەکەو ڕوخساری شەرعییانەی ئەو چەکدارانە بوون.

ڕژێمی بەعس هەر لە سەردەمی (ئەحمەد حەسەن بەکر)ی سەرۆك کۆمارەوە کاری بۆ ئەوە کردووە کە سوننەکان عێراق مەرجەعێکیان نەبێت، تەنانەت موفتییەکانیش لە دونیای لەبیرچوونەوەدابن.

موفتیی زەمانی بەعس دەبوو (سۆفییەکی گۆڕپەرست) بێتو لە (عیزەت دوری) یەوە نزیك بێت، لە نموونەی ئەو موفتییانەش (عەبدوللەتیف هەمیمو عەبدولرەزاق سەعدیو عەبدولغەفار عەباسیو عەبدولسەلام کوبەیسی) بوو کە هەر یەکە لەوانە کۆمەڵە کەسێکی موخابەراتو ئەمنیی سەدامی چواردەورییان گرتبوونو بە گوێیاندا دەچرپاندن بۆ ئەوەی چی بکەنو چۆن هەڵبسنو فەتوایش لەبارەی چییەوە بدەن!!

لەساڵی ٢٠٠٤یشدا، شێخ حارس زاری سەر بە (ئیخوان موسلیمین) لە ڕێگای ڕابەرایەتیکردنی (دەستەی زانایانی موسوڵمان)ەوە دەستیگرت بە سەر بواری فتوای سوننەی عێراقدا، بەڵام کاتێك لە بیرکردنەوەی ئیخوانو پەیامە سیاسییەکەی ئەو

بزوتنەوەیە لایدا، زۆربەی ئیخوانەکان وازیان لێ هێناو  ئەویش عێراقی بەجێ هێشت. زۆرینەی سوننەکانیش بە هۆی خراپیی فەتواکانیو بەرگریکردنی لە قاعیدەو چەکدارانی فیکری تەکفیریی لێی کشانەوە. (حارس زاری لە ساڵی ٢٠١٥ لە تورکیا مرد. و/ کوردی)!.

ئیخوانەکان لە دوای (زاری)ییەوە هەوڵیاندا لە ڕێگای ئەنجومەنی زانایانی عێراقەوە جارێکی تر دەستبگرن بە سەر بواری فەتوای سوننەکاندا، بەڵام لەو هەوڵەیاندا شکستیان هێنا. هەر بۆیە لە لایەکی ترەوە (ئەحمەد حەسەن تەها)ی زانای بەناوبانگیان هێنا (کە نزیك بوو لە خۆیانەوە)و کردیان بە سەرۆکی مەجمەعی فیقهی، بۆ سەرکەوتنی مەجمەعەکەش پشتیان بە پاڵپشتیکردنی وەقفی سوننی دەبەست کە زۆرینەی زانایانی ئەهلی سوننەی (ئیخوانو سەلەفیو سۆفییەکان) تێدا بوو، بەڵام بە داخەوە ئەو وێنەیەی کە بەعسییەکان بۆ موفتیی عێراقیان کێشاوە، کە ئەویش شکستپێهێنانی هەوڵی کۆبوونەوەی زۆرینەی سوننەیە لە دەوری مەجمەعی فیقهی وەك تاکە مەرجەعی شەرعی سوننەکان و، هاوکات دوای ساڵێکیش لە دامەزراندنی ئەو مەرجەعە بە هۆی ئەوەی تاکە فەتوایەك یاخود بەیاننامەیەکی دژی فیکریی تەکفیری دەرنەکرد، وەهای کرد هەوڵەکانی ئیخوان شکست بهێنێت.

هەرچی سەلەفییەکانیشە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣، بۆ دروستکردنی خانەیەکی فەتوای تایبەت بە خۆیان سەرکێشییەکیان ئەنجام دا، ئەو سەرکێشییەش ئەوەبوو هەر یەکە لە (شێخ سوبحی سامەڕاییو شێخ عەبدولحەمید راشدیو د.مەحمود مەشهەدانیو د.فەخری قەیسیو شێخ مەهدی سومەیدەعیو شێخ عەبدولستار جەنابی)و بە پاڵپشتیی زۆربەی دەستە شەرعییەکانی گرووپە چەکدارە سەلەفییەکان، (دەستەی باڵای دەعوەو ئیرشادو فەتوا)یان دامەزراند، بەڵام بە هۆی چەندین هۆکارەوە شکستیان هێنا، کە دیارترینیان سەرچاوەی دارایی بوو ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەوان لە لایەن وەقفی سوننییەوە هاوکاری نەدەکرانو زۆربەی سەرکردەکانیشیان سەرقاڵی شەڕی

ئەمریکییەکان بوون‌و لە بۆچوونەکانیشیاندا سەبارەت بە مەسەلەکانی بەشداریی کاری سیاسی‌و جیهادو نووسینی دەستوورو بەشداریکردنی حکومەت‌و پەرلەماندا دابەشبووبوون!!.

هەرچی سۆفییەکانیشە، هەر لە سەرەتاوە پشتیان بەو تەقالیدانە دەبەست کە رژێمی بەعس لە سەرۆکایەتیکردنی خانەی فەتوای (موفتی دیاری عێراقی) دایرشتبوو. دوای مردنی زانای بەناوبانگ (عەبدولکەریمی مودەریس)یش، سەرۆکایەتیکردنی خانەی فەتوای موفتی دیاری عێراقی درا بە شێخ جەمال عەبدولکەریم دەبانی خوێندکاری (مودەریس)و تا کۆچی دوایی لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەو پۆستەی بەڕێوەبرد. دوای ئەویش (شێخ رافیع رەفاعی) کە بە هەڵوێستە لایەنگرەکانی بۆ (حزبی بەعس_باڵی عیزەت دوری) ناسرابوو ئەو پۆستەی وەرگرت و هیچ کاتێك فەتوایەکی لە دژی فیکری تەکفیری توندڕەو دەرنەکرد!

هەرچی بنەماڵی (ئال سەعدی)یشە، هەرچەندە خاوەنی زانستێکی زۆرن‌و دەتوانن بەرەو پێشەوە برۆن، بەڵام بە پاڵپشتیکردنی حزبی بەعس‌و کەوتنە دوای پارەی سیاسەت ناسراون. باشترین بەڵگەیش بۆ ئەم قسانە شکستهێنانیانە لە سەرکردایەتیکردنی (جوڵانەوەی میللی سوننەکان)و فەتوادانیانە بە حەرامکردنی بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤، ئەمە جگە لەوەی هیچ هەڵوێستێکیشیان نییە لە دژی فیکری تەکفیری کە شایانی باسکردن بێت!!.

(د.ئەحمەد کوبەیسی)یش کە خاوەنی جورئەتێکی زیاترە لە سەر باسکردنی سەحابەکان‌و زیاتر ستایشی شیعەکان دەکات تاوەکو سوننەکان، لە لای سوننەکان جێگای خۆی لە دەستداوەو حسابی بۆ ناکرێت، ئەمە جگە لەوەی مێژوویەکی دژەیەکی هەیە لە نێوان فیکری گرووپی تەحریرو فیکری ئیخوانی‌و جاروباریش فیکرێکی سۆفییانەو هەندێك جاری تریش شیعەیەکی سیاسییانە!!.

## پەیکەرەی ڕێکخراوەیی داعش

١- کاتێك باسی پەیکەرەی ڕێکخراوەیی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقو شام "داعش") دەکەین، پێویستە لە سەرمان سەرەتا باس لە شێخ ئیبراهیم عەواد بەدری سامەڕایی (ئەبوبەکری بەغدادی) ئەمیری ڕێکخراوەکەو ئەو دەسەڵاتە ئایینییەی بکەین کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ڕێکخراوەکەی پێ بەڕێوە دەبات. من باسی سەرۆکی حزبێکی سیاسیی یاخود کۆمەڵایەتی ناکەم، بەڵکو باس لە ئەمارەتو بەیعەتپێدانی ڕێکخراوێکی چەکداری دەکەم، کە ژمارەی چەکدارەکانی زیاتر لە ١٨٠٠٠ چەکدارەو بەغدادی وەلی ئەمرو سەرکردەیانە بۆ دەوڵەتی ئیسلامیو حوکمکردن بە ئیسلام.

بەغدادی دەستیگرتووە بە سەر هەموو بەشەکانی پەیکەرەی ڕێکخستنی داعشداو بڕیاری کۆتایی لای خۆیەتی. ئەم ڕێکخراوە کە زەرقاوی دایمەزراندووە گرنگی بە ناونیشانی وەزیفی نەداوە لە ناو پەیکەرەی ڕێکخراوەییدا، بەڵام ئەبوعومەری بەغدادی بچوکترینو وردترین شوێنی لەبیر نەکردووەو ناونیشانی وەزیفی بۆ داناون، هاوکات ئەرکو فەرمانو چۆنێتیی هەماهەنگی لەگەڵ یەکتریو بەردەوامی وەزیفەکانیشی دیاری کردووە. هەروەك هەموان دەزانن لە سەر دەستی ئەبوعومەری بەغدادی ئەم ڕێکخراوە ژمارەی چەکدارە چالاکەکانی کەمتر کردەوەو هەموو ئەوانەی کە ناونیشانێکی وەزیفییان لە ناو ڕێکخراوەکەدا نەبوو لە کاری خستنو کردنی بە شانەی نوستوو، بەوجۆرەش هیچ پەیوەندییەکان بە ڕێکخراوەکە نەمابوو تەنها بەیعەتپێدانو پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوەکە نەبێت لە کاتی تەنگانەدا، بەمەش ڕێگای لە دزەپێکردنی ئەندامانی دەزگا ئەمنییەکان بۆ ناو ڕێکخراوەکە دەگرت و تێچووی مادییو داراییشی کەمتر کردەوەو دەستیشی بە چەکەوە دەگرتو ئامانجەکانیشی بە چاکیو بە وردی دەپێکا.

هەرچی ئەبوبەکری بەغدادیشە هەوڵی سرکردنی ڕۆڵی موهاجیرە عەرەبەکانی لە پۆستە باڵاکانی ڕێکخراوەکەدا دەداو زۆربەیانی گواستەوە بۆ وەزیفە پاڵپشتییەکانی وەك شوراو

راگەیاندنو تەجنیدو کۆکردنەوەی پارمەتی. هەموو دەسەڵاتەکانی راگەیاندنی شەڕو دامەزراندنی ئەنجومەنی سەربازی لای خۆی هێشتەوەو پۆستی وەزیری جەنگی هەڵوەشاندنەوەو زۆرێك لە بەرپرسانی ویلایەتی بەغداو دیالەشی گۆڕی، هاوکات پشتیشی بە ئەفسەرە تەکفیرییەکانی سوپای پێشو و ئەندامانی دەزگا ئەمنیو ئیستیخباراتییەکانی رژێمی پێشوو بەست.

٢- گرنگترین ئەو جومگانەی رێکخراوی داعش کە راستەوخۆ لە لایەن بەغدادییەوە سەرپەرشتی دەکرێنو دەستی بەسەردا گرتوون:

- ئەمنو هەواڵگری ویلایەتەکانو دەزگای چاودێریی رێکخراوەکە.
- ئەنجومەنی شورا.
- ئەنجومەنی سەربازی.
- راگەیاندن (دەزگای فورقانی ئیعلامی).
- دەستە شەرعییەکان.
- پۆستەچی ویلایەتەکان.
- بەیتولمال.

هەموو سەرکردەو ئەمیرەکانی ئەم پلە وەزیفییانە لە عێراقو سوریا لەلایەن بەغدادییەوە دیاری دەکرێن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەغدادی فەرمان بۆ ئەنجومەنی سەربازی دەردەکاتو دەشتوانێت بڕیارێك کە بە دڵی نەبێت رەتی بکاتەوە.

٣- گرنگترین ئەنجومەن لە ناو داعشدا ئەنجومەنی سەربازییە، ئەم ئەنجومەنە لە لایەن ئەبوئەحمەد عەلوانی (وەلید جاسم محەمەد) سەرۆکایەتی دەکرێتو ٣ لە ئەفسەرانی پێشووی سوپاش کە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە لە زیندانی (بۆکا)ەوە هاتوونەتە ناو رێکخراوەکە، ئەندامی ئەنجومەنەکەن. سەرۆکی ئەنجومەنەکە راستەوخۆ لە لایەن بەغدادییەوە دەستنیشان دەکرێت، ئەویش دوای وەرگرتنی رای ئەنجومەنی شوورا لە

سەر کەسەکە. بە مانایەکی تر هیچ یەکێك نابێتە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە ئەگەر لەلایەن بەغدادیی‌و ئەنجومەنی شووراوە تەزکیە نەکرێت.

ئەنجومەنەکە لە سەرۆکێك‌و سێ ئەندام پێك دێت، ئەرکی سەرەکیشیان پلاندانان‌و سەرپەرشتیکردنی ئەمیرە سەربازییەکانی ناو ویلایەتەکانی رێکخراوەکەیە. هاوکات بەدواداچوون‌و چاودێریکردنی ئەنجامی غەزاکانی بەغدادیش لە ویلایەتەکاندا دەکەن. ئەنجومەنەکانی هەر ویلایەتێك پەیوەندییان بە یەکترییەوە نییە، بەڵام لە جێبەجێکردنی پرۆسە سەربازییەکان‌و جۆرو پێکانی ئامانجەکاندا لە کێبڕکێدان.

٤- دەستە شەرعییەکان، ئەم دەستەیە لە لایەن شێخ ئەبو محەمەد عانییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی حەماسەت‌و عاتیفەی جەنگی‌و دارشتنەوەی وتارەکانی بەغدادی‌و بەیاننامەو نووسراوەکانی ناو گرتە ڤیدیۆی‌و سرودە ئیعلامییەکانی داعش. زۆربەی جار ئەندامەکانی ئەم دەستەیە لە موهاجیرە عەرەبەکان‌و بەتایبەتیش لە سعودییەکانن. ئەم دەستانە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن کە یەکێکیان تایبەتە بە بواری قەزایی‌و یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکان‌و چەسپاندنی شەریعەت‌و کارکردن بەچاکەو نەهیکردنە لە خراپە، ئەوەکەی تریشیان تایبەتە بە بواری ئیرشادو تەجنیدکردن‌و بانگەوازو چاودێری راگەیاندنەکانە.

٥- ئەنجومەنی شورا، ئەم ئەنجومەنە لە لایەن ئەبو ئەرکان عامرییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت‌و لە ئەرکەکانیشی تەزکیەکردنی ئەو کەسانەیە کە لە لایەن بەغدادییەوە بۆ والیی ویلایەتەکان‌و بۆ ئەندامی ئەنجومەنی سەربازیی دیاری دەکرێن. ژمارەی ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە ٩ تا ١١ کەسن‌و لە سەرکردە شەرعییە دێرینەکانی رێکخراوەکەن‌و لە لایەن بەغدادییەوە هەڵدەبژێرێن. لەرووی تیۆریشەوە ئەم ئەنجومەنە لە کاتی جێبەجێنەکردنی ئەرکەکەیدا بە باشی دەتوانێت ئەمیری رێکخراوەکە لاببات، بەڵام ئەم کارە لە رووی عەمەلی‌و لە سەر ئەرزی واقیع کارێکی ئەستەمە!

٦- ئەنجومەنی ئەمنو ئیستیخبارات: ئەم ئەنجومەنە لە لایەن ئەبو عەلی ئەنباری بەڕێوە دەبرێت، کە ئەفسەری ئیستیخبارات بوە لە سوپای پێشووی عێراقدا. ئەم ئەنجومەنەش بەرپرسی هاتوچۆو گواستنەوەی بەغدادییو چاوپێکەوتنەکانییەتی، هەروەها چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەش دەکات کە لە لایەن بەغدادییەوە دەردەچن بەوەی تا چەندێك والییەکان پێوەی پابەندن. هاوکات سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگاو شەرعیش دەکات. لە هەمانکاتدا ئەرکی پاککردنەوەی ڕێکخراوەکەش لە هەبوونی هەر ئەندامێکی سیخور لەئەستۆدەگرێت. ئەم ئەنجومەنە لە هەموو ویلایەتێکدا مەفرەزەی تایبەتی هەیە کە کاریان گواستنەوەی بەریدو ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هەموو بەشەکانی ویلایەتەکەیە. هەر وەك مەفرەزەی تایبەت بە تیرۆری سیاسیو رفاندنو کۆکردنەوەی پارەش هەیە.ئەنجومەنەکە لە ٣ ئەفسەری ئیستخباراتی رژێمی پێشوو پێکدێت، بەغدادی هەموو ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنەو ئەمیری ئەمنیو هاوکارەکانی لە هەر ویلایەتێکیش دادەنێت.

٧- بەغدادیو نوێنەرەکانی لە ویلایەتەکاندا دەستیانگرتووە بەسەر دەزگای ڕاگەیاندنداو لە لایەن ئەبو ئەسیر عەبسی سعودی بەڕێوە دەبرێت. دەزگاکەش لە لایەن سوپایەك لە نووسەرو چاودێریکەرانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی کە زۆربەیان لە شانە نوستوەکانو بەشێکیشیان لە لایەنگرانی داعشن پێکدێت. لەهەمان کاتدا دەیان مونتەداو پێگەو ماڵپەری ئیعلامیی جیهادی کە زۆربەیان لە وڵاتانی کەنداوو باکووری ئەفریقان پاڵپشتی ئیعلامی ڕێکخراوی داعش دەکەن.

٨- دەتوانین ئاماژە بە سێ ئەنجومەن بکەین کە لە ناو ڕێکخراوی داعشدا بەهێزترینو پەیوەستن بە یەکترییەوە، کە ئەوانیش ئەنجومەنی ئەمنو هەواڵگریو ئەنجومەنی سەربازیو دەستە شەرعییەکانن، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە بەغدادییەوە.

دەتوانین ئەوەش بڵێین کە کێبڕکێی نێوان والییەکانی داعش لە عێراقو سوریا بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دیاریکردنی رێبازی بەغدادی هەیە لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەو رێکخراوە لە رووی جیوگرافیو مرۆییەوە.

هەروەها دەتوانین ئەوەش بڵێین بە هۆی دەسەڵاتخوازیی عەسکەرو ئەمنو دەستگرتن بە سەر بڕیارەکانو کەسایەتییە پاوانخوازییەکەی بەغدادییەوە، زۆربەی پۆستی رێکخراوەیی داعش پۆستگەلێکی لاوازنو پەیوەندییە شەخسییەکان رۆڵ دەبینن لە بەرپرسانیاندا. هەربۆیە بەغدادی لە کاتی دانانی پەیکەرەی رێکخستنەکەیدا زۆربەی جار خۆی لە سەرکردە مێژووییەکانی رێکخراوەکە لادەداو پەراوێزی دەخستنو زیاتر پشتی بەو تۆڕە دەبەست کە لەخۆیەوە نزیك بوونو پەیوەندی باشبوو لەگەڵیانو بەشێکی زۆری ئەو کەسانەش ئەوانە بوون کە لە رۆژگاری ئەبو عومەری بەغدادی لە ئەنبار ناسیبوونی.

١٠- هەموو ئەوانەی لە ناو ئەو سێ ئەنجومەنەدا لەسەر بەغدادی ماڵن، عێراقییەکانیان، بەڵام دەتوانین ئەوانەی ناو ئەنجومەنەکەش بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش بکەین: ئەوانەی کە حەزیان لە ئەمیرایەتیە بۆ خۆیان لە نموونەی ئەمەش (ئەبو محەمەدی جۆلانی)یە کە رەنگە لە داهاتوودا ئەمانە بەغدادی بکوژن، بەشێکی تریشیان ئەوانەن تەحەکوم بە بەغدادییەوە دەکەن وەك کەسە ئەمنییەکانو ئەفسەرانی سوپای پێشوو، کە ئەمانیش دڵسۆزترین کەسی بەغدادینو سودمەندترین کەسن لێی، سێهەم بەشیش ئەو کەسانەن کە تیاماونو نارازین، بەڵام زۆر بێدەنگنو چاوەڕوانی یەکەمین هەل دەکەن بۆ ئەوەی بەبێ شەڕ جیاببنەوە.

## پەیکەرەی ویلایەتی نەینەوای رێکخراوی داعش

ستراتیژییەتی سەرەکیی داعش لە ١٠ی حوەزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ (ئەو رۆژەی شاری موسڵی گرت.و/ کوردی) ئەوەبوو، ورەی هێزەکانی حکومەت بشکێنێت بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵدا نەکەن. ویلایەتی نەینەوا لە رێکخراوی داعشدا، پشتی بە هاوکاریو پاڵپشتی ویلایەتی سنور دەبەست، ئەویش لە بواری ئامادەکردنی چەكو تەقەمەنیو چەکدارانی عەرەبو بیانی! داعش گرەویشی لە سەر بەشدارینەکردنی ئەمریکا کردبوو لە شەڕی نێوان خۆیو حکومەتی عێراق.

لایەنگرەکانی داعش زۆرترین سودمەندی جوڵانەوەی میللی سوننەکان بوون، چونکە لەوێوە خۆیان ئاشکراکردو لە ژێر ناوی داواکارییەکانی سوونندا دەستیان گرت بە سەر بەشێکی زۆری پارێزگای ئەنبارو دواتریش چوونە موسڵو سەلاحەدینو دیالە.

هیچ رێککەوتنێك لە نێوان داعشو سەرکردەکانی جوڵانەوەی میللی سوننەکاندا بوونی نەبوو، بەڵکو ئەوەی هەبوو، ئەوە بوو کە بەغدادی توانیی فێڵ لە سوننەکان بکاتو هاوپەیمانێتییەکانی بە جۆرێك رێکبخات کە بتوانێت دەست بە سەر شاری موسڵدا بگرێت، هەر وەك ئەوەی لە رۆژهەڵاتی سوریا ئەنجامی دا.

چوونەناوەوەی گروپە چەکدارە سوننییەکانو بە تایبەتیش سوپای پیاوانی نەقشبەندی بۆ ناو هاوکێشە سەربازییەکە لە موسڵو سەلاحەدین وەهای کرد، داعش بە ئاسانی بچێتە ناو کۆمەڵگای سوننەی عێراقو بەتایبەتیش بۆ ناو جوڵانەی میللی سوننەکان، هەر وەك ئەوەی بەغدادی لە سەرەتای شەڕەکانی سوریا لە حەڵەبو رقەو بوکەمال ئەنجامی دا.

پرۆژەکەی داعشی بەغدادی، بە سێ قۆناغ کاردەکات، سەرەتا بە قۆناغی پەلاماردان دەست پێدەکات، دواتر بە قۆناغی تێکهەڵنەپرژان لەگەڵ چەکدارانی گرووپەکانی ترو، دوایین قۆناغیش بە قۆناغی سەپاندنی بەیعەت یاخود هەڵبژاردنی مردن بە سەر هەموو ئەوانەی لە ناوچەکانی ئەواندا چەکیان پێیە کۆتایی دێت، ئەمەش لە ژێر بیانووی

حەرامبوونی زۆری ئاڵاو ناونیشانە جیاوازەکانو هاوکاتیش بۆ دڵنیابوونەوە لە پاراستنی بەرەی پشتەوەی خۆی بۆ ئەوەی بە باشی پرۆسە سەربازییەکانی خۆی لە بەرەی پێشەوە ئەنجام بدات.

بەغدادی لە شەڕەکانیشدا، لەگەڵ ئەوەی پشت بە چەکدارە عەرەبو بیانییەکان دەبەستێت، زۆریش پشت دەبەستێت بە سەربازانو ئەفسەرانی پێشووی سوپاو ئەمن، ئەوانەی کە هەڵگری فیکری تەکفیرینو زۆربەی جاریش ئەمانە لە شێوەی شانەی نوستووداو لە کاتی پێویستدا بە ئاگادێنو ژمارەیان سەدان کەس دەبێت.

بەهۆی کەمی گرووپە چەکدارە موسڵییەکانی نەیارانی حکومەتی عێراقیش، داعش توانیویەتی بە سەر موسڵدا باڵادەست بێتو بەیعەتی بەغدادیش بە زۆر بسەپێنێت.

پەیکەرەی رێکخراوەیی ویلایەتی موسڵیش لەلایەن ئەبو موسلیم تورکمانی (فازڵ ئەحمەد حەیالی) (دواتر کوژراوە) جێگری بەغدادییەوە بەڕێوە دەبراو زیاتر پشتی بە ئەفسەرانی پێشووی سوپا دەبەستو راستەوخۆ پەیوەستیش بوو بە بەغدادییەوە. ویلایەتی نەینەوا لە لای بەغدادی گرنگییەکی زۆری هەبوو، هەرخودی خۆشی چاودێریی دەکرد.

هەر بەهۆی گرنگیی ویلایەتی نەینەواوە، عەبدوڵلا یوسف (ئەبوبەکر خاتونی) (دواتر کوژراوە) لە بری رەزوان تالیب حەمدونی (ئەبو جەرناس) کرا بە والی موسڵ.

لەگەڵ بێلایەنبوونی کۆمەڵگای موسڵو شەڕنەکردنیشیان لەگەڵ داعش، نفوزی داعش تا دەهات زیاتر دەبوو، بە جۆرێك دەستیان کرد بە وەرگرتنی بەیعەتو پارە کۆکردنەوەو لێسەندنی پارە بە زۆر، ئەوەشی ئەو کارەی ئەنجام دەدا ناوی سائر محەمەد خالیدی (ئەبو رائید) بوو، لە لایەن هەریەکە لە عەبدولجەبار راوی (ئەبو ئەحمەد)یشەوە یارمەتی دەدرا، تەنانەت کارەکە بەوەندەش نەوەستا، بەڵکو چەندین مەفرەزی تایبەت بە دزیکردنو خەڵك رفاندنو وەرگرتنی پارە دروستکرانو سەرکردایەتیی ئەو مەفرەزانە درا بە زیاد سەلیم محەمەد (مەنسور). گرووپە جیاوازەکانی داعش لە ویلایەتی نەینەواو

ویلایەتی سەر سنور، کاریان بۆ کۆکردنەوەی پارە دەکرد بۆ هەموو ئەمارەتی داعش لە عێراقدا، هەروەها کاریشیان بۆ ناردنی چەکو شوێنەواری دزراوو پارە لە عێراقەوە بۆ سوریاو بەپێچەوانەشەوە دەکرد، هاوکات چەندین خەندەقیشیان لە نێوان سنوری عێراقو سوریادا هەڵکەندبوو.

ئەوەی ویلایەتی موسڵی لە ویلایەتەکانی تری داعش جیادەکردەوە ئەوەبوو، خەڵکی ئەم ویلایەتە پەیوەندییەکی خێڵەکیو ئایینی بەهێزیان هەبوو حەزیشیان لە سیاسەتکردن نەبوو.

لەویلایەتی نەینەواش بە مەبەستی دادوەریو چارەسەرکردنی کێشەکانو یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانو بڵاوکردنەوەی عەقیدەو مەنهەجی تەکفیری، دەستەیەکی شەرعی هەبوو کە لەلایەن شێخ عەمار سەعید جبورییەوە سەرپەرشتی دەکرا.

بەرپرسی مەفرەزەی ئەمنیو هەواڵگریو تیرۆکردنیش، محەمەد حازمەو یاریدەدەرەکەشی ئەحمەد سەعدون حەمدانی بوو.

بەرپرسی گشتیی سەربازیی ویلایەتی نەینەواش، فەواز هانی نەجم لهێبی (ئەبو محەمەد) بوو، کە لە بەشی راستی شاری موسڵ حامید زاحی شەمەریو لە بەشی چەپی شارەکەش خالید جاسم جبوری یاریدەدەری بوون،

بەرپرسی زانیارییەکانی ویلایەتەکەش فیراس عەلی سەبعاوی (ئەبو ئەیاد)بوو کە لە بەشی راستی شاری موسڵ ئەحمەد راکان جحێشیو لە بەشی چەپی شارەکەش رەزوان عەلی جەرجەری یاریدەری بوون.

بەرپرسی ئیداریی ویلایەتەکەش، عەلی موهەنەد عەقراوی (ئەبو وەقاس) بوو، محەمەد عەبد ئەحمەد سەبعاویش یاریدەدەری بوو.

بەرپرسی دارایی گشتیی ویلایەتیش، سالم عەواد خەڵەف جبوری بوو.

ئەزموونی سەرکەوتووی وەزیفی داعش لە سوریا وەهای کرد جارێکی تر ئەبوبەکری بەغدادی بە هەمان ستراتیژو ڕێگاو دروشم کە ئەویش (پاراستنی سوننەی عێراق) بوو، هەمان پلان لە موسڵیش دووبارە بکاتەوە.

## ئەو سەرکردانەی داعش کە پێشتر بەعسی بوون

ئەوەی گومانی تیادا نییە ئەوەیە کە داعش فیکرو وتەو ڕەفتاری بەعس بە کوفر دادەنێت، لە بەرامبەریشدا بەعس هیچ باوەڕێکی بە داعش نییە، بەڵام هەردوولایان یەکتری بەکاردەهێننو تەنها بەرژەوەندی کۆی کردوونەتەوە.

یەکێك لە سەرکردەکانی سوپای موجاهیدین لە عێراق باسی لەوەکردووە لە ٦ی ڕەمەزانی ساڵی ٢٠٠٧، لە شاری دیمەشقو لە ناو نووسینگەکەی خۆیدا چاوی کەوتوە بە (یونس ئەحمەد) (سەرکردەیەکی بەعسییەکانی عێراق و بەرپرسی باڵێکی ئەو حزبەیە.و/ کوردی)و قسەو باسیان لە سەر ڕێکخراوی قاعیدە کردووە، یونس ئەحمەد وتویەتی: ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ ئەم حکومەتەو هیچ حکومەتێکی عێراقی تر ناکەنو تا دوایین کەسی سەلەفی جیهادی لە عێراقدا شەڕ دەکەن. دوای ئەو وتەیە ئەو سەرکردەیەی سوپای موجاهیدین لەوە تێدەگات، کاتێك بەعس لە ڕووی لۆجیستیو ئیعلامییەوە پاڵپشتیان دەکات بۆ ئەوەیە لە جیاتی ئەوان شەڕ بکەن.

ئەمەش ناوی دیارترین سەرکردەکانی داعشن کە پێشووتر بەعسی بوون:

١- حاجی بەکر (سەمیر عەبد محەمەد نایل خلێفاوی)، یاریدەدەری بەغدایو سەرپەرشتیاری داعش بووە لە سوریا، عەقیدی فرۆکەوانی بووەو تا ڕووخانی ڕژێمی سەدام ئەو کارەی کردووە، هاوکات ئەندامی شوعبەی حزبی بەعس بووە لە ئەنبار، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ کوژراوە.

٢- ئەبو عەلی خەلیلی، پێشتر لە رێکخستنە فەلەستینییەکانی ناو عێراقی سەردەمی سەدام ئەفسەر بووە، فیدایی سەدام بووە، دوای گەڕانەوەشی بۆ سوریا، لەگەڵ هەواڵگری ئاسایشی دەوڵەت (عەلی مەخلوف) تەنسیقی کردووە بۆ ئەوەی کارێکی لە عێراقدا پێ بسپێردرێت.

٣- ئەبو فەیسەڵ زەیدی، کورە مامی (مەعاز سەفوك) بووەو یەکێك بووە لە هاورێ نزیکەکانی بەغدادی لە گەڕەکی سەیدە زەینەب، بەکرێگیراوی بەعسی سوریو هەواڵگری ئەو رژێمە بووە.

٤- عەمید روکن محەمەد نەدا جبوری، خەڵکی گوندی (صدیرە) یەو بە (ئەبو بەشائر) ناسراوە، بەرپرسی ئەرکانی ئەنجومەنی سەربازی رێکخراوی داعش بووە، ئەندامی فیرقەی حزبی بەعس بووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ لە موسڵ کوژراوە.

٥- ئەبو موهەند سوەیدوای (عەدنان لەتیف حەمەد سوەیداوی)، عەقیدێکی بەعسی سوپاکەی سەدام بووە، پەیوەندی بە عیزەت دووریيەوە هەبووە، بەر لە دەستگیرکردنیشی بە هەفتەیەك پەیوەندی بە داعشەوە کردووە، دوای چوونەدەرەوەشی لە زیندان، دووبارە پەیوەندی پێوەکردوونو کراوە بە ئەندامی ئەنجومەنی سەربازی رێکخراوی داعش.

٦- ئەبو ئەحمەد عەلوانی، ناوی وەلید جاسم عەلوانییە، لە سەردەمی سەدامدا نەقیبی سوپا بووە، سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازی داعشە.

٧- ئەبو عەبدولرەحمان بیلاوی، ناوی تەواوی عەدنان ئیسماعیل نەجمە، لە هێزەکانی حەرەس جمهوری سەدامدا موقەدەم بووە، پێش ساڵی ٢٠٠٣ بە پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی بە حزبی بەعسەوە ناسراوە، ناوە نهێنییەکەی ئەبو ئوسامە بیلاوییە.

خەڵکی خالدییەی ئەنبارەو ئەندامی ئەنجومەنی سەربازی داعشبوو. (لەرۆژی ٤-٦-٢٠١٤ لە ناو موسڵ کوژراوەو لە تۆڵەی ئەوەدا داعش لە ٩-٦-٢٠١٤ پەلاماری موسڵی داو داگیری کرد. و/ کوردی).

٨- عەقید ئەبو موسلیم فازڵ عەبدوللا، تورکمانەو لە بنەرەتدا خەڵکی تەلەعفەرە، دڵسۆزییەکی زۆری بۆ سەدامو دواتریش بۆ عیزەت دووری هەبووە، بە هۆی ئەو دڵسۆزیو پەیوەستەی بە بەعسەوە بۆ ماوەیەکی درێژ دەستگیر کراوە، ئەندامی ئەنجومەنی سەربازی داعشو بەرپرسی سەربازی موسڵو مونەسیقی گشتی ویلایەتەکانبووە! (لە شوباتی ٢٠١٥ کوژراوە).

٩- موقەدەم نەبیل عەرەبی مەعینی (ئەبو عەفیف)، بەرپرسی سەربازی ویلایەتی باشوور بووە، بەعسییەکی ناودار بووە لە (هۆر رەجەب)، بە هۆی پەیوەندییەکانی بە حاجی بەکرەوە پەیوەندی کردووە بە داعشەوە!

١٠- عەقید فازڵ عیساوی (ئەبو ئەلیاس) ئەفسەری ئیستخبارات بووە لە بەرگری ئاسمانی عێراقو خێزانەکەشی سۆفی بوون و نزیکی عیزەت دوری بوون، بەرپرسی ئەمنیی رێکخراوی داعش بووە لە بەشی چەپی شاری موسڵ.

١١-عەبدولرەحیم تورکمانی (ئەبو عومەری تورکمانی، لەرێکخستنەکانی حزبی بەعس کاری کردووە، هەروەها لە سەر رێکخراوە ئیسلامییەکانی سەردەمی سەدامیش نهێنییەکانی داوەتە حزبی بەعس لە موسڵ، کراوەتە والی (دێر زور).

١٢- چەندین کەسی تر هەن کە بە هۆی لقی ٧٩ هەواڵگری گشتیی سوریو لە رێگای (فەوزی موتڵەگ راوی)و (سوفیان عومەر نعێمی) رێکخراونو بوونەتە داعش. ئەم کەسانە کاریان پێشوازیکردنو بەرێکردنی چەکدارە بیانییەکان بوو بۆ ناو عێراق. لە

دیارترین ئەو کەسانەش (تورکی هیشان موزیدی شەعبانی)یە کە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا لە ناو خاکی سوریا لە ساڵی ۲۰۰۸ دەستگیرکراو دواتر لە ساڵی ۲۰۱۱۱ لە زیندانی کروپەر هەڵهاتو بوو بە یەکێك لە دیارترین سەرکردەکانی داعش. هەردوو یاردەدەرەکەشی (مەعاز سەفوك)و (ئەبو سوهەیب حەمدانی) پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ حزبی بەعس هەبووە.

۱۳- نەدیم بالوش، بە (غەریب)یش ناسراوبوو، سەرپەرشتی راگەیاندنی داعشی لە سوریا دەکردو دەیان پەیجو ئەکاونتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوك‌و تویتەر بەڕێوەدەبرد، مێژووی ژیانی خۆی‌و مێژووی ژیانی خێزانەکەشی بەوەناسراوبوو کە وا هەڵوێستەکانیان تائیفییانەیە.

۱٤- عەبدولرەزاق ئەحمەد فراس عوبەیدی (ئەبو ئیسماعیل)، لە سەردەمی رژێمی بەعسدا ئەفسەری موخابەرات بووە، داعش کردویەتی بە والی ئەنبار، لە کۆتایی ساڵی ۲۰۱۲ لە کاتێکدا خەریکبوو دەستگیربکرێت، خۆی تەقاندوەتەوە.

۱٥- مونزیر عەبد فەیاز عوبەیدی (ئەبو ئەحمەد)، لە سەردەمی بەعسدا ئەفسەری ئەمن بوە، لەلای داعشیش ئەندامی ئەنجومەنی سەربازی‌و بەرپرسی سەربازی ویلایەتی باکوور بووە، ساڵی ۲۰۱۲ دەستگیرکراوە.

۱٦- عەقید روکن عاسی عوبەیدی، لە حەرەسی جمهوری رژێمەکەی سەدامدا کاری کردوە، ئەندامی ئەنجومەنی سەربازیی داعش‌و بەرپرسی سەربازی ویلایەتی ئەنبار بووە، ساڵی ۲۰۱۳ لە زیندانی ئەبو غرێب هەڵهاتووە.

١٧- محەمەد مەحمود عەبدوللا حەیالی (ئەبو بیلال)، والی دیالە بووە، پێشووتر لە هێزەکانی حەرەس جمهوریدا کاری کردووەو پلەکەی موقەدەم بووە، رای کردووە بۆ موسڵو ساڵی ٢٠١١ کوژراوە.

١٨- ئەحمەد حەسەن عەلی نعێمی (ئەبو ئەحمەد)، والی ئەنبار بووە، دەستگیرکراوەو دواتر لە زیندان خۆی کوشتووە.

١٩-عومەر کامل ساجت جەنابی (ئەبو حەفس)، لەسوپای پێشوودا مولازمی یەك بووە، داعش کردویەتی بە والی رەسافە، لە ساڵی ٢٠١٣ لە سێدارە دراوە.

## نەوەکانی بەغدادی

١- چەکدارەکانی بەغدادی بەدەست رێبازی جیهادی بەغدادی (کە ئەویش گرنگیی پلانە ئیعلامییەکانە تاوەکو ئەنجامو قوربانییەکان)و هەروەها بەدەست پوچی ناوەرۆکی رێکخراوەییو ئازادنەبوون لە بەیعەت پێدانو کارنامەو دژەیەکییەکانی نێوان رێبازی بەغدادییو زەواهیرییەوە دەناڵێنن! هەموو ئەمانەش چەند سیفاتێکن، کە تەواوی چەکدارانی داعش لەگەڵ چەکدارانی قاعیدەدا تیایدا هاوبەشن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بە هۆی تازەیی داعشەوە بە بەراورد بە لقەکانی قاعیدەی یەمەن و جەزیرەی عەرەبی، داعش بەدەست لاوازی ئەزموونی رێکخراوەییو زانیاری شەرعییەوە دەناڵێنێت.

٢- چەکدارانی بەغدادی لە رێکخراوی داعشدا توانیان لەوەدا سەرکەوتووبن کە لە ماوەیەکی کورتدا سەرکردایەتیی رێکخراوەکە و تەواوی پۆستە گرنگە سەربازیو داراییو ئەمنییەکانی ویلایەتەکانی سوریاو عێراق بدەنەوە بە عێراقییەکان، هەر ئەمەش وەهای

کرد چەندین سەرکەوتنی سەربازی بەدەست بێهنن. چەکدارانی بەغدادی بۆ عێراقچێتی زۆر دەمارگیرن!.

٣- گرفتی شەرعی هێشتا گرفتێکی دیارە بە لای چەکدارانی داعشەوە، بۆنمونە لە مەسەلەی یاخیبوون لە زەواهیری، هەروەها لە مەسەلەی چەمکی ئیجتیهاد بەپێچەوانەی بڕیاری ئەمیرەوە بەوەی کە ئایا دەسەڵاتەکەی ڕەوایە یاخود ئیجتیهادێکی پێچەوانەی ئیسلامە هەر وەکو کێبەرکێکردن لە سەر ئەمارەت یاخود خەلافەتی گەورە، هەروەها لە مەسەلەی قبوڵکردنی شەڕی ناوخۆو ناوزەدکردنیان وەك خەواریجەکان. لەبەرامبەردا ئەو پەیامەی بەغدادی دەیەوێت بە چەکدارەکانی بگەیەنێت ئەمەیە: زەواهیری هیچ بەیعەتو گوێڕایەڵیەکی لە سەرمان نییە، لادانیشی لە ڕێبازەکەی بن لادن کە پیرۆزبایی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا لێ کردووین ناچارمان دەکات لەوەی لەگەڵیدا جیاوازبینو ڕەخنەلێگرتنی بە ئاسایی وەربگرینو ئەگەر پێویستیشی کرد لەگەڵیدا بەشەڕ بێین!!.

٤- هێشتا بەشێکی گرنگ هەیە لە ڕێکخراوی داعشدا، کە لە لای زەواهیری جێگای ڕێزو ستایشە بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت، چونکە چەند هەوڵێکی یاخیبوون لە بەغدادی لێرەو لەوێ لە ناو عێراق دەبینرێنو دەتوانین ئەو هەوڵانەش بە قاعیدەی زەواهیری ناوزەدی بکەین، هەر وەك هەوڵە یاخیبوونەکەی شێخ عەبدولکەریم جبوری (عەبدولکەریم شورە) لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠، کە بە کوشتنی خۆیو چەند کەسێکی هاوەڵیو تەوبەکردنی چەند هاوەڵێکی تری کۆتایی هات. ئەندامەکانی ئەم گرووپەش لە ئەندامە مێژووییە یەکەمینەکانی گرووپە تەکفیرییەکانی زەرقاوی بوونو بە ڕێبازی جیهادی بەغدادی ڕازی نەبوون.

ئەوە بە كارێكی ئەستەمیش نازانرێت لە داهاتوودا چەندین گرووپی تری لە نموونەی وەك ئەنسارولئیسلامو تائیفەی مەنسورە لە داعش جیاببنەوە.

٥- بەنیسبەت ململانێكانی نێوان داعشو بەرەی نوسرەش، كە ململانێیەكی ئاشكرایەو تا حاڵەتی پێكدادانی چەكداریش رۆیشتوە، یەكێكە لە دەرئەنجامەكانی ململانێی نێوان بەغدادیو زەواهیری لە سەر رابەرایەتیكردنو ململانێیەكی فیكری نییە، هاوكات بووەتە ململانێیەكی فراوانتریش لە سەر فەرماندەییكردنو دەستكەوت لە نێوان سەركردە سەربازیو ئەمنیو ئیعلامییەكانی هەردوو لایاندا.

٦- یەكەمین ئامانجی چەكدارانی داعش ژیاندنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامیو هەیمەنەی ئەو دەسەڵاتەیە بە سەر هەموو بوارەكانی ژیانو ئاینو رێكخراوی داعشیش هەلی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی بۆ دەستبەركردوون ئەویش لە رێگای دەستگرتن بە سەر چەند ناوچەیەكی عێراقو سوریا.

هەڵوێستی باو لە لای داعش (ئەوەی پەیوەستە بە بیرۆكەی جیهاد تاكە چارەسەرە) پشت بە راگەیاندنی نەفیر عام دەبەستێت بۆ هەموو ئەوانەی كە مەرجەكانی عەقیدەیەكی پاكیان تیابەدیدەكرێت و هەموو ئەوانەشی توانای هەڵگرتنی چەكیان هەیە لە ناو عێراقو سوریادا. هەروەها پێویستی رووبەڕووبوونەوەی قۆرخكردنی دەسەڵاتیش لە لایەن لیبراڵیو عەلمانی و بەعسیو غەیرە ئیسلامییەكانەوە لە عێراقو سوریاو تەواوی وڵاتانی تری ئیسلامی.

٧- هەڵوێستی چەكدارانی داعش لە پرۆژەی سەلەفییە جیهادییەكانیش تاوەكو ئێستا روون نییە، هەروەك داخرانیان بە سەر خۆیاندا لە تەواوی كەرتو بەشە جیاوازەكانی كۆمەڵگا وەهایان لێ دەكات هێندەی تر موحافیزكاربنو پێشوازی لە بژاردەكانی

بەشداریو پێکەوەژیان لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا نەکەن جا چ سەلەفی بن یان غەیرە سەلەفی، هەر بۆیە مانەوەی ریزەکانی داعش بە یەکگرتووی پێویستی بە مەرجی ئەو داخرانەیە ئەمەش لە پێناوی زەمانەتی بەیعەتدانی پێویست بە بەغدایو فشارکردن لە سەر گرووپە جیهادییەکانی تر بۆ بەیعەتپێدان.

دواین قسە ئەوەیە رێکخراوی داعش بە تەواوی تۆرو بەرژەوەندییە سەربازیو داراییە جیاوازەییەکانییەوە، لاشەیەکی زۆر گەورەیەو بە زۆر هەیمەنەی خۆی دەسەپێنێتو هەموو هەوڵی گرووپەکانی تر بۆ لەناوبردنی لە رەگەوە شکست پێ دێنێت. تاکە بۆشاییەکی نێوان پرۆژەکەی بەغدادیو چەکدارەکانی، بەهێزکردنی یاخیبوونی قاعیدەی زەواهیرییە لە ناو رێکخراوی داعشدا ئەویش بە ئەنجامدانی پرۆسەی کودەتا یاخود تیرۆرکردنی بەغدادی!!.

## شیکردنەوەی کەسایەتیی سەرکردەکانی داعش

١- ئەوەی گرنگی بە مێژوو ژیاننامەی سەرکردەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق بدات، بۆی دەردەکەوێت زۆربەی ئەو کەسانە لە سەر ڕێبازی (سەلەفی_قوتبی_جیهادی) ئایینداری دەکەنو تا پلەیەکی زۆریش توندڕەو و توورەو خۆبەزلزانن، زیرەکیشیان ڕێژەییە و بەشێکی کەمیان لە فیقهی واقیع تێ دەگەنو بە دەرئەنجامی مەنتیقی لێی دەردەچن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فیکرە جیهادییەی کە تەکفیرییەکان لە سەرەتای وەرگرتنی مەعریفەی ئایینییەوە وەریدەگرنو ئامانج لێی دروستکردنی کەسایەتییەکی دژ بە ئەوانی ترە، کە دواتر زۆربەی جارەکان ئەو کەسە لە ناو چوارچێوەی فیکرەیەکی دیاریکراودا زیندانی دەکرێتو بە بیانووی جاهیلبوونی کۆمەڵگاوە ڕێگای تێکەڵاوبوونی کۆمەڵگای لێ دەگرێت. بەکارهێنانی چەمکی (دڵسۆزیو گوێڕایەڵی) لە کاردا و بە کافرکردن و مولحیدکردنی ئەوانی تر لە ئەزموونی سەربازگە شەرعییەکانی ساڵانی ٢٠٠٤_٢٠١٣ی زیندانەکانی بۆکا و ئەبوغرێبو کروپەر و ڕەسافە و کازمیە و سەربازگاکەکانی ئامادەکردنو گەشەپێدانی ساڵانی ٢٠٠٣_٢٠١٣ لە ناوچەکانی حەدیسە و بوهروزو سەرسارو عەویساتو عوزێمو جەزیرەی موسڵ وەریانگرتووەو، ئەوانە بوون کە زۆربەی سەرکردە توندڕەوەکانی ئێستایان دروست کردووە. ئەم سەربازگانە کاریگەرییان هەبوو لە بنیاتنانی ئەو جۆرە کەسایەتییانەی ناو کۆمەڵگای سەرکردەکانی ڕێکخراوی قاعیدە، کە لەبری هەڵبژاردنی ڕێگای لێبوردەییو پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوی تردا، ڕێگای توندڕەوییان هەڵبژارد!.

٢- ئەو سەرکردانەی کە لێرەدا مەبەستمانە سەرکردەکانی ریزی یەکەمو ئەوانەن کە خاوەنی بڕیارن، ئەو کەسانەی کە توانای دروستکردنی مردنیان هەیە لە ژیانماندا و

توانای سیاسەتکردن‌و بەڕێوەبردن‌و سەرکردایەتیکردنی تیرۆریان هەیە، نەوەك ڕەشە خەڵکەکەی داعش، چونکە ئەوە ئەو سەرکردایەتییەیە کە هەموو شتێکیان بەدەستەو لێپرسراوی ئەو نەهامەتییەن کە ئێستا وڵاتانی عێراق‌و سوریای پیادا تێپەردەبێت.

٣- هەرچەندە لێکۆڵینەوەکان قسەیان لە سەر جەماوەریبوون‌و قبوڵکردنی ئەو سەرکردانە (جا بە تاك تاك بن یاخود هەموو ئەنجومەنی شورا) لەلایەن چەکدارانی داعشەوە نەکردووە، وەلێ هێشتا سەرکردایەتیی داعش لە لای بەشێکی زۆری ئەو چەکدارانە مایەی ڕەزامەندی‌و قبوڵکردن نین، هۆکاری بێدەنگبوونیشیان دەگەڕێتەوە بۆ بەیعەتدانیان بە ئەمیری داعش، جا بە هۆی ترس‌و ترسی ئایینییەوە بێت یاخود بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە. ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لە سەر ڕێکخراوی قاعیدە کردووە ئەوەیان لە بیرە چۆن ئەو ڕێکخراوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩دا گرووپەکەی شێخ عەبدولکەریم جبوری کە ناسراوبوون بە گرووپەکەی (کەریم شورە)یان لەناوبرد ئەویش بە هۆی ئەوەی ئەو گرووپە داوای ئەوەیان کردبوو بەغدادی ڕێبازەکەی خۆی ڕاست بکاتەوەو بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی زەرقاوی. بۆیە ئێستا لەوە تێ دەگەین ئەو سەرکردایەتییانە چۆن قبوڵ کراون!!.

٤- سیاسەتی سەرکردەکانی ڕێکخراوی داعش ئەوەیە گوێ لە هیچ کەسێکی چواردەوری خۆیان لە ڕێکخراوو گرووپەکانی ترو ئەو زانا سەلەفییە جیهادییانەی تر کە هەوڵی چاکسازی دەدەن ناگرن‌و گوێ بە کێشەو گرفتەکانی خەڵکیش نادەن. هەر کەسێك لە خۆیان نەبێت لەوانەیە تۆمەتبار بکرێت بە هەڵگەڕاوەو یاخیبوو، ئەم داخرانەبەسەرخۆداو ئەم قبوڵنەکردنی ئەوی ترە با لە ڕووی فیکری‌و مەنهەجیشەوە نزیکیان بێت، دووریخستوونەتەوە لە حەقیقەت‌و دووریخستوونەتەوە لە داواکانی خەڵك.

وەهمەکانی بەغدادیش بەوەی خۆی لە سەر حەقەو ئەوانی تریش لە سەر پووچی رۆژ لە دوای رۆژی گەورەتر دەبێت، هەر ئەمەش وای لیّ کردوە نەتوانێت رووبەڕووی کێشەکان بێتەوە و بە رەفتاری توندو بە درۆ پرکردنی ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان و بڵاوکردنەوەی فیلمە جیهادییەکان بەوەی گوایە سەرکەوتنی بەدی هێناوە ئیتر کاریگەرییەکی گەورە لە سەر کۆمەڵگای موسوڵمانان جیّ ناهێڵێت.

## خاڵە لاوازەکانی داعش

١– ئەبوبەکری بەغدادی بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەی رێکخراوەکەی لە پارێزگاکانی عێراق پشت بە ئەندامە عێراقییەکان (ئەنسار) دەبەستێت، بە تایبەت ئەوانەی کە زانستی شەرعیو پەیوەندییان بە شێخو بیرمەندە سەلەفیە جیهادییەکانەوە لاوازە، لە نموونەی ئەمانەش مەیسەر عەلی موسا جبوری (ئەبو ئەیمەنی عێراقی)و عەلی عەتیە جبوری (ئەبو عاسم غەرباوی). ئەم دووانە لە رووی نووسینو لێکۆڵینەوەو تەنانەت وتاردانیشەوە هیچ شارەزاییەکی شەرعییان نییە ! !.

زۆربەی سەرکردە سەربازییەکانیشی لە ئەفسەرانی سوپای پێشوونو لە بواری فیکری سەلەفیو جیهادیدا تازەن، لە نموونەی ئەوانەش (سەمیر عەبد محەمەد نایل خەلیّفاویو وەلید جاسم محەمەدو ئەبو عەبدولرەحمان بێلاوی)ن. هەرچی سەرکردە کۆنەکانی رێکخراوی داعشیش هەیە، ئەوانەی عێراقین یاخود خەڵکی وڵاتانی کەنداون یان یەمەنیو سورییینو لە سەر باڵی ئەبو عومەری بەغدادی حسێب دەکرێن وەك (ئەبو بەکر خاتونیو ئەبو ماریە کوەیتیو بەندەر قەحتانی)، ئەوا وەك راوێژکارێك تەجمید کراونو هیچ پەیوەندییەکیان بە پرۆسە مەیدانییەکانەوە نەماوە. هەموو ئەو بەڵگەو شایەتانەی لەبەردەستدان ئەوە دەسەلمێنن، کە بەغدادی حەزی لەوە نییە هیچ یەکێك لە سەرکردەکانی لە رووی زانستی شەرعییەوە، یاخود لە رووی پەیوەندیی یان مێژووی جیهادییەوە پێشی بکەوێت ! !.

٢- ئەوەی جێگای دڵنیاییە ئەوەیە کەوا ئەندامانی داعش ئەوانەی خەڵکی وڵاتانی کەنداون تا سەر ئەو دۆخە قبوڵناکەنو لەئێستادا لەگەڵ ئەو سەرکردانەی، کە باوەڕیان بە قاعیدەی زەواهیری هەیە خەریکی هەڵوەشانەوەی هێزەکەی چواردەوری بەغدادین، بە بڕوای منیش توانیویانە بڕۆنە ناو بەشێکی بچوکی ئەو بازنەیەی کە بەغدادی راوێژیان پێ دەکاتو بە هۆی دۆخی شەڕی عێراقو سوریاو خۆخەریکردنی بەخۆیەوە، بەغدادی پێ نەزانیوون!.

٣- یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە سعودیە دەری کردوە، ناهێڵێت ئەندامە سعودییەکانی ناو رێکخراوی داعش هەر وا بە ئاسانی دەربچن، هەر بۆیە دەزگای هەواڵگریی سعودی لە پێناوی ئەوەدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی شانە سعودییەکانی ناو داعش دەداتو توانای سەرکەوتنیشی لەو کارەدا هەیە. ئەگەر دەزگا ئەمنییەکانی سعودیە توانیان ئەو شانە زۆر نهێنییانە ئاشکرابکەن کە ژمارەی ئەندامانیان کەمەو دەستگیرییان بکەن، ئەوا دەبێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی بە قاچاخبردنی چەكو تەقەمەنی لە تورکیاوە بۆ ناو سوریا بە تایبەت لەو ناوچانەی باکووری سوریا کە داعش تیایدا باڵادەستەوە، هەروەها دەبێتە هۆی شکستپێهێنانی گواستنەوەی پارە و خۆبەخشەکانیش بۆ ناو سوریاو عێراق، ئەویش بە هۆی ئەوەی چالاکییە هەواڵگرییە سعودیو خەلیجییەکان لە ناو سوریادا زۆر بە بەهێزی بوونیان هەیە!!.

٤- رێکخراوی داعش لە شەڕی ئیعلامیو ئەلیکترۆنییدا لەگەڵ دوژمنەکانی رووبەڕووی چەندین ئاستەنگو تەنگەژە بوەتەوە. هەرچەندە داعش هەندێك سەرکەوتنی ئاسانی لەو شەڕەدا بەدەست هێناوە بە تایبەت لە رووبەڕووبوونەوەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی رێکخراوە جیهادییەکانی سوریاو عێراق، بەڵام ئەو سەرکەوتنانە لە بەرامبەر هێرشی ئەلیکترۆنی دەزگا هەواڵگرییە جیهانییو عەرەبییەکان شکستیان هێناوەو توانیویانە لە کەسایەتیی بەغدادیو سەکردە سەربازیو ئەمنییەکانی داعش بدەن و ناسنامەیان ئاشکرا بکەنو هەندێکیشیان لە ناو ببەن!!.

٥- سەرکردە عێراقییەکانی بەغدادی دان بەوەدا دەنێن توندکردنەوەی ڕێوشوێنە ئەمنییەکانو بەرزکردنەوەی ئاستی سوپاو هێزە ئەمنییەکانی تر لە ئەنبارو پارێزگا سوننییەکانی تر بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داعش، فرسەتی شەڕی شارەکانو پارتیزانی لەدەست داونو ناچاری کردوون پەنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆو درێژ ببەن کە هیوای بۆ ناخوازنو زیانی زۆریان پێدەگەیەنێت!!.

هاوکات سەرکردەکانی داعش ئەوە دووپات دەکەنەوە بە هۆی پەیوەندیکردنی دەیان شانەی نوستوو لە ئەنبارو پارێزگاکانی تری عێراقەوە بە ڕێکخراوەکەیانو بەهۆی ئەنجامنەدانی لێکۆڵینەوەی ئەمنی لە ئەندامانی ئەو شانانە، مەترسی بۆ سەر ڕێکخراوەکە دروست دەکەن. من بڕواشم وەهایە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت لە لایەنی هەواڵگرییەوە دزە بکرێتە ناو ئەو شانانەو داعش پێ لاواز بکرێت!!.

٦- ئەوەی چاودێریی کارەکانی داعشی بەغدادی بکات ئەوەی بۆ دەردەکەوێت تواناکانی ئەو ڕێکخراوە لە ڕووی پاراستنی نهێنییە وردە تایبەتییەکانی سەرکردەکانی لاواز بووە، لە بەرامبەریشدا توانا دارایيو جوگرافیو مرۆییەکانی زیادی کردووە. هەروەها بە پشتبەستن بە بارودۆخی سوریاو ئەنباریش ئامرازو پلانەکانی بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی درێژو تاقەتپڕوکێن لەگەڵ هێزەکانی عێراقدا گۆڕیوە، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی هێرشو کاری پارتیزانی لە دژی ئامانجە حکومییەکان لە بەغدادو پارێزگاکانی تری عێراق.

٧- ڕێکخراوی داعشی بەغدادی ڕێکخراوێکی (عەقائیدی تەکفیرییە)و هاوشانی ئەوەی ڕێکخراوێکی چەکدارییە بیروباوەڕێکی تەکفیرییانەشی هەیە، هەر بۆیە کاتێك ئەو ڕێکخراوە ئەو کەسانە لە دەستدەدات کە فیکرەکەی بڵاودەکەنەوەو بیانوو بۆ کارەکانی دەهێننەوەو فەتوا بۆ سەربازەکانی دەدەن، ئەوا ئیتر هیچ هۆکارێك نامێنێتەوە بۆ مانەوەی، جا بۆیە شەڕکردنی داعش هەر بە تەنها نابێت شەڕێکی سەربازی بێت، بەڵکو دەبێت فیکریش بێت، چونکە بەکارهێنانی توندوتیژی بە تەنها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی

ئەوانەی دەبنە داعش لە بەرامبەردا توندوتیژی دروست دەكات. من بڕوام وایە لە ئێستادا داعش لاوازە، بەڵام لە سەرەمەرگدا نییە ! !.

٨- ناكۆكیی نێوان زەواهیریو بەغدادی ڕێكخراوی داعش لاواز كردووە و وەهای كردووە لە بەغدادی خۆی هەموو كاروبارەكانی ڕێكخراوەكەی بە شێوەیەكی مەركەزی نارێكخراو لە ئەستۆ بگرێتو بە هۆی شەڕكردنی لەگەڵ بەرەی نوسرەو گرووپە ئیسلامییەكانی ترەوە بڕواتە دۆخێكی بەرگرییەوەو بە سەدان ئەندامی بكوژرێت.

٩- ئەوەی جێگای سەرنجە بەغدادی هەر ناوە ناوەیەك لە ڕێگای تۆماری دەنگیو بەیاننامەی ناو تۆڕەكانی ئەنتەرنێتەوە وتار بڵاودەكاتەوە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ئەو كاریزمایە دروست بكات كە زەرقاوی هەیبووە!. (دیارە نووسەر ئەمەی پێش دەركەوتنی بەغدادی نووسیوە كە لە شاری موسڵو دوای داگیركردنی ئەو شارە لە لایەن داعشەوە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، بۆ یەكەم جارو بە ئاشكرا وتاری ڕۆژی هەینی خوێندەوە.و/ كوردی).

## هاوكاریی وڵاتانی كەنداو بۆ گرووپە چەكدارە عێراقییەكان

ساڵی ٢٠٠٦ گرووپە سوننییەكان (سەلەفیو ئیخوانەكان) لە لایەن وڵاتانی كەنداوەوە لە سەر ئاستی میللی گرنگییەكی زۆریان پێ درا، بەتایبەتیش دوای ڕووداوەكانی سامەڕا هاوكاریو پشتگیریی هەموو وڵاتانی عەرەبیو وڵاتانی كەنداویان لە سەر ئاستی میللیو هەواڵگریی بۆ خۆیان دەستبەر كردو ئەم هاوكاریو پشتگیرییە تاوەكو سەركەوتنی سەحوەكان (كە پێكهاتبوون لە سوپای ئیسلامیو حەماسی عێراقو ئەنسارولسنە_دەستەی شەرعی) بە سەر ڕێكخراوی قاعیدە لە ساڵی ٢٠٠٨ بەردەوام بوو. دواتریش زۆربەی ڕێكخراوە میانڕەوەكانی تر پەنایان بردە بەر كاری سیاسیو بانگەوازی ئاشتییانەو مەدەنییانەی ئایینییانە! هەر ئەمەش وەهای كرد زۆربەی چەكدارەكانی ئەو ڕێكخراوانە ببنە شانەی نوستوو. هاوكات ئەنجومەی سیاسیی بەرگریی

عێراقی (سەلەف_ئیخوانی) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ دا دەنگی خۆیان بەخشی بە لیستی (ئەلعێراقییە) کە لە لایەن ئەیاد عەلاوییەوە سەرکردایەتی دەکرا، بەڵام هاوپەیمانێتیی (حارس زاری_ عیزەت دوری) کاری سیاسییان لە ژێر سایەی ئەو دەستوورەی عێراقو حکومەتەکەی مالیکی ڕەت کردەوەو حکومەتیش خستنییە لیستی ئەو ڕێکخراوانەی کە بە هۆی ئەوەی ناوە ناوە کاری سەربازییان ئەنجام دەدا، ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

بە بەشداریکردنی ئەو ڕێکخراوانەش لە کاری سیاسیو حکومی، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا وڵاتانی کەنداو هەموو هاوکارییەکیان لەو ڕێکخراوانە بری، هەرچەندە پێشووتر باسکردن لە بەشداریکردنی سیاسی لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە (سەلەفو ئیخوانەکان) وەك خیانەتکردن وەها بوو لە مەسەلەی جیهاد، بەڵام بە نیسبەت هەواڵگرییە ئیقلیمییەکانەوە دەستکەوتێکی مێژوویی بوو.

دوای ئەو ڕێگرییانەش کە بۆ پرۆژەی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی لەگەڵ ئەندامو سەکردەکانی گرووپە چەکدارەکان دروست کرا و دوای ئەوەی ئەو پرۆژەیە نەیتوانی بگاتە ئاستی سەرکردە بڕیار بەدەستەکانی ناو ئەو گرووپانە، دەبوو حکومەت پرۆژەیەکی جێگرەوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەو گرووپانە دووبارە ئامادەو ڕێنوێنی بکرێن بۆ گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا.

بە سەدان چاودێر و لێکۆڵیار و شارەزای بواری تیرۆر و ڕاگەیاندنی گرووپە چەکدارەکان تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە بە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە (پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان داعشو ڕژێمێکی سیاسیی نێودەوڵەتیی ڕەسمی ئاشکرا یاخود نهێنی بخەنە ڕوو).

تەنها ئەوەی جێگای دڵنیاییە ئەوەیە ڕێکخراوی داعش لە لایەن ئەو بازرگانو سەرمایەدارە خەلیجیو ئاسیاییو ئەوروپییە ئیسلامییەکانو ڕێکخراوە ناحکومیو خێرخوازەکانەوە هاوکاری دەکرێن، کە سۆزیان بۆ ڕێکخراوەکە هەیە.

دەتوانین ئەو تەوافوقەی لە نێوان ڕێکخراوی داعش‌و سیاسەتی هەندێك دەوڵەتی هەرێمیدا هەیە بە تایبەتی ئێران‌و ڕژێمی سوریای ئێستا لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە ئەو نەیارییەی کە هەیانە بەوە تەفسیر بکەن کە نوخبەی سیاسیی ئەو وڵاتانە توانیویانە ئەو گرووپە لە خزمەتی سیاسەتی دەرەکیی خۆیاندا بەکار بهێنن.

ئەوەی دەڵێت داعش سعودییە یان داعش ئەمریکییە یان ئێرانییە، ئایا هیچ بەڵگەیەکی پێیە کە ئەوە بسەلمێنێت هاوکارییەکی حکومیی خەلیجی یان ئێرانی یان ئەمریکیی ئاشکرا بۆ ئەو ڕێکخراوە هەیە!

من بڕوام وایە ڕێکخراوی داعش بە دوور نییە لەو گومانانە، بەڵام کوا بەڵگەی سەلمێنەر؟. سەرچاوە داراییەکانی داعش جگە لەوانەی باسمان کردن، بریتییشن لە بەڵێندەرو بازرگانەکانی ناوچەی عەرەبە سوننەکان‌و دەستگرتن بە سەر ڕێگای خێرای نێودەوڵەتیی نێوان ئوردون_عێراق‌و لێسەندی پارە لە تانکەرەکانی نەوت‌و بارهەڵگرەکانی نێوان عێراق‌و سوریاو ئوردون‌و هەروەها وەرگرتنی پارە لە رفێنراوەکان‌و دەستگرتن بە سەر دامودەزگاکانی حکومەتدا.

## پەیوەندیی داعش بە گرووپە جیهادییەکانی ترەوە

١- لەساڵی ٢٠٠٤دا ئەو پەیوەندییانەی کە (کەتیبەی تەوحیدو جیهاد)و گرووپە چەکدارە سوننییەکانی تری پێکەوە دەبەست، لانی کەم بە ئاشکرایی پەیوەندییەکی شەڕمنانە و هەندێك ڕێزدارانە بوو، ئەمەش بەرلەوەی (سوپای ئیسلامی لە عێراق)و (گرووپی ئەنسارولسونە) لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤ هەوڵی ئەوە بدەن هەموو گرووپە چەکدارییە سوننییەکان (سەلەفی‌و ئیخوانی)و بە پیرۆزکردنی دەستەی زانایانی موسوڵمان‌و چەند زانایەکی سەلەفی سعودی‌و خەلیجی‌و بە ئامادەبوونی دەستەی یەکەمی سەرکردایەتیی گرووپەکان، لە ژێر ناوی گرووپێکدا کۆ بکەنەوە کە پێشنیاری

ناوی (گرووپی فورقان)ی بۆ کرا، بەڵام خۆشویستنی پۆستو سەکردایەتیو ململانێی نێوان سەرکردەکان لە سەر سەرکردایەتیکردنی ئەو گرووپە بە تایبەت لە نێوان ئەمیری ئەنسارو سوپای ئیسلامی، پرۆژەکەی شکست پێهێناو لەناوی برد. ئەگەر بهاتبا و ئەم گرووپە دروست بکرایە، ئەوا جگە لە ئامانجە هوشیارییەکانی، ئامانجەکانی تریشی بریتی بوو لە قالبدانی گرووپەکەی زەرقاویو پشتگیریکردنی کاری سیاسیی سوننەکان لە پەرلەمانو حکومەتدا.

پەیوەندییەکانی نێوان رێکخراوی قاعیدەو گرووپە چەکدارەکانی تر بە تایبەت لە کاتی جەنگی یەکەمی فەلوجەو لە چیرۆکی رفاندنی کونسوڵی ئێرانی لە لایەن نووسینگەی ئەمنیی سوپای ئیسلامیی عێراقەوە دەستی پێ کرد، کە دواتر زەرقاوی بە فێڵ لە سوپای ئیسلامی سەندو بە بێ هیچ بەرامبەرێك ئەو کونسوڵەی ئازاد کرد.

٢- دروستکردنی (سوپای موقاتیلین) لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤، وەك راگەیاندنی مەرگی پرۆژەی (گرووپی فورقان) بوو کە زۆربەی چەکدارانی سوننە چاوەڕوانی لەدایکبوونی بوون. دروستکردنی ئەو سوپایە لەو کاتەدا وەهای کرد زۆربەی چەکدارانی سوننە پەیوەندی بکەن بە گرووپەکەی زەرقاوییەوە (گرووپی تەوحید و جیهاد)، بەتایبەتیش چەکدارانی (تائیفەی مەنسورە)و (کەتیبەکانی ئەبوبەکری سدیقی سەلەفی)و بەشێکی زۆری چەکدارانی ئەنسارو سوپای ئیسلامیی عێراقیش لە رێکخراوەکانیان کشانەوە. بڕواش وەهایە چەکدارە عەرەبەکانی گرووپی (تەوحیدو جیهاد) رۆڵێکی گەورەیان لە هەر دوو شەڕی یەکەمو دوەمی فەلوجەدا گێرابێت.

٣- لە قۆناغی دەستگرتن بە سەر شوێنەکانیشدا لە ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٨)، هەرچەندە وا بڵاوبوو ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی گرووپە چەکدارە سوننییەکانی تردان، بە

تایبەت ناوچەکانی باکوورو خۆرئاوای شاری بەغدا، بەڵام گرووپی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق) دەسەڵاتێکی تائیفییانەی بە سەر ناوچەکانی پشتێنەی بەغدا لە باکوورو باشوورو خۆرئاوای بەغداو چەند ناوچەیەکی دیالەو سەلاحەدینو تەواوی ناوچەکانی نەینەواو رێگای نێودەوڵەتیی ئەنباردا سەپاندبوو. دۆخەکەش لەگەڵ گرووپە چەکدارییەکانی تردا سەرەتا بە بەریەککەوتنو دواتر دوژمنایەتیو دواتریش بە شەڕکردن لەگەڵ یەکتریدا بوو بە کارێکی رۆژانە.

٤- لە دوای پرۆسەی کوشتنی ئەبو عومەری بەغدادیو ئەبو حەمزەی موهاجیر لە ساڵی ٢٠٠٩، بە نیسبەت زۆربەی چەکدارەکانیانەوە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو گرووپانە پەیوەندییەکی نائارامو ناجێگیربوو، بە تایبەت دوای ئەوەی (ئەنسارولئیسلام) بوونە پاڵپشتی (قاعیدە) یاخود(دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق). زۆرێك لە گرووپە تەکفیرییەکانی تریش بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هەمان کاریان ئەنجام دا. هەندێك گرووپی تریش بە دوای چارەسەرێکی شەرعیدا دەگەران بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لە ناوچەکانی پشتێنەی بەغداو عامریەو ئەنبارو دیالەو سەلاحەدین لە نێوان چەکدارانی (سەحوەکانی حەماسی عێراقو سوپای ئیسلامیو ئەنسارولسونە_دەستەی شەرعی) لە لایەكو چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە لایەکی ترەوە. بۆ بنەبرکردنی مەترسیی دەستتێوەردانی سەربازی حکومەتیش لەو ناوچانەدا، هەندێك لە سەرکردەکانی ئەو گرووپانە لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق، لەگەڵ ئەمریکییەکاندا هاوپەیمانێتیان بەست.

٥- ساڵی ٢٠١٠، (ئەنجومەنی سیاسیی بەرگریی عێراق) پشتگیریی ئەو هەوڵەی کرد کە (سەرکردایەتیی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری) بە مەبەستی کۆکردنەوەی عەرەبە سوننەکانو، نزیککرنەوەی تێڕوانینی گرووپە چەکدارییە میانرەوەکانو، بزوتنەوە و حزبە سیاسییەکانو، بە پاڵپشتی وڵاتانی کەنداو و ئوردون و تورکیا و بە

سەرپەرشتیی ئەمریکا، دەستی پیّ کردبوو. هەربۆیە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ سەرکردایەتیی ئەو گرووپە چەکدارییانە پشتگیریی سەرکردەکانی لیستی (عێراقییە)یان کردو بەمەش دڵنیاییەکی گەورەیان بە عەرەبە سوننەکاندا بە تایبەت پاش ئەوەی (دەوڵەتی ئیسلامی) لە رێگای بەیاننامەو تیرۆری کاندیدەکانو بەشداریکەرانی پرۆسەی سیاسی ترسێکی زۆریان بڵاو کردبوەوە.

لێرەوە بە شێوەیەکی دیار موقاوەمەی عێراقی بۆ دوو بەش دابەش بوون، بەشێکیان ئەوانە بوون کە پشتگیریی هەڵبژاردنیان دەکردو تەنانەت کاندیدیشیان هەبوو ئەوانیش (سوپای ئیسلامی لە عێراق)و (ئەنسارولسونە_دەستەی شەرعی)و (حەماسی عێراق)و (جامع) بوون.

بەشێکی تریش دژی کاری سیاسیو بەشداری سوننەکان بوون لە حکومەتدا کە ئەوانیش (کەتیبەکانی شۆرشی بیست)و (سوپای موقاتیلین)و (سوپای فاتحین)و (سوپای راشدین)و (گرووپی ئەنسارولئیسلام)و (کەتیبەکانی ئەبوبەکری سدیقی سەلەفی) بوون. ئەم دابەشبوونە هێندەی تر ناکۆکییەکانی قوڵتر کردەوەو دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقیشی بەهێزتر کردو ژمارەی چەکدارانی زیاتر کرد.

لەگەڵ شکستهێنانی ئەو حزبو گرووپە چەکدارانەی کە پشتگیریی پرۆسەی سیاسییان دەکرد لەبەدەستهێنانی تەنانەت یەك کورسیی پەرلەمانیش، سەرکردەکانی (ئەنجومەنی سیاسیی موقاوەمەی عێراقی) رایانگەیاند کە ئەوان سورن لە سەر خەباتی چەکداریو ئازادکردنی عێراق لە داگیرکاری ئەمریکیو ئێرانی.

٦- (کەتیبەکانی تەوحیدو جیهاد لە عێراق)، ساڵی ٢٠٠٤ ژمارەی چەکدارەکانی بە ٢٠٠٠ چەکدار مەزەندە دەکرا، بەڵام لە یەکەم شەڕی فەلوجەدا ژمارەی چەکدارەکانی گەیشتە ٥٠٠٠ چەکدار، کە لەنێویاندا نزیکەی ١٢٠٠ چەکداری عەرەبیو بیانی هەبوون. لە کاتی راگەیاندنەکەی زەرقاویش بەوەی بەیعەتی بە رێکخراوی قاعیدە داوەو بوەتە بەشێك لەو رێکخراوەو هەر بە عەمەلیش ناوی رێکخراوەکەی گۆری بۆ (رێکخراوی قاعیدە لە وڵاتی

رافیدەین)، ژمارەی چەكدارەكانی گەیشتە نزیكەی ١٠٠٠٠ چەكدار، كە زۆربەیان لەوانەبوون لە گرووپەكانی ئەنسارو سوپای ئیسلامی لە عێراقو سوپای فاتحینو سوپای موقاتیلین جیابووبوونەوە، پەیوەندیكردنی ئەو چەكدارانەش بە هۆی ئەوەنەبوو كە باوەڕیان بە زەرقاوی هەبێت، بەڵكو بە هۆی خۆشەویستیی (ئوسامە بن لادن)و سەیركردنی بوو وەك تاكە رەمزی جیهاد.

كاتێكیش زەرقاوی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ (ئەنجومەنی شوورای چەكدارەكان)ی دروست كرد، خەڵكانێكی زۆر پەیوەندییان پێوە كرد بە تایبەت ئەو سریەو كەتیبە تەكفیرییانەی لەگەڵ فیكرو رێبازی زەرقاویدا یەكیان دەگرتەوە، هەر بۆیە ژمارەی چەكدارانی ئەم ئەنجومەنە گەیشتە ١٥٠٠٠ چەكدار.

لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٦دا (ئەنجومەنی شوورای چەكداران) لە راگەیاندراوێكدا رێكخراوی دەوڵەتی عێراقیی ئیسلامی راگەیاند، كە ژمارەی چەكدارەكانی نزیكەی ١٨٠٠٠ چەكدار دەبوو. ئەم راگەیاندنەش وەك پەرچەكردارێك وەهابوو بۆ دەنگۆی راگەیاندنی بەرەیەكی جیهادی یەكگرتووی گرووپە چەكدارە (سەلەفی_ ئیخوانی)یەكان كە هەریەكە لە (سوپای ئیسلامی لە عێراق)و (سوپای موقاتیلین)و (سوپای فاتحین) بە هاوكاریی بەرەی (هەڵمەتی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیركاری) لە هەوڵی دروستكردنیدا بوون. لێرەشەوە ململانێیەكی راستەقینە لە ناوچەكانی بەغداو ئەنبارو دیالە لە نێوان ئەو گرووپانەو دەوڵەتی ئیسلامیدا سەری هەڵدا، كە دواتر ئەو ململانێیانە هۆكارێكی بەهێزبوون بۆ دروستكردنی سەحوەكان. دەوڵەتی ئیسلامیش چەكدارەكانی ئەو گرووپانەی لە نێوان هەڵبژاردنی بەیعەتدان یاخود دانانی چەك یاخود مردن سەرپشك كرد، هەر بۆیە دەوڵەتی ئیسلامی چەندین شەڕی لەگەڵ گرووپەكانی تر ئەنجام دا كە لە گرنگترینیان: شەڕی (هۆڕ رەجەب) كە لە كۆتاییەكانی ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ سوپای موقاتیلینو شەڕی (گاتۆن)و شەڕی (بوهروز)یش لەگەڵ گرووپی ئەنسارو شەڕەكانی عامریەو ئەعزەمیەو پشتوێنەی بەغدا لەگەڵ سوپای ئیسلامی. شەڕەكانی خالدییەو

سەقلاوییەش لەگەڵ سوپای فاتحین‌و شەڕەکانی عامریەی فەلوجەو کەرمەو ئەبو غرێب لەگەڵ کەتیبەکانی شۆرشی بیست. هەموو ئەم شەڕانەش وەهای کرد دەوڵەتی ئیسلامی لە ۸۰٪ی ئەو ناوچانە لەدەست بدات کە پێشتر دەستی بەسەرداگرتبوو، تەنها لە چەند ناوچەکی بچوکی نەینەوا و جەزیرە و سەرسار مانەوە و لە شارەکانی تری عێراقیشدا بەنهێنی مانەوە، بە جۆرێك ئەوەی کوژرا کوژراو ئەوەشی هەڵات هەڵاتو تا کوشتنی (ئەبو عومەری بەغدادی‌و حەمزەی موهاجیر) لە تەواوی عێراقدا نزیکەی ۳۰۰۰ چەکداریان مانەوە.

۷- دەستگرتن بە سەر باکووری حەڵەب لە دوای شەڕەکەی پردی (شغور) لە سەرەتای ساڵی ۲۰۱۲دا بە رووداوێکی گرنگ تەماشا دەکرێت لە مێژووی فراوانبوونی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامیدا، چونکە ئەو دەوڵەتە ژمارەیەك بانگخوازو رێنوێنیکەری (بەغدادی کە حەزی لە دەسەڵات و لاساییکردنەوەی بن لادن هەبوو بە تایبەت لە دیاردەی بەجیهانیکردنی قاعیدەدا) رەوانەی سوریا کرد. ئەو بانگخوازو رێنوێنکەرانە توانیان لە ناوچەکانی حەسەکەو ریفی ئەدلب‌و حەڵەب‌و دێرلزورو رقەو ناوچە سنورییەکانی عێراق‌و سوریا، لایەنگرانی بەغدادی بدۆزنەوە. کاتێکیش ژمارەی لایەنگرانی بەغدادی لە سوریا گەیشتە ۱۲۰۰۰ چەکدار، بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق‌و شام (داعش) ئەبو محەمەدی عەدنانیان نارده سوریا. بە هاتنی مانگی ئازاری ساڵی ۲۰۱۳ش، ژمارەی چەکدارانی ئەو رێکخراوە لە عێراق‌و سوریاو لوبنان‌و سینای میسر گەیشتە ۱۸۰۰۰ چەکدار. پەیوەندییەکانی ئەم رێکخراوەش لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی تری سوریا هەر وەك پەیوەندییەکانی پێشووتری وەهابوو لەگەڵ گرووپە چەکدارە عێراقییەکانی سەردەمی سەحوەکان‌و شەڕکردنی لە پێناوی دەسەڵات‌و بەیعەت وەرگرتن بە بەغدادی.

۸- دەستگرتن بە سەر باکوورو رۆژهەڵاتی سوریا لە لایەن رێکخراوی داعشەوە، گرووپە چەکدارەکانی سوریای ناچارکرد لەگەڵ ئەو رێکخراوەدا ناکۆکییەکانیان یەکلا بکەنەوە. لە ئەیلولی ساڵی ۲۰۱۳ەوە ئەو گرووپانە بە هاوکاریی وڵاتانی کەنداو و ئوردون‌و تورکیاو

ئەورووپا بۆ رووبەڕووبونەوەی داعش هەمان ستراتیژییەتی سەحوەکانی عێراقیان گرتەبەر.

٩- لە کاتێکدا پرۆسەی سەربازییەکانی حکومەتی عێراق لە دژی داعش لە ناوچەکانی رۆژئاوای عێراقدا بەڕێوە دەچێت، مەترسییەکی زۆر هەیە بەوەی هێزەکانی حکومەت هەمان مامەڵەی داعش لەگەڵ ئەندامانی خێڵەکانو ئەندامانی گرووپە میانڕەوەکان بکەنو لە ئامانجە مەدەنییەکانیش بدەن، ئەمەش فرسەتێکی باش بە داعش دەبەخشێت بۆ ئەوەی هەموو گرووپەکانی تر برۆنە ریزەکانییەوەو شەڕی حکومەت بکەن. ئەوکاتیش هاوکاریکردنی یەکتری لە نێوان ئەو گرووپانە دەبێتە کارێکی ئاسایی‌و یەك ئامانجی هاوبەشیشیان دەبێت، بەڵام لە بواری حوکمە شەرعییەکاندا هەر بە جیاوازو ناکۆك دەمێننەوە، هەربۆیە پێویستە حکومەتی عێراق ئەو ناکۆکی‌و ململانێیەی لەنێوان ئەندامانی خێڵەکانو گرووپە چەکدارەکان لە لایەك‌و داعش لە لایەکەی ترەوە هەیە بقۆزنەوەو پرۆژەی سەحوەکان دووبارە بنیاتبنرێتەوە بۆ ئەوەی داعش لاواز بکرێت. هاوکات ئەگەرێکی بەهێزیش هەیە بەوەی داعش چەندین بەرەی جەنگی تر بکاتەوە، بۆیە پێویستە بەغدا پەنا بباتە بەر هەموو گرووپە چەکدارە میانڕەوەکان لە تەواوی ناوچە پرکێشەکاندا. (نووسەر ئەمانەی بەر لە داگیرکردنی موسڵ‌و تکریت‌و ئەنبارو بەشێکی دیالە لە لایەن داعشەوە نووسیوە، بەڵام دیارە حکومەتی عێراق پێچەوانەی ئەو پێشنیارانە جوڵاوەتەوە تاوەکو تەواوی ئەو ناوچە و گرووپانەی تر تەسلیمی داعش کرد.و/ کوردی).

١٠- ئەو بارودۆخەی کە داعش تیادا گەشەی کرد بارودۆخێکی خێراو بەیەکداچووبوو، ئەمەش وای لەو رێکخراوە کردووە زۆر قورس بێت بە لایەوە لەگەڵ هیچ گرووپێکی چەکداری تر لە عێراق‌و سوریاو لوبنان‌و میسر با چەندە نزیکیش بن لێیەوە پەیوەندی ببەستێت، هەربۆیە لەگەڵ داعش‌و بەغدادی هیچ رێگایەکی تر نییە جگە لە مامەڵکردن

وەك خەواریجو دەستخستنی پشتگیریی زانا گەورەکانی سوننەو هاوکارییکردنێکی راستەقینە بۆ لەناوبردنیان پێویستە.

## هۆکارەکانی یاخیبوونی بەغدادی لە جۆلانی

١- بەغدادی شوێنی سەرکردە مەیدانیو میحوەرییەکانی بە کەسە عێراقییەکان پڕ کردەوەو زۆر بە کەمی پشتی بەوانە بەست کە عێراقی نەبوون. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرایەوە بەغدادی ترسی هەبوو ئەو غەیرە عێراقییانە دەست لە بڕیارەکانی وەربدەنو دواتریش چاودێری بکەنو لە دواین حاڵەتیشدا لە لایەن سەرکردایەتیی رێکخراوی قاعیدەی دایکەوە بیخەنە بەر لێپرسینەوە، هەر وەك چۆن پێشتر لەگەڵ (زەرقاوی)و (ئەبو عومەری بەغدادی) ئەو کارەیان ئەنجام دابوو!

٢- بەغدادی سەرکردە دێرینو مێژوویییەکانی نەوەی سەردەمی زەرقاوی بە تەواوی لە رێکخراوەکەی دوورخستەوەو هیچ پۆستێکی وەزیفی لە ناو رێکخراوەکەدا پێ نەبەخشین، بەڵکو سووربوو لە سەر بەدەست هێنانی سەرکەوتن بەو نەوە تازەیەی کە هاورێو خوێندکاری خۆی بوونو هاوکات پشتیشی بە ئەفسەرانی سوپای پێشوو بەستو سودی لە ئەزموونی سەربازیو ئەمنییان بینی، لە نموونەی ئەوانەش ئەبو عەبدولرەحمان بیلاویو حاجی سەمیر خلێفاویو ئەبو ئەیمەن عێراقیو ئەبو ئەحمەد عەلوانیو ئەبو موهەنەد سوەیداوی.

٣- بەغدادی خۆژیاندنو دەستخستنی سەرچاوەی دارایی سەربەخۆی کردە بەرنامەی خۆی، بە جۆرێك هەموو هاوکارییەکی دارایی رێکخراوی قاعیدەی دایکی رەت کردەوە کە پێشووترو لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە هاوکارییەکانی ئەو رێکخراوە بۆ لقی عێراق بەپێی لێدوانەکانی پێشووتری سەرکردەکانی قاعیدە مانگانە نزیکەی ٥٨٠٠٠ یۆرۆ بووە.

٤- بەغدادی لە بانگەوازو نووسینو بڵاو کراوە شەرعییەکاندا بە هەموو جۆرەکانی فەتواو روونکردنەوەو وەڵامدانەوەوە، پشتی بە زانا شەرعییە عێراقییەکانی لە نموونەی

عەبدوڵلا یوسف خاتونیو عەبدوڵلا عانیو مەیسەر عەلی موسا جبوریو ئەنەس حەسەن خەتاب دەبەست. تەنانەت لە بواری پەروەردە و رەفتاریشدا هەمووی لە ژێر چاودێریی راستەوخۆی خۆیدا بوو، هەر ئەمەش وەهای کرد بە تەواوەتی بە سەر رۆشنبیریی چەکدارەکانی رێکخراوەکەیو رەفتارو رێبازی رێکخراوەییو جیهانبینییە کۆمەڵایەتییەکەیاندا زاڵ ببێت. بەغدادی لە ماوەیەکی کەمدا توانی دەستکەوتی زۆر بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم دەستکەوتانەش بەبێ باج تێنەپەری، چونکە دوورخستنەوەی خەڵکانی بیانی لە پۆستە باڵاکانی ناو رێکخراوەکە وەهای کرد کە ژمارەی هاتنی بیانییەکان بۆ ناو رێکخراوەکە کەم ببێتەوە (بە پێچەوانەی قاعیدەوە کە هاتنی خەڵکانی بیانی یەکێك بوو لە دیاردەکانی ناو رێکخراوەکە)و بەمەش ژمارەی خۆبەخشەکان بۆ کاری خۆکوژی کەم ببێتەوە!! (بەڵام دیارە ئێستا بەپێچەوانە بوەتەوەو ژمارەیەکی زۆری بیانی لە ناو داعشدا هەن. و/ کوردی).

٥- بەغدادی لە ساڵی ٢٠١١و بەتایبەتی لە دوای کوشتنی (شێخ نوعمان زەیدی) وەزیری جەنگی رێکخراوەکە، هەموو پۆستە وەزارییەکانی ناو رێکخراوەکەی هەڵوەشاندنەوەو هەموو کارگێڕیو پۆستەکانیشی راستەوخۆ خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەمەش دووبارەکردنەوەی رەفتاری زەرقاویو پێچەوانەی رەفتاری ئەبو عومەری بەغدادی بوو لە کارکردندا.

٦- بەغدادی بە پێچەوانەی زەرقاویو ئەبو عومەرەوە کەمتر دەردەکەوتو تۆماری دەنگی بڵاو دەکردەوە، کە لەوانەیە یەکەمین تۆماری دەنگی خۆی لە ساڵی ٢٠١٢ بڵاوکردبێتەوە. لە زۆربەی ئەو تۆمارە دەنگییانەشدا کە بڵاوی دەکردەوە، بەغدادی زۆر بە جیدی لە دژی پرۆژەی سەحوەکانو کاری سیاسیو ئەمنی حکومی لە ناوچە عەرەبە سوننەنشینەکانو هەموو ئەو کەسو گرووپە سونییانە دەوەستایەوە کە بەشداریی کاری سیاسییان دەکرد. ئەم هەرەشانەش لە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق زۆر بە روونی جێبەجێکردنەکەی بەدیار کەوت!.

٧- بەغدادی بەوە دەناسرایەوە کە زۆر سوورە لە سەرئەوەی هەموو گرووپە چەکدارییەکانی تر بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و لەو پێناوەشدا فشارێکی زۆری خستە سەر هەموو گرووپەکانو ناچاری کردن لە نێوان دانیشتن یاخود پەیوەندیکردن بە داعش، یاخود کوشتنەوە یەکێکیان هەڵبژێرن، بۆئەمەش چەندین نموونەی زیندوو هەن!!.

هەموو ئەوانەی باسمان کردن وەهایان لە کەسایەتیی بەغدادی کرد، کە ببێتە یەکێك لە بێزراوترین کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگای گرووپە چەکدارییەکانی عێراق. ئەو کەسەشی لێکۆڵینەوە لە راوبۆچوونی نووسەرە جیهادییەکان بکات ئەوانەی کە نووسینەکانیان دەبێتە هۆی تەجنیدکردنی خۆبەخشەکان بۆ کاری جیهادی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە وا بەغدادی لە لای ئەو نووسەرانە هەموو سیفەتێکی سەرکردایەتیکردنی لە دەستداوەو جێگای متمانەیان نییە.

## داعشی بەغدادیو نەسرەی جۆلانی

١- سەرکردە سەربازیو شەرعییەکانی داعش عێراقینو درێژکراوەی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقن کە لە لایەن ئەبوبەکری بەغدادییەوە رابەرایەتی دەکرێت. هەر ئەویش بڕیاری دروستکردنی بەرەی نوسرەی دەرکرد، چونکە بەرەی نوسرە درێژکراوەی نووسینگەی پێشوازیکردنی موهاجیرین بوو کە زەرقاوی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ هاتنی غەیرە عێراقییەکان بۆ ناو عێراق دروستی کردبوو. بەرەی نوسرەش بناغەی بانگەوازو بانگهێشتکردنی خەڵکی بوو بۆ بەیعەتدان بە بەغدادی بە تایبەت لە شارەکانی رقەو دێرلزورو حەسەکەو ریفی حەڵەبو ریفی ئەدلبو شاخەکانی لازقیە، بەغدادی ئەو کاتەی ژمارەی چەکدارەکانیشی گەیشتە ١٢٠٠ چەکدار، بەرەی نوسرەی راگەیاند!!.

بەغدادی کاتێکیش سەربازەکانی خۆی نارد بۆ سوریا، دەیویست بابەتێك بدۆزێتەوە لە لایەن سوننەکانەوە قبوڵکراوبێت، کە ئەویش مەسەلەی شەڕکردنی شیعەی عەلەوی‌و راگرتنی فراوانخوازی شیعەی ئێرانی _عێراقی_ لوبنانی بوو لە ناو سوریادا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢و لە دوای رووداوەکەی سەر پردی (شغور)یش، بەغدادی توانی لە رێگای کۆمەڵێك سەربازی خۆیەوە چەند سەرکەوتنێك بە سەر سوپای رژێمی سوریادا بە دەست بهێنێت کە وەك سەرەتای شەڕی رێکخراوەکەی تەماشا دەکرێت. دەیویست بەو شەڕانەش ئەو پەیامە بگەیەنێت کە ئەو دان بە سنورەکانی (سایکس_بیکۆ) دا نانێت‌و هەر خۆشی بەرگری لە سوننەکان دەکات لە هەر کوێیەك بن.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣شدا، جۆلانی بەرەی نوسرەی راگەیاند. لەگەڵ فراوانبوونی جوگرافی‌و مرۆیی ئەو بەرەیەشدا لە سوریا، بەغدادی لە نیسانی ساڵی ٢٠١٣ رایگەیاند کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە رێکخستنی سوریای قاعیدە لەگەڵ رێکخستنی عێراقی قاعیدە یەك بگرێت.

٢- ئەبو محەمەدی جۆلانی ناوی تەواوی (عەدنان حاجی عەلی) یەو لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٧ی پارێزگای دەرعای سوریایە، لەناوچەی زەرقای ئوردونی رۆیشتۆتە ژێر کاریگەریی فیکری سەلەفیەتی جیهادی‌و یەکێك بوە لە خوێندکارەکانی زەرقاوی. مامۆستای زمانی عەرەبی بوەو ساڵی ٢٠٠٤ بۆ شەڕکردن هاتۆتە عێراقەوەو لەگەڵ زەرقاوی بەناوی (ئەمجەد فەلەستینی ئەبو ئەشرەف) بەشداری شەڕەکانی یەکەم‌و دوەمی فەلوجەی کردووە. دوای کوژرانی زەرقاویش لەگەڵ ئەبو مەروان شامی کاری هێنانی چەکدارانی لە سوریاوە بۆ عێراق رێکخستووە. ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیر کراوەو لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ ئازادکراوە. کاتێکیش لە زیندان هاتۆتە دەرەوە لە رێگای حاجی سەمیر خلێفاوییەوە پەیوەندی کردووە بە ئەبوبەکری بەغدادی‌و هەر لەگەڵ ئەویشدا بۆ وەرگرتنی بەیعەت بۆ بەغدادی رۆیشتۆتەوە سوریاو لە ناوچەکانی رقەو دێرلزورو ئەدلب کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوە!!.

کاتێکیش بەغدادی داعشی دروست کرد، جۆلانی لە گوێڕایەڵی بەغدادی دەرچوو و پەیوەستبوونی خۆشی بە (ئەیمەن زەواهیری)ییەوە دووپات کردەوە، ڕەنگە ئەوەشی لەبەر حەزکردن بۆ سەرۆکایەتی کردبێت. زەواهیری جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە وا ڕێکخراوی عێراق بۆ بەغدادی بێتو ئەوەی سوریاش بۆ جۆلانیو ئەو دوو ڕێکخراوە لە یەکتری جیابن، بەڵام بەغدادی ئەمەی ڕەت کردۆتەوەو ئەم ڕەتکردنەوەیەش وەهای لە زەواهیری کرد داعش وەك ڕێکخراوێکی دەرەوەی قاعیدە پێناسە بکات!!.

٣- چەندین بنەمای هاوبەش لە نێوان قاعیدەی زەواهیریو داعشی بەغدادی دا هەن، وەك عەقیدەی سەلەفیەتی تەکفیریو ڕێبازی قوتبی ئیخوانیی، هەروەها لە هاوکارییەکانی کەنداوو ئەوروپاو ئاسیاوییە ناحکومییەکانیشدا هاوبەشن، ئەمە جگە لە ڕێگاکانی تەجنیدکردنو مەشقکردن، لە بیرمەندانو بانگخوازانو بڵاوکەرەوەکانو زانایانو مینبەرەکانی ڕاگەیاندنیشدا هەر هاوبەشن.

٤-ئەو خاڵەی کە بەغدادیو زەواهیری لە یەکتری جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە بەغدادی دەیەوێت لاسایی بن لادن بکاتەوەو دەوڵەتەکەی بکاتە دیاردەیەکی جیهانی، کەچی زەواهیری دەیەوێت هەموو وڵاتێك بە جیا ڕێکخراوی خۆی هەبێتو بیانکاتە لقێکی ڕێکخراوە سەرەکییەکەی. لە لایەکی ترەوە نوسرەکەی جۆلانی لە سەرەتادا جەخت لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەکاتەوە و دواتریش سەپاندنی حوکمی ئیسلامی، بەڵام داعشەکەی بەغدادی سەرەتا بیر لە سەپاندنی حوکمی ئیسلامیو ئیدارەیەکی شەرعیو یەکگرتووی گرووپە چەکدارەکان دەکاتەوە ئەویش بە سەپاندنی بەیعەت بەسەریاندا، ئینجا شەڕ لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەددا دەکات، هەر بۆیە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی بەشار مەسەلەیەکی سەرەکی نییە لە لای داعشو مەسەلەیەکی ناوەندییە.

٥- نوسرەی جۆلانی لە شەڕکردن لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد پەنای بردۆتە بەر تەنسیقو کاری هاوبەش لەگەڵ گرووپە جیهادییە ئیسلامییەکانی تر بە تایبەتی بەرەی ئیسلامیو سوپای موقاتیلینو گرووپەکانی ترو هەمیشە سووربووە لە سەر ئەوەی

بەرەی شەڕی تر لەگەڵ سوپای ئازادو تائیفە عەلەوی‌و نەسرانییەکان نەکاتەوە، بەپێچەوانەی داعشی بەغدادییەوە کە دوژمنایەتی لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە جیاوازانەدا راگەیاندوەو شەڕێکی تائیفی‌و سەپاندنی بەیعەتی بەسەردا راگەیاندوون.

٦- نوسرەی جۆلانی لە ٩٠٪ی چەکدارەکانی کە نزیکەی ٥٠٠٠ چەکدار دەبن خەڵکی سوریان، بە پێچەوانەی داعشی بەغدادییەوە کە پشتی بە چەکدارانی بیانی‌و ئەفسەرانی سوپای پێشووی عێراق‌و سوپای سوریا بەستووە.

٧- داعشی بەغدادی زیاتر لە حەماسەت‌و عاتیفەی گەنجە موهاجیرەکان‌و ئەوانەی بە دوای مەسەلەی خەلافەتدا وێڵن نزیکترەو بە لاسایکردنەوە بن لادنیش هێزو خۆشەویستیەکی زۆری لە دەروونی موهاجیرەکاندا بەدەستهێناوە، هەر بۆیە دەبینین ژمارەی ئەوانەی لە ناو رێکخراوی داعشدان لە سوریاو خەڵکی سوریا نین نزیکەی ٧٠٠٠ چەکدارن، بەپێچەوانەی نوسرەی جۆلانی کە زیاتر گرنگی بە شەڕکردن‌و رووخاندنی ئەسەد دەدات.

٨- زۆربەی هاوکاری‌و خێرو زەکات‌و پاداشتەکان بۆ داعشی بەغدادی دەڕوات، ئەمە جگە لە دەستگرتنی داعش بە سەر بیرە نەوتییەکان‌و بواری کشتوکاڵ‌و رێگا نێودەوڵەتییەکان‌و مەرزو بنکە سنورییەکان‌و زۆربەی شاخەکانی لازقیەو ئەدڵب‌و هەوڵەکانیان بۆ دەستگرتن بە سەر کەناراوەکاندا. هەموو ئەمانەش وەهایان کردوە داعشی بەغدادی دەوڵەمەندو خاوەن راگەیاندنێکی بەهێزی بینراو بیستراوو خوێنراو بێت، بەپێچەوانەی نوسرەی جۆلانییەوە کە بە دەست کەمی‌و نەبوونی ئەو بابەتانەوە دەناڵێنێت!!.

٩- عەشیرەتە سورییەکان زیاتر نوسرەی جۆلانیان قبوڵە، چونکە ئاییندار گەلی سوریا ئاییندارییەکی مەدەنییە بە پێچەوانەی ئاییندارانی لادێی داعشی بەغدادییەوە. سەپاندنی حوکمە شەرعییەکان لە رێگای هێزەوە بە سەر گەلێکدا کە تازە ئاشنایەتی پەیدا کردووە لەگەڵ دادوەری ئیسلامیدا، وەهای کردووە خەڵکی رقیان لە داعش

بێتەوەو لەو چوارچێوەیەشدا شاری رقە چەندین خۆپیشاندانی لە دژی داعش بەخۆوە بینیووە !!.

١٠- داعشی بەغدادی چەندین تۆمەتی هەواڵگری‌و ئیعلامی رووبەڕوو دەکرێتەوەو لە لایەن زانا شەرعییە سەلەفییەکان‌و بەشێکی زۆری گەلی سوریاوە رەخنەیان لێ دەگیرێت‌و بڕوایان وەهایە، کە داعش دروستکراوی دەستی رژێمی سوریایە یاخود هاوپەیمانێکی ئێرانە بۆ کەرتکردنی گرووپە چەکدارەکانی تر. بەپێچەوانەی بەرەی نوسرەوە کە لە سوریادا قبوڵ کراوەو ژمارەیەکی زۆر زانای سەلەفی پشتگیری دەکەن.

## ستراتیژییەتی داعش لە دوای ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤

ستراتیژییەتی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ەوە بە سێ قۆناغدا تێپەرییوە:

١- لە ١٠ تا ٢٩ی حوزەیران، داعشی دەستی گرت بە سەر نەینەواو ناوچە عەرەبییەکان‌و سەربازگەکانی سوپاو بنکە ئەمنییەکان‌و کۆگاکانی چەك‌و زیندانەکان‌و بانکەکان‌و کۆگاکانی خواردەمەنی‌و دەرمان‌و بیرەکانی نەوت‌و رێگا سەرەکییەکان، هەروەها رووەو باشووری نەینەوا بۆ بەغداو رووەو رۆژهەڵاتیش بە ئاراستەی گوندە عەرەبییەکانی کەرکوك هات.

٢- لە ١ی تا ٢٩ تەمووزیش، داعش گرنگیی خستە سەر پاکتاوکردنی کەمینە غەیرە سوننییەکان، ئەویش لە رێگای کوشتن‌و تەهجیرکردن‌و بە کۆیلەکردن‌و وەرگرتنی جزیە، هەروەها بەرەی شەڕی لە ناوچەکانی دیالە کردەوە بەتایبەتی ئەو شوێنانەی هاوسنوری ئێران بوون، چەندین جاریش هەوڵیدا دەستبەسەر پاڵاوگەی بێجی دا بگرێت‌و دەستیشی بە سەر لە ٧٥٪ی ناوچەکانی ئەنباردا گرت. هاوکات هەوڵی دەستبەسەراگرتنی بەنداوی حەدیسەی داو بەرەیەکی شەڕی فراوانی لە باشووری بەغدا بە تایبەتی لە ناوچەکانی جورفولسەخەرو یوسفیەو ناوچەکانی سەر رووباری فورات لە رووی پارێزگای ئەنبارەوە

کردەوە. ویلایەتی فوراتیشی دروست کرد کە لە لایەن ئەیاد دلێمی (ئەبو زەهرا)ەوە سەرپەرشتی دەکراو سنورەکەشی لە ناوچەکانی (بوکەمالەوە تاوەکو رومادی) دەگرتەوە. داعش لەو ماوەیەدا بۆ بەهێزکردنی توانا مادییەکانی دوور لە چاوی دەزگا هەواڵگرییەکان، کاری بە قاچاخبردنی نەوتو فرۆشتنی نەوتی ئەنجام دەدا. لە هەمان کاتیشدا هێزەکانی عێراق خەریکی بەرپەرچدانەوەی هێرشە کتوپڕەکانو هێرشە جۆراوجۆرەکانی بەرەکانی شەڕو هەڵگرتنەوەی بۆمبە چێندراوەکانو ئازادکردنی دەیان گوندی نێوان کەرکوك_دیالەو دیالە_تکریتو وەستاندنی پێشڕەویی چەکدارەکانی داعش بوون لە ناوچەکانی پشتێنەی بەغدا.

٣- لە ٢تا ٣٠ی ئابیش، داعش بۆ فراوانخوازی زیاتری دەسەڵاتەکەی لە ناوچە عەرەبیو کوردییەکاندا رووی کردە هەرێمی کوردستان، بە جۆرێك دەستی گرت بە سەر هەموو ناوچە کێشە لە سەرەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بەتایبەتیش بەنداوی موسڵو شەنگالو زومارو تەلکێفو مەخمورو هێزەکانی پێشمەرگەی لەو ناوچانەدا تێکشکاند. هەر بۆیە هەرێمی کوردستان ناچاربوو پەنابباتە بەر فڕۆکەکانی هاوپەیمانانو ئەوانیش بە هێرشەکانیان بۆ سەر داعش، هاوسەنگییان لە نێوان کورد و داعشدا گەڕاندەوە. ئەو هێرشانە چەکدارەکانی بەغدادی ناچار کرد بەرەو ناوچە عەرەبییەکان بگەڕێنەوە و هەموو ئۆتۆمبیلو ئامێرە سەربازییەکانی تریان ببنەنە ناو گەڕەكو شوێنە چڕەکانی دانیشتوانەوە، هەروەها ناچاری کردن خۆیان بشارنەوەو نەتوانن وەك جاران بە ئازادیو بە شێوەی گرووپو رەتڵ رەتڵ هاتوچۆ بکەن، بۆیە خۆیان دابەشی چەند کەتیبەیەك کرد، کە هەرکەتیبەیەك لە (٢٥٠-٣٠٠) چەکدار پێك دەهاتو هەر بەرەیەکی جەنگیش (کە٣٣ بەرەی جەنگ هەبوو) درا بە کەتیبەیەك.

داعش هەوڵیشیدا خۆی لە شەڕی رووبەڕوو و راستەوخۆ لابدات (وەك شەڕی هێزی نیزامی نێوان دوو دەوڵەت)و پەنابباتە بەر شەڕی ناو شارەکان، ئەویش لە پێناوی خۆشاردنەوە لە فڕۆکەکانی هاوپەیمانانو راکێشانی هێزەکانی حکومەتو حەشدی

شەعبیو پێشمەرگە بۆ شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی ناو شارەکان، کە زۆربەی جار لەم شەڕانەدا هێزە نیزامییەکان زۆرترین زیان دەکەن!!.

هەر لەو ماوەیەدا بەغدادی بۆ فشارخستنە سەر رای گشتی ئەو وڵاتە، لە رووی ئیعلامییەوە پەنای بردە بەر لێدانی سیاسەتەکانی ئەمریکاو بۆ ئەم مەبەستەش چەند رۆژنامەنووسێکی رفێندراوی سەربڕی، هاوکات بەغدادی بە هۆی بەیعەت پێدانی چەند رێکخراوێکی ترەوە بوو بە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشو سەقامگیریی وڵاتانی کەنداوو ئوردونو میسر.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە لە قۆناغی سێهەمدا هاوسەنگیی ستراتیژیی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کەوتە لەرزین بە تایبەتیش دوای ئازادکردنی ناحیەکانی عوزێمو ئامرلیو سلێمان بەگ، هەروەها تواناکانی پێشمەرگەو هێزەکانی عێراقیش بەهێزتربوون بە تایبەت لە دوای شکستهێنانی لە دەستگرتن بە سەر شارەکانی زلۆعیەو حەدیسەدا.

لەو سێ قۆناغەدا تواناکانی داعش لە چەند بوارێکدا بەهێزبوون:

١- لە نوێکردنەوەی توانا سەربازییەکانی ئەمەش بە هۆی دەستگرتن بە سەر تەواوی کەلوپەلی ٤ فیرقەی سەربازی بە هەموو چەكو تەقەمەنیو کۆگاو زەخیرەیەکی سەربازییەوە کە بە نزیکەی ٢ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. هاوکات لە سوریاش دەستی گرت بە سەر چەكو تەقەمەنیو زەخیرەی ٢ فیرقەی سەربازی کە بە ٢ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

٢- خۆژیاندن، ئەویش لە رێگای دەستگرتن بە سەر تەواوی کێڵگە نەوتییەکانی باکوورو رۆژهەڵاتی سوریاو باکوورو رۆژئاوای عێراق، بە جۆرێك داهاتی رۆژانەی ئەو کێڵگانە بە زیاتر لە ٥ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، هەروەها دەستیشی گرت بە سەر پارەی بانکەکانو کۆگاکانی دەرمانو خواردەمەنیو هاوکات کاری فرۆشتنی شوێنەوارە دێرینەکانو چەکی قەدەغەکراویشی ئەنجام دەدا.

ئەوەی گومانیشی تیادا نییە ئەم خۆژیاندنو خۆبەڕێوەبردنەی داعش، هاوسەنگیی ستراتیژی نێوان هێزە چەکدارە نیزامییەکانو نانیزامییەکانیش لە عێراقو سوریا تێکدەدات، کە داعش لە ١٠ی حوزەیرانەوە بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵی تێکدانی دەدات. دەتوانرێت مەترسییەکانو دەرئەنجامەکانی ئەم خۆژیاندنەی داعش بۆ سەر وڵاتانی هەرێمایەتیی بەم جۆرە بخرێتە ڕوو:

– ئەم پشت بەخۆبەستنەی داعش وەهای لێ دەکات لە دەرکردنی بڕیارەکاندا پشت بە خۆی ببەستێتو نەچێتە ژێر باری ئەو وڵاتانەی کە هاوکاری دەکەن جا لە ڕووی مادییەوە بێت یاخود لە ڕووی فیکریو مەنهەجییەوە. هەروەها وەهاشی لێ دەکات بە خێرایی لقە تازەکانی خۆی لە وڵاتانی کەنداوو باکووری ئەفریقاو ئەوروپای خۆرئاوا ئیعلان بکا.

– تواناکانی ڕێکخراوەکە لە ڕووی مانۆڕکردنو پلانی سیاسییەوە بەرزدەکاتەوە، ئەویش بە هۆی توانای جێبەجێکردنی هەڕەشە تیرۆرستییەکانی لە وڵاتانی کەنداوو ئەوروپا، هەروەها دەشتوانێت بە هۆی زەبری هێزەوە ئەجنێداکانی خۆی بسەپێنێت!!.

– ڕێکخراوی داعش بە هۆی دەستگرتنی بە سەر ڕێگا سەرەکییەکانو هەموو سنوری نێوان عێراقو سوریاوە دەتوانێت هێرش بکاتە سەر هەر هاوکارییو پاڵپشتییەکی سەربازی کە بۆ هێزە سەربازییەکانی عێراق بڕوات، یاخود توانای پەلاماردانی هەموو پارێزگاکانی عێراقو سوریای هەیە ئەویش بە هۆی کارە تیرۆرستییە تەقلدییەکانەوە.

– بەهێزکردنی تواناکانی ئەرکانی سوپاکەی بۆ ئەنجامدانی شەڕە نا تەقلیدییەکان، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی سەربازی ڕێکخراوەکە ئەزموونێکی سەربازی دەوڵەمەندییان هەیەو خاوەن پێشینەن لەو بوارەدا. ڕووداوەکانی ماوەی سێهەمی ستراتیژییەتی داعش ئەوەی سەلماند ئەو ڕێکخراوە خاوەنی سوپایەکی چالاکە لەو بوارەدا کە ژمارەی سەربازەکانی نزیکەی ٢٢٠٠٠ چەکدار دەبێت، ئەمە جگە لە

بەیەعەتدانی نزیکەی ٨٠٠٠٠ کەسی تری خەڵکی ناوچەکانی رۆژئاواو باکووری عێراق‌و رۆژهەڵات‌و باشووری سوریا بە بەغدادی.

داعش لە رێبازە جیهادییەکەیدا پشت بە سیاسەتی تەکفیری قوتبی‌و هەبوونی مەسەلەی (پاراستنی سوننەی عێراق‌و شام) دەبەستێت، کە لە رێگایەوە سۆزی جەماوەری سوننی دەجولێنێت، لە هەمان کاتیشدا رێبازێکی نهێنی لە تەسفیەکردن‌و لەناوبردنی رێکخراوە جیهادییە رکابەرەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەگرێتەبەر.

هاوکات (شیعە)ش وەك دوژمنێکی خۆی تەماشادەکات و چەندین بیانووی شەرعیش بۆ ئەو دوژمنایەتیە دێنێتەوەو دەیکات بە دوژمنێکی ئایینی خۆی بۆ ئەوەی لەچەندین مەبەستی تردا بەکاریان بهێنێت، کە گرنگترینیان سودبینینە لەم دوژمنە بۆ بیانووهێنانەوە بۆ کوشتن‌و تۆڵەکردنەوەو کارە تیرۆرستییەکانی، هەروەها لە حەڵاڵکردنی ماڵومولکی تایبەتی‌و گشتی‌و دووبارە دارشتنەوەی ستراتیژییەتی پارێزگا سوننییەکانی عێراقدا بەکاریان دەهێنێت ئەویش لە ژێر ناوی پاراستنی ناسنامەی سوننەکان لە بەرامبەر فراوانخوازی شیعەکان، بە جۆرێك یارمەتیدەریان بێت بۆ ئەوەی بە ئازادی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان فراوانتر بکەن.

عەقیدەی تەکفیری سەربازەکانی داعش بە شێوەیەکی گرنگ لە سەر چەمکی مانەوەو فراوانخوازی (باقیەو تتمد) بونیاتنراوە، کاتێکیش داعش هاتە موسڵ‌و لە ١٠ی حوزەیراندا بە تەواوی دەستی بە سەر ئەو شارەدا گرت، ئامانجی داگیرکردنی شارەکە نەبوو، بەڵکو تەنها هاتبوو تۆڵەی کوژرانی (ئەبو عەبدولرەحمان بیلاوی)ی سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازی رێکخراوەکە بکاتەوە، بەڵام شکستی هێزەکانی عێراق هانیاندا بۆ ئەوەی تەواوی موسڵ‌و دواتریش سەلاحەدین‌و ناوچە عەرەبییەکانی کەرکوك‌و دیالە داگیر بکات.

لە دیارترین هۆکارەکانی شکستی هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش لاوازی رۆحی سەربازی سەربازەکان‌و گەندەڵی دارایی‌و هەڵهاتنی پێشوەختەی ئەفسەرانی سەرکردایەتی

پرۆسەکانی نەینەواو ڕاگەیاندنی نەیارانی حکومەتی عێراقی بوو. گەورەترین هۆکاری هەرەسهێانی ئەو هێزانەش لە شاری موسڵ پشتبەستنی سەرکردە سەربازییەکان بوو بە حزبە سیاسییەکانی خۆیان بۆ بیانووهێنانەو بەرگریکردن لێیان، بەمەش لێپرسراوێتیی سەربازییان پشتگوێخستو خەریکی گەندەڵیو کۆکردنەوەی پارە بوون.

داعش لە ناو شاری موسڵ ڕووبەڕووی هیچ بەرگرییەکی میللی نەبوویەوە، چونکە خەڵکی موسڵ نە دژی داعش بوونو نە لەگەڵیشیدا بوون، بەهۆی خراپی پەیوەندییەکانی خەڵکی موسڵو هێزە ئەمنییەکانیشەوە زۆربەی خەڵکی شارەکە بێ لایەنیان لە پشتگیریکردنی هێزە ئەمنییەکان هەڵبژارد!!. هاوکات دژەیەکی ئیرادەی سەرکردە سیاسیو سەربازییەکانیش هۆکارێکی تری شکستەکەی ١٠ی حوزەیرانەو هەر ئەم شکستەش وەهای کرد داعش بە ئازادی لە سوریاوە بۆ عێراقو لە عێراقەوە بۆ سوریا هاتوچۆ بکا!.

## ڕەفتارەکانی دەوڵەتەکەی بەغدادی لە نەینەوا

لە دەوڵەتەکەی بەغدادی دا بە هۆی ئەو حوکمە توندوتیژانەی کە هیچ بەزەییەك نازانێت، مرۆڤ بێ ماناترین شتە. نەیارانی ئەو دەوڵەتە مافی ژیانیان نییە تەنانەت ئەگەر موسوڵمان یاخود موجاهدیش بن ئەگەر عەقیدەیان وەك عەقیدەی تەکفیری داعش نەبێت، چونکە عەقیدەی داعش دژی ئەوانی ترە!!. فیکری تەکفیری ئیمانداران لە دۆخێکی پەروەردەیی قورسدا گەشە دەکاتو ڕێگایان دەدات بە ئارەزووی خۆیان ڕەفتار بکەن.

لایەنگرانی دەوڵەتەکەی بەغدادی لە نەینەوا ڕقی خۆیان لە بەرامبەر زانا سوننییە هاوچەرخەکانیش نەشاردۆتەوەو لە ئەلفو بێی عەقیدەو شەریعەتیشدا هیچ شارەزاییەکیان نییە، ئەوانە تائیفەیەکی (جیهادین)و لە ئایینی ئیسلامیش جگە لە جیهادە بیدعەکەیان هیچی تر شارەزانین!!.

ئەوەی جێگای سەرنجە جێبەجێکردنی بڕیارە ناشیرین‌و توندەکانیانە لە سەر نەیارانیان، چەندە بە ئازارە ئەو بڕیارانە کاتێك بکەرانیان دەبینین بە پێکەنین‌و خوێن ساردی‌و دڵێکی مردوەوە کوشتنی بەساڵاچوان‌و ژنان‌و منداڵان ئەنجام دەدەن.

لەناو دەوڵەتەکەی بەغدادی دا چەندین ناکۆکی ناوخۆیی دەربارەی مەسەلەکانی عەقیدەو بابەتە فیقهییەکان هەیە، بیدعەکانیشیان هێندەی بیدعەی خەواریجەکانە، کەچی سەرەڕای ئەوانە ئەوەی هەموویان کۆ دەکاتەوە بەیعەتدانیانە بە بەغدادی، ئەمەش بە هۆی بێدەنگی زانایان‌و فەقیهەکانە دەربارەی مەترسیی داعش!.

ئازاو بەهێزەکانی ناو لایەنگرانی بەغدادی، زۆربەیان لەوکەسانەن کە ژیانێکی قورس‌و ناخۆشیان بەسەر بردوەو لەو خێزانانەوە هاتوون کە لە رۆژی لەدایکبوونیانەوە تا مردنیان بەدوای پارووە نانێکدا گەراون!. ئەو کەسانە هیچ پەناگەیەکی کۆمەڵایەتییان نەبوە کە لەخۆیان بگرێت، ئەمرۆ لە پشتی پەناگەی ترسەوە شەڕ دەکەن، ئەگەر رووبەڕووی پەرچەکردارێکی توندی میللی سوننی ببنەوە ئەوا بە سەدانیان بەرەو سەحراکان لێ هەڵدێت، هەر وەك ئەوەی لە ساڵانی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨دا بە سەر رێکخراوی قاعیدەدا هات!!

کاتێك گرووپەکەی بەغدادی نەینەوای داگیرکرد، ئەو وتاربێژانەی کە بەیعەتیان بە بەغدادی نەدابوو ناچاریانکردن واز لە وتاربێژی بهێنن، چونکە وتاردان بەبێ بەیعەتدان قەدەغە بوو!.

لە نەینەوا سێ سەرکردەی عەرەب‌و سەرکردەیەکی چیچانی هەبوو، ئیتر سەرکردەکانی تری بەشی راستی شارەکە خەڵکانی رەبیعەو حەمدانی‌و بەعاج بوون‌و زۆربەی چەکدارەکانیشیان لە عەشیرەتی عوبێدو تەی‌و مەتیوت‌و جبورو تورکمانەکانی تەلەعفەرو سورچییەکان‌و زێبارییەکان بوون، دوای ئەوانیش سوری‌و تونسی‌و لیبی‌و یەمەنی‌و کەنداوییەکان بوون!.

بەدرێژایی مانەوەیشی لە ویلایەتەکانی سەر سنوری نێوان نەینەواو دێرلزور لە ١٥ی حوزەیران تا ٣ی تەمووز، بەغدادی زۆر بێزار بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکەکان، هەروەها نەخشەشی بۆ تێکشکانی باڵادەستی کوردەکان بە سەر عەرەبەکاندا لە ناوچە جێناکۆکەکان دادەنا، هاوکات بیریشی لە باڵادەستی بە سەر ئەو کەمینە نەتەوەییانەدا دەکردەوە، کە بەر لە ١٠ی حوزەیران پارەی لێ دەسەندن!.

ئەوەشی دەربارەی ژیانی بەغدادی باس دەکرێت هەر لەو رۆژەوەی کە لە مزگەوتی نوور لە نەینەوا بۆ وتاردانی هەینی دەرکەوت تاوەکو راپۆرتەکەی (سنۆدن)و وێنەی لەگەڵ ژنێکداو وێنەی لەگەڵ (جۆن مەکین)و قسەکانی هیلاری کلینتۆن لە کتێبەکەی خۆیدا کە لەبارەیەوە کردوونی، هەموویان درۆنو هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی راستەقینەی بەغدادییەوە نییە!

من سەرنجی ئەوەم داوە رەفتاری گرووپەکەی بەغدادی لە ناوچە عەرەبە سوننە نشینەکاندا بە بەراورد بەو ناوچە سوننیانەی تر کە لە رووی مەزهەبیو رەگەزیو ئاینییەوە تێکەڵاون، کەمتر دڕندانەترن و تاڕادەیەك باشترن!.

ئەوەی جێگای سەرنجیشە ئەوەیە لە ناوچەی موسڵی کۆنو ناوچەی (باب تۆپ) بەشێکی زۆری سواڵکەرانی ئەو ناوچانە بە تایبەتیش موراهیق و گەنجەکانیان، پەیوەندییان کردووە بە گرووپەکەی بەغدادییەوە، بوونەتە توندڕەوترینو خراپترین کەس!. ئەوەشی کە خێرو سەدەقەو جزیەی لە نەینەوا کۆ دەکردەوە، زۆرینەیان خوێندکاری زانستە شەرعییەکان بوونو هەندێك موهاجیریشیان لەگەڵدا بوو، ئەمانەش لەو کەسانە بوون کە زۆر سوربوون لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیانداو بە هیچ دیارییەك یاخود بەرتیلێك رازی نەدەبوون، ژمارەی هەر لیژنەیەکیش لەو لیژنانە ٢٠ تا ٢٥ کەس دەبوونو چەکدارو خەڵکانێکی شەرعزانو شارەزای داراییو کارگێڕییان لەگەڵدابوو!.

ئەو ژنانەشی کە مێرد یاخود کەسوکاریان دەستگیر کراون یان کوژراون یان دیار نەماونو سەر بە دەوڵەتەکەی بەغدادین، لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە هاوکاری دەکرێن، هەندێکجاریش

ئەو خێزانانە بۆ هەڵگرتنی چەكو گواستنەوەی بۆمبو پێشوازیكردن لە موهاجیرەكان بەكار دەهێنرێن، ئەمە جگە لە بەشوودانی بێوەژنەكانیان بە كەسە بیانییە هاتووەكان.
كچانی ناو دەستە شەرعییەكانیش، باوەڕیان بە فیكری دەوڵەتەكەی بەغدادی هەیەو شارەزاییان لە شەرعدا هەیەو زۆربەی جاریش هەڵگری زانیاریی عاتیفیو سرودی حەماسیو چیرۆكە خەمگینەكانن، هەندێكی تریشیان بانگخوازنو رۆڵێكی گرنگیان هەیە لە تەجنیدكردنو گواستنەوەی نامەو كۆكردنەوەی زانیاریو سەردانیكردنی دادگاكانو كۆكردنەوەی زانیاریو چەندین شتی تر.
ئەوەشی دەربارەی (جیهادی نیكاح) دەوترێتو باس دەكرێت، ئەوا ئەو چەمكە لە فیقهی هیچ گرووپێكی چەكداری (سەلەفی، ئیخوانی، سۆفی) بوونی نییە، تا ئێستاش هیچ بەڵگەیەكی یەكلاكەرەوە لەوبارەیەوە نییە ئەوە بسەلمێنێت دەوڵەتەكەی بەغدادی ئەو كارەی ئەنجام دابێت، ئەوەشی لە راگەیاندنەكانەوە خراوەتە روو جگە لە پڕوپاگەندەو هەڵمەتی ئیعلامی لایەنی بەرامبەر هیچی تر نییە، بەڵام لەوانەیە چەند حاڵەتێكی تاكو تەرا ئەنجام درابێت كە ئەمەش لە سەر بكەرەكەی حساب دەكرێتو لە ئەدەبیاتو رەفتاری رێكخراوەكەی بەغدادی بابەتێكی وەها بوونی نییە!!.
سیفەتێكی تری دیاری گرووپەكەی بەغدادی لە موسڵ ئەوەیە ئەوانەی كە ئەهلی (حەلو عەقد)ن رۆشنبیرییەتیەكی توندی سەرەتاییو لادێیانەیان هەیەو بە جۆرێك تەماشای خەڵكی شار دەكەن وەك ئەوەی فاسیدبنو ژنەكانیشیان رەوشت نزم بێت!!
لە دەوڵەتەكەی بەغدادی دا ئەوەی باوەڕی بە ئیمانی ئەوان نەبێت، ئەوا بە برسێتی سەردەنێتەوەو ئەوەشی كە خوێن برێژێو شانازی بەسەربڕینی خەڵكانی ترەوە بكات یاخود شانازی بەو كەسانەوەبكات كە دزیو تالآنی ئەنجامدەدەن، ئەوا كارەكانی بۆ ئاسان دەكرێتو بە ئاسایی دەژی.
دەوڵەتەكەی بەغدادی لە رێگای مزگەوتەكانەوە دەستوبرد زیاتر لە ٢٠٠٠ نەوجەوانی خستە بەر خوێندنی خولە شەرعیو سەربازییەكان، ئەو نەوجەوانانە كە خۆیان ناوناوە (نەوجەوانانی بەهەشت) زۆر بە خێرایی عەقیدەی تەكفیریو رقو توندڕەویو دوژمنایەتی كە لە سیما سەرەكییەكانی رەوشتی ئەندامانی گرووپەكەی بەغدادین وەردەگرنو دوای تەواوكردنی ئەو

خولانە راستەوخۆ دەنێردرێن بۆ کارەکانیان، واتە لە موراهیقییەوە دەڕۆن بۆ پیاوەتی. بەزۆریش ئەوانە بەهۆی گەمژەییەوە حەزیان لە رشتنی خوێنی زیاترو توندڕەوی زیاترە. تائێستا هیچ یەکێکم وەك ئەوانە نەدیوە ئەوەندە خوێنرێژو خێرابن لە تەکفیکردندا، بەتایبەتیش لە سەرەتای گواستنەوەیان لە قۆناغی فێرکردنو مەشقکردنەوە بۆ قۆناغی کارو پیاوەتی!!.

## کوردستانو دەوڵەتی ئیسلامی

لە تێگەیشتن لە سروشتی ئەو شەڕەی کە لە ٢ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ لە نێوان رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیو هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی زوممارو رەبیعەو شەنگال روویدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم شەڕە بە نیسبەت پێشمەرگەوە شتێکی کتوپڕ نەبوو، چونکە هەر لە سەرەتای دەرکردنی مەسیحییەکانی نەینەواوە شانەکانی داعش خۆیان بۆ ئەم شەڕە ئامادەکردبوو، ئەمە جگە لەوەی بازگەکانیان لە بەرامبەر بازگەکانی پێشمەرگەدا قوت کردبووەوە.

پێویستبوو دەزگا هەواڵگرییە کوردییەکان پێشتر لێکۆڵینەوەیان لە سەر ئەو ئامرازو جۆری پلانە سەربازییانە بکردایە کە هێزە شەڕەکەرەکانی داعش بەکاری دەهێننو کونو کەلەبەرەکانی ئەو پلانو ئامرازانەو خاڵی لاوازو بەهێزیان دەستنیشان بکردایە، ئەمە جگە لەوەی ئەو دەزگایانە کاتێکی زۆریشیان لە بەردەستدا بوو بۆ ئەوەی دزە بکەنە ناو ئەو رێکخراوەوەو چەند سەرکردەیەکیان تەجنید بکەن. بەڵام ئەوەی روویدا ئەوەبوو ئەو دەزگا هەواڵگرییانە وەك هێزێکی بچوكو توانایەکی سەربازیی لاواز مامەڵەیان لەگەڵ داعشدا کرد نەوەك وەك هێزێك کە خاوەن رەهەندێکی عەقیدەیی وەهایە کە بە هیچ جۆرێك ناکرێت بە گاڵتە تەماشایان بکرێتو توانای شەڕکردنی هێزێکی نیزامیان هەیە، هێزێك بەشی ئەوە عەقیدەو دۆزو رێبازێکی توندڕەوانەی هەیە کە بە دەیان هەزار لاو لە پێناویدا خۆیان بدەنە کوشت.

ئەو پلانە سەربازییەی کە دەوڵەتی ئیسلامی بەکاری دەهێنێت ئەوەیە دوای پەلاماردانی هەر گوندێك یاخود شارێك شانە نوستوەکانی بە ئاگا دەهێنێتەوە، دواتر ئەو شانانەی بە

ئاگا هاتوونەتەوە هەموو ئەرکە ئەمنیو سەربازیو کارگێڕییەکانی ئەو ناوچانە لە ئەستۆ دەگرنو رۆڵی چەکداری گرووپە چەکدارەکانی تری ناوچەکە سنوردارو لاواز دەکەنو لە دواجاریشدا کار بۆ وەرگرتنی بەیعەت دەکەنو ئەوەشی ئەو کارە نەکات لەناوی دەبەن. لە لایەکی ترەوە رۆڵی ئەو زاناو وتاربێژانەش پشتگوێ دەخەن کە بەیعەتیان بە بەغدادی نەداوە، بە جۆرێك یان دەریاندەکەن یاخود لە ژێر بیانووی ئەمنی توندا دەیانکوژن، هەروەها بە هۆی هەبوونی بچوکترین گومانیش یاخود بێ هیچ تۆمەتێك خەڵکان دەستگیر دەکەنو رێگا بە دادگا شەرعییەکانیش دەدەن خوێنو سەروەتی خەڵك حەڵاڵ بکەن!.

## گرووپە چەکدارییە شیعەکانو داهاتوویان

هەر لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعس چەکدارانی شیعە بە دیارکەوتنو لەگەڵ تێپەرینی رۆژگاریشدا لە لیژنەی چەکداری گەڕەکە میللییەکانەوە کە لە لایەن مزگەوتو حوسەینییەکانەوە سەرپەرشتی دەکران و بەپێی تەقلیدکردنی هەر مەرجەعیەتیەکی ئاینی خۆیان گۆڕان بۆ چەندین شانەی پێکەوە گونجاو ، ئەمەش وەهای کرد ئەم شانانە کە لە لایەن ئیمامی مزگەوتو حوسێنییەکانو خوێندکاری حەوزە عیلمییەکانو سەرۆك خێڵەکانەوە بەڕێوەدەبران جێگای پۆلیس بگرنەوە، هاوکات مەرجەعە باڵاکانیش بە بێدەنگی چاودێرییان دەکردنو پارەیان بۆ سەرف دەکردن، تەنانەت وەك هێزی ئاسایشی ئەو مەرجەعانەش وەهابوون.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤یشدا ئەو شانانە زیاتر لە یەکتر نزیکبوونەوە و خۆیان گۆڕی بۆ میلیشیای سەربازی، کە زۆربەیان لە لایەن حزبە شیعە بەشداربوەکانی حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکران، ئەوەشی بەشداریی حکومەتی نەکردبوو لە لایەن ئێرانەوە بەڕێوەدەبرا.

ئەم گرووپانە بەپێی مەرجەعە حزبیو ئایینییەکانیان بۆ چەند بەشێك دابەش دەبوون، ئەمەش وەهای لێ کردبوون کە ببنە هێزێکی ئامادە بە دەست حزبەکانو بە هۆی ئەوەی لە ژێر سایەی دەوڵەتیشدا نەبوون هەڕەشە لە سەقامگیریی بکەن.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە ئەم گرووپانە ناوە ناوە ململانێی یەکتریان دەکردو بەگژیەکدا دەچوون، دیارە هۆکاری ئەوەش بە هۆی جیاوازی حزبیو مێژوویی‌و مەرجەعیەتەکانەوە بوو، هەر وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە رووداوەکانی نەجەفو کەربەلا روویدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی سەرکردەکانی ئەو گرووپانە دەوڵەت دەسەلاتی بەسەریاندا نەبوو هەر بۆیە ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانیان بگۆڕن بۆ ململانێی یەکتری.

رادەی توندڕەویو رێزگرتنی یاسای دەوڵەتو پەیوەستبوون بە دەستوورو بنەماکانی کاری دیموکراتی لە عێراقی تازەدا لە لای ئەم گرووپانە لەیەك ئاستدا نییەو جۆراوجۆرە.

ژمارەی ئەندامانی ئەم گرووپانە نزیکەی ١٥٠ هەزار چەکدار دەبنو ئاستی ئەزموونی سەربازیو پرچەکیو توانای شەڕکردنیشیان جۆراوجۆرە:

– ئەو گرووپانەی بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ هەبوونو سەر بە حکومەتی ئێرانن، ئەوان رێکخراوترو پڕچەکترنو نووسینگەو دامودەزگای ئەمنیو سەربازییان هەیە، بەلام زیاتر دەستبلاوترنو سەرقاڵی وەزیفەکانی ناو حکومەتنو کەمتر توندڕەوترن. هەروەها هیچ جیابوونەوەکیشیان بەخۆیانەوە نەدیوەو بە ئاشکرا بەشداری شەڕی ئەمریکییەکانیان نەکردووە، بە تێپەربوونی کاتیش هاتوونەتە ناو پرۆسەی سیاسییەوەو زۆربەی کادیرەکانیشیان لە ناو دامودەزگا سەربازیو ئەمنییەکاندا پلەی فەخرییان وەرگرتوە، لە نموونەی رێکخراوی (بەدر).

– ئەو گرووپە عێراقییانەشی کە پەیوەندییان بە حزبولای لوبنانییەوە هەبوو، هەرچەندە هاوکاریی لۆجستیو چەکیان لە ئێرانەوە وەردەگرت، بەلام زیاتر حەماسەتی مەزهەبیانەیان هەبوو، هەرچەندە ئەزموونی سەربازییان کەمو خاوەن مێژووش نەبوون،

کەچی رقیان لە هێزەکانی ئەمریکا دەبووەوە. نەهاتنە ناو پرۆسەی سیاسیو هیچ جیابوونەوەیەکیش تیایاندا رووینەداوە، لە نموونەی رێکخراوی (کەتیبەکانی حزبولا لە عێراق).

– بەنیسبەت ئەو گرووپانەشی کە پشتیان بە خۆیان دەبەست لەگەڵ بوونی هەندێك پەیوەندیو راوێژ لەگەڵ ئێرانییەکاندا، ژمارەی ئەندامەکانیان لەهەموو ئەوانی تر زیاتربوونو چەکی زیاتری رژێمی پێشووشیان لابوو، لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکاو هێزەکانی عێراقیشدا رووبەڕوودەبوونەوە، چەندین جیابوونەوەش لە ریزەکانیاندا روویاندا، هەندێ جاریش خۆیان سڕ دەکردو هەندێجاریش چالاك دەبوونەوە. پشتگیری رەوتێکی سیاسی بەشداربووی حکومەتیان دەکرد، لە ناو داموودەزگا ئەمنیو سەربازییە حکومییەکاندا بە زۆریی هەن، لە نموونەی (سوپای ئیمام مەهدی).

دەزگا هەواڵگرییە حکومییەکان نەیانتوانیوە زانیاری تەواوەتی لە سەر هەموو ئەو گرووپانە کۆبکەنەوەو ئەم بابەتەش نەبوەتە جێگای سەرنجی تایبەتمەندانو لێکۆڵیاران مەگەر لەلایەن دەزگا هەواڵگرییە ئەمریکیو هەرێمایەتییەکانەوە نەبێت جا لەبواری سەربازییەوە بێت یان لەبواری ئەمنییەوە.

ئەوەی گرنگە هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەی نەخشەو چۆنێتیی بوونیادو شێوەی رێکخستنی ئەو گرووپانە، ئەم خوێندنەوەیەش هەر بەتەنها تایبەت نییە بە لێکۆڵەران، بەڵکو سەرەتایەکی باشیشە بۆ بە ئەرشیفکردنی زانیارییەکانی تایبەت بەو گرووپانە، هیواداریشین دەزگاکانی هەواڵگریو ناوەندەکانی دیراساتو لێکۆڵینەوەو ناوەندەکانی کار سودی لێ ببینن.

زۆربەی ئەو گرووپانە لە پەیکەرەی رێکخستنیاندا پشت بە ئەنجومەنێك دەبەستن کە لەچەند ئەندامێك پێکدێت. سەرکردەی ئەو گرووپە لەناوخۆ یاخود لەو پارێزگایەدا زۆربەی جار یەکێکە لە دەرچوەکانی حەوزە عیلیمییەکانی شیعە. بەرپرسی سەربازی، بەرپرسی دارایی، بەرپرسی ئیعلامیو رۆشنبیری، بەرپرسی پەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکان، بەرپرسی مەلەڤ حکومی و سیاسی، بەرپرسی چەك‌و کۆگاو نووسینگە سەرەکییەکانی تریش مەرج نییە هەموویان ئەزمووندار یاخود راهێنراوبن، بەڵام پێویستە گوێڕایەڵی‌و پەیوەستبوونی رەهایان بۆ فیکری رابەری گرووپەکە هەبێت.

شانە ئەمنییەکان: ئەمانە بەرپرسی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری‌و مەلەڤ تەجنیدکردنن بۆ ناو ئەم گرووپانەو ئەمەش دوو جۆرن:

یەکەم_شانە چالاکەکان: ئەمانە لە ناو گەڕەك‌و شارو گوندەکاندا چالاکن‌و هەر شانەیەکیش لە چوار گرووپی سەرەکی پێکدێت:

أ–گرووپی سەرکردایەتی کە ئەوانیش دوو کەسن‌و ئیشیان هەڵبژاردنی ئەو کەسانەیە کە دەتوانن کاری جەنگی ئەنجام بدەن، هەروەها مەشقیش بە گرووپەکە دەکەن.

ب– گرووپی کۆکردنەوەی زانیاری کە ئەمانیش لە چوار کەس تێناپەرن و هەر دوو کەسیشیان کاریان دەستنیشانکردنی ئامانجەکانە.

ج– گرووپی ئامادەکاری هونەری‌و ئیداری

د– گرووپی جێبەجێکردن کە ئەمانیش ژمارەیان بەپێی قەبارەی ئەرکەکە دیاری دەکرێت‌و کاریان جێبەجێکردنی پرۆسەکەیە.

دوەم_ شانە نوستوەکان: ئەمانە هەڵدەستن بە تەجنیدکردنی گەنجان‌و بەکارهێنانیان لە کارە لۆجستییەکاندا، لەوانەشە ئەندامەکانیان ئەزموونی سەربازییان هەبێت‌و خۆیان شاردبێتەوەو چاوەڕوانی ئاماژەی سەرەوە بکەن بۆ دەستپێکردن‌و جوڵان. رۆڵی ئەمانە هاوکاریکردنە لە بڵاوکردنەوەی فیکری گرووپەکەو بانگەشەکردن بۆ رابەرو لایەنگرانیان، هەروەها کاری کۆکردنەوەی چەك‌و دەستکەوتنی زانیاریش ئەنجام دەدەن بە تایبەتی لە سەر ئەو شوێنانەی کە گومانیان لێی هەیە.

بە شێوەیەکی خێرا دەتوانین کۆی ئەو مەترسییانە بخەینە روو کە درووستدەبێت لە کاتی زاڵنەبوونی دەزگا حکومییەکان بە سەر ئەو گرووپانەدا:

١- ئەگەری یاخیبوونیان جا بە هۆی فیکری یان سیاسی یان داراییەوە بێت ئەوا زیان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی گرنگەکانی عێراق دەگەیەنن، وەك پرۆژە گەورەکانی نەوتو فرۆکەخانەکانو هوتێلە گەورەکانو ناوچە گەشتیارییەکان.

٢- ئەگەری ئەنجامدانی تەقینەوە لەناوچە قەرەباڵغەکاندا ئەمەش بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقین لە ناو دانیشتوانەکەیدا جا ئەو تەقینەوانە بەهۆی تائیفییەوە بێت یاخود نەتەوەییو هاندانیان بۆ چۆڵکردنی ناوچەکانیان یاخود چەقبەستنو مانەوەیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەبێ ئەوەی حکومەت توانای رێگەلێگرتن یاخود بەرپەرچدانەوەی هەبێت، هەر وەك ئەوەی لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ لە بەغدادو دیالە روویدا.

٣- ئەگەری ئەنجامدانی هەڵمەتی پاکتاوکردنو تیرۆرکردنی کەسە باڵاکانی دەوڵەت ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەندامانی ئەو گرووپانە دزەیان کردۆتەوە ناو دەزگا حکومییەکانەوە، هەروەها ئەگەری بە ئامانجگرتنی بەرپرسە سەربازییەکانو زاناو کەسایەتییە کاریگەرەکان بە تایبەت ئەوانەی کە دژی رێبازو فیکریان دەوەستنەوە.

٤- ئەگەری بڵاوکردنەوەی پروپاگەندنەوەو هەواڵی درۆینە ئەویش بە ئامانجی سەرلێشواندنو هەڵوەشاندنەوەو رووخانی ورەی هێزە ئەمنییەکان، هەر وەك ئەوەی لە بەسرەو شاری سەدر روویدا.

٥- ئەگەری دەستگرتن بە سەر وێستگەکانی وزەو کارگە گرنگەکانی ئابووریو وێستگەکانی ئاوو کارەبا ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی گرفتێکی ئابووری وەها کە

دەوڵەت تووشی شلەژان بکاتو رقی جەماوەری لە بەرامبەردا زیادبکات، هەروەك لە پێکدادانەکانی حکومەتو هەندێك لەو گرووپانە لەپێشوتر روویداوە.

٦- ئەگەری ئەنجامدانی رێپێوانو خۆپیشاندانی نارەزایی لە دژی حکومەتو بەرزکردنەوەی دروشمی سەرخستنی گرووپەکان، ئەمەش بە شێوەیەکی بەردەوام لەو نمایشە سەربازیو خۆپیشاندانە جەماوەرییانەدا روودەدات کە بەپێی ئارەزووی حکومەت ئەنجام دەدرێن، هەروەك خۆپیشاندانەکانی لایەنگرانی رەوتی سەدرو عەسائیبی ئەهلی حەقو کەتیبەکانی حزبوڵلای عێراق!!.

## هێرشە ئاسمانییەکانو داعش

هەندێك چاودێر دەیانەوێت لە سەر گرنگی هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانێتی رۆژئاواییو عەرەبی بۆ سەر گرووپە چەکدارەکان لە عێراقو سوریا بوەستن، بەڵام خۆیان لە راستی ئەو ململانێ ستراتیژییە گێل دەکەن کە ئەو هێرشانە کاریگەرییان لە سەری هەیە. رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیو بەرەی نوسرەو تەواوی رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقو سوریا لە دۆخێکدا دامەزراون کە لایەنگری زۆریان لە ناو ئەو دۆخەدا هەیەو هەردوو حکومەتی عێراقو سوریاش ناچاربوون چەندین شەڕ (سەرکەوتنو شکست) لەگەڵ ئەو گرووپانەدا ئەنجام بدەن تا بیانووەستێننو رای نێودەوڵەتی قەناعەت پێ بکەن بەوەی ئەوانە تاوانیان ئەنجام داوەو رێکخراوی تیرۆرستین.

ئەو جوگرافییەی کە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە دوای ١٠ی حوزەیرانەوە دەستی بەسەرداگرت سێ یەکی جوگرافیای عێراقو سێ یەکی جوگرافیای سوریاش بوو، ژمارەی ئەندامەکانیشی بە هۆی بەردەوامیی کۆچکردنو بەیعەتدانی عەشیرەتەکانو گرووپەکانی

ترەوە روو لە زیادبوون بوو، لەگەڵ دەستگرتن بە سەر نەوتو سەرچاوەکانی تریشدا داعش سنورەکانی خۆی فراوانتر کرد.

نەخشەکانی تەهجیرکردنی کەمینە نەتەوەو ئاییینییەکانیش لە لایەن داعشەوە توانیویەتی نزیکەی ٨٠٠ هەزار کەس لە ناوچەکانی خۆیان ئاوارەبکات، ئەمە جگە لە هەمان ژمارەی هاوڵاتییانی عەرەبی سوننە کە بە هۆی شەڕەکانی ئەنبارو نەینەواو سەلاحەدینو دیالەوە ئاوارەبوون.

ئەو ستراتیژیتییەی کە سەرکردایەتی سەربازی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە دوای ٨ی ئابی ٢٠١٤ەوە گرتوویەتیە بەر بۆ خۆشاردنەوە لە هێرشی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان ئەوەیە کە بە شێوەی رەتڵ رەتڵ هاتوچۆ نەکەنو کۆبوونەوەی قەرەباڵغ دروستنەکەنو روخساری خۆیان بشارنەوەو مۆبایلو ئەنتەرنێتیش بەکارنەهێنن، هەروەها ئۆتۆمبیلو ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانو تۆپە قورسەکانیشیان ئەوانەی لێیان زیادە دووری بخەنەوە بۆ کۆگاکانی نزیك سنورو بۆ گوندەکانی سەربەخۆیان، ئاڵاش لە سەر ماڵەکان هەڵبکەن بۆ ئەوەی شوێنەکانی خۆیان بشارنەوە، هاوکات پرۆسەیەکی فراوانی کوشتنی ئەو تۆمەتبارانەشیان دەستپێکرد کە بە سیخوری تۆمەتباریان کردبوون.

هێرشە ئاسمانییەکان لە ٢٣ی ئەیلولی ٢٠١٤ وەهای کرد چەکدارەکان لە سەر شەقامەکان یاخود لە ناو خوێندنگاو مزگەوتو نەخۆشخانەکاندا دەرنەکەون کە بەر لەو هێرشانە بە چڕی دەردەکەوتن.

موشەکە زیرەکەکانی تۆماهۆك هەر بە تەنها نەبوونە هۆی وەستاندنی پێشڕەویو پشتگیریی لۆجستیو جوڵەی داعش، بەڵکو رێگاشی بۆ هێزە نیزامییەکانی سوریا خۆش

کرد که له رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە پێشڕەوی بکەنو دەست بگرن بە سەر ١٥ ناوچەی گرنگدا.

هاوکات ئەو هێرشە ئاسمانیانە لە سوریا وەهای کرد ژمارەیەك چەکداری گرووپەکانی تر بڕۆنە ناو داعش بە جۆرێك تەنها لە ماوەی هەفتەیەکدا ٣٠٠ چەکدار بەیعەتیان بەبەغدادی دا. هێرشە ئاسمانییەکانیش لە عێراق لەوەدا سەرکەوتووبوو کە رێگای گرت لە قڕکردنو تەهجیرکردنی کەمینە نەتەوایەتیەکانو چارەسەرکردنی دۆخی باشووری بەغدادو ئەنبارو رزگارکردنی ئامرلیو پەروانە.

بەڵام ئەم ستراتیژییەی کە ئەمریکییەکان بەم جۆرە گرتویانەتەبەر چاوەڕوانی شکستی لێ دەکرێت ئەویش بە هۆی ئەوەی نەیتوانیوە سوننەکان بۆ شەڕی داعش هانبدات.

هێرشە ئاسمانییەکان لە عێراق لە ٨ی ئابو لە سوریاش لە ٢٣ی ئەیلولەوە تا ئێستا لە ٢٠٠٠ هێرش تێپەریوە (بەردەوام لەزیادبونیشدایە.و/ کوردی)، لە عێراقیش بە هۆی ئەو هێرشانەی کە لە لایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکاو فەرەنساوە بەڕێوەچووە توانیویانە داعش لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان دووربخەنەوەو چەندین شارو شارۆچکەش لە ناوچە جێناکۆکەکانو ناوچەکانی تری عێراق ئازادبکرێن وەك جەلەولاو ئامرلیو ناوچەکانی دوزخورماتوو، هەروەها شارەکانی حەقلانییەو خەفاجە.

هێرشەکانی سوریاش کە لە لایەن فڕۆکە رۆژئاواییو عەرەبیەکانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ رێگەگرتن بوو لەبەرەو پێشەوەچوونی داعشو بەرەی نوسرە، ناوچەکانی رقەو باکووری حەڵەبو دێرلزور بەرەی نوسرەی لە ئەدلب گرتۆتەوە، بەڵام نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەباشی بپێکێت جگە لە کوشتنی (موحسین فەزڵیو ئەبو یوسف تورکی)!!.

بەکارهێنانی هەر موشەکێکی تۆماهۆك نرخەکەی زیاتر لە ١ ملیۆن دۆلارەو تائێستاش تێچووی شەڕی داعش زیاتر لە ١ملیار دۆلارەو رۆژ لە دوای رۆژ تێچوەکەش زیاتر دەبێت.

هاوپەیمانێتی عەرەبیو رۆژئاوایی فڕۆکەخانەکانی ئوردون بەکاردەهێنن، ئەمەش بۆ نزیکیو ئاسانکاریی فڕۆکەکان چونکە فڕۆکەکانی ئێف ١٦ ناتوانن بۆ چەندین کاتژمێر بفرن.

زۆربەی هێرشە ئاسمانییەکانی سەر عێراقیش لە لایەن فڕۆکە ئەمریکییەکانی ناو بنکەی (سیلیە)ی قەتەرو ئەوانەی فڕۆکە فەرەنسییەکانیش هی بنکەی (زەفرە)ی سەربازییە لە ئیمارات.

نرخی یەك کاتژمێر فرینی فڕۆکەش ٣٢٠ دۆلارە جا بۆ شەڕکردن بێت یان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

بە شێوەیەکی گشتی هەر بە تەنها هێرشە ئاسمانییەکان ئەگەر هەوڵی سەربازی زەمینی لەگەڵدا نەبێت ناتوانێت گرووپە تیرۆرستییەکان لەناوببات. ئەمە جگە لەوەی ئەو هێرشانە لە پێکانی سەرکردەکانی ئەو رێکخراوانەدا زۆر ورد نیینو بێهودەییانەیە، قەبارەی ئەنجامەکەشی بچوکەو بایی ئەو ملیۆنان دۆلارە نییە لە پێناویدا سەرف کراوە، هاوکات ئەو هێرشانە نەشیتوانیوە قەناعەت بە نزیکەی ٢ ملیۆن ئاوارەی عێراق بکات کە بگەڕێنەوە بۆ شارەکانی خۆیان، ئەوانەی بڕیاریانداوە ئەگەر شارێك ئارامی تیادا نەبێت گەڕانەوە بۆی کارێکی عەبەسیانەیە ! !.

## چەند زانیارییەك لە سەر ئەبوبەکری بەغدادی

– ناوی: ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم بەدری سامەڕاییە، بە ئەبو عەواد، ئەبو دوعا، ئەبوبەکریش بە ناوبانگە، ساڵی ١٩٧١ لە سامەڕا لە دایکبووە.

– ژنەکانی ناویان ئەسما فەوزی محەمەدو ئیسرا رەجەبە...منداڵەکانیشی (حوزەیفە ساڵی ٢٠٠٠ لە دایکبووە، ئومیمە ساڵی ٢٠٠٢ لە دایکبووە).

– خێزانەکەی: باوکی ساڵی ١٩٢٢ لە دایکبووە، دایکیشی ناوی عالیە حسێن عەلیەو ساڵی ١٩٢٢ لە دایکبووە، براکانیشی ناویان (شەمسی/١٩٦٥، ئەحمەد/١٩٦٧، جومعە/١٩٦٩،

ژنەکەی جومعە خوشکی ژنەکەی ئەبوبەکری بەغدادییە)، خوشکەکانیشی ناویان (حەمدیە، وەزفە)یە.

– ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆی سەدامە بۆ زانستە ئیسلامییەکان/بەغداد، لە ساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامەی ماستەری لە شەریعەتی ئیسلامیدا بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠٠٦یش بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە.

– ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار بەغدادی ئاشنای فیکری قاعیدە کرد کوڕە مامێکی بوو بەناوی مەلا فەوزی عەباس حسێن بەدری.

– ئەو کەسەی یەکەمجار بەغدادی لە فەلوجە دەستگیر کرد ناوی نووسەیف نۆمان نوسەیف بوو.

– نزیکترین هاوڕێی زیندانیشی: وەعد عەبد سەمیرو رازی کازمم مەسەد بوون.

– نزیکترین هاورێیشی: شێخ نۆمان سلێمان مەنسور زەیدی بوو، کە لە زەمانی کۆلیژەوە هاورێی بووەو دواتریش لە ساڵی ٢٠٠١ کردویەتیە وەزیری جەنگ.

– نزیکترین سەرکردەش لێیەوە: عەقید سەمیر خلێفاوی.

– نزیکترین شەرعزانیش لێیەوە: عەبدولرەحمان مستەفایە کە بە حاجی ئیمانیش ناسراوە _سەرۆکی ئەنجومەنی شورا.

– هاوڕێو یاریدەدەرەکەشی: عەبدوللا یوسف خاتونیە.

– رازگری نهێنیو جێگرەکەی لە عێراق: فازڵ حەیالی (ئەبو موسلیم تورکمانی).

– ئەو مزگەوتانەی تیایدا بانگەوازی کردووە: مزگەوتی ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل لە سامەڕا، مزگەوتی زەغەل لە گەڕەکی تۆپچی بەغدا.

– دیارترین مامۆستای میانڕەوی بەر لە ساڵی ٢٠٠٣: شێخ مەحدەس سوبحی سامەڕایی، شێخ محسین تاروتی میسر، شێخ تاهیر بەرزنجی.

– ئەمریکا ٤٠ دەوڵەتی دژ بە رێکخراوەکەی بەغدادی کۆکردۆتەوە، کە بە ٥٠٠ ملیار دۆلاریان لەبەردەستدایەو ماوەی دەستنیشانکراویش بۆ لەناوبردنی داعش ٣ ساڵە.

– شەڕی ساڵی ١٩٩١ی ئەمریکا_عێراق، ئەمریکا ٣٢ دەوڵەتی بە بەهای ١٠٠ ملیار دۆلار بۆ عێراقو بۆ ماوەی ٢ مانگ کۆکردبوویەوە.

– سوپاو چەکدارەکانی تری حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ زیاتر لە ٣ ملیۆن کەس دەبوون، لەگەڵ بوونی توانایەکی گەورەی سەربازی لەیەك بەرەی جەنگدا کە ئەویش کوەیت بوو، بەڵام لە ماوەی کەمتر لە ٢ مانگدا هێزەکانی عێراق شکستیان هێنا ! !.

– کەچی سوپاکەی بەغدادی لە عێراق نزیکەی ١٠٠٠٠ چەکدارنو لە ٣٣ میحوەر یان بەرەی جەنگدا بڵاوبوونەتەوە، لە سوریاش نزیکەی ١٣٠٠٠ چەکدار لە ٤٠ میحوەر یان بەرەی جەنگدا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام ماوەی دەستنیشانکراو بۆ لەناوبردنیان ٣ ساڵە ! !.

– ئاوارەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١و ساڵی ٢٠٠٣شدا لە ٥٠٠ هەزار ئاوارە تێنەپەرینو ماوەی مانگێکیش ئاوارەبوون، بەڵام لە شەڕەکەی بەغدادی دا تا ئێستا زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس ئاوارەبوونو ساڵ زیاترە ئاوارەن !.

– لە ٢١ی تەموزی ساڵی ٢٠١٣، ژمارەی ئەوانەی لە زیندانی ئەبو غرێب هەڵهاتن ٦٨١ زیندانی بوون، زۆربەیان ئێستا سەرکردەی دەوڵەتەکەی بەغدادینو دەوڵەتی خەلافەتیان راگەیاندوەو هاوکێشەکانیان گۆریوە ! !.

– لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، ژمارەی زیندانیانی بادوش لە موسڵ ٢٩٠٠ زیندانی بوو، ٣٦٢ کەسیان داعش بوون و هەڵاتن، ٩٣٢ زیندانی تریان شیعە بوونو چارەنووسیان نادیارە، ٥١١ کەسی تریان لە دووری ١٠ کیلۆمەتری زیندانەکەوە گوللەبارانکراون، ئەوانی تریش ژنو لە کەمینە نەتەوەکانی ترن.

– لە سەربازگەی سپایکەر، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق ١٠٢٩ کەس چارەنووسیان نادیارە.

– لە زیندانەکانی تەسفیراتی دەزگای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو پۆلیس لە نەینەوا لە رۆژی ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا، ٦٠٠ زیندانی هەبوون کە زۆربەیان داعش بوون، لە تەسفیراتی سەلاحەدینیش لە ١٢ی حوزەیراندا ٥٠٠ زیندانی هەبوون کە زۆربەیان داعش بوون، هەموویان هەڵاتن ! !.

– لە شەڕەکانی هەرێمی کوردستانیشدا زیاتر لە ٦٤٣ پێشمەرگە شەهیدکراونو بریندارەکانیش سێ ئەوەندەی ئەو ژمارەیەن. دەوڵەتەکەی بەغدادیش زیاتر لە ١٣٧ چەکداری کوژراوەو زیاتر لە ٥٠٠ برینداریشی هەبووە.

– لە سەرەتای شەڕەکانی ئەنبارەوە لە ٣١–١٢–٢٠١٣ تا ١–٩–٢٠١٤، کۆی ژمارەی ئەندامە دیارنەبووەکانی هێزەکانی عێراق زیاتر لە ١١٠٠٠ چەکدارن!!.

– لە ٨–٤–٢٠١٣ تا ١–٦–٢٠١٤، داعش ٢٥٥١ چەکداری لە بەرەی سوریا لە دەستداوە.

– لە ١–٢–٢٠١٣ەوە لەهەموو لایەنە رکابەرەکانی سوریا ١٩١٠٠٠ کەس گیانیان لە دەستداوە.

– لە ١–١–٢٠١٣ تا ١–٩–٢٠١٤، ژمارەی ئاوارەو کۆچپێکردووە عێراقییەکان گەیشتۆتە زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس!!.

– لە ٣١–١٢–٢٠١٣ تا ١–٩–٢٠١٤، رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی دەستی گرت بە سەر لە ٢٨٪ی هەموو رووبەری خاکی عێراق، لە ٨–٤–٢٠١٣ تا ١–٩–٢٠١٤ش دەستیگرت بە سەر زیاتر لە ٣٠٪ی رووبەری خاکی سوریا.

– لە ١–١–٢٠١٣ تا ١–٩–٢٠١٤ رێکخراوی داعش لە عێراق ئەوەندە چەکو تەقەمەنی دەستکەوت کە بەشی ٤ فیرقەی سەربازی دەکرد، ئەمە جگە لە پارەی کاشو شوینەوارو دەستکەوتە کشتوکاڵیو پیشەسازییەکانیش کە بە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت!

– لە ٨–٤–٢٠١٣ تا ١–٩–٢٠١٤، رێکخراوی داعش لە سوریا ئەوەندە چەکو تەقەمەنی دەستکەوت کە بەشی ٢ فیرقەو نیوی سەربازی دەکرد، ئەمە جگە لە پارەی کاشو شوێنەوارو دەستکەوتە کشتوکاڵیو پیشەسازییەکانیش کە بە ٦٨٥ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت!.

– لە ١٠–٦–٢٠١٤ تا ١–٩–٢٠١٤، رێکخراوی داعش دەستی گرت بە سەر زۆربەی کێڵگە نەوتەکانی باکوورو رۆژئاوای عێراقدا. لە تەموزی ٢٠١٣ تا ئەیلولی ٢٠١٤یش داعش دەستی گرت بە سەر زیاتر لە٦٠٪ی کێڵگە نەوتییەکانی رۆژهەڵاتو باکووری سوریا!!

# فەسڵی سێهەم

# ڕاسپاردەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری داعش

## زاڵبوون بە سەر پارەدارکردنی تیرۆردا

- دروستکردنی کەناڵێکی پەیوەندیی کراوە لەنێوان دەزگای ئاسایشی نیشتیمانیو بانکی ناوەندی عێراقی ئەویش بە ئامانجی پەیوەندیکردنو هاوکاریکردنی یەکتری بۆ بنەبرکردنی پرۆسەکانی سپیکردنەوەی پارەو پارەدارکردنی تیرۆردا.

- دروستکردنی لیژنەی هەمیشەیی لە نوێنەرانی زۆرێك لە دامودەزگا حکومییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو بابەتەکانی تایبەت بە سپیکردنەوەی پارەو رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە.

- دروستکردنی چەند یەکەیەکی تایبەت بە سپیکردنەوەی پارە لە ناو (بانکی ناوەندی)و بانکە ناوخۆییەکانی تری عێراق، کە ئەرکیان دڵنیابوونەوە بێت لە خراپ بەکارنەهێنانی سیستەمی بانکی لە پرۆسەکانی سپیکردنەوەی پارە و پارەدارکردنی تیرۆر و ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەر حاڵەتێکی گوماناوی لەو جۆرە.

- دەرکردنی یاسای رووبەڕووبوونەوەی پرۆسەی سپیکردنەوەی پارەو دەرکردنی لیستی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بۆ بە تاوانزانینی ئەو پرۆسەیە.

- دروستکردنی چەند یەکەیەکی لێکۆڵینەوەی دارایی لە دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی، کە ئەرکیان مامەڵەکردن بێت لەگەڵ بابەتەکانی پارەدارکردنی تیرۆرو سپیکردنەوەی پارەو هەمئاهەنگیکردن لەگەڵ یەکەی سپیکردنەوەی پارەی بانکی ناوەندی.

- دەرکردنی یاسا و رێنمایی تایبەت بە کەرتی بانکی و دارایی، ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئەو بانك و کەرتەکانی دارایی لە سەر بنەمای هوشیاریو وریایی کارەکانیان ئەنجام دەدەن، هەروەها رێکاری ناوخۆییش بە جۆرێك بێت مشتەرییەکانو ئەو چالاکی و پرۆسانەی کە تیایدا ئەنجام دەدرێن بناسرێنەوە.

- دەرکردنی رێبەرێکی وریاکردنەوە بۆ هەموو بانکە عێراقییەکان ئەویش بە ئامانجی رێگەلێگرتنو رووبەڕووبوونەوەی پرۆسەکانی سپیکردنەوەی پارە.

- دەرکردنی چەندین رێسا و یاسای تایبەت بە کردنەوەی ژمارە بانکی لە بانکە ئەهلییەکانو بنەما گشتییەکانی چۆنێتیی کارکردنی ئەو ژمارە بانکییانە و بەکارهێنانی پێوەری نێودەوڵەتیی تایبەت بە ژمارە بانکییەکان، وەك ئەوەی بزانرێت مشتەرییەکان کێن و هتد.

- رێگا نەدان بە کردنەوەی ژمارە بانکی لە لایەن ئەو کەسانەی کە لە ناو عێراقدا نیشتەجێ نین، جا چ کەسەکان بن یاخود کۆمپانیاکان تاوەکو رەزامەندیی دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی وەرنەگرن.

- جێبەجێکردنی بەرنامەی راهێنانی تایبەت بە بانك و داوکاری گشتیو دەزگای گومرگ و داموودەزگاکانی تری حکومەت، پێویستە هەموو ئەو بەرنامانەش لە لایەن شارەزایانی تایبەتمەند لە بواری رووبەڕووبوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و پارەدارکردنی تیرۆر لە بانکی ناوەندی بوترێنەوە.

## راسپاردە بۆ زاڵبوون بە سەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی

- گرتنەبەری چەندین رێوشوێنی تایبەت بە رێکخستنی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بە جۆرێك پێویستە ئەو رێکخراوانە بخرێنە ژێر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- نابێت ئەو رێکخراوانە هیچ هاوکارییەکی بۆ دەرەوەی عێراق بنێرن، یاخود هاوکاری لەگەڵ هیچ لایەنێکی خێرخوازی دەرەوەی عێراق بکەن.
- هەموو رێکخراوێك کە دروست دەکرێت پێویستە لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیدا سنوری جوگرافیی خۆی دیاریکردبێت (واتە سنوری خزمەتگوزارییەکانی رێکخراوەکەی دیاری کردبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ کاری رێکخراوەکانی تر تێکەڵ نەبێت).

- کەسی تایبەتمەند لە دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی بۆ چاودێریکردنی هاوکارییەکانی ئەو رێکخراوانە لەگەڵیان دەبێت و لەوەش دڵنیا دەبێتەوە، کە پێویستە ئەو هاوکارییانە بەپێی چەکی بانکی بێت، نەوەك پێدانی پارەی کاش، ئەمەش بۆ پاراستنی رێکخراوەکە و مافی سودمەندبوان.
- دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی گشتاندنێك بڵاو بکاتەوە، کە رێگا لە سەرفکردنی هاوکارییەکان بە پارەی کاش بگرێت.
- ئەو هاوکارییانەی ئەو رێکخراوانە دابەشی دەکەن، هەندێك جار خواردەمەنی و ئامێری کارەبایی و جلوبەرگە، هەندێجاریش هاوکاریی نەقدییە، کە بە چەکی بانکی سەرف دەکرێنو دەدرێن بە هەتیوانو بێوەژنانو تەلاقدراوانو هەژارو پیروپەککەوتان.
- دانانی چەندین کۆتوبەند لە سەر داموودەزگا خێرخوازییەکان کە رێگە لە بەکارهێنانی چالاکییەکانی لە کاری نانیزامیو ناشەرعیدا بگرێت.
- پێویستە هەموو رێکخراوێك یان کۆمەڵەیەك ژمێریارێکی یاسای هەبێت ئەویش بۆ پێداچوونەوە بە ژمێریاری ئەو رێکخراوو کۆمەڵانە و دەرکردنی بودجەی ساڵانەی وردبینیکراو.
- رێگەگرتن لە کەس و داموودەزگای خێرخوازیی لە کۆکردنەوەی هاوکاریو دانانی سندوقی خێر لە ناو مزگەوتەکانو جەختکردنەوە لە مەلاو وتاربێژی ناو مزگەوتەکان بۆ رێگەنەدان بە کارێکی وەها.
- رێگەگرتن لە گواستنەوەی پارەی نەقدی.

### ١- دووباره ئامادەکردنەوە و ڕێنوێنیکردنی فیکری تەکفیری؛

پرۆژەی پرۆسەی چاکسازیی پەروەردەیی وەها تەماشا دەکرێت، کە گرنگی دەدات بە گەشەپێدانی بەهرە مەعریفیو ڕەوشتییەکانو لە ڕێگای کۆمەڵە بەرنامەیەکەوە ئەنجام دەدرێت کە نوخبەیەکی خاوەن زانستو شارەزا لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستدا بە ڕێوەی دەبەن.

- تێڕوانین: پێویستە پرۆژەکە نموونەیەکی جیهانی بێت بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی فیکری، کە پشت بە ناوەندگەرێتی لە ناو ئیسلامو بەهێزترکردنی ڕۆحی ئینتیمای نیشتیمانی ببەستێت.
- پەیام: بەدیهێنانی ئاسایشی فیکری ئەو ئامانجەیە پرۆژەکە هەوڵی بۆ دەدات بۆ ئەوەی کۆمەڵگا ناوەندگەرێتیو میانڕەوەی لە فیکر و ڕەوشتیدا جێبەجێ بکات، هەروەها هاوکاریش دەبێت لە هەوڵەکانی خۆپاراستن لە بیرە لادەرەکانو چاکسازیکردنی ئەو گرووپانەی تووشی ئەو دەردە هاتوون ئەویش لە ڕێگای بەرنامە زانستیو کرداریيە تایبەتەکانەوە.
- ئامانجە گشتییەکان:

- هاوکاریکردن لە بڵاوکردنەوەی چەمکی ناوەندگەرێتیو میانڕەویو ڕقلێبوونەوە لە توندوتیژیو بیرە لادەرەکان.

- بەدیهێنانی هاوسەنگیی فیکریو دەروونیو کۆمەڵایەتی لە لای گرووپە بەئامانجگرتوەکان.

- دەرخستنی ڕۆڵی حکومەتی عێراقی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو ڕەتکردنەوەی فیکرە لادەرو تاریکەکانو چاودێریکردنو چاکسازیکردن لە نەوەکانیاندا.

- ئامانجە لاوەکییەکان:

- هاوکاریکردنی هەوڵە خۆپارێزییەکانی حکومەتی عێراقی لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیرە توندڕەو و لادەرەکان.

- دەستنیشانکردنی جۆرەکانی لادانە فیکرییەکان لە لای گرووپە بەئامانجگرتوەکان.

- چاودێریکردن‌و ڕاهێنانەوەی گرووپە بەئامانجگرتوەکان بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو و لە سەرخۆیی بێنەوە کۆمەڵگا.

- بەردەوامی‌و نەپچڕاندی پەیوەندی لەگەڵ خێزانی گرووپە بە ئامانجگرتوەکان‌و پێشکەشکردنی هاوکاریی بۆیان.

- ئەرکەکان:

- ئامادەکردن‌و جێبەجێکردنی لیستەکانی ڕێکخستن‌و نەخشەکانی گەشەپێدانی پرۆژەکە.

- ئامادەکردن‌و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ئامۆژگاریی خۆپارێزی‌و چارەسەری گرووپە بە ئامانجگرتوەکان.

- ئامادەکردن‌و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی چاودێری‌و دووبارە ئامادەکردنەوەی سودمەندبوان لە پرۆژەکە.

- ئامادەکردن‌و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی چاودێریی داهاتوو بۆ سودمەندبوان.

- ئامادەکردن‌و جێبەجێکردنی نەخشەی ئیعلامیی پرۆژەکەو پێشوزیکردن لە میوانان‌و سەردانیکەران.

- چاودێرکردنی ڕێوشوێنە گیراوەبەرەکانی کارگێڕی‌و ئەمنی تایبەت بە پرۆژەکە.

- دروستکردنی لیستێکی زانیاریی تایبەت بە ئەنجامدانی ئەو کارو ڕێوشوێنانەی لە پرۆژەکەدا دەگیرێتە بەر و سەرپەرشتیکردنی تازەکردنەوەی ئەو لیستە بە شێوەیەکی بەردەوام و یەکخستنی ئالیەتی سودبینینی یەکە ئیدارییەکان لە پرۆژەکە.

## ٢-ئامرازەکانی پرۆژەی ڕێنوێنیکردنی فیکری تەکفیری:

بەرنامەی ڕێنوێنیکردن بە یەکەم هەنگاوی هەوڵەکانی پرۆژەی دووبارە ئامادەکردن و ڕێنوێنیکردن فیکری تەکفیری دادەنرێت، ئەمەش شێوازێکە بۆ ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونە هەڵەکانی چەند مەسەلەیەکی شەرعی، ئامانجیش لێی بونیاتنانی چەند چەمکێکی شەرعیی ڕاستەقینەیە، کە پشت بە ڕێبازی ناوەندگەرێتیو میانڕەوی دەبەستێت. ئەم پرۆژەیەش بەم جۆرە خزمەتگوزارییەکانی خۆی پێشکەش دەکات:

### یەکەم/ ڕێنوێنیکردنی چارەسەر:

پێناسە: گفتوگۆیەکی هێمنانە و مشتومڕێکی بونیاتنەرو ڕێنماییکردنی چاکەیە لە ڕێگای زانیارییە شەرعییە ڕاستەقینەکانی پشتبەستوو بە کیتابو سوننەت، ئەمەش بۆ لابردنی گومانەکانو ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکان، لە لایەن خاوەن توانا شەرعیو دەروونیو کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئامانج لەمەش هاوکاریکردنی سودمەندبوانە بۆ وازهێنان لەو بۆچوونو فیکرە توندڕەوانە، جا بە چاوپێکەوتنی تاکەکەسییانە بێت یاخود بە ئەنجامدانی خولو کۆڕو کۆبوونەوەی زانیاریی جۆراوجۆری تایبەت.
ئامانج: ڕاستکردنەوەی فیکری ڕاگیراوان لەو گومانە فیکرییە کە تێیکەوتوون ئەویش بە پشتبەستن بە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر.

ئامرازەکانی جێبەجێکردن: بەرنامەی ڕێنوێنیکردنی چارەسەر لە ناو زیندانەکاندا لە ڕێگای چەند خاڵێکەوە جێبەجێ دەکرێت گرنگترینیان:

١- ئەنجامدانی چەند دانیشتنێك بۆ دیاریکردن‌و هەڵسەنگاندی دۆخی دەروونیی ڕاگیراوەکە لەگەڵ شارەزاییەکی دەروونناسی.

٢- ئەنجامدانی چەند دانیشتنێکی کورتی ڕاگیراوەکە لەگەڵ لیژنەیەکی شەرعزانان.

٣- ئەنجامدانی چەند دانیشتنێکی لێکۆڵینەوەیی درێژ، واتە ئەنجامدانی چەند خولێکی زانستی، ئەویش لە ڕێگای وانەوتنەوەی زانستییانەوە.

**دووەم/ ڕێنوێنیکردنی خۆپاراستن:**

پێناسە: ئەنجامدانی چەند پرۆسەیەکی هۆشیارکردنەوەی خۆپاراستنە لە هەندێ پارێزگا و شار و گوندا کە هەموو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە ئەمەش لە ڕێگای کۆڕ و کۆبوونەوە و وتاردان و خولی زانستی و پێشبرکێی ڕۆشنبیری لە ناو مزگەوت و خوێندنگا و گۆرەپانەکاندا بۆ هەردوو ڕەگەزەکە.

ئامانج: پاراستنی کۆمەڵگا لە فیکرە توند و توندڕەوەکان‌و پێناساندنی مەترسیی ئەو فیکر و بۆچوونە توندڕەوانە بە هاوڵاتییان‌و ئەوانەی لە عێراقدا نیشتەجێن و ئاشناکردنیان بە ئەزموونی ئەوانەی کە پێشووتر کەوتوونەتە ناو تەڵەی تیرۆر و تەکفیرەوە.

ئامرازەکانی جێبەجێکردن: ئەنجامدانی وانەوتنەوە و سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و پێشبرکێ و چاوپێکەوتنی کراوە کە هەموو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە ئەویش لە ڕێگای: مزگەوت و زانکۆ و خوێندنگا و یانە وەرزشییەکان و گۆڕەپانە

گشتييەكان و خێزانەكانەوە، ئەويش بەپێدانى كتێب و هەبوونى ديارى لە وەڵامدانەوەى پرسيارەكاندا.

**سێهەم/ رێنوێنيكردنى ئاراستەكراو:**

پێناسە: بە ئامانجگرتنى هەندێك لەو خێزانانەى كە سەرنجى ئەوەى تێدا دەدرێت كەسێك لە ئەندامەكانى هەڵگرى بيرێكى هەڵەيە ياخود ئەندامێكيان رۆيشتوە بۆ ئەو شوێنانەى شەڕ و ناكۆكييان تێدايە، ئەمەش بە ئامانجى لێكۆڵينەوە لە دۆخى ئەو خێزانانە و نەپچڕانى پەيوەنديى لەگەڵياندا، ئەويش لە رێگاى ليژنە جياوازەكانەوە.

ئامانج: راستكردنەوەى فيكرى هەندێك لەو خێزانانەى كەسێك لە ئەندامەكانى كەوتۆتە ژێر كاريگەريى فيكرى توندڕەويى و لێكۆڵينەوە لە لايەنە شەرعىو دەروونىو كۆمەڵايەتييەكانى ئەو خێزانانە.

ئامرازەكانى جێبەجێكردن: سەردانيكردنى ئەو خێزانانە لە لايەن ليژنە تايبەتەكانى رێنماييكردن لە هەر دوو رەگەزەكە.

**چوارەم/ رێنوێنيكردنى ئافرەتان:**

پێناسە: رێنوێنيكردن ئافرەتان ئەوانەى كە لە زيندانەكاندانو ئەوانەشى كە لە دەرەوەن، ئەمەش لە لايەن ليژنەكانى رێنماييكردنى ئافرەتانەوە بۆ ئەوەى لە رووى شەرعىو دەروونىو كۆمەڵايەتييەوە ئامادە بكرێن، هەروەها بەشداريى بەرنامەكانى تريشيان پىٚ بكرێت.

ئامانج: گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی فیکری توندڕەوی و ئامۆژگاریکردنیانو لێکۆڵینەوە لە دۆخی دەروونیو کۆمەڵایەتییان ئەویش لەپێناوی ڕاستکردنەوەی فیکرە هەڵە و تێکدراوەکانی ناوەندەکانی ئافرەتان.

ئامرازەکانی جێبەجێکردن: ئامۆژگاریکردنی ئافرەتان بەم جۆرە بەڕێوە دەچێت:

١- بەشێوازی دانیشتنی تەنیا.

٢- بە ئەنجامدانی کۆڕو سیمینار.

٣- بەسەردانیکردن بۆ ماڵەوەیان.

**پێنجەم: لێکۆڵینەوە لە بڵاوکراوەکان:**

پێناسە: گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە و گەڕانەوە بۆ کتێب و بیرەوەرییو بڵاوکراوەکانو هەروەها گرنگیدان بەو تۆمارە بیستراوو بینراوانەی کە بە دەستگیرکراوەکان دەدرێت لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵگا.

ئامانج: دڵنیابوونەوە لەو کتێبو بڵاوکراوە و تۆمارانە لە نەبوونی هیچ بیرێك یاخود رایەکی هەڵە و توندڕەوانە تێیانداو پێداچوونەوە بەو کتێبو بابەتە ئیعلامییانەی تر کە دەخرێنە روو بۆ چارەسەر.

ئامرازەکانی جێبەجێکردن: پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە ٣ مامۆستا لە لیژنەکانی رێنماییکردنی تایبەت بەپێی هەر بابەتێکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنی.

### ٣- ئامرازەکانی چاودێریکردن و بەدواداچوون لە دوای ڕێنوێنیکردن:

بەرنامەی چاودێریکردن و سازکردنەوە بە قۆناغی دووەمی ستراتیژییەتی پرۆژەی دووبارە سازکردنەوە و ڕێنوێنیکردنی فیکری تەکفیری تەماشا دەکرێن و ئامانج لێیان پتەوکردنی سەلامەتیی فیکری کەسی سودمەندبوو بۆ بەدەستخستنەوەی ئەو بەهرانەی، کە دەتوانێت جارێکی تر لەگەڵ کۆمەڵگادا پێی تێکەڵاوببێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگا و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی بە چاکی بگێرێت.

بەشەکانی بەرنامەکە: ئەم بەرنامەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش (بەرنامەی فێرکردن، بەرنامەی راهێنان و پیشەیی، بەرنامەی وەزرشی و رۆشنبیری، بەرنامەی کراوە).

**یەکەم/ بەرنامەی فێرکردن:** ئەم بەرنامەیە لە کۆمەڵێك بەرنامەی تایبەتمەند پێکدێت ئەویش بەم جۆرە:

١- بەرنامەی شەرعی: پتەوکردنی پایەکانی چەمکە شەرعییە راستەقینەکان لە سەر ڕێبازی ناوەندگەرێتی و میانڕەوی و بە دەرخستنی چەمکە هەڵەکان.

٢- بەرنامەی دەروونی: لێکۆڵینەوە لە دۆخی کەسی سودمەندبوو و پێناساندنی بەهرەکانی دروستکردنی خودو رزگارکردنی لە ترس و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکانی.

٣- بەرنامەی کۆمەڵایەتی: راهێنانی کەسی سودمەندبوو لە سەر بەهرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تێپەراندنی ئەو دۆخە ناخۆشەی کە تێیکەوتووە و هەروەها هاوکاریکردنی بۆ ئەوەی لە ناو کۆمەڵگادا خۆی بگونجێنێتەوە.

٤- بەرنامەی ڕێنوێنیکردن بۆ هونەری شێوەکاری: ئەمەش بەرنامەیەکی مەعریفییە کە هەردوو تیۆرەی سازکردنەوەی دەروونییانە و کاری شێوەکارییانە بە یەکەوە گری ٥- دەدات و ئامانج لێی جوانتربینینی دونیا و کاریگەرییەکانییەتی لە سەر رەفتارەکانی کەسی سودمەندبوو.


٦- بەرنامەی مێژوویی: هوشیارکردنەوەی کەسی سودمەندبوو بە مێژووی مرۆڤایەتی بە درێژاییی زەمەنە جیاوازەکان، هاوکات هەوڵدانیشە بۆ پێکەوە بەستنی ڕووداوە مێژووییەکان بە ڕووداوەکانی ئێستاوە.

**دووەم: بەرنامەی ڕاهێنانو پیشەیی:** ئامانجی ئەم بەرنامەیە ئەوەیە کەسی سودمەندبوو ئەو بەهرە زانستیو پیشەییانە بەدەستبێنێتەوە کە هاوکاری دەکات لە بەدەستهێنانی کارێك یاخود پتەوترکردنی بەهرە وەزیفییەکانی.

**سێیەم: بەرنامەی وەرزشیو ڕۆشنبیری:** ئەم بەرنامەیەش لە ڕێگای پاراستنی تەندروستی کەسی سودمەندبوو و پڕکردنەوەی کاتە خاڵییەکانییەتی بە کاری بەسود جێبەجێ دەکرێت.

**چوارەم: بەرنامەی کراوە:** لەڕێگای ئەم بەرنامەیەوە چەندین کۆڕو سیمینار بۆ کەسە دیارەکانی ناو کۆمەڵگا دەگیرێت بۆ ئەوەی کەسی سودمەندبوو لەنزیکەوە گوێی لەو کەسانە بێت.

# سەرکردەکانی داعش



## سوپاس و پێزانین

*زۆر سوپاس بۆ هەردوو هاوڕێی ئازیز (کاوە شێخ عەبدوڵا) و (م.کارا فاتیح) کە بەسەرنج و تێبینییەکانیان ئەم وەرگێڕانەیان دەوڵەمەندترکرد.

## لەبڵاوکراوەکانی تری وەرگێڕ

*مردنێك لەو دیو پە نجەرەکەوە / چیرۆك

*ئیسلام و رۆشنگەری / وەرگێڕان

*فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان و بزووتنەوە ئوسوڵیە توندڕەوەکان / وەرگێڕان

*قسە لەگەڵ شەیتان/ وەرگێڕان

# پێڕست

پێشەکی ........................... لا ٤

## فەسڵی یەکەم:

ڕێکخراوی قاعیدە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٠......... لا ٦

## فەسڵی دووەم:

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی _ ٢٠١٠.............. لا١٠٦

## فەسڵی سێهەم:

ڕاسپاردەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری داعش.... لا ١٩٩